# ئەدەب و ڕۆمان

## توێژینەوە - ڕەخنە - گفتوگۆ

# ئەدەب و ڕۆمان

## توێژینەوە – ڕەخنە - گفتوگۆ

نووسەر

**دڵزار حەسەن**

هەولێر – ٢٠٢٥

* ناوی کتێب: ئەدەب و ڕۆمان: توێژینەوە – ڕەخنە - گفتوگۆ
* بابەت: لێکۆڵینەوە
* نووسەر: دلّزار حەسەن
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود
* نەخشەسازی: عیسام موحسین
* نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم
* چاپخانە :
* تیراژ: (١٠٠٠) دانە
* نرخ: (٥) پێنج هەزار
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (١٩٧) ساڵی ٢٠٢٥ی دراوەتێ.

## ناوەڕۆک


دەستپێک .................................................................. ٧

گوتاری نوێگەریی لە دونیای مەولەویی و بێسارانیدا ................ ١١

سەروەر ئەحمەد و سەروەرەکەی ناو ڕۆمانی سەردەمی

گریانی بەڵقیس ............................................................ ٦٩

گوتاری فیکری لە چیرۆکی سەگوەڕ ......................................... ٩١

ڕۆمانی دۆکیومێنتاری چییە؟ ............................................... ١٠٣

بۆ ڕۆمان دەنووسین/ گفتوگۆیەک لەبارەی ئەدەبی گیڕانەوە

لەناو کورد ................................................................... ١١٧

نامۆبوون لە دونیای ئەدەبی ڕۆستەم باجەلاندا............................ ١٣٧

دەق و خوێنەر .............................................................. ١٨٣

گفتوگۆ/ مەعریفە و ڕۆمان ................................................... ١٩٣

گفتوگۆ/ لەبارەی ئەدەب و هونەری گێڕانەوە .............................. ٢٠٥

**دەستپێک:**

هەمیشە کۆمەڵگە جیاوازەکان، بەوە شوناسی شارستانی خۆیان دیاری دەکەن، ئاحۆ ئاستی هۆشیاری تاک گەیشتۆتە چ پلەیەک. ڕەنگە بۆ کۆمەڵگە داخراو و نەریتییەکان پێناسەکە کەمێک سەخت بێت و بە ئاسانی ئەو کۆنتێکستە نەپێکین، کە کۆمەڵگەی کراوە و مەدەنی داوامان لێ دەکا، بەڵام هەرچۆنێک بێ تاک بەتایبەتی توێژی ڕۆشنفکران پشکی شێریان لەو پێشکەوتنە بەردەکەوێ. هەرچەندە زاناکان ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر پێناسەیەکی وردی زاراوەی کەسی بیرکەرەوە "ڕۆشنبیر" جگە لەوەش لەسەر خودی چەمکی بیرکردنەوەش تێڕوانینی زۆر جودایان هەیە. کۆی بۆچوونەکانیش زیاتر، لەچوارچێوەی تێگەیشتنێکی مەعریفی و دەروونشیکارانە دەخولێتەوە. کۆمەڵێک لەم زانا دەروونناسانە پێیانوایە: بیرکردنەوە بریتییە لە زنجیرە چالاکییەکی دەروونی، کە مێشک ئەنجامی دەدات. کۆمەڵێکی دیکە دەڵێن: بریتییە لە زنجیرە کردارێکی دەروونی بە مەبەستی بڕیاردان و دۆزینەوەی چارەسەری کێشەیەک، کە لە مێشکدا ڕوودەدات. هەڵبەتە ئاستی ئەم کردارە دەروونیانەش، لە تاکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت. بە گشتی بە پێیی ئەو زانیاریانەی کە هەیەتیی و ئەو بڕیارەی کە دەیەوێت ئەنجامی بدات دۆخی دیکە وەردەگرن، بۆیە دەتوانین بڵێین چەندین جۆر و ئاستی جیاوازی بیرکردنەوە هەیە، کە هەریەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بە مانایەکی جیاوازتر، ئەگەر

دۆخی بیرکردنەوە وابەستەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بکەین و شیتەڵی ماناکانی وەک ئەوەی، کە هەیە وەرگرین، بێشک مانای دیکە وەردەگرێت. هەرئەوەشە وادەکات لەبارەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە نزیک ببینەوە لەو پێناسەیەی، کە دەڵێت: بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی ڕاستییەکان بۆ گەیشتن بە بڕیارێک و یەقینێک لەسەر بابەتەکان. هەرچەندە لە جەوهەردا بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بابەتێکی ئاڵۆزە و چەند پێناسەیەکی هەیە، کە بە شێوەیەکی گشتی ئەمانە لەخۆدەگرێت: ژیری، ژیربێژی، گومانکاری، هەڵسەنگاندنی بێلایەنانە یان هەڵسەنگاندنێکی زانستیی ڕاستەقینە و دروست بەشێوەیەکی بێ لایەنگیری. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە خۆ ئاڕاستەکار، خۆ ڕێککار، خۆ چاودێریکار و خۆ ڕاستکەرەوەیە، بەو واتایەی کە هەموو ئەم هەنگاوانە لەلایەن تاکەکەس خۆیەوە دەست پێشخەری بۆ دەکرێت و پابەندە لەسەر پێوەری توند بۆ نایابێتی و فەرمانی ژیرانە بۆ بەکارهێنانیان. بەهای بیرکردنەوەی ڕەخنەییانە بۆ تاک و کۆمەڵگە، بریتییە لە توانستی هەڵاوێردکردنی هەمەلایەنەی مرۆڤ بۆ هەر ماتریالێک لە کۆمەڵگەدا، کە ئێمە بەهۆی تەوژمە دژوارەکانەوە بەئاسانی ناتوانین لە دژیان بوەستینەوە، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەدا پرۆسەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ئەم هاوکێشەیە ڕەت دەکاتەوە، کە کەرەستە و ئایدیایەک هەبێت لەسەرو ڕەخنەوەبێت، بەڵکوو پێویستە دووبارە گومان لە هاوکێشەکە و دەرئەنجامەکانی بکرێت و بە پرۆسەی هەڵسەنگاندن و پێداچونەوە وگەڕان بە دوای بەڵگەی زانستیدا وئینجا دواتر بریار لەسەر ڕاستیی و دروستی بابەتەکە بدرێت. پرۆسەی ئازادبوون بنەمایەکی گرنگی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی یە بەتایبەتی لەناو توێژی نووسەراندا، چونکە کارەکتەری

نووسەر پێویستە لە بیرکردنەوە و دەربڕین و نووسیندا ئازاد بێت، تێڕوانینی زانستیانەی بۆ ڕووداوەکان هەبێت. لەهەمان کاتدا، لەسەر بنەمای بابەتی واقیعیی و زانستیەوە هەڵسەنگاندن بۆ شتەکان بکات.

بیرکردنەوەی ڕەخنەیی نایابترین کردارە، کە مێشکی مرۆڤ بە مەبەستی تێگەیشتن لە جیهان و ئەو دەورووبەرەی تێیدا دەژی و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو، بۆ کیشەکانی و گەیشتن بە هیوا و ئامانجەکانی پەیڕەوی لێ دەکات. دیارە تا مرۆڤیش بە ئاگا و زیندووبێت، ئەم کردارەش لە مێشکدا بەردەوامی هەیە و کۆتایی نایە. بە پێی خانە زیندووەکانی مێشکیش، بیرکردنەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە. پاشان بیرکردنەوەی ڕەخنەییش ( التفكير النقدي )، بیرکردنەوەیەکی ژیرانەی بەکارهێنانی عەقڵە، دوور لە سۆز و باوەڕ و بۆچوونی کەسانی دیکە، بەڵکوو بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری ورد دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، کە لەبەر ڕۆشنایی عەقڵی بابەتیانەی خود، ڕەخنەگرانە سەیری دەکەین تا بگەین بە ڕاستی و دروستی ئەو بابەتە. گرنگە ئەوەمان هەمیشە لە یادبێت، کە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە لایەکەوە هۆکارێکە بۆ گەشەی مەعریفی نووسەر. لە لایەکی دیکەوە، ڕێگرە لە دروستبونی تاکڕەویی و مۆنۆپۆڵکردن و ستەمکاری لەسەر ئاستی کۆمەڵگە. بە مانایەکی دیکە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، تاکێکی هۆشیار بەرهەم دەهێنێت. تاکی بەئاگاش، هەوێنی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی کراوە و مەدەنییە.

ئەم پەرتووکەی بەردەستانیش، بە هەمان ستایلی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە نووسراوە. هەوڵمداوە بابەتییانە و بە شێوەی تویژینەوەی زانستییەوە لەسەر بابەتە ئەدەبیی و فیکرییەکان

بووەســتم. بەتــایبەت لەبــارەی شــیعری کلاســیک و لەناوشــیاندا هەردوو شـــاعیری نـــاوچەی هەورامـــان (مەولەوی تـــاوگۆزیی و بێسارانی)م هەڵبژاردووە و لێکۆڵینەوەیەکی وردیش، لەسەر چەمکی عیشــق و نوێگەرییەکــانی مەولەوی لەو بــارەیەوە دەخــوێنیتەوە. لەگەڵ ئەوەدا ســەبارت بە دونیــای ئەدەبیــات و هــونەری گێــرانەوە چەنــد دیمــانەیەک و کۆمەڵێــک وتــار و لێکــۆڵینەوەی تێــدایە، کە بەشـێکیان لە گۆڤـاری دیـوان، ڕامـان، دۆکیومێنت، خـاڵ، ڕۆژنامـەی هەولێر و فیستیڤاڵی تایبەت بە مەولەویناسی بڵاوکراونەتەوە، بەڵام لەم پەرتووکەدا جارێکی دیکە بە درێژیی دەیخوێننەوە.

# گوتاری نوێگەریی
# لە دونیای ئەدەبی مەولەویدا
# نموونەی تێگەیشتن لەچەمکی عیشق

**(خوێندنەوەیەکی بەراوردکارییە**
**لەنێوان مەولەوی تاوگۆزیی و بێسارانی)**

**پێشگوفتار:**

هەر لەبەرەبەیانی مێژووەوە تا ئێستاکێ دونیای ئەدەب و زمان، بەتایبەتیی و لەناویشیاندا فیکر و فەلسەفە بە شێوەیەکی گشتی، لە فۆرم و شێوەی جۆراوجۆر خۆی ئەبدێت دەکاتەوە. بەردەوام وێنای نوێ و تازەش نمایش دەکا، بۆیە دەبینیین لەناو هەر نەتەوە و زمان و ئەدەبیاتی گەلانی جۆربەجۆر بە کۆمەڵێک تەکنیک و کۆنتێکستی هەمەچەشنەوە، لە وێستگە و قۆناغی جیاجیا گوزارشت لەخۆیدەکات. هەرئەوەشە وامان لێدەکا بڵێین زمان و ئەدەب کۆنتاکێکی جەوهەری بەستنەوەی کایە مرۆییەکانەو فاکتێکی بەهێزە، لە گەشەپێدانی توانستی مەعریفەی مرۆڤایەتی. یەکێک لەو ماهییەتە زۆر تایبەت و سەرنجڕاکێشانەی نێوان گەلانیش، پرسی دەق و زمان و داهێنانی نێو بواری ژانرە ئەدەبییەکانە. قسەکردن لەسەر مێژووی ئەزموونی هەر کارەکتەرێکیش، لەجیهانی ئەندێشە و ئەدەب خۆی لەخۆیدا ئەرکێکی گران و تاقەت پروکێنە. بەتایبەت ئەگەر توێژینەوەکە کارێکی بەراوردکاری بێت، ئەو کات سەرچاوەی زیاتر و بەدواداچوون و وردبوونەوەی پتری دەوێت. هەڵدانەوەی دیرۆکی لاپەڕ و ژیاننامەی هەر شاعیرێک دەبێتە دەروازەیەکی گرنگ بۆ وەرگرتنی داتاو زانینی لایەنە دیارو پەناهانەکانی، کە دواجار دەبێتە هۆی دەستکەوتنی کۆمەڵێک زانیاریی سوودبەخش. هەر ئەوەش وادەکات توێژەر بە وردیی و لە ڕوویەکی زانستییەوە، ڕۆبچێتە نێو تەواوی بەرهەم و تێڕوانین

و لێکۆڵینــەوەکان. لــەم ســۆنگەیەوە هــەر توێژینەوەیــەک، کــە کــار لەسـەر بەراوردکاری بکات، بە پێیی پێویست دەبێت گشت لایەنە ئەدەبیەکانی شرۆڤە بکا. منیش لەم ڕوانگەیەوە کارم لەسەر دوو کەسـایەتیی دیـاری دونیـای شـیعری کـوردی کـردووە، **مەولەوی تاوگۆزیی و بێسارانی**.

دەتوانین بڵێین لەو ڕۆژییەوە مرۆڤ زمانی پژاوە، گوفتار و گوتار و تێکستی ئەدەبیش بەقەد مەزنی مرۆڤایەتی بالاٌیکردووە. هەڵبەت سەیریش نییە لەنێو ئەو میراتە سەنگین و زەنگینەدا ئەدەبیاتی شاعیرانێکمان بەر دیدە بکەوێت، کە سەرسامامان بکا بەو هەمـوو داهێنـانەی لە دونیـای زمـان و شـیعر و ئەدەبیـات کردوویەتـی. کـورد مێژوویەکـی پرشـنگداری هەیە، لەدونیـای نووسراودا. ئەگەر دیرۆکی یەکەم دەقی ئەدەبی لەپیر شالیارەوە[١] دەستنیشان بکەین تێدەگەین، کە زیاد لە هەزار ساڵ کەم نییە بۆ میـژووی دەق، دەقـیش بە مانـای بەریەکەوتنـی مـرۆڤ لەگەڵ پاکییەتی ژیان. کاتێک مرۆڤ جوانییەکانی دەورووبەر دەبینێت، ئینجا هەوڵ بۆ گواستنەوەی ئەو ئیستاتیکییە هەستیە دەدات بۆ ناو تێکست، تێکست بەمانا کاغەزیەکەی نا، بەڵکوو بە مانا داستانە خەیاڵییەکەی، کە بینیین مانای دیکەی پێدەبەخشێ. مرۆڤ لەکاتی

---

[١] پیری پیران، زانای بێهاوتا، ڕێبەری زەردەشتییەکانی مەڵبەندی هۆرامانات: پیرشالیار نزیکەی ١٣٩٠ساڵ لەمەوبەر لە هۆرامان لەدایکبووە. دەگوترێت پەرتووکێکی بە زاری هۆرامانی بەناوی (ماریفەت و پیرشالیاری) نووسیوە، ئەو کتێبە پڕە لە ڕێنوێی و ئامۆژگاری، بەڵام هیچ سەرچاوەیەک پێمان ناڵێت ئەو پەرتووکە لە لای کێیە و لە کێ دەست دەکەوێ. بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە کتێبی (شاعیرانی مەڵبەندی گۆران) کۆکردنەوەی ئەوڕحمان بزوەشی ل ١٢.

بینینــی ئاوەزیــدا، جیــاوازتر شــتەکان دەبینــێ، بــۆیە جــوایەز بیــر دەکاتەوەو بە فۆڕمێکی دیکە قسە لەسـەر شتەکان دەکات. هەڵبەت دەرکەوتەکانیشــی جیــان، چــونکە هەســتەکانی ئەدیــب مانــاو وێنەی دیکە بە شتەکان دەدات. هەرچەندە مێژووی مامەڵەی کورد لەگەڵ کـاغەز و چاپـدا زۆر زۆر نییە، بەڵام ئەگەر بەبـایەخەوە چـاوێکیش بەو میـراتە زەنگینەی نەتەوەی کوردمـان دابخشـێنینەوە چاومـان بە زۆر دەقــی نایــاب دەکەوێ، بــۆیە لەنێــو قــوڵایی ئەو دەریــایەدا گەوهەری زۆر و زەبەنـد دەبینـین، کە جـێگەی شـانازی ئـێمەن و لەکــۆی بەرهەمەکانیانــدا شــیعری بەرز و پەخشـــان و چیرۆکــی ئەفســـانەیی زۆر داهێنەرانەیـــان لێـــوە بـــدۆزینەوە. نمـــوونەی شـــاعیرانێکی وەک: **بابەتـــاهیری هەمەدانـــی ٩٣٥ – ١٠١٠ز، مەلا ئەحـــمەدی جزیـــری ١٥٧٠- ١٦٤٠ز، بێســـارانی ١٦٤٣- ١٧٠٢ز، ئەحمەدی خانی ١٦٥٠ – ١٧٠٧ز، تا دەگاتە نالی ١٨٠٠ – ١٨٥٦ز، مەولەوی تاوگۆزی ١٨٠٦ – ١٨٨٢ز، حاجی قادری کۆیی ١٨١٧ – ١٨٩٧ز، هتـــد.....** لەم ڕووەوە ئەگەر لەگەلان زیـــاتر نەبـــین، ئەوە هیچمان لەوان کەمتر نییە. سەبارەت بە "چەمکی بەراوردکاری" ش، کە وەک میتۆدێک بۆ بەراوردکردنی دۆخی تێگەیشتن لە فەلسـەفەی عیشق و ماهییەت و چەمک و گوتاری نوێگەری لە نێوان **مەولەوی و بێســارانی** گەڕاومەتــەوە ســەر کتێبــی "ئــەدەبی بــەراوردکار" [(١)] یەکەی ڕەوانشاد **دکتۆرعەزیز گەردی ١٩٤٧ – ٢٠٢٢ز**، کە یەکێکە لەو کتێـبە باشـــانەی لـــەو بـــوارەدا نووســـرابێت. زۆر بـــە وردی توێژینـەوەی لـەبارەی ئـەو چەمکـە کـردووە، هەرچەنـدە نووسـەر

---

[(١)] بـڕوانە کتێبـی ئەدەبـی بەراوردکـاری، نووسـینی دکتـۆر عەزیـز گەردی/ لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد ساڵی ١٩٧٨.

پێیوایە پرۆسەی ئەدەبی بەراوردکاری تەنها لە نێوان دوو گەل و نەتەوەدا ڕوودەدا، کە کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەیە. هەڵبەت بەراوردکاری لە ئەدەبدا دەکەوێتە خانەی ئەدەبناسییەوە، کە لە پێوەندیی ئەدەبی نەتەوەکان دەکۆڵێتەوەو جیاوازی و لێکچوونی نێوان دیاردە فەرهەنگییەکانی گەلانی جیاواز دیاری دەکات. فاکتە ئەدەبییەکان ئەوەیە، کە لەسەر بنەمای نزیکیی و لێکچوونی باری کلتووریی کۆمەڵەکان و پێوەندی ئەدەبیی و ڕۆشنگەرییەوە بێت. ئەم باری هاوچەشنیی و لێکنزیکییەیان بە هۆی کاریگەریی و کار لە یەکتریکردنیانەوە، مانای تێکەڵاوییان نییە و هەرگیز ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە تایبەتمەندی خۆیان، واتە دیاردە ئەدەبییەکان، لە دەست بدەن. هەڵبەتە دکتۆر عەزیز گەردی زۆریش ڕژدە لەسەر ئەو بۆچوونەیی و ئەو کارەی ئێمە و کارەکانی دیکەیش، کە ئیشکردنە لەسەر دونیای دوو نووسەر و شاعیر و ئەدیبی یەک نەتەوە بە گوێرەی بۆچوونەکەی مامۆستا عەزیز گەردی بێت، ناچێتە خانەی بەراوردکارییەوە. نایشارێتەوە ئەو تێگەیشتنەی ئەو بە دڵی کەسانێکی زۆر نییەو بۆ چوونەکەی ڕەتدەکەنەوە. بەڕاستی دوای خوێندنەوەی کتێبەکەی، منیش ڕامگۆڕاو هاتمە سەر ئەو باوەڕەی عەزیز گەردی باوەڕی پێیەتی، بەڵام من لە کتێبەکەی ئەودا شتێکم وەک بنەما دۆزییەوە، بۆیە ئێمەومانان بۆ ئەو جۆرە توێژینەوانە دەتوانین سوودیان لێوەرگرین. ئەمەش پێچەوانەی ڕاکەی دکتۆر دەکەوێتەوە، بەڵام دەشێ لەو تێگەیشتنەی دکتۆر دەربچین و ئیش بەو ستراکتۆرە بکرێت. بۆ خاتری پاڵپشتیکردنی ئەو بیدەعەیەمان ئاماژە بە نموونەیەک دەکەین، کە دکتۆر عەزیز گەردی لە کتێبەکەی باسیکردووە. لە لاپەڕ ١٥-١٦ کتێبەکەی تێڕوانینێکی نووسەری عێراقی "عەبدولموتەڵیبساڵح" ١٩٢٨-

١٩٩٦ز، لـه پـەرتووکی "دراسـات فـي الادب والنقـد المقـار- ل٤١" دەهێنێتـەوەو دەڵێـت: ئـەدەبی بـەراوردکاری یـانی "**کـارتێکردن، وەرگرتن، پەرەسەندن**" بەو فۆرمەبێ ئەوەی **مەولەویی و بێسارانی** هەمان دۆخیان هەیە، مەولەوی نایشارێتەوە کاریگەری شیعرەکانی بێسـارانی بەسـەرەوەیەو بـە ئاشـکرا نـاوی وەک "**مـەولای**" خـۆی دەهێنێت. ئەو کاریگەریەشی تەوزیفکردووە لە شیعرەکانیدا، بەڵام لە خاڵی کۆتـاییی کەچـەمکی (پەرەسـەندن)ەکەیە، مەولـەوی پـەرە بـە دونیـای ئـەدەبی خۆیـدە داو لـە خەتـە گشـتییەکەو فـۆڕمی ئـەدەبی بێسـارانی جیا دەبێتـەوەو دەبێتـەوە بە خۆی. لە هەمانکاتدا عـەزیز گەردی نووسەر لەلاپەڕە ٤ ی پەرتووکەکەیدا وتەیەکی فەیلەسوفی فەرەنسـایی (بلیزپاسـکاڵ ١٦٢٣-١٦٦٢ز) بـۆ پاڵپشـتی خـۆی دەهێنێتەوە، کە دەڵێت: نابێ کەس پێم بڵـێ شتێکی نوێم دانەهێناوە، چونکـە هـەر هـیچ نـەبێ ڕێکخسـتنی کەرەسـتەکانم شـتێکی نوێیـە. دەتـوانین لـەژێر ڕۆشـنایی ئـەو وتـەیەی دکتـۆر عـەزیز گـەردی، کە ئامـاژەی پێـداوە وەک کۆمـەک بـۆ ئـەو کۆڵینـەوە بەراوردکاریـە سوودی لێوەرگرین. بەو مانایەی ڕەهەندە نوێکارییەکانی مەولـەوی، کە لـە خەتـە گشـتییەکەی بێسـارانی شـاعیر جیـا دەکاتـەوە، پاڵپشت بـەو میتۆدە دەکرێ لـە ڕووی زانسـتییەوە شـەرعییەت وەرگرێت و ئینجـا ئێمـەش بـە هاوتـەریبکردنی چـەمکی "**کـارتێکردن، وەرگـرتن، پەرەسـەندن**"ە کـە خاڵـە جەوهەرییـەکانی دیاریبکـەین. وەک لەم کـۆڵینەوەیە ئاماژەمـان پێدا لەبـەردەم دوو شـاعیر وەسـتاوین، کـە پێویستمان بەوە هەیە لەتایبەتمەندی ئەدەبەکەیان تێبگـەین و بزانین لەکام دیوی ژیانی نووسینیان بکۆڵینەوەو لەکوێوە دەست پێبکەین.

## تەوەری یەکەم:
## چەمکی عیشق (واتا و فەلسەفەکەی)

### عیشق چییە؟

بەرلەوەی بچینە ناوخنی باسکردنی چەمکەکەوە، پێویستە لە دەرەوەی چەمک و ماهییەت هەڵوەستە لەسەر خودی وشەی عیشق بکەین. بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی لە مانا و دەستەواژەکانی عیشق بگەین، دەشێ پرسیار لەوە بکەین ئاخۆ مەبەستمان لە زاراوەی عیشق چییە؟ هەڵبەت لەڕاڤەکردنی مانای عیشق بەشی زۆری نووسەرو ڕۆشنفکران تا ئێستاکەش لەسەر یەک پێناسەو تێگەیشتنی هاوبەش، لەبارەی پرسی عیشقەوە ڕێکنەکەوتوون، ئاسانیش نییە بۆ تێگەیشتن لێیەوە، بگەن بە یەک دید و دیدگا. کەواتە کێشەکە وشەی عیشق نییە، بەڵکوو جەوهەر و ماهییەتی عیشقە وەک پرۆسە، کە وایکردووە ڕوانگەی جودا بخوڵقێنێت. ئەگەر لە کورترین مانادا عیشق پێناسەبێ بۆ دڵداری نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز، ئەوە لە زماندا عیشق تەنها وشەیەکە، بەڵام لە ماهییەتدا دەریایەکە لە مانا. کەواتە ناکرێ بەو ئاسانییە خۆمان بدەینە دەست تەفسیرێکی تەجریدی ڕووت، کە نامانگەیەنێ بەو مانا قووڵەی، کە عیشق لە هەناویدا هەڵیگرتووە. ڕاستە وشەی عیشق لە دەربڕین وشەیەکی کورت و پوختە، بەڵام تێگەیشتن لەم وشەیەو پێناساکردنی لەناو زمان زۆرجار دەمانخاتە نێو ئاڵۆزییەکی تاریکەوە، کە دەربازبوون لێیەوە ئاسان نەبێت. لەوەتەی زاراوەی عیشق بەمانا گشتییەکەیی و لە وێنە گەورەکەدا خۆینمایشکردووەو لەنێو ئەدەب و داستانە کۆمەڵایەتییەکاندا بووەتە بابەتگەلێک و شوناسێک، تا ئەمڕکەش هەرکەسە و لەلایەک

به پشت بەستن بە تیۆرو بۆچوونێکی دیاریکراو باکگراوندێکی فەرهەنگی جیاواز ویستوویەتی ئەو وشەیە بناسێنێت. وەک ئاماژەمان پێدا لەم سۆنگەیەوە تووشی کۆمەڵێک پێناسەو تەفسیر و تەئویلێک دەبینەوە، کە بە هیچ شێوەیە کۆدەنگی لەبارەیەوە دروست نەبووە، چونکە ئەو شرۆڤانەی تاکو ئێستاکە بۆ تێگەیشتن لەبارەی ئەو وشەیەوە نراوە گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن، کە تێگەیشتن لەعیشق ئاسان نییە، ئەگەر وشەکەش لەشوێن و جێگەی خۆیدا بەکاری نەهێنی، ئەوکات زاراوەی عیشق لەو دیمەنەدا مانای دیکە وەردەگرێت.

## چەمکی عیشق لای زانایانی دەرونشیکار:

لای بەشێک لە فیگەرەکانی دونیای دەرونشیکاری نموونەی: **فرۆید ١٨٥٦-١٩٣٩ز، ئەریک فرۆم ١٩٠٠-١٩٧٩ز**، دواتر **هێربرێت مارکۆزە ١٨٩٨-١٩٧٩ز**، پرسی خۆشەویستی وەک بونیاتنەری شارستانییەت دەیناسێنن و دەیکەن بەو فاکتەی هەر یەکەو لەڕاست خۆی کەسێکی خۆشەویستی لە پشتەو یەکێک لە پێناو دەرخستنی هێزی ئیرۆسی خۆی خستوویەتە ڕوو. " کەواتە خۆشەویستی ڕەفتارە و دواتر دەبێتە ڕووداو پاشان وەک خوو دەچێتە نێو هەست و نەستی تاکەکانەوە"[1] لەگەڵ ئەوەشدا دەرونزانی لەزۆر گۆشەی جیاجیاوە خوێندنەوەی بۆ خۆشەویستی کردووە، هەر ڕێچکەو ناوەندێکیش لە ڕوانگەی خۆیەوە ناساندوویەتی. ناشکرێ بێ بۆچونی زانایەکی وەک "فرۆید" قسە لە خۆشەویستی بکەین.

---

[1] پەرتووکی سایکۆلۆژیای خۆشەویستی – بەراوردکارییەک لە نێوان هەڵچوون و عەقڵانییەتدا، نووسینی دکتۆر محەمەد تەها حوسێن/ لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون – ساڵی ٢٠١٩ ل ١٤

فرۆید لە کتێبی "**خۆشەویستی و شەڕ و شارستانییەت**" تیشک دەخاتە سەر زاراوەی دوالیزمی هەست و نەست، هەروەها نموونەیەکی زۆر ورد لەسەر هەستی زێدە خۆشەویستیی و زێدە ڕقلێبوونەوە دەهێنێتەوەو پێیوایە مرۆڤ هەردوو حاڵەتەکەی تێدایە، لەیەککاتدا ڕێزێکی ئەستوور و خۆشەویستییەکی بێوێنە دەتوانی نمایش بکات." [1] **ڤیکتۆر فرانکڵ ١٩٠٥- ١٩٩٧**ز، لە کتێبی "**مرۆڤ بە دوای مانا دەگەڕێ**" لە بارەی خۆشەویستییەوە دەنووسێت: تاکە ڕێگایە، کە بەهۆیەوە مرۆڤ مرۆڤێکی تر لە قوڵایی ناخی کەسێتییەکەیەوە دەناسێ.[2] بەشی زۆری قوتابخانە دەرونشیکارییەکانیش خۆشەویستی دەبەستنەوە بە غەریزەو بەوە لێکی دەدنەوە، کە خۆشەویستی جوڵەی جۆراوجۆری غەریزین لەمرۆڤدا بە ئاراستەی جێبەجێکردنی خواستەکانی هەنگاو دەنێت. ئەریک فرۆم لە پەرتووکی "**هونەری خۆشەویستی**" بەم شێوەیە پێناسەی خۆشەویستی دەکات: یەکگرتنێکە پەیوەستە بەو مەرجەی مرۆڤ پارێزگاری لەئازادی خۆی بکات و وەک تاک لە بەرانبەر تاکێکی دیکە دەرکەوێ، بارتەقای ئەو کاریگەرییەش هەستێکی ئەرێنیە ناکەوێتە نێوی، بەڵکوو لە ئاستیدا دەوەستێ، کەواتە دۆخێکە لە بیرکردنەوە.[3] لە مێژووی مرۆڤایەتیشدا پرسی خۆشەویستی هاوتەریب لەگەڵ پرسی مردن هاتووە، دەبینین

---

[1] فروید، سیجموند "١٩٩٢" الحب والحرب والحضارة و الموت، ت: د. عبد المنعم الحفنی، دار الرشاد، ط١، القاهرة، ص١٧.

[2] فرانکل، فیکتور "١٩٨٢" الانسان یبحث عن المعنی....... مقدمة في الاعلاج بالمعنی، : د. طلعت منصور، دار القلم ط١، الکویت، ص١٤٨.

[3] فروم، اریک "٢٠٠٠" فن الحب ........ بحث في طبیعة الحب واشکاله، ت: مجاهد عبد المنعم مجاهد، دار العودة – بیروت ، ص٢٠.

بیرکەرەوەیەکی وەک **زیگمۆنت باومان ١٩٢٥-٢٠١٧ز**، لە کتێبی "**خۆشەویستی نەرم**" ئاماژە بە دۆخی خۆشەویستی و مەرگ دەدات و (پێیوایە دۆخی مردن لەگەڵ خۆشەویستیدا بەیەکەوە هاتوونەتە نێو ژیانی مرۆڤەوە. لەلایەکی دیکەوە ڕایوایە لەم دونیایەدا نە مردن و نە خۆشەویستی دووبارە نابنەوە، چۆن کەسی مردوو جارێکی دیکە نامرێتەوە، خۆشەویستیش یەکجار ڕوودەدات.)[١] نووسەری کورد، دکتۆر **محەمەد تەها حوسێن** لە کتێبی "**سایکۆلۆژیای خۆشەویستی**" بۆچونێکی زانایەکی وەک ئەریک فرۆم دەهێنێتەوە، کە پێیوایە: لە عیشقدا ژیان و مردن وەک یەکن و لە پاڵ یەکیش ناویان دێت، هەمیشەش عاشقەکان بۆ ئەوەی پارێزگاری لە عیشق و مەعشوقەکانیان بکەن ئامادەی ئەوەن نەک هەر خۆیان بکەنە قوربانی، بەڵکوو ئامادەن بۆ گەیشتن بە مەعشووق دونیاش وێران بکەن.[٢]

زانایەکی وەک **میشێل ئۆنفرێی ١٩٥٩ز**، لە کتێبی "**ئاوەژووکردنەوەی لاهوت**" سەبارەت بە پرسی دەنگی نێرایەتی پیاو لەناو ئایینەکاندا دەکاتە مۆدێلێکی دیکەی قسەلەسەرکردنێکی ڕەخنەیانە لەگوتاری ئایینی بەرانبەر بە ڕەگەزێکی مرۆڤ، کە مێیە. نایشارێتەوەو دەڵێت: سێ ئایینە ئاسمانییەکە بە ئاگاییەوە شەڕی مێ دەکەن و ئەمەش دەگەڕێنەوە بۆ لەخشتەبردنی ئادەم لەلایەن حەواوە، کە بە هۆی خواردنی سێوەکەوە بکەوێتە تاوان و ئیدی

---

[١] باومان، زيجمونت "٢٠١٦" الحب السائل....... عن هشاشة الروابط الانسانية، ت: حجاج ابو جبر، الشبكة العربية للابحاث والنشر، ط١، بيروت ص ٣٦.

[٢] پەرتووکی سایکۆلۆژیای خۆشەویستی – بەراوردکارییەک لە نێوان هەڵچوون و عەقڵانییەتدا، نووسینی دکتۆر محەمەد تەها حوسێن/ لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون – ساڵی ٢٠١٩ ل ٢٥.

لەسەری سزابدرێت. لەو ڕۆژییەوە پیاو ڕقێکی زۆری لە ژن بۆ دروستبووەو بەسەرچاوەی نەهامەتییەکانی خۆی دەزانیَ، (میَ)ش بۆ خاتری مانەوەی خۆی پەنای بۆ جۆرەها فێڵ و وەکر بردووە. لێرەدا ئەو دیاردەی ڕقلێبوونەوە و دژ بەیەکە، لەو سایەوە تا ئێستا فۆرمێکی شەڕانگێزی لەنێوان ئینسانەکان خۆڵقاندووە، کە شۆڕبووەتەوە بۆ ململانێی ڕەگەزیی و نەژادیی و چینایەتی. [1] دەروونشیکارەکان ڕەخنە لەو فۆڕمە لە خۆشەویستییە دەگرن و لایانوایە عیشق دەبیَ وەک پرسێکی ئینسانیی و شارستانی سەیر بکرێ، نەک دواجار مرۆڤ بکات بە قوربانیی و بۆ گەیشتن بەوی مەعشووق، ئامادەبیَ هەمووشتێکی نا مرۆڤانە بکات. ئیدی خۆبە قوربانیکردن بە هەموو جۆرەکانییەوە، لەپێناو ئەودا بە کارێکی نا مرۆڤانەو نا شارستانیی خوێندنەوەی بۆ کراوە. دیارە ڕوانگەی زانایانی دەروونشیکار بۆ عیشق، ڕوانینێکی سۆزداریی و غەریزی نییە، بەڵکوو تێڕوانینێکی مرۆڤانەیەو دواجار شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو دۆخی ژیان و خێزان و شارستانییەتی هاوبەش. لەپرسی پێوەندی مرۆڤ بە ئایین، مرۆڤ، خۆشەویستی و عیلاقە جەوهەرییەکانی نێوان خودا و مرۆڤ، هەمیشە جیهانی دەروونناسان ڕوبەڕووی ئەو پرسیارەمان دەکەنەوە ئاخۆ ئایینەکان لە میانی بوونیانەوە توانیویانە خودامان وەکخۆی لاخۆشەویست بکەن یا مرۆڤەکان لەنێوان خۆیاندا بکەنە خۆشەویستی یەکتری؟ ئاخۆ لەنێوان پێڕەوکاران و ئایینزاکاندا تۆی خۆشەویستی لەنێویان چاندراوە، هەموویان بە یەکچاو سەیری یەکتر دەکەن؟ ئەوانە ئەم

[1] اونفري، ميشيل "٢٠١٢" كتاب نفي اللاهوت، ت: مبارك العروسي، منشورات الجمل، ط١، بغداد، ص١٢٢.

پرسیارانەن، کە دەمانبەن بۆ ناوخنی زۆر بابەتی ئاڵۆزی تایبەت بە ژیانی مرۆڤەکانەوە.

**چەمکی عیشق لای عاریفەکان:**

ئەگەر ماهییەتی ئایین "**گرێدان و پێکەوە بەستنەوەبێ**"[1] تەسەوفیش لەکورترین مانایدا، "**خۆ بەکەمکردن و خۆ تەسلیمکردنە**" تەسەوف دەستبەرداربوونی ڕواڵەت و شکۆی درۆینەی پلەی کۆمەڵایەتییە، بایەخنەدانە بە هەرشتێک، کە لەخودای دادەبڕێت.[2] هەندێک لەعاریفان بەشێکیان تەرخانکردووە بۆ ناسینی مرۆڤ، لەسەر بنەمای ئەو فەرموودەیەی، کە دەفەرموێت: ئەوەی خودی خۆی ناسی، خوداش دەناسێت. لێرەوە مەعریفە و ناسین و زانینی مرۆڤ دەبێتە یەکەمین هەنگاوی ڕۆیشتن بەرەو خودا ناسین، تاوەکوو ئادەمی نەزانێت خۆی چییە و کێیە و چۆنە؟ کە بەش و پارە و پارچەیە، ناتوانێت زاتێک دابەش نەبوو و هەرمان و هەرهەبوو بناسێت.[3] ئەگەر چاوێک بەو سەرچاوە دەوڵەمەندانەی بواری عاریفناسیی و سۆفیگەری ئیسلامیدا بکەیت چاوت بە زۆرێک سەرچاوەی باش دەکەوێت، کە لەبەر سەنگینی و زەنگینی بابەتەکە هەر یەکە و بە جۆرێک پێناسەو لێکدانەوەی بۆ چەمکی عیشق و عیرفان کردووە. **ئانا ماری شمیل ١٩٢٢-٢٠٠٣ز**، کتێبێکی قەبارە گەورەی لەسەر **مێژوو و ڕەهەندەکانی سۆفیگەری لە**

---

[1] دراسات في الأديان اليهودية والنصرانية / لسعود بن عبد العزيز الخلف،ص١١.

[2] بڕوانە کتێبی ( فەرهەنگی پیران) سەبارەت بە زاراوەی تەسەوف و عیرفان، ن/ بوشرا کەسنەزانی و د. سەباح بەرزنجی ، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، چاپ/ یەکەم- ساڵی ٢٠٢٣ ل٢٠ .

[3] هەمان سەرچاوە ل٣٥.

**ئیسلامدا** چاپکردووە، کە بەیەکێک لە سەرچاوە دانسقەکانی ئەو بوارە دادەندرێت. نووسەر زۆر بە وردی لەسەر ئەو چەمکە دەوەستێت و ئاماژە بە زۆرلایەنی تەسەوف دەکا، مێژووی بەشی زۆری عاریفانی ئەو بوارەی لێیەوە یاداشتکردووە. سەبارەت بە چەمکی سۆفیگەری دەنووسێت: مەزنترین تەوژمی ڕۆحییە و لەتێکڕای ئایینەکاندا بڵاوە. بە واتایەکی گشتگیرتر دەکرێت بگوترێت: درککردنی حەقیقەتێکی ڕەهایە، ئیدی جیاوازیی نییە ئەو حەقیقەتە، بە " حیکمەت یان ڕووناکی یان عیشق، یاخود عەدەم ناو ببرێت" دەکرێت سۆفیگەری بە ئەوینی ڕەهاش پێناسە بکرێت، کە بەم ئەوینە سۆفیگەریی ڕاستەقینە لەڕچە و ڕەوتە دونیا نەویستییەکانی دی جیا دەکرێتەوە. خۆشەویستی خودایش وا لە مرۆڤ دەکا، بەرگەی تێکڕای ئەو ئازارو نەهامەتییانە بگرێت و تەنانەت چێژیشیان لێ ببینێت.[1] نووسەری کورد جەمال حوسێن لە زنجیرە کتێبی "**ئایینی خۆشەویستی**" و لە پەرتووکی "**مەولانادا**" بەشێک دەکاتەوە بە ناوی (تەسەوفی خوراسانی) پەلووپۆی ئەو ڕێچکەیەش دەبەستێتەوە بە **ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم، حەللاج، ئیمامی غەزالی، سەنائی، عەتاری نیشابوری، دوای ئەوانیش مەولاناش سەعدی شیرازی و حافزی شیرازی** دێت. توێژەر نایشارێتەوە تەسەوفی خوراسان بووەتە قوتابخانەو هەزاران عاشق بە تەسەوفی لێیەوە پەروەردە بووە. نووسەر ئەو زنجیرەیە بە چەند وێستگەیەکەوە گرێدەدا، کە بوونەتە هەوێنی دونیای عیرفانییان. بەشێکیان بە هۆی تێگەیشتنیان بۆ قورئانی پیرۆز و

---

[1] پەرتووکی (مێژوو و ڕەهەندەکانی سۆفیگەری لە ئیسلامدا) ن/ ئانا ماری شمیل، بە کوردیکردنی زانا نانجی – هیوا مەحموود، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ساڵی چاپ/ ٢٠٢٠ ل ١٤ – ١٥.

ئایین زۆر فراوانتربووە، باوەڕیان وا بووە لەگوتراو گرنگتر، ئەوەیە کە دەقی پیرۆز نەیگوتووە و دەکەوێتە ئەودیو دەقەکانەوە. هۆی ئەمەش ئەوەیە ئەوان بە ڕووگەشی شەریعەت تێر نەبووینەو ڕۆحیان زیاتر بەو، تینیوتی نەدەشکا، بەڵکوو بە تێگەیشتن و قووڵبوونەوە لەمانا شاراوەکان دەروونیان ئاسوودەتر دەبوو. هەر ئەوەش وایکرد شوناس و تایبەتمەندیی بە قوتابخانەی خوراسانی بدرێت، دەمێک پێیاندەگوترا (مەستی)، چونکە زۆر کرداری بوون و زۆر بە کەمی گرنگییان بە پرسە شەرعیی و مەعریفییەکان نەدەداو زیاتر خۆیان بە بواری ڕۆحییەوە سەرقاڵ دەکرد. پێیانوابووە بە ڕێگای وەرزشی ڕۆحییەوە دەگەن بە خودا. گەیشتن بە زاتی ئیلاهیش تەنها بە ڕێگەی عیشق و خۆشەویستییەوە دێتە ئاراوە. کاتێک خودا لەقورئاندا دەفەرموویت (وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ) ئەو خۆشەویستییە زیادەیە تەنهاو تەنها بە عیشق پێیی دەگەین. [١] قسەیەکی باوی فەلسەفی هەیە دەڵێت: ناگەین بە ڕاستی هیچ درەختێک ئەگەر سەرەتا لە تۆیەکەی تێنەگەین، تێگەیشتنیش لەتۆ ڕوونادات تا بەری درەختەکە نەبینین، چونکە درەختەکە ماهییەتی ئەو بەرەیە کە پێمان دەدات نەک تۆیەکەی. وشەی عیشقیش هیچ مانایەکی نییە تا لەنێو دەریای ئەویندا نەدرەوشێتەوە، ئەوە ئەو وشە ساردوو سڕە نییە مانا بەم هەموو جوانییە دەدا، ئەوە ماهییەت و سەیرورەکانی دونیای ئەوینە پێمان دەڵێت: عیشق ئا ئەوەیە ماناکەی. بەری درەختی عیشق ئەو کاتا بەری مانا دەردەکا، کە تۆیەکە ماچی لێوانی باران دەکات و خونچەی ئەوینی لێیەوە

[١] کتێبی پێنجەم " ئاینی خۆشەویستی" مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی: شیعر- مۆسیقا – سەما / ن: جەمال حوسێن، ناوەندی غەزەلنووس، ساڵی ٢٠٢٣ ل ١٢٣ -١٢٤- ١٢٥ .

دەپشـــكوێ. بەهـــاری ئەم درەخـــتە ئەوكـــاتە دێ، كە وەرزی جیابوونەوە لەم زەویە ساردوو سڕو وشكە تێدەپەڕێنێت و لە نێو دڕك و بەردو هەرچـــی ڕەقـــی ســـەر زەوی هەیە درەختێـــك سـەردەردەكا، كە بـالآی لەنێـو جنـوون و جوانییەكـان وەك مـانگی چواردە دەدرەوشێتەوە. ئەوە ڕۆحی تۆیەكەیەتی پێمان دەڵێت: ئەو گەڵایەی كە نمەدەكا، بەری درەختی عیشقە. هەر لەم سۆنگەیەوەیە، لە زۆركاتـانیش ئەدەب وەك دەستەخوشـكی عیشـق پێناسـەكراوە. ئەدەب، وەك ئەوروپاییەكـان ڕاڤەی دەكەن بەو بەرهەمە دەڵـێن، كە بە هۆی تایبەتییەكانی داڕشتنەوە هەستی جوانكاریی و هەڵچوون و وروژانـدنی سـۆزمان تیـا بجـوڵێنێ"[١] دەتـوانین بڵێـین جـوانی لە ڕوانیندا دێتە ئاراوە نەك لەو كاتەی، كە لێیی دەڕوانی. تێگەیشتنە فەلسـەفییانەكەی عیشـقە دواجـار وا دەكـات، ئەوی دیـكە بە جـوانی دەربكەوێـت. وەك دەزانـن لای مرۆڤـی دڵ بریـنـدارو بە ئـازار جوانییەكـان، هەمیشـە بە ناشـیرینی دێـنە پـێش چـاو، بەڵام لای ئەوانەی بە ڕاسـتەقینەیی ئاشـقبوون هـیچ شـتێك ناشـیرین نیـیە، بەڵكوو جوانی لەهەموو شتێكدا دەبینێت. تۆ مەعشـوقەكەی خۆت بە شێوەیەك دەبینی و ئەوانی دیكەش بە جۆرێكی تر دەیبینێت. هـیچ كاتێـــك لای دڵ بادەكـــان بە ڕوانینێكـــی خـــاڵی لە عیشـــق لە مەعشـــووقیان نەڕوانیـــوە، بەڵكـــوو بە چـــاوی عاشـــقێكی وێـــڵ لە مەعشووق دەڕوانێت. با بپرسین بۆچی عیشـق سـووتماكە و گڕدار و بە بلێسەیە؟ بۆچی هەمیشە لە مەڵبەندی ئەوێنداراندا ناڵە و ئازار و فیغان بوونی هەیە؟ ڕەنگە بۆ ئەوە بێت، كە هەرچی ناخۆشیی و

---

[١] بڕوانە وتـاری ( هونەرەكانی ئەدەب) كاكەی فەلاح، گۆڤـاری بەیـان، ژ. (٦٦)، ساڵی ١٩٨٠ ل٣.

ئـازار و بەڵایە دواجـار ڕێگـایەک بێـت بـۆ گەیشـتن بە یـار، بـۆیە پێگەییشتنی عاشق پێویستی بە تێپەڕبوونە بەنێو ئاگرێکی بە سوێ. دەروونی مرۆڤەکان هیچ کاتێک پاقژ نابێتەوە، تەنها بە ئەوین نەبێ، کە وای لێـدەکا دەروونــی ڕۆشــن و ژیــانی درەوشــاوەبێت وەک کەســێک بە چرایەکــی پرشــنگدارەوە بەرەو تــاریکییەکی قــووڵ هەنگاوبنێت. هەر لەبەر ئەوەیە عیشق لەیەککاتدا، هەم دەرد و هەم دەرمــانە. عیشــق زامێکــی تــاقەتپڕوکێنە، بەڵام لە ناخــدا چێژێکــی هەڵگرتووە بە هیچ شتێک گوزارشت ناکرێ. مرۆڤی عاشق لەلایەک دەناڵێنێت و لەلایەکی ترەوە هیچ کات خۆزگە بەنەمانی ئەو ئازارە ناخوازێت، هەمیشە پەرۆشە بۆ دیداری مەعشووق. کاتێک باس لە عیشق دەکرێت دڵی مرۆڤ، سەرگەردان دەبێت و وێنەی هەزاران عاشق دەبینێت. کاتێک باسی چیرۆکی ناسۆرییەکانی ئەوین دەکرێت هەر کەسێک، کە ئەهلـی عیشـق نەبێـت پشـتی لـێ دەکـاو گـوێی لـێ ناگرێت. عاشقانیش بە داستانی ئەوینداران مەست و حەیران دەبن.

بە کـورتیی و بە کـوردی، هەوێنـی ژیـانی گەردوون بە عیشـق شــێلدراوە. هەر وەک چــۆن کزەبــایەک، کە گەڵای درەختێــک دەلاوێنێتەوە چەند شیرین دەردەکەوێت. خۆ بەچاوی سەر (با)مان نەبینیوە! بە هەمان شێوە عیشق پاڵنەری پشت ژیان و جووڵەی ئەم گەردوونەیە. (نەی) بە عیشق هەڵدەچێت و مەست دەبێت، هەر بۆیە بـۆ خۆشـیی ئەوانـی تـر مەسـت و سـەرخۆش دەکـات، عاشـقبوون واتـای بینینـی جـووڵە و هـاتوچۆی عیشـق لەهەمـوو شـتێکدا، ئەو چــاوەی کە ڕاســتەقینە دەبینێــت، هەمــان ئەو چــاوەیە، کە پەروەردگاری دروستکەر لەو دیوی ڕووداوەکانەوە دەبینێت، وەک حاڵی زوڵەیخا .

(زولەیخـــا) لەژێــر کــاریگەریی عیشـــقەکەیدا وای لـــێ هـــاتبوو لەهەمـوو شـتێک یوسـفی دەبینـی، گەر مەدح و سـەنای هەر شـتێکی کردبـووا لە ڕاسـتیدا باسـی یوسـفی دەکـرد، نەک ئەو شـتە. داد و فیغانی لە هەر شتێک کردبا، لە ڕاستیدا داد و فیغانی فیراقی یوسـف بوو لەدەروونـی پەنگی دەدا، گەر نـاوی سـەدان هەزار شـتت بردبا، ئەو تەنهـا مەبەسـتی یوسـف بـوو، زولەیخـا گەر تینـووی بـووایە، بە ناوهێنـانی یوسـف تینـوێتی دەشـکا، بە پێکـی ڕوخسـاری یوسـف سەرمەسـت دەبـوو، گەر ئـێش و ئـازاری هەبـووایە بە ناوهێنـانی یوسف برینی ساڕێژ دەبوو.

## تەوەرەی دووەم:

## فەلسەفەی عیشق لای مەولەویی و (واتا و نوێگەرییەکانی)

### عیشق لای مەولەوی ١٨٠٦ – ١٨٨٢

تـوێژینەوە لە دونیـای ئەدەبـی مەولەوی بە تـایبەت تێگەیشـتن، لەفەلسـەفەی عیشـق و واتـا و بـزاوتە نوێگەرییەکـانی، لەدەقە شیعرییەکانی مەولەویدا نزیکمان دەکاتەوە لەپرسیارێکی جەوهەری، ئـاخۆ جیهـانبینی مەولەوی تـاوگۆزی بـۆ چەمکـی عیشـق ڕوانینێکـی عاریفـانە و سـۆفیانە بـووە؟ یـاخود پێوەنـدی بـۆ دۆخـی ئەدەبیـی و خۆشەویسـتی شـتانێکەوە بـووە، کە ڕەنـگە لە دەرکەوتنیـدا بکەویـنە دۆخێکەوە، کە دواجار ڕوانگەی مەولەوی لەنێوان عیرفـان و عیشـق بە مانا ئیستاتیکیی و بەرجەستەییەکەی بە ئاسـانی لێجیـانەکرێتەوە. بە دیـوێکی دیـکەوە لە دواییشـدا بکەویـنە گومـانەوە، سـەبارەت بەو هەموو کۆڵینەوەیەی، کە ناچـار بەوەمـان دەکـات هەر بڵێین عیشـقی مەولەوی عیشقێکی سۆفیانەو عاریفانە بووە! بۆ ئەوەی وانەکەین و توێژینەوەکەمان داوەریکردنێکی ڕاسـت و دروسـتی، پشتبەسـتوو بە ئارکۆمێنـت و زمـانی لـۆژیکەوە پەیوەسـت بـێ. پێویسـتمان بەوە دەبێـت تێڕوانینـی هەردوو ڕاکە بخەیـنە ژێـر تەرازوی ئەدەبییـەوە، چـونکە ئیشـکردن لەجیهـانی ئەدەب تەنهـا خوێنـدنەوەیەکی ڕووگەشـیانە و سـەیرکردنێکی سـادەی نـاوەڕۆک نییە، بەڵکوو لای تـوێژەر بینینی کۆی بنەمـای تێکستەکە بە هەند وەردەگیرێت وەک "زمـان، تەکنیـک، فـۆرم، ڕوانبێـژی، دال و مەدلـوولی مانـاو دەستەواژەکانی" هتد... یەکێک لە فاکتەرە هەرە سەرەکییەکانیش، بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر و دروستکردنی زەمینەیەکی بـاش لەنێوان دەق و نووسـەر و خـوێنەردا، پیشـاندانی دیـوە زۆر تـایبەت و

جوانەکــانی دەقە. ئەو تێــڕوانینە یــارمەتی ئەوەمــان دەدات، بیــر لەپشــتی ئەم دەقــانەش بکەیــنەوە، کە لای خــوێنەر یــان تــوێژەر واناکەوێتەوە، بەڵکوو بینینەکان زۆر جیاوازیشن. هەرچەندی ڕای زۆرینەش بێت، بەڵام بینین و تێگەیشتنمان بۆ دەق لەکۆتاییدا هەر جــودایە. "ئەوەی لەدیــوانەکەی مەولەوی بتــوێژێتەوە، دەزانــێ مەولەوی گیــرۆدەی ئەڤــین و ئــاوێنەی بــێگەردی سروشــتبووە"[١] لەوەوە دەگەین بەو بۆچوونەوەی، کە لای مەولەوی ئەڤین جۆرێکی دیــکە بــووە، پــێچەوانەی ئەوانەی، کە پێیــانوایە دونیــای مەولەوی لێوان لێو بووە لە عیرفان و تەسەوف. نووسەر و توێژەری دیاری کــورد حەمە کەریـم هەورامـی ڕای جیـاوازی خـۆی ناشـاریتەوە و لایــوایە ئەو ئــاوە مامۆســتای گەورەو زانــا **مەلا عەبـدولکەریمی مــــودەڕیس ١٩٠١- ٢٠٠٥ز**، ڕشــــتوویەتی و پێویســــتە وەک ئەو بیـرنەکەینەوە، کە سـەرلەبەری دیـوانەکەی مەولەوی بە نەفەسـێکی تەسەوفیی و عیرفانانە لێکداوەتەوە.

نووســەر ڕەخـنە لەو تێگەیشـتن و شـکڵ وەرگـرتنە دەگرێـت و پێشــیوایە ئەدەبــی مەولەوی ئەدەبێکــی زیــاتر ڕۆمانســیانەیە نەک ســوفیگەری، چــونکە "ئەدەبــی ســۆفییەتی ئەدەبێکــی مەســلەکیانەی تایبەتەو پێناسەو نیشانەو مۆرکی جیاکەرەوی خۆی هەیە"[٢].

هێشــتنەوەو بەســتنەوەی دونیــای ئەدەبــی مەولەوی لەنــاو یەک فــــۆڕم و جیهانبینیــــدا، دوورخســــتنەوەی شــــیعرەکانییەتی، لەخوێنـدنەوەی جـوداو بەسـتنەوەیەتی بەیەک واتـاو کوشـتنی فـرە واتــاییە لەدەقەکانیــدا. لەکاتێکــدا مەولەوی بە کــردارو تێکســتەکانی

---

[١] میهرەجانی مەولەوی- هێما سازی لە ناو شیعرەکانی مەولەویدا: ن/ حەمە کەریم هەورامی، ل١٣٧.

[٢] هەمان سەرچاوە ل ١٣٨ .

خـۆی لەو جـۆرە یەک مـۆدێلییە بەدوورگرتـووەو هەوڵێـداوە هـیچ کاتێـک ئەو شـتە نەبێـت، کە ئـێمە دەمـانەوێ. بـۆ نمـوونە گریمـان ویستی ئێمە بۆ دەقە شیعرەکانی مەولەوی ویستێکی عیرفانانەیە، ڕەنـــگە ئەو یەک گوتـــارییە زیانگەیانـــدنبێت نەک هەر بە دەقـــی مەولەوی، بەڵکوو بـۆ دونیـای ڕەخنەی ئەدەبیشـمان سـوودبەخش نابێت. بە دیوەکەی دیکەشـەوە هەر ڕاسـتەو نـاکرێ سـەر لەبەری جیهانی ئەدەبیـانەی مەولەوی لە ژوورێکدا قوفل بکەیـن و دەرگـاو پەنچەرکـانی لێـدابخەین و بڵێـین، ئیلاوبـیلا شـیعرەکانی مەولەوی ڕۆمانسیی و دڵدارانەیەو بێبەشـی بکەیـن لەو هەمـوو جەمـالییەتەی، کە بۆ دونیای تەسەوف و عیرفـان نووسـیویەتی. نووسـەری هەمـان بـابەت، درێـژە بەو بۆچـوونەی دەدات و ڕووی پرسـیار ئاراسـتەی تـوێژەران دەکـات و دەپرسـێت: ئەرێ ڕاسـتە مەولەوی سـۆفیبووە؟ کـام مەولەوی؟ مەولەوی لە تـافی لاوێتیـدا؟ مەولەوی پـاش ئیجـازە وەرگرتنی مەلایەتی؟ یان پێشـی مەلایەتـی؟ مەولەوی لەکـاتی پیریـدا؟ یان لە تافی کەنفت بوونیا؟ ئەی شیعرەکانی بەرهەمی کـام تـاف لەو تافـانەن؟ ئـایە مەرجە، شـاعیرێک کەبـوو بە سـۆفی، شیعرەکانیشـی کەمەند بەندی ڕێبازی سۆفیالیزم بن؟[1]

لێـرەدا نزیـک دەبیـنەوە لەچەنـد وردە پرسـیارێکی دیـکە، کە یارمەتیمـان دەدەن باشـتر لەمەولەوی قـووڵببینەوەو لەتەکیـدا بەر زۆرێک تەلسیمی ئەدەبیانەی جودا بکەوین. بەو ڕێگایەوە لەهەندێک خـاڵی جـوایەز و نوێگەریـانەی مەولەوی نزیـک دەکەویـنەوە، بە دیوکی دیکەوە ڕەنگە دەروازەیەکیش بێت بۆ کردنەوەی تێگەیشتنی دیکە. لەم حاڵەدا مـافی خۆشـمانە پرسـیار لەسـەر مێـژوو و هەل و

---

[1] هەمان سەرچاوە ل ١٣٩ – ١٤٠.

مەرجی زمان و چۆنییەتی نووسینی بەرهەمەکانی مەولەوی بکەین، چــونکە بیبلۆگرافیــای نووســین و ئەدەبیــانی مەولەوی بە چەنــد قۆناغێک دابەشیووە، لەهەر ویستگەیەک مەولەوی جیاواز جیاواز دەبینی. بەڵام لە فۆرمە گشتییەکەیدا یەک مەولەوی دروست دەبێت، کە خــــۆیەتی. "مەولەوی شــــیعرە ویژدانیـــــی و زاتیــــیە نەوازەو دلۆڤانەکانی بە شـێوەزاری "گـۆران"ی نووسـیوە، بەڵام "عەقیـدەی مەرزیە"کەی کە بـــــریتییە لە ٢٠٣١ بەیــــتە شــــیعر، بە زاراوەی تـاوگۆزیی نووسـیوە؟ یـان "فـوائح"ەکەی کە ٥٢٦ بەیـتە، بە فارسـی دایناوە؟ یان "الفضیلة"کەی بە عەرەبی هۆنیوەتەوە؟ یان "زوبدەی عەقیـــدە" و عەقیدەکەشــــی هەر بە زاراوەی جــــافی تــــاوگۆزی هۆنیـوەتەوە" [1] گەر دیـقەت بـدەینە مـامەڵەی مەولەوی لەگەڵ ئەو پێنج ئەزموونەیدا، شتێکمان بۆ دەردەکەوێ، کە مەولەوی دونیـای عیشـق و ئەڤین و ژیـان لەنێو سۆز و دلۆڤانیـدا، جیاکردووەتەوە لەگەڵ ئیشـکردن لەنـاو کایەکـانی دیـکەدا. بـاس و خواسـی بـابەتە عەقائیدیی و شـەرعییەکان و زانستی کەلام و خیلافی مەزهەبەکان و هەتد.... تێکەڵ بە زمانی گۆران نەکردووە! ئەو شیعرە عیرفانیی و غەزلـی ئەویندارانە و ڕۆمانسـییانەی بە زاری هەورامـی نووسـیوە، کە پڕیەتـی لەمۆسـیقا و عیشـق و ئـاوازی ژیـان. خـۆ بـاش بـاش دەیتـوانی بە زاری هەورامـی کتێبەکـانی دیـکەش بنووسـێت، بەڵام نـایەت ئەو هەسـتە تـایبەتە، کە زمـانی دایـک و سـۆز و سروشـتی هەورامــان پێیــداوە، تــێکەڵ بە بــابەتی دیــکەی بکــات.[2] ناشـکرێ بلیمەتیـی و توانـایی و کـارامەیی مەولەویـیش لەزمـانی عەرەبیـی و

---

[1] میهرەجانی مەولەوی – دەرگایەک بۆ تێگەیشتن لە هۆنراوەکانی مەولەوی/ ن: ڕەئوف عوسمان ل ١٢٥ – ١٢٦.

[2] هەمان سەرچاوە ل ١٢٧.

فارسیدا نا دیدەبگیرێت، یاخود ئاسان نییە هەڵوەستە لەسەر ئەوە نەکەین و نەڵێن ئافەرین بۆ مەولەوی، کە "بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەدەب و زانستی کوردیدا توانیویێتی بابەتەکانی " فەلسەفە و عەقائید و ئوصول و کەلام " بە زاراوەیەکی ئاخاوتنی تایبەتی تیرەیەکی جافی وەک تاوگۆزی تۆمار بکات"

**شاعیرییەتی مەولەویی و کاریگەری ئەوانی دیکە:**

دەبێ ئەم ڕاستییە لەبەرچاوبگرین، کە یەکەمین بڵاوکردنەوەی شیعری مەولەوی وەک دیوانە شیعر، با تەواویش نەبێ ئەوەی پیرەمێردە، کە شیعرەکانی مەولەوی بە شیعر هێناوەتە سەر دیالێکتی کرمانجی خواروو و بەناوی " **ئەسڵ و ڕۆح** "ی مەولەوی لە دووبەرگدا ساڵی ١٩٣٥ - ١٩٤٠ لە چاپیداوە" [١] بۆیە دەتوانین بێژین لەپێشتردا و بۆ یەکەمینجار خوێنەری کورد، لە پیرەمێردی مەزنەوە ئاشنای شیعرەکانی مەولەوی بووە. دوای ئەویش لە ساڵی ١٩٦١ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بە یارمەتی محەمەدی مەلا کەریمی کوڕییەوە، لە ڕووی چەند دەسنووسێک دیوانی مەولەویی لەگەڵ لێکدانەوەیەکی پوختی واتا و تاکە تاکەی وشەی شیعرەکانی، لە کتێبێکی ٥٦٨ لاپەڕییدا بڵاوکرایەوە.[٢] بنەما و سەرچاوەکانی بەشی زۆری ئەدیب و شاعیرانی کۆنی کورد، ئەو دەستنووس و کتێبانەبوون، کە لە حوجرە و خانەقا و کۆڕ و دیوخانە ئایینەکاندا دەخوێندران. بەشێکی ئەو پەرتووکانە، بە زمانی عەرەبیی و فارسی بوون. دەتوانم بڵێم بەشی زۆریان تایبەتبوون بە زاستە

---

[١] بڕوانە کتێبی، میهرەجانی مەولەوی – وتاری " مەولەوی: ژیان و بەرهەمی، ن/ محەمەدی مەلا کەریم – ل ٢٦ –٢٧.

[٢] هەمان سەرچاوە ل٢٧.

شـەرعییەکان و فقـە و زانسـتی کەلام و تەفسـیر و فەرموودەناسـی، بەشەکەی دیکەشیان، کە بەزمانی فارسـیبوون زیـاتر ڕووە ئەدەبیی و عیرفـانیی و سـۆفیگەرییەکەیان تێدا زاڵبـووە. شـیعری شـاعیرانی ئەوکـاتەی فارسـزمانیش، بـۆ فەقـێ و خوێنـدەوارانی حـوجرە و خانەقاکـان تـاقە سـەرچاوەیانبوو. ڕاسـتە سیسـتەم و پرۆسـەی خوێنـدنی مـزگەوت، لە تەواوی جیهـانی ئیسـلامیدا بریتـی بـووە لەخوێنـدنی ئەو زانسـتانە، کە فێرخـوازانی بە زمـانی عەرەبیـیەوە دەبەسـتەوە، بەڵام لە حوجرەکـانی کوردسـتاندا لەقۆنـاخی ئامـادەبوونی منـداڵ بـۆ ئەو خوێنـدنە جـگە لەخەتمکردنـی قورئـان واپەسـەندبوو ئەو منـداڵە هەنـدێ وردە کتێـب و کەمـێ لە زمـانی فارسـی فێرببێ، بۆیە هەوڵیاندەدا لەڕێگەی شـیعرەکانی "حـافظ" و غەزەل و کولیـاتی "سـەعدی شـیرازی" و "پەنـدی عەتـار" ەوە فێـری زمانی فارسی ببن.[١] خوێندنی ئەو وردە پەرتووکانەش بە زمـانی فارسی، تایبەتمەندیی و چێژی ئەدەبی لەناو هۆش و مێشکی فەقێ و مەلایان بۆ سەوداکردن لەگەڵ شـیعر دروسـت دەکرد. هەرچەنـدە حـوجرە بەشـێکە لـەدام و دامـەزراوەی مزگـەوت، بـەڵام لەهـەموو بەشـەکانی دیکـەی مزگـەوت چـالاکترو و بـەکارترە. بەتایبـەتیش وەکوو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی لـەناو مزگەوت پێگـە و پایـەی دیـارو بـەرچاوی هـەبووە، چونکـە لەڕێگـەی حـوجرەوە درێـژە بـە چالاکییـەکانی مزگەوتـەکان دراوەو لـەوێوە مـەلا پێگەیەنـدراوەو ئامادەکراوە. بۆ ئەوەی بچنە مزگەوتەکان وەکوو بەڕێوەبەری ئەو دەزگە و دامـەزراوە ئاییینیـە دەسـتبەکاربن، بۆیـە ئەگـەر مزگـەوت لـەڕووی ئاییینیـەوە بناغـەو بنچینـەی کۆمەڵگـەبێت، ئـەوا حـوجرە

---

[١] کتێبی، مەولەوی – شاعیری ئازار و خەم: ن/ حەمەکەریم هەورامی ل٣٧٨.

بەبناغەو بنچینەی مزگەوت دادەنرێت. لەحوجرەکان یاساو ڕێسای تایبەت بەخوێندن و ئاستەکانی خوێندن هەبووە، جۆرێک لە کلتووری تایبەت بەخۆی هێناوەتە ئاراوە. حوجرە سەرەڕای ئەرکە ئایینیەکەی، ئەرکی بڵاوکردنەوەی خوێندەواریی و ڕۆشنبیریشی لەئەستۆ بووە. سەرەڕای ئەمانەش ئەو مزگەوتانەی، کە حوجرەیان هەبووە پێگەو پایەیان زیاتر بووە و ناوبانگیان دەرکردووە. لەڕابردوودا تاکە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی و پەروەردە مزگەوتەکان بوون، حوجرەش ڕۆحی ئەو مەڵبەندە ڕۆشنبیریی و پەروەردەییانەی پێکهێناوە.[1] وەک باقی فەقێ و خوێندەواری دیکەی کورد مەولەوی مەزنیش لە ڕێگەی دەرسی مەلایەتیی و زانستی شەرعییەوە ئاشنای ئەدەبیاتی فارسی بووە و زمانی فارسی زۆر بەجوانی فێرووە. هەوڵیشیداوە لەڕێگەی ئەو زمانەوە دۆستایەتی ئەدەبی دەگەڵ ڕۆحی شیعرەکانی: **خەیام**، **سەعدی شیرازی**، **حافظ**، **مەولانا جەلالەدین**، **ئەنوەری**، **وەحشی بافقی**، **صائیب**، **کەلیم** هتد... دروستبکات و بەباشی بیان خوێنێتەوەو سوودی لێوەرگرتوون. بەرهەمی ئەو شاعیرانە دەوڵەمەنترین سەرچاوەبوون، کە مەولەوی بەهەرەی لێبردوون. بەتایبەتی لەپەخشاندا، کە لە نامەکانی دیارە بە ئاسانی سێبەری سەعدی بەسەرەوەی ئەبیندرێ و لە شیعریشدا دونیای حافظ ی تیا دیارە. هەقواش بووبێ، چونکە ئەو دەمەو تا ئەم دواییانەش **گولستان و بوستان** ی **سەعدی** و دیوانی **حافظ** لە دەورەی فەقێیەتیدا خوێنراون، مەولەویش جگە لە خوێندنیان درێژەی بەخوێندنەوەی

[1] ڕەنگدانەوەی حوجرەی ئایینی لە چەند ڕۆمانێکی کوردیدا - نووسینی: د.عەبدوڵڵا ڕەحمان / ماڵپەڕی خاڵ.

چەند جارەیان داوەو لەگەڵ هەڵچوونی تەمەنی ئەدەبیدا سوودی لێوەرگرتوون. من دڵنیام مەولەوی ئاگای لەشیعر و پەخشانی عەرەبیش هەبووە، بەڵام بە بەرهەمەکانیدا دیارە، کە ڕەنگیان لەسەر دانەڕشتووە و نەبوونەتە سەرچاوەیەک، کە سوودیان لێوەرگریّ [1] ڕەنگە لەم میانەدا ئەو پرسیارە بێتە پێشەوەو پرسیار لەوەبگرێت ئاخۆ مەولەوی تاکە سەرچاوەی خوێندنەوەی، ئەدەبی فارسی و عەرەبی بووە؟ دەبیّ بڵێین: نەخێر، چونکە کوردیش لە ڕابردوودا بەش بەحاڵی خۆی شیعری هەبووە و مەولەویش باش ئاگای لە هەندێکیان بووە. دیارە وەک زانیاری کە دەستمان خستبیّ، مەولەوی ئاگای لە شیعری کرمانجی ژوور و نەبووە و مەگەر هەر بەناو ناوی **عەلی حەریری** و **مەلای جەزیری** و **ئەحمەدی خانی** بیستبیّ. هەرچی کرمانجی نێوەڕاستیشە، ئەوە لەگەڵ تەمەنی مەولەوی زمانی ئەدەبیی بۆ خۆی پێکهێنا. مەولەوی ئاگای لەشیعری ئەم زاراوەیە بووە، بە تایبەتی هاوڕیّ و خۆشەویستی **مەلا عوسمانی فائق** و **مەحوی** شاعیر بووە و دیارە چەندین دانیشتنی پڕ لەباس و خواسی شیعریان هەبووە. دڵنیاشم هەمان باس و خواسیشی لەگەڵ شاعیران **نالی** و **سالم** و **کوردی** هەبووە، چونکە ناکریّ ئامانە پێکەوە لەنێو جوگرافیایەکی نزیک لەیەکتری ژیابن و هەر چواریشیان شاعیری ناوداربن و ئاگایان لەیەک نەبووبیّ، بەڵام شیعری ئەو شاعیرانە لەگەڵ دونیای شیعری مەولەویدا لێکەوە دووربوون، بۆیە ناکریّ کاریان کردبێتە سەری و بە هیچ شێوەیەکیش جیّ پەنجەی ئەوان بەشیعرەکانیەوە دیارنییە. کرمانجیی خوارووش، کە "**کرماشان**" و "**لوڕستان**" ئەگرێتەوە. تا

[1] مەولەوی: ن/ حەکیم مەلا ساڵح ل ١٣ – ١٤.

ئێستا ئەوەی دیاربێ شاعیری وەهای تیا نییە، کە بووبێتە سەرچاوە بۆ مەولەوی، لەم گۆشەیەی کوردەواری "**کاکەییەکان — ئەهلی حەق**" زۆرترین شاعیریان تیا هەڵکەوتووە، بەڵام ئەمانیش شاعیری هونەرمەندیان تیا دیارنییە وشیعرەکانیان هەمووی بۆ ڕاگەیاندنی دینەکەیان تەرخانکردووە و بە زمانی خەڵکی ڕەشۆکی وتراون، یانی ئەمیش هیچ. ئەمینێتەوە سەر هەندێ شاعیری دیکەی وەکوو "**صەیدی یەکەم، شێخ شەهابی لۆنی، شێخ شەهابی کاکۆزەکەریایی، میرزا عەزیزی موجەشی، یوسف یاسکە، ئەڵماس خانی کەنووڵە، میرزا شەفیعی کولیایی، مەولانا دەردین، ڕەنجووری، وەلی دێوانە** و هەندێکی دیکە ئەم شاعیرانە هەرچەندە زۆربەیان بەرهەمی کەمیان دیارە، بەڵام بەو کەمەشدا ئەتوانین بڕیاری ئەوە بدەین، کە کەسیان نەیانتوانیوە ببنە قوتابخانەو مەولەوی تێیادا فێرببێ.[1] یەکێک لە ڕەوشت و خووەکانی مەولەوی ڕاستگۆیی بووە لەناو ئەدەبدا، مەبەست لە ڕاستگۆیی ئامانەت پاکی ئەدەبە. مەولەوی لە ژیانی ئەدەبی خۆیدا کاریگەری هەرکەس و شاعیرێکی بەسەرەوە ببوبێ، وتوویەتی و نەیشاردووەتەوە. شەرمیشی بەوە نەبووە بە پێشەنگ و مامۆستای خۆی بیناسێنێت. هەر کەسێکیش بە وشەیەک یان بە دەرس و زانستەوە سوودی پێگەیاندبێ، لە شیعرەکانیدا یان ڕاستەوخۆ ناویهێناون، یاخود بە هێماو وەسف ئاماژەی پێکردوون. ئەو نەریت و ئاکارەی مەولەوی، لەبەرزی کەسێتی ئەدەبیی و جوامێری پەروەردە ئایینیی و کوردەواری و ناوچەکەیدایە، کە وزەی لەئادابی ڕۆحی خانەقا و مەدرەسەی شێخانی تەریقەت وەرگرتووە. خۆیشی هیچ کاتێک

---

[1] هەمان سەرچاوە ل ١٤- ١٥.

نەیشاردۆتەوە، کە کاریگەریی کێوکێیی بەسەرەوە بووە. مەولەوی هیچ کات کاریگەرییەکانی ئەدەبیاتی فارسی، لەسەر شیعرەکانی نەشاردووەتەوە.

دیارە مەولەوی مەلایەکی ناو کۆمەڵی کوردەواریی و کەسێکی ئایینداری ئاسایی و خاوەن باوەڕێکی دامەزراو نەی ویستووە لە تیلمە و ڕەویەی مەلای کوردەواری لابدا، بۆیە وەک شاعیرە مەلایەکی دیکە خووی نەداوەتە چوارینەکانی خەیام و بە شێوەیەک لەشێوەکان خۆیشی لێیان بە دوورگرتووە و نەیویستووە ڕاستەوخۆ باسی بکات، چونکە لە ناو مەلایاندا خەیام بە هۆی چوارینەکانییەوە بە گومڕا دراوەتە قەڵەم، بەڵام دیارە مەولەوی چوارینەکانی خوێندووەتەوە، ئەو چوارینانەی، کە لە پرسی "**بوون و نەبوون**" دەدوێن کاریان لە مەولەوی کردووە. [1] ناکرێ بڵێین مەولەوی خۆی لە خوێندنەوەی چوارینەکانی خەیام پاراستووە ئەوەتا ئەو چوارینانەی، کە فەلسەفە ئامێزن لەناو شیعرەکانی مەولەویدا ڕەنگیان داوەتەوە.

خەیام دەڵێ:

**از امدم نبود گەردون را سوود**
**وز رفتن من جمال و ماهش نفزود**
**وز هیچ کەسی نیز دوگوشم نشنود**
**کاین امدن و رفتنم از بهر چەبوود**[2]

بەکوردیکردنی: هەژاری موکریانی

**بۆ هاتمە سەر زەوی لەبەرچی چونم**

[1] کتێبی، مەولەوی – شاعیری ئازار و خەم: ن/ حەمەکەریم هەورامی ل٣٨٢.
[2] رباعیات عمر الخیام، طالب الحیدری ل ٩٤.

**بەهرەی چبو بۆ خوا نەبوون و بوونم**
**هاتووم و دەچم بێ وەی بزانم بۆچی**
**پاش مردنەکەش دورە دەراوی ڕونم** [۱]

مەولەوی دەڵێ:

**هەرچی دیت وەچەم شی وەسەفەردا**
**هەرچی بوینی هانە گوزەردا**
**کەس حاڵی نەبی وە هیچ نەفاما**
**ئەو پەی چێش ویەرد، ئێد پەی چێش ئاما** [۲]

پرسی "بوون و نەبوون" پرسیار و گومانی ناو مێشکی گشت مرۆڤێکە و لە کۆنی کۆنەوە بیرمەندان و فەیلەسوفانی دونیا ئەو پرسیارەیان کردووە و گومانیان خستووەتە سەر ژیان و بوون و مردن و زیندوبوونەوە. شاعیرانیش بە شیعرەکانیان هەمان پرسیار و گومانیان ورووژاندووە، خەیامی شاعیر بە شاعیری گومان ناسراوە، بەڵام مەولەوەی زۆر جوان مەلە لەناو ئەو شکە دەکات و وەک چاوگەیەکی یەقین وشەکان لەتەک ماناکانیدا ڕێک دەخات. ناتوانین بڵێن خەیام بێکاریگەر بووە بەسەر شیعرەکانی مەولەویدا، بەڵام مەولەوی هیچ کات لە نێو دونیای گومان نەماوەتەوە و هەمیشە ڕووە یەقینی باڵا هەنگاوی ناوە. پرسی بوون و مردن پرسێکی بونگەرانەی مرۆڤە، هەمیشە هەق بە مرۆڤە ئەو پرسیارە لە خۆی بکات، لە کوێ و بۆ کوێ هەنگاو دەنێت. لە بارەی خۆشەویستن و پێدانی بەها بە توانا شیعرەکانی حافزی شیرازی، کە مەولەوی حافزی شیرازی بەسەر قافلەی عارفان و ئەڤیندارانی

---

[۱] چوارینەکانی خەیام بە کوردی، بە کوردیکردنی مام هەژار موکریانی ل ١٥.
[۲] دیوانی مەولەوی ، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی : عەبدولکەریم مودەڕیس ل ٥٣٢.

ڕاستەقینەی ڕێی ڕاستی دەزانێ[1]

مەولەوی لە وتووێژێکدا لەتەک حافزی شیرازییەوە دەڵێ:

**را جەعفەر ئاباد سارای گەرمی مەیل**
**مەنزل شیراز سەودای عەشقی لەیل**
**دەس و دیم وە ئاو ڕوکن ئابادی شەوق**
**ئیمامی میحراب سەر مصلان زەوق**
**خواجەی سەر حەڵقەی بەزمەکەی (الست)**
**دەماخ وەنەشئەی بادەی فەنا مەست**[2]

ئەگەر نەختێک دوورکەویەوە لەجیهانی فارس و نزیکەویەوە لە کەنارەکانی بەحری شیعری گۆرانەوە، باوەش بە جوگرافیای ئەردەڵاندا بکەیت و بست بەستی ئەو خاکەی تەی کەی، ئەوکات تێدەگەی چ بارانێکی بە لێزمە و چ عەترێک بەسەر ئەو خاکەدا ڕژاوە. عەتری بێسارانی، بۆن و بەرامەی عیشق و توانەوە لەنێو موحیبەتی، ئەوی هەمیشەجوان و هەمیشە دولبەردا. ئاخر مەولەوی ناهەقیەتی، بەبای سەر گۆنای شیعری بێسارانی مەست دەبێت و لەنێو ئاوازی ئەدەبیاتی خانای قوبادیدا گۆرانی بۆ ژیان دەڵێت. تۆ وەرە بەدڵ شیعرەکانی مەولەوی بخوێنەوە ئەوجا گوێ لە ئاهو ناڵەی ناو شیعرەکانی بێسارانیش بگرە، یاخود بە پێچەوانەوە. هەرکامیان دەخوێنیتەوە یان گوێ بۆ هەرکامیان دەگری وا دەزانی لەوی دیکە دوور نەکەوتوویتەوە، هەردوکیان خەمی کەناری یەک ڕووبارن لەیەک شاخەوە هەڵدەقوڵێن وبەرە و یەک پێدەشت ڕەو دەکەن.[3]

---

[1] کتێبی، مەولەوی – شاعیری ئازار و خەمە: ن/ حەمەکەریم هەورامی ل ٣٨٦.
[2] دیوانی مەولەوی ، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی : عەبدولکەریم مودەڕیس ل٢٦٠.
[3] کتێبی، مەولەوی – شاعیری ئازار و خەمە: ن/ حەمەکەریم هەورامی ل٣٩٣.

بێسارانی دەڵێ:

**ئانە گشت جە وەخت نادانیم بیەن**
**فەصڵی سەرمەستی و جوانیم بییەن**
**ئیسە ها جە گشت پەشیمانیم بەرد**
**فەصڵی پیرمەن، جەوانیم و یەرد**
**وادەی پیریمەن یاوانم تۆبە**
**نۆبەی تو بەمەن کەرەمدار تۆبە** [١]

فەرموو لاملاوەش گوێ لە هەستی مەولەوی ڕابگرە، بزانە، لە بـارەی بێســارانیدا هــاواری چ عیشــق بەیــان دەکــات و ســۆزی خۆشەویستی خۆی بۆ ئەدەبی بێسارانی بە شێوەیەک دەردەبڕێ وەک دوو کانیاو، کە یەک سەرچاوەیان هەبێت.

مەولەوی دەڵێ:

**نەوات وێرانەی دڵ کەرو ئاوا**
**چەنی بەستەی فەرد بێساران ماوە**
**ئینە گرد جە وەخت نادانیم بییەن**
**فەصڵی سەرمەستی ی جوانیم بییەن**
**ئیسەها جە گشت پەشیمانیم بەرد**
**وادەی پیریمن جوانیم ویەرد**
**کۆچی دواییمن یاوانم نۆبە**
**نۆبەی تۆبەیمەن، کەرەمدار تۆبە** [٢]

مەولەوەی نــایەوێ لەو هەســتە جــوان و پــاک و بــیگەردەی بێســارانی شــتێکی دیــکە بـۆ کۆتـا تەمەن و بەرەو خـودا چـوون و

---

[١] دیوانی بێسارانی – کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە ولێکدانەوەی، عەبدوڵلا حەبیبی ل .

[٢] دیوانی مەولەوی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: عەبدولکەریم مودەڕیس ل١٠٧.

پـاکبوونەوە بڵـێ. پێیـوایە ئەو موناجـاتەی بێسـارانی بەسـە بـۆ خۆیشی، کە بیکاتە دوا نامەی ماڵئاوایی بۆ بەردەم قاپی یەزدان، کە وادەی مەرگییەتـــی. ئـــاخر ئەوە زۆر هەڵـــدەگرێ، جـــگە لەوەی دڵشـیرینی و ڕۆح جوانی مەولەوی نیشـان دەدات، بە دیـوێکی دیکە پێمـان دەڵێـت گەورەیـی و جیـاوازی مەولەوی لەوەدایە نـایەوێ لە دووری ئـــازیزانی بمرێـــت و ڕۆحـــی ئـــاوێتەی بە ڕۆحـــی خۆشەویستانی نەبێ. پێمـان دەڵێت دواجـار هەمووومـان دەگەڕێنەوە بـۆ یەک ســەرچاوە و بــۆ لای یەک پەروەرگــار و هەریەکە و بە جۆرێـک ماڵئـاوایی لە ژیـان دەکـات. مەولەوی نـایەوێ لەو کۆچەدا بەتەنها بێت، بۆیە شـیعرێکی جیاوازتر لەوەی بێسـارانی بەسـەر دڵ و دەمیدا نایەت و هەر وشە شیرینەکانی ئەو دووبارە دەکاتەوە.

**نوێگەری لـە شیعری مەولـەویدا:**

لەم تـــوێژینەوەیە چەمکـــی نـــوێگەری پێناســـە نـــاکەین وەک هەلـومەرجی لە دایکبـوون و گەشـەکردنەکەی، بەڵکـوو ئەو چەمـکە وەک خـــوازراو وەردەگـــرین بـــۆ تێگەیشـــتن لە دونیـــای ئەدەبـــی مەولەوی، کە بـزانین نـوێگەری ئەو لە چیـدایەو چ نـوێگەرییەکی لە بـارەی **پرســی عیشــق** کـردووە. مـامەڵەی مەولەوی لەگەڵ شـیعر پێدانەوەی مانایەکی جودایە بەو شتانەی لەدەوروبەروو هەستەکانی ڕوودەدەن. بینیـــین و کـــاردانەوە هەســـتەکییەکان لای مەولەوی پەیوەســـتە بە شـیعرییەتی شـاعیرەوە. ئەو وەک ڕووداوێـک یـان حاڵەتێک مامەڵە لەگەڵ عیشق ناکات، زمـانی دەربڕین و ئەو وێنەی مەولەوی لە زهنـــی ئـــێمە دروســـتی دەکـــا، هێنـــدە پێوەنـــدی بە قوڵبوونەوەی ڕۆحییەوە هەیە، هێندە کردارێکی ئیلهامی نییە. زمـانی شیعری مەولەوی زمانێکی ئاگایانەی بیرکەرەوانەیە، نەک چـاوەڕێی خەیـــاڵ و ئیلهامێـک بکـات و کە بـۆی هـات ئینجـا شــیعرەکەی

نووسـیبێ، بـۆیە ئەوەی دەری بڕیـوە وەک ئیلهامێـک تێـی بگەیـن ناتوانین بەو جۆرەی دەمانەوێ نزیک ببینەوە لەنوێگەرییەکانی. ئەو بەم جـــۆرە مـــــامەڵەی لەگەڵ شــــیعردا نەکـــــردووە، مەولەوی بیرکەرەوەی دونیای ئەدەبی خۆییەتی، چونکێ گواستنەوەی ئیلهام یان ئیشکردن لەناوخەیاڵ و وەسف توانای پێدانەوەی وێنەیەکی جـوایەز و تـایبەتی نیـیە! ئەگەر زمـانی شـیعری مەولەوی وەک شـاعیرانی دیکە دەرکەوتـایە و بەو فـۆڕمە ئیشـی لەسـەر چەمکی عیشق کردبووایە، نەمان دەتوانی قسە لەسەر نوێگەرییەکانی بکەین. تایبەتمەندی شیعری مەولەوی لەوەدایە، کە لە ساتەوەختی دووبارە بیرلێکردنەوە شیعر دەنووسێ. بە پێیی توانستی زمان و ئیدراکی ئاگـاییەوە وێـنە شـیعرەکانی دروسـت دەکـا، ئەوەش پەیوەسـتە بە قووڵبوونەوە و تێگەیشتنی ورد، لە دونیای ئەدەب و نوێگەریدا.

مەولەوی دەڵێ:

**شیعری وێم تەنخوای سەمتوور سازێ**
**لێدەر، سا نەیچی! هەر تاریش گازێ**
**چنگ پێکۆ نە جەرگ نەغمەی سازەکەت**
**بەرارۆ تۆ تۆ میقراز گازەکەت**[1]

واتە: شیعرەکانی خۆم بە نەی لەباتی ساز و سەمتوور لێ بدە، با هەر تەلێکی وەکوو گازێ وابێ بۆ دەرکێشانی ڕیشەی جەرگم. با نەغمەی سازەکەت چنگ گیرکا لەجەرگم و چین چین وەکوو گازی مقەس دەریکێشێ.[2] مەولەوی شاعیر ژێ و تەلەکانی وەک کارەکتەری خۆی دەچوێنێت و دەڵێت: بەرانبەر بە من بیژەنە، پیت

---

[1] دیوانی مەولەوەی – چاپی سێیەم انتشارات کوردستان، ١٣٩٥ هەتاوی ل٣١.
[2] هەمان سەرچاوە ل ٣١.

و وشه و ڕستەکانی بوونەتە مۆسیقا و لەبەردەمیدا سەما دەکا. بە جۆرێک خۆی لەناو بوونێک دەهێڵێتەوە، کە هی خۆیەتی. ئەو وجودەی مەولەوی جیایە، ڕاماندەکێشێ بۆ عیشقێکی تازە. کاتێکیش قسە لەسەر خەیاڵ دەکەین و پێمانوایە مەولەوی خەیاڵپڵاوانە شیعری نەنووسیوە یان سەت دەر سەت پشتی بە ئیلهامی شیعری نەبەستووە، بەڵکوو دەمانەوێ بڵێین مەولەوی زیاتر کەسێکی واقیعیی و بیرکەرەوە بووە، خەیاڵ و مەجازی وەک دوو فیگەری بەهێزی دونیای مەعریفی خۆی بەکارهێناوە. کەواتە خەیاڵکردنەوە چالاکییەک و هەڵوێستێکی گرنگی مرۆڤی داهێنەرە لە ئاست جیهاندا.[1] مامەڵەی مەولەوی لەگەڵ شیعر مامەڵەیەکی هونەرکارانەیە، شیعر لای مەولەوی یانی وێنە. هەر ئەو ڕاستییەشە وامان لێدەکات بڵێین: وێنە ئاستێکی بەرزی هزرینی شاعیر ئاشکرا دەکات.[2]

مەولەوی دەڵێ:

**جەمینت زەحمەت نیگام کێشابۆ**

**کەفی پات وە خار دیدەم ئێشابۆ**

**یا کەر دەبۆ دڵ دێوانەی دڵ تەنگ**

**وەختی نیشانەی دڵان پەی خەدەنگ**

**پەلەپەل پەی زەوق زامێ وە تیرت**

**ئازار دابۆ تای زوڵفی زنجیرت** [3]

**جەمینت**: ناوچاوت، تەوێڵت، لە "جبین"ی عەرەبییەوە هاتووە.

---

[1] کتێبی گۆران: ن/ ڕێبوار سیوەیلی ل ٥١.

[2] هەمان سەرچاوە ل ٥٤.

[3] دیوانی مەولەوی – چاپی سێیەم، انتشارات کوردستان ١٣٩٥ هەتاوی ل٣٤ – ٣٥.

**نیگام**: سەیرکردنی من. **کەفی پات**: بەری پێت. **خار**: دڕک. **خەدەنگ**: تیر. زەوق: زووق، چەشتن. **موژەم**: برژانگم. هەرچەندە شیعرەکە وشەی "موژەی" تێدا نییە، لەوانەیە لە جیاتی "موژەم ، "دیدەم" بە هەڵە لە جێیا نووسرابێت.[1] واتە: نەوەک ناوچاوت ئازاری پێگەیشتبێ بە هۆی ئەوەوە، کە من بۆم ڕوانیوە، یاخود بەری پێت بە دڕکی برژانگم ئێشابێ، کە بەسەریا ئەڕۆیشتی. بە مانایەکی دیکە دڵە شێتە خەفەتبارەکەم کاتێک کە دڵان ئەبن بە نیشانە بۆ تیریی چاوت، پەلەپەلی کردبێ بۆ چەشنی زامێ لە تیرەکەی تۆوە و لەو پەلەپەلەدا ئازاری گەیاندبێ بە تای زوڵفی تۆ کە بووە بە زنجیر و دڵی منی پێ بەسراوەتەوە.[2] مەولەوی زۆر زاڵبووە بەسەر زمان و زاراوە و وشە، بنەمای نوێگەریەکانیشی بۆ زمان و دەربڕینەکانی دەگەڕێتەوە، کە زۆر بلیمەتانە مامەڵەی لەگەڵ مانــاو دەستەواژەکانکردووە. زانیویەتی چۆن زمان لەناو شیعرەکانیدا تەوزیفبکات، هونەریانە یاری بە وشەکردووە و شیعری باڵای پێنووسیوە. بە واژەی سادە، بەڵام دونیایەکی قووڵ و جیاواز و ئیستاتیکیت بۆ دەخوڵقێنێت. دەستەواژە نوێگەریەکانی مەولەوی لەبارەی ئەوین و عیشقەوە لەوەدایە، کە بە شێوە و نۆرمی شیعرەکان واهەست دەکەی، لە جیهانێکی زۆر سادە گوزەردەکەی، بەس کاتێک ورد دەبیتەوە و زیاتر دەچیتە ناو مانــاو دەستەواژەکانی، تێدەگەی مەولەوی چۆن چۆنی مەلە لەنێو دەریای وشە و وێنەکاندا دەکات. وشەکانی چەندی لە شێوە سادەن، بەتایبەتی لەبارەی تێگەیشتن و دەربڕینەکانی لەسەر عیشق و

---

[1] هەمان سەرچاوە ل ٣٥.

[2] هەمان سەرچاوە ل ٢٥.

دڵداری، ئەوەندەش لە ناوەڕۆک قووڵ و پڕ مانان. دەبینین زۆر چیرۆک و ڕووداو لەناو شیعرەکانی مەولەوی دەبیندرێت، کە بەشی زۆریان پێوەندی بە ژیانی شاعیرەوە هەیە، ئەو نەهاتووە وەکخۆی بیگوازێتەوە. نوێکاری تێداکردووە، بۆ نموونە قسەی عادەتی کردووە بە شیعر، شارەزاییەکی تەواوی لە کەلەپوور و کەرەستە هونەرییەکان هەبووە، ئالەتە مۆسیقییەکانی لەشیعر بەکارهێناوە، ناسیوویەتی، زانیویەتی چۆن ژێ و نۆتەکان بناسێتەوە، گوێیەکی مۆسیقی هەبووە، بۆیە جودا لەهەموو شاعیرانی دیکە دەردەکەوێت. غەزەلەکانی مەولەوی ستروکتوورەی تایبەتیی خۆیانیان هەیە و جیایە لە هەندێ نموونەی غەزەلی کلاسیکی کوردی، کە هەر بەیتەی زۆربەیان مانای سەربەخۆیی هەیە.[1] مەولەوی لە شیعرەکانیدا بە ئاگاییەوە چەمکی "با" کە کەرەستەیەکی شیعرییە و زۆبەی شاعیران بەکاری دەهێنن، بەڵام ئەو دیاردە سروشتییە لای مەولەوی پێچەوانە دەکەوێتەوە و دەبێتە هەوێنی عیشقێکی تا ئەندازەیەکی زۆر هونەریانە. مەولەوی لە شاعیرانی پێشخۆی، سەرکەوتووتر و کارامەتر و بەرفراوانتر ئەم دیمەنەی بەکارهێناوە. شاعیر عاشقانە گیانی مرۆڤانە بە بەر سروشتدا دەکات و وێنە هونەرییەکانی دوورمەودا و قووڵن. دەڵێ:

**نەسیم پەنجەی پات ئەر سەردی کێشان**

**بدارەش نە تۆ دڵ دەروون ڕێشان**

مەولەوی ئەمە بە شێوەیەکی نوێ دادەڕێژێتەوە و تابلۆی شیعری لێ دەنەخشێنێ و هانا بە ئەوین دەبا، کە لێزمەی فرمێسکی

---

[1] لیریکای شاعیری گەورەی کورد – مەولەوی: ن/ ئەنوەر قادر محەمەد، ل١٦٤.

بۆ بەفراوی شاخەکان، تەمی دڵی بۆ لووتکەکان و زەردیی ڕەنگی ڕوخساری بۆ گەڵای داران بەرێ، تا ئازیز بزانێ، وا نەوپایزە و ئەگەر لە شەماڵی پرسی:

**واچە، پڕ جە تۆ جە وێ فەرامۆش**

**من دیم تۆ حاڵش نەژنەوی وە گۆش** (١)

پێوەندی هەست و ئەندێشەی مرۆڤ لەگەڵ دیاردەکانی سروشت، بیری بنەڕەتیی لیریکای مەولەوییە. شاعیر گۆش و پەروەردەی شیعری گۆرانی بووە، بۆیە توانیویەتی بە وردی و قوڵی لێی تێبگات و بە بەهرە و توانا و داهێنانی تایبەتیی خۆی دنیایەکی بەرین و ڕەنگینی لێبخوڵقێنێ.(٢)

مەولەوی جیهانێکی مەجازی لەنێو شیعرەکانی خوڵقاندووە، کە جیاوازتر لە شاعیرانی دیکە مانای دەکاتەوە. مەجاز و مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی خەیاڵ لای مەولەوی بەو شێوەیە نییە پێیمان وابێت مەولەوی بۆ ئەوی دیکە شیعری نووسیوە، بەو مانایەی ئەگەر ئەوی دیکە نەبێت ئەو ناتوانێ، یاخود نەیدەتوانی شیعر بنووسێت، ئەوجا ئەو شتە هەر شتێک بێت. مەولەوی خۆی جیهانێکبوو لەشیعر، هیچ بوونێکی دیکە هۆکارنیین بۆ نووسینی شیعر. **(مەولەوی لە شیعرەوە بەرە و خۆی ناڕوات، بەڵکوو لە خۆیەوە بەرە و شیعر دەڕوات)**. هەستە شاراوەکانی مەولەوی زۆر جار لە مانای پشت غەزەل و بەیت و وشەکانەوە دەردەکەوێ، ئەگەر بەباشی ورد ببیتەوە مانا و دەستەواژەی جیا جیامان بۆ دروست دەکات. مەولەوی لە دیالۆگە شیعرێک لەگەڵ پارچە شووشەیەک، لە

---

(١) هەمان سەرچاوە ل ١١٥.

(٢) هەمان سەرچاوە ل ١٨١.

کاتی بەراوردکردنی بوونی خۆی بە بوونی ئەو، شاعیر نوێگەریانە پرسی بوون بە عیشقێکەوە دەبەستێتەوە، کە ڕاماندەکیشێتە ناو دۆخێکی تەواو پێچەوانە بەرانبەر ئەو تێگەیشتنەی بۆ عیشق هەمان بووە.

مەولەوی دەڵێ:

**یاران گشت کەیف وەش، صەفا فراوان**
**یەک یەک وە ئەعلای مەقامان یاوان**
**گرد سەرشار مەی لەقا نماوە**
**هەر من بەستەی خاک چەم ئەودماوە**
**ئاماوە جواو ڕێزەی قەدیم ساڵ**
**بە زوبان حاڵ فەصیح تەر جەقاڵ**
**من سەنگێک بیم کەفتەی هەواران**
**بێ قەدر و قیمەت نارەوای شاران**[١]

چەند جوان وشەی مەی تێکەڵ بەو لیقایە دەکات و دەڵێت: هەموویان مەستبوون و پێکی دیداری تۆیان نۆشکرد، تەنها من نەبێت بەستراوم بەخاکەوە. مەولەوی لێرەدا، کە شووشە عەترێک دەدوێنێت و ئەویش بە زمانی حاڵ وەڵامی دەداتەوە، شاعیر مەبەستییەتی بە بیانووی شوشەعەترەکەوە درزێک بخاتە نێوان خۆیی و دواجار بەربەستەکانی گەیشتن بە لیقای ئەو تێپەڕێنێت. فەلسەفەی ئەم موناجاتە ئەوەیە شاعیر بەدوای تەلێکدا دەگەڕێت تا لەو ڕێگایەدا بتوانێ خود ببڕێت، ئەوەی کە هەیە لە خۆیدا هەیە، تا بگەیت بەوەی، کە پێویستە لەخودی تۆدا هەبێت.[٢] بە بێ شک

---

[١] دیوانی مەولەوی ل٢٥٦.

[٢] بڕوانە کتێبی چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمی دا: ن/ د. سەبور عەبدولکەریم (شکار) ل٢٠٩.

مەولەوی بەرزتـر شـاعیری سـەدەی نـۆزدەهەمی کـوردە تـا ئەم تاریخە و بگرە هـی پێشـەوەش، نەوەک هەر ئەوەندە، بەڵکوو ئەگەر بەراوردی خەیـاڵی شـیعری مەولەوی لەگەڵ شـاعیرەکانی سـەدەی نـۆزدەهەمی غەیـری کـورددا بکـرێ هەمـوو زمـان و قەلەمێـک دان بەوەدا ئەنـێ کە فیکـری بەرزی مەولەوی لەسـەر هەموویـانەوەیە. نازکی خەیاڵ، تیژی بیر، وردی مەعنا، جوانی وشـە و ڕاکێشـانی دڵ بە عیبـاراتی ڕەنگـین و بزوانـدنەوەی تەلـی عـاتیفە مەگەر هەر لە دەسـت مەولەوی هـاتبێ. ئـێمە نـاتوانین بڵـێین مەولەوی دیـدەنی لە "مەڵـکە جـوانڕۆیی" و "ئەحـمەد بەگـی کۆماسـی" کـردووە، یـاخود گوێچکەی بە شـیعری " مەلا موسـتەفای بێسـارانی" ئاشـنابووە، ئیتر لەمەوە سەرەوژوور بووەتەوە بۆ گوزمەی بەرزی بارەگای شیعر، چونکە خەیاڵی مەولەوی و پارێزی مەولەوی بۆ وردەکاری شیعر و ئـاوەدانکردنەوەی شـیعر گەلـێ بەرزتـر بـووە لەوە کە ئەمـانە پێشـەنگی خەیـاڵی شـیعری مەولەوی بـووبێتن!"[1] مەولەوەیەک سەرچاوەی سروشت و هەستی بەرزی ناخ و گوێیەکی مۆسیقی و هەناسـەیەکی قـووڵی نـاو شـیعر و ئەدەبیـات و وشەسـازیی و تەسـەوفی زاتـی بێ، کە بە یاسـاییەکی سروشـتی زایەڵەی خەیـاڵی شنۆی شەتاوان، تەلی سۆزی بە هاژەی تاڤگەی کۆساران، ڕشێنەی پەڕەی دڵـی بە بـۆنی چنـووری سـەر دیـاران بووبێت، ئەبێ چۆن کەوشـەنی ئاسـۆی خەیـاڵی تەنهـا لـووتکەی کـڵاوەی جـوانڕۆ و کۆماسـی و بێسـاران بووبێـت؟! مەولەویـیەک کە لە بەرەبەیـانی جـوانییەوە لەژێـر پەردەی تـاریکی شـەوی گیاڕەشـی بەهـارا، لەو

---

[1] بڕوانە پەرتووکی مێژووی ئەدەبی کوردی: ن/ عەلائەدین سەجادی ، چاپی دووەم- سنە، ل٢٨٠.

کـاتەدا کە پەلەوەر و جـانەوەر، ناسـووتی و لاهـووتی هەمـوو لە کولانە و هێلانەی خۆیانا مەستی  پڕخەی خەوتن بن، دنیا کش و مـات بـێ، پەردەی خامۆشـی بەسـەردا دادرابێـتەوە ئەمـیش بە بـێ چرپە هەستێت چاوی بگلۆفێ و بچێتە سەر قولەی شاخێک تەماشا بکـا، کە ئەسـتێران لەسـەمادان. لەمـلاوەش کانیاوەکـان خوڕەیـان لەگەڵ شـنەی نەسـیم و خشـەی نەرمـی گیاکانـا پێشـوازی دەنگـی نهێنـی پیـرۆزی کردگـار دەکەن. کـاتێکیش سـەیر دەکەیـن لەو لاوە تێگەیشـتنی نووسـەرانێکی زۆری کـورد و بیـانی کاتێـک دێـنە سەرباسـی تازەگەرییەکـانی مەولەوی لەشـیعر و ئەدەبیـات، نایشـارنەوە مەولەوەی خـاوەن ڕێچـکە و جیهـانبینی خـۆی بـووە. شـێوەی نووسـین و مـامەڵەکردنی لەگەڵ دۆخـی عیشـقیش زۆر تـایبەت و جیاوازبووە. جودا لە فۆڕمی گشت نووسـەرانی دیکە و بەتـایبەتیش زۆر دوربـووە، لە هەناسـە شـیعرەکانی بێسـارانییەوە. بەجۆرێـک لە بێسـارانی دوور دەکەوێـتەوە، کە تایبەتمەنـدی خـۆی تێدا نمایش دەکات و شتێک وێنا دەکا، کە تەنها هـی خـۆی بـێ و لە کەسی دیکە نەچێت.

## تەوەری سێیەم:

## چەمکی عیشق لای بێسارانی (واتا و مەدلوولەکانی)

### عیشق لای بێسارانی ١٦٤١ – ١٧٠٢

ئاسـان نیـیە بـۆ کوردێـک، کە ئەدیـب بێـت و خەریکـی دونیـای ئەدەب و لیکۆڵینەوەی جیهانی نووسـین و شـیعر و ئەدەبیات بێت، بڵێـت مـن ئاگـام لە مێـژووی شـیعر و ئەدەبیـاتی هەورامـی نیـیە. بەحـری پـڕ لەگەوهەری گـۆران، کە چـاوگەکەی لەقـوڵایی زمـان و ئەدەبیاتی هەورامـی هەڵدەقوڵێ، نمـوونەی شـاعیرێکی مەزنـی وەک بێسارانی داوە پێمان، کە نـاتوانین لەئاسـت شـیعر و ئەدەبەکەی ئەو دیـرۆکە بە نادیـدە بگـرین. فەرامۆشـکردنی ئەو مێـژووە زەنگـین و سـەنگینە پێمـان دەڵێـت: گـوێنەگرتن و نەخوێنـدنەوەی ئەو میـراتە گەورەو فـراوانەی ئەردەڵانیـان بە مانـای لاربـوونەوەی بنـاغەو بنەمـای هەیکەلـی ئەدەبـی کـوردی دێ. ئەگەر ئەدەبـی کـوردی دابەشبکەینە سەر چەند وێستگەیەک بەشـی شێر وەبەر کیشوەری پـڕ لەجـوانی هەورامـان دەکەوێ، کە تـا ئێسـتاکێ خـونچەی تـازەو گەڵای سـەوزی پڕ لەداهێنـانی شـیعر و ئەدەب، لە هەناویـدا لەدایک دەبێ. "ئەگەر گەشەی ئەدەبی هەورامان بەسێ قۆنـاغ دابەش بکەیـن دەتوانین لە قۆناغی سێهەمدا ئاماژە بە مامۆستا بێسـارانی بکەیـن و بڵێین: بێسارانی شاعیری گەورەی هەورامـان یەکێک لەو کەسـانەیە، کە دەور وکـاریگەریەکی یەکجـار گرینـگ و بەرچـاوی لە گەشـەی ئەدەبـی هەورامانـدا هەبـووە"[١] بێسـارانی شـیعرەکانی بە زارێکـی

---

[١] دیوانی بێسارانی/ کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی – عەبدوڵڵا حەبیبی/ وەرگێـڕان و لێکـۆڵینەوە و لێکـدانەوە و شــەرحی شـیعرەکان بە سـۆرانی/ مەهدی فەللاحی ڕۆستەمان "سەرمەس" - بڵاوکردنەوەی کوردستان – سنە - ل ٢٣.

هەورامــی ســادەو بێگــرێ و ڕەوان نووســیوە، ســەربارى ئەوەى تێکەڵکردنــی وشــەی عەرەبی و فارسـی لەنـاو شـاعیرانی کلاسـیکدا بـاوە بـووە، بەڵام بێســارانی لەوەشــدا جیـاواز بـووەو هەوڵیـداوە شیعرەکانی زیاتر هەورامی و زمانێکی پاراویان هەبێت و ئەو وشـە عەرەبیــانەش، کە بەکــاری هێنــاون بە جۆرێــک مــامەڵەی لەگەڵ کــردوون کردوویەتــی بە هەورامــی! وەک: "**مــالووم**" بە جــێگەی "**مەعلــووم**"، "**ڕام**" بە جــێگەی " **ڕەحــــم**" و " **زامەت** " بە جــێگەی "زەحمەت" هتد... ئەڵبەتە ئەو گۆڕانکاریەی نێو وشـەکان بێ پاسـاو نەبـووە، لە هەر جـێگەیەک "ح" یـا "ع" گەیشـتبێت بە دەنگـداری "**ە**" بــووە بە"**ا**" تەنــــانەت بــۆ وشــــە فارســـیەکانیش پەیـــڕەوی لەم یاسـایەکراوە بـۆ نمـوونە "**زەخـم**"ی کـردووە بە"**زام**". ئەو کـارەش دوای بێسـارانی لای شـاعیرانی دیکە گەشـەیکردووە. [1] عیشـق لای بێسـارانی ئیلهـام و هەوێنـی شـیعرەکانی بووە، ئەو بە هـۆی بوونی ئەوی دیـکەوە ئیلهـامی شـیعری بـۆ هـاتووەو لەوی دیـکەوە سـۆزی ئەویندارانەی هەڵڕشـتووە. ئەو عەشـقی بەسـتۆتەوە بە ئیقـاعی نـاو شیعرەکانی و لەناو عیشقدا شیعری هۆنیوەتەوە، نەک لەناو شیعردا دڵداریکردبێ. ئەو بێ دڵدارەکەی هیچ شیعرێکی بۆ نایەت، چونکە لە ڕوخسارو چاوی عەشیقەکەی شیعری بۆ هـاتووە. ئیلهـامی شـیعری بێســـارانی مەحبـــووبەکەی بـــووە، بێـــئەو توانـــای نووســـینی ئەو شـاکارانەی نەبـووە. لەشـیعرەکانی بە ئاشـکراو ڕاسـتەوخۆ ئامـاژە بەنــاوی خۆشەویســتەکانی دەکــات: لەپــارچە شــیعری "**جەمیــنش سافەن**" بەناوی "**ئیساف**" و لە پارچە شیعری "**چراخم ئامان**" ئامـاژە بەنـاوی "**مـروەت**" دەکـات.[2] وەک لە پێشـتر تیشکمان خستەسـەری، بەشـــی زۆری شـــیعرەکانی بێســـارانی فەزایەکـــی عاشـــقانەی هەیەو

---

[1] هەمان سەرچاوە ل ٣١-٣٢.

[2] هەمان سەرچاوە ل٣٣.

ئەگەر بە وردیش چاو لە دونیای ئەدەبی بێسارانیدا بکەین، دەبینین بەشەکانی دیکەشی هەوێنێک لە ئەوین و دڵداری تێدایە، کە هەمیشە بە جیهانبینییەکی عاشقانەوە مامەڵەی لەگەڵ خۆشەویستی کردووە. کاتێکیش گوێ لەو حیکایەتەی ژیانی فەقێیاتی بێسارانی ڕادەگرین، کە بە ڕێگەدا چاوی بە کچێکی "**ئامینە**" ناوێک دەکەوێ و بە هەزار دڵ عاشقی دەبێ. دەگێڕنەوە لە ئانی نوێژی بەیانیدا گوێی لەدەنگی ئامینە دەبێ گورج خۆی و قەلەم و دەفتەرکەی دەباتە سەربانی حوجرە، کە دەینوارِییە حەوشەی ماڵی ئامینەوە، بەڵام دارتووێک ڕێگر دەبێ لە جوان دیتنی ئامینە، ئەو بەدەم ئەو دەنگە و سێبەری یارەوە، شیعرێکی تەواو ڕۆمانسیی دەنووسێت:

**چڵێ بە پەنا، چڵێ بە پەنا**
**چڵێ چوون ڕەقیب بیەن بە پەنا**
**هۆرئامان، مدران نە ڕای تەمننا**
**مەڕ دەست قودرەت بدۆش بە فەنا**
**مەر بە باد بەد لەتار لەتار بۆ**
**نمازۆ باڵای قیبلەم دیار بۆ**
**بسۆچۆ بایر بازەدەی سەحەر**
**ڕیشەی جە زەمین باوەرۆ وە بەر**
**تا باڵای قیبلەم چوون شەم خانان**
**بوینووش بە چەم جە بەرزە بانان**[١]

کاتیکیش بای نەسیم هەڵدەکا و لق و پۆپی دارەکە دەلارێتەوە و وەک شتیک بەبەردەمی سەما بکا، هەر ئەو کاتە بێسارانی لە شیعرەکەی تەواو دەبێت و بە هۆی سەمای گەڵاکانیشەوە بەتەواوی ڕوخساری یار دەبینێ.

[١] هەمان سەرچاوە ل٣٤.

بێسارانی جیهانێکی ئاشقانەی هەبووە و تێگەیشتنی بۆ عیشق، پەیوەست بووە بە ڕوانینەکانی، بەو شیعر و غەزەل و دردە دڵانەی، کە بۆ "یار" نووسیویەتی. شیعرەکانی بێسارانی لەجەوهەردا بەشی زۆری دڵدارانەیە، ناشکرێ باسی تەسەوف و عیرفانیش لەبەرچاو نەگرین، بەڵام بەهۆی ئەوەی هیچ سەرچاوەیەک دڵنیامان ناکاتەوە، کە بێسارانی موریدی هیچ شێخێک بوبێت، بەڵام لە دنیای عیرافانیش دوور نەبووە، بەڵگەی ئەو شاعیرانەی لەدوای ئەو هاتوون بە مەولەویی مەزنیشەوە گشتیان بێسارانی بە " **مەولا** " ناو دەبەن. ئەمە نیشانەی ئەوەیە، بێسارانی مەلا و زانایەکی پایەداری سەردەمی خۆی بووە.

## تەوەری چوارەم:
## بەراورد لەنێوان مەولەویی و بێسارانی - لە واتا و نوێگەری لە عیشقدا

لە ئەدەبیاتیی هەورامی، بەتایبەت لەشیعری مەولەیی و بێسارانیدا. چەشنێکی باوی دڵدارانە هەیە، کە سەرباری ئەوەی هەڵگری تایبەتمەندییە فۆڕمەکەی دۆخێکی لیریکییە، لەهەمان کاتیشدا لە جەوهەریدا هەست بە حیکایەتێکی تەواو جیاوازی شیعری دەکرێ. بۆمان دەرکەوتووە، ئەوەی پێوەندی بە لیریکی دیالێکتی هەورامییەوە هەبێت، بە شێوەیکی گشتی و مەولەویی و بێسارنی بەتایبەتی، ئەوا بونیادێکی ئەویندارانەی جودا لەوانی دیکەیان هەیە. بەو مانایەی هەناسە شیعرییەکانیان خوڵقاندنی داستانێکی تەواو دڵدارانەیە، کە قووڵ ڕوودەچێتە ناوخنی عیشقەوە. دەبینین زۆر جار وشەو وێنەی شیعرەکانیان بە جۆرێک دەردەبڕێن، کە هەست بە نۆتە و دەنگی ئاوازێک دەکرێ واهەست دەکەین وشەکان ئامێرێکی مۆسیقا دەژەنن. بەشێوەیەکی هارمۆنی وەک میلۆدییەک، بە فۆرمێکی هاوئاهەنگ بونیادی غەزەلەکە وێنا دەکەن. لە غەزەلی بێسارانیدا جگە لەوەی دیالۆگ بەشی زۆری فەزای شیعری ئەو داگیردەکات "دیالۆگ لەنێوان شاعیر و خەزان، شاعیر و نەمام، هتد..."[1] لەگەڵ ئەوەشدا هونەرێکی باڵای گێڕانەوەی تێدایە، کە زۆر لە ئێپیک "داستانە شیعر" دەچێت. ئەمەش پێوەندی بە گوێبیستبوونی ئەفسانە دڵدارییە ئامێزەکانەوە هەیە، کە مێژووی مرۆڤایەتی بۆی بەرهەمهێناوین. بێسارانی بەهۆی

---

[1] لیریکی هەورامی بە نموونەی: بێسارانی، سەییدی، کۆماسی: د.لهۆن قادر ل١٤٦.

گرنگیدان به زمانی ئاخاوتن و نووسینی هەورامی، خۆی لەخەتە زمانییە باوەکەی فارسیی و عەرەبی دووردەخاتەوە. ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆی دروست دەکا، کە تا مەولەوی درێژ دەبێتەوە، بەڵام لای مەولەوی تەکنیکی گێڕانەوەکە دەگۆڕێت "کە ئەوەی بێسارانی بە غەزەلێک ئەیڵێ، مەولەوی بە بەیتێک و دووان تەواوی ئەکات" [1] یەکێک لە خاڵە هەرە جەوهەرییەکانی جودایی نێوان مەولەویی و بێسارانی هۆنینەوەی شیعرە، بە ئەندازەی تێگەیشتنیان بۆ شتەکان، یاخود مامەڵکردنیانە دەگەڵ ئەو ماتریالانەی، کە هەوێنی شیعرەکانیان بوونە. بێسارانی فەقێ بووە و گەیشتووەتە بە پلەی زانا و مەلاش، بەڵام هیچ کاتێک شیعری ئایینی نەنووسیوە. "وەک لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت بێسارانی مەلایەتی لەگەڵ دنیای شیعریدا ئاوێتە نەکردووەو شیعری ئایینی نەهۆنیوەتەوەو ئەو شیعرە ئایینیانەیش کە پێشتر بەناوی بێسارانییەوە چاپکراوە بە پێی نوسخە خەتیەکان هیچیان شیعری بێسارانی نین."[2] ئەو وشە و کەرەستە شیعرانەی بێسارانی لەناو دەقەکانیدا بەکاریهێناون، هیچیان بە تەواوی کەرەستەی ئایینی وەک عیرفان و تەسەوف و هتد... نین، بەڵام بەدەریش نەبووە لەو جیهانە ڕۆحییە. "هەرچەندە شیعرەکانی بێسارانی، بە ڕواڵەتیش بێت عاشقانەیە و هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە کە موریدی هیچ شێخێک بووبێت، بەڵام لە عیرفانیش دوور نەبووە"[3] زیاتر شیعرەکانی بێسارانی بە وشەی "**چراخ**" و " **قیبلە**" و " **زلێخا** " و " **شیرین** " دەست پێ دەکات و دیارە ئامانجی ئەم بە کاربردنە ئاماژەیە بۆ دڵدار و عەشقی

---

[1] مەولەوی – حەکیم مەلا ساڵح ل١٦.

[2] دیوانی بێسارانی- ل ٣١.

[3] هەمان سەرچاوە ل ٣٨.

مەجـازی.[1] هەرچەنـدە مـن لێـرەدا بۆچـوونێکی جیـاوازترم هەیە، پێموایە عەشق لای بێسارانی ڕووەکی حەقیقی هەبووە، چونکە بێ عەشـیقەکەی نەیتوانیـوە شـیعر بنووسـێ، بەڵگەش بۆ ئەوە شـیعرە ڕۆمانتیکییەکـانێتی، کە پــڕە لەعیشــقی بەرجەســتەکراو. بێســارانی لەســەر ئیقـاعی مەسـنەوی شـیعری نووسـیوە، چـونکە بێســارانی هەرچەنـدە غەزەلـی زۆری هەیە، بەڵام بەشــی زۆری شـیعرەکانی بێسـارانی لەدواجـار بە هەناسـەیەکی سـتوونی قالـب وەردەگـرێ و ســەربەخۆیانەتر بەیتەکــان ئــازاد دەبــن، کە وادەکــات شــاعیر دەستکراوەتر توخمە سەرکییەکانی شیعر بهۆنێتەوە. لە ڕواڵەتدا تۆ غەزلێــک دەخــوێنیتەوە، بەڵام لە فــۆڕم و تەکنیــک بەر جۆرێــک لەجیاوازی دەکەوی، کە بەیتەکان سەربەخۆ خۆیان نمایش دەکەن و هەر یەکە و داســـتان و حیکـــایەتێکی تـــایبەت بەخـــۆی هەیە. بەشــێکیش لە تایبەتمەنــدییەکانی شــیعری بێســارانی لیریکــای سروشـتە، کە بـاس لە خەزانـی پـایز و مۆسـیقای گەڵاکـان و قـژی ئاوریشمینی یار و جوانی کێوو شـاخەکان دەکات. لەمەدا بێسـارانی جۆرێک لە میتافۆر "خواستن"ی قووڵ و بەراوردی سیحراوی قەرز دەکـات و بە شـێوەیەکی ســەروی واقیعیەتێـک، شــاعیرانە پێمــان دەداتەوە. لەوەدا وێناکردن لای بێسارانی، ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت. خواستنێک، کە دەربڕی خود و خودگەرایی شاعیرە. ئەمەش نەک تەنیـا بە واتـای خـودی شـاعیر کە نووسـەرەکەیە، بەڵکـوو وەک وێنـاکردنێکی شـاکارانەی خواسـتن و هەسـتی هەمـوو خودێـک، کە دەبێتە خوێنەری شیعری لیریکی هەورامی.[2] پێش بێسـارانی ئاسـان

[1] هەمان سەرچاوە ل ٣٣.

[2] لیریکی هەورامی بە نموونەی: بێسـارانی، سـەییدی، کۆماسـی: د. لهۆن قادر ل١٥٣.

نەبووە، دەرچوون لەو هەژموونە باوەی ئەدەبیاتی گەلانی ناوچەکە بەتایبەتی بۆ کورد، کە دۆخی کلتووری نزیک بەو ئەدەبیاتە بووە، کە بە هۆی زمانەوە هەستەکانی داگیرکرابوو، بەڵام لای بێسارانی ئەو نۆڕمە تێک دەشکێندرێ و ئەدەبێکی تەواو خۆماڵی بە هەناسەیەکی کوردانە و هەورامیانە لەدایک دەبێت. جارێکی دیکە ئەدەبیاتێک ڕۆچوو بەناو ناخی کوردەواریدا بەرهەم دەێتەوە، بۆیە دەکرێ بگوترێت "بێسارانی بە سوود وەرگرتن لە ڕەوش و نەریتی باو و خۆماڵی و میللیی پێش خۆی، بووە بە دامەزرێنەری ڕێچکەیەکی ئەدەبی و خاوەن ستایلی خۆی، بە جۆرێک کە پەیوەست نەبووە و لاسایی ناوەڕۆک و وێنە و چەشنەکانی ئەدەبی بێگانەی نەکردووەتەوە.[1] هەر ئەوەش وادەکا عیشق و خۆشەویستی بۆ دڵدارەکەیی و سروشت لای بێسارانی ئاوێتەی یەکبکرێن، بەڵام لە جەوهەردا جوانی یار و مەعشووق ئامانجە سەرەکییەکەیە. ناوەڕۆکی شیعرەکانی بێسارانی تێکەڵییەکن لە عیشق و سروشت، بە جۆریک ئەو دوو چەمکەی تێکەڵکردوون، قورسە بۆ خوێنەر بزانێ مۆتیڤەکانی ناو ئەو شیعرانە هەڵگری چ مانایەکن. ئەوەش پێوەندی بە جوانی سروشتی هەورامان و جیهانبینی عاشقانەی بێسارانی هەبووە، کە چۆن ئیش لەناو ئەو دوو دونیایەدا دەکا. لە وەسف و دەربڕیندا بێسارانی لەخەتە گشتییەکەی شیعری فارسیی و عەرەبی لادەدا، دێتەوە بۆ ناو ناخی هەورەمان و فۆڕمێکی شیعری لیریکایی تازە و تایبەت بە خۆی بەرهەم دێنێت.

کاتێکیش دێنە سەر باسی ئەدەبیاتی "ڕۆمانتیک - سەرەتای

---

[1] هەمان سەرچاوە ل١٥٥.

سەدەی هەژدە و کۆتایی سەدەی نۆزدە " (ڕۆمانسییەت – سۆزداری و دڵدری) هاوکات لەگەڵ پەیدابوونی قوتابخانەی ڕۆمانتیک لە ئەورووپا، شاعیرێکی وەک مەولەوی تاوگۆزی، بێئەوەی ئاگاداری ئەو قوتابخانەیە بێت لەو بوارە دەگاتە چڵە پۆپەی داهێنان. واتە لەدایکبوونی ئەدەبی ڕۆمانسی لە فەرەنسا و لە کوردستان لەیەککات، لەسەر دەستی "هۆگۆ و مەولەوی" هاتۆتە کایەوە. کەواتە مەولەوی داهێنەر و گەشە پێدەری هۆنراوەی ڕۆمانسیی کوردیە.[1] بەڵام زانستیانەتر ئەوەیە بەر لە مەولەوی شاعیرانی ترمان هەن بێئەوەی قوتابخانەیەکیان بەناوی "ڕۆمانتیک" ناسیبێ، زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانیان ئەچنە ئەو خانەیەوە. بۆ نموونە ئەم شاعیرەی کە ئێستا واین لەخزمەت دیوانەکەیدا، سەدەو نیوێک و دووساڵ بەر لە هۆگۆ ١٨٠٢- ١٨٨٥ تەقەی لەدەرگای ئەم مەسەلەیە داوە.[2]

**ئەو بەتایی زوڵف سیای بۆ عەنبەر**
**بەند کەرەن گیانم تا بە ڕۆی مەحشەر**[3]
**ئەگەر مزانی زوڵفان عەنبەر بۆ**
**بێ شەرتی خاسەن، کەردەن بە خۆ**[4]

دیارە "**زوڵف**" لەبۆن خۆشیدا چوێنراوە بە "**عەنبەر**" و لای بێسارانی هەر لەچوارچێوە تەقلیدییەکەی ماوەتەوە.

---

[1] میهرەجانی مەولەوەی ٢٤ -٢٥ ی/٨/ ١٩٨٨ – شاعیرێتیی مەولەوی: ن/ ڕەئوف عوسمان ل ٩١ – ٩٢.
[2] دیوانی بێسارانی – لێکدادنەوە: حەکیم مەلا ساڵح ل٢٥.
[3] هەمان سەرچاوە ل ٣٥٨.
[4] هەمان سەرچاوە ل ٣٦٤.

**لانەی حەڵقەی زوڵف عەنبەربۆی شەوڕەنگ**
**هام دەم جای تەگ ئەڵحەد سەرای سەنگ**
**موات فیداش بام یە جای شیرینەن**
**گوزەرگای ئەو شۆخ زوڵف عەنبەرینەن**
**جەو سەردەشتەوە گوڵاو ڕێزان کەرد**
**سەرای بۆ عەنبەر سارا هەرزان کەرد**(١)

بەڵام لای مەولەوی وشەی "**عەنبەر**" ئاواز و مەودایەکی تایبەتی هەیە، چونکە هاوسەرەکەی (**عەنبەر خاتوون**)ی ناو بووە، بۆیە لە لاواندنەوەکانیدا شاعیر پەلوپۆیەکی واتایی هەمەڕەنگ بەم وشەیە دەدات، کە تەنانەت دەچێتە ئاستی پیرۆزییەوە.(٢)

هەرچەندە بێسارانیی و مەولەویش شیعرەکانیان بێناونیشانە، زۆربەی شیعرەکانی بێسارانی، کە بۆ خۆشەویستێکی یان کەسێک نووسیبێتی بە "**چراغ** " دەست پێدەکات و لای مەولەویش بە "**ئازیز**" لەو فۆڕمەدا وەک یەکن، بەڵام لە بونیادی دارشتنی شیعرەوە هێجگار لێک دوورن. بنەما شیعرەکانی مەولەوی، بۆ نموونە لە هێمادا هێندە ئاڵۆزە گەر لە ئەفسانە و حیکایەتە ئایینی و ئەدەبیاتە زارەکییەکان شارەزا نەبیت بە ئاسانی دەستت لەماناکانی گیرنابێت. مەولەوی لە غەزەلی (**فریام وە تۆن**) ڕوو دەکاتە یارەکەیی و پێی دەڵێ:

**جامێ جەو بادەی وەصڵی دیدارت**
**جەو قەهقەهەی مەی شیشەی ڕوخسارت**

---

(١) دیوانی مەولەوی: ن/ مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس چاپی یەکەم ل ٢٠٥ – ٢٠٧.

(٢) دەربارەی شیعری بێسارانی "سێ توێژینەوە" : ن/ ئەنوەر قادر محەمەد ل ١٦١.

**بە وێنەی جاران سا پێم دەرەوە**
**عیسەوی ئاسا ئیحام کەرەوە**[1]

من بە تەواوی لەدەس دەرچووم و لەمردن نزیک بوومەتەوە، سا مەگەر تۆ ئاورێکم لێ بدەیتەوەو چاکم بکەیتەوە.[2]

تۆ وەرە بە دڵ شیعرکانی مەولەوی بخوێنەوەو ئەوجا برۆ گوێ لە ئاهو ناڵەی ناو شیعرەکانی بێسارانی بگرە. لە هەردووکیاندا "**هەجر** و **دابڕان**" لەیار، دەروونی هەردووکیانی کردبوو بە کۆی زووخاڵ، بەڵام هەجرو دابڕینەکە لەمەولەویدا یەکجارەکی بووە.[3] یار، مەولەوی بەلای دەردوو ئازار جێهێشتووە و ئاوابووە. ئیدی مەولەوی تا دوا هەناسەی بەو دەردەوە ناڵاندوویەتی جگە لەشیعر هیچ دڵنەواییەکی دیکەی نەبووە، تا ماوە هەر پەناوی بەر تارمایەکەی "یار" بردووە.

---

[1] دیوانی مەولەوەی: ن/ مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس چاپی یەکەم ل ٣٤٣.

[2] مەولەوەی شاعیری ئازار و خەم – ن/ حەمە کەریم هەورامی ل ٣٠٦.

[3] هەمان سەرچاوە ل ٣٩٣ – ٣٩٤.

**دەرئەنجام:**

ئەوەی پێویستبووە وەک کۆمەک، بۆ کۆڵینەوەکەمان کەڵکمان لێوەرگرتبێ "چەمکی نوێگەرییە لە دونیای ئەدەبدا" بە تایبەتی لە شیعر، لە شیعریش قسەمان لەدیوە تایبەتەکەی پرسی عیشق لەلای **مەولەوی تاوگۆزیی** و **بێسارانی** کردووە. جیاوازی دونیابینی هەردوو شاعیرمان بۆ تێگەیشتنیان لەچەمکی عیشق، لەناو دەقەکانیان دۆزیەوەتەوە. ئەوەی مەبەستمان بووە بیڵێین: مەولەوی بۆ جیاوازترە لەبێسارانی؟!. لەکاتێکدا خۆی زۆر سەرسام بووە بەو!. هەوڵمانداوە بە وردی قسە لەسەر چەمکی "**عیشقی مەجازی**" لای مەولەوی و"**عیشقی حەقیقی**" لای بێسارانی بکەین. هەرچەندە ئاسانیش نییە لەکۆی شیعرەکانیانەوە ئیشبکرێ، ئاخر مەولەوی لە یەک دونیاو بواردا کارینەکردووە، ناکرێ من لە "**عەقیدەی مەرضییە**" و لە "**وەسیلە**" ش ئیشبکەم. ڕێک هاتوومەتە سەر دیوانەکەی ئوستاد و نووسەری مەزن مامۆستا "مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس" کە لێکدانەوە و ساغکردنەوەی بۆ شیعرکانی مەولەوی کردووە. لەهەمان کاتیش کارم لەناو هەرسێ دیوانە چاپکراوەکەی بێسارانی کردووە ئەوەی (کیومرث نیک رفتار - حەکیم مەلا سالّح – عەبدوڵلا حەبیبی، کە "سەرمەس" کردوویەتی بە سۆرانی).

گەیشتووم بەوە، کە عیشق لای مەولەوی توانەوە نییە لە ئەوی دیکەدا، بەڵکوو پرۆسەیەکی ئاگاییانەی بەخود سەنتەرکردنە، بۆ ئەوەی لەعیشقدا جگە لەخۆی بەر خودی هیچ کەسی دیکە نەکەوێ!. ڕەنگە ئەوە بۆ شاعیرێکی وەک بێسارانی جیاواز بکەوێتەوە، عیشق لای مەولەوی مەجازەو ئیشکردنە لەگەڕاندنەوەی هەستەکان بۆ ژێر ئیرادە ڕۆحیەکەی، بەڵام لای بێسارانی ئەو

عیشقه بەرجەستە دەبێ لەئەوی دیکە. یانی لەنێو زمانی شیعری بێسارانی "**بێ بوونی مەعشووق، شتێک نامێنێ بەناوی عیشق**" بەو مانایەی ئەگەر ناوێک، کەسێک، مەعشوقێک لە ئارادا نەبێ. بێسارانی توانای تەوزیفکردنی ئەو عیشقەی نەدەبوو لەناو ئەدەبدا، بەڵام "**مەولەوی هیچ ئەوی دیکەیەکی نییە تا بۆی بسووتێ یان گڕ لە ڕۆحی بەربدات**" مەولەوی زمان ناکاتە وەسیلە بۆ دەربڕینی سۆزی عیشق، بە پێچەوانەوە مەولەوی زمان لەناو عیشق دەتوێنێتەوە. ئەم تێکشکاندنی پێوەندییە بە ئەوی دیکەوە، لای بێسارانی پێچەوانە دەکەوێتەوە. ئەو لەناو زمان هێندە پەرت دەبێ، نایدۆزیتەوە و دواجار بێسارانیش تێیدا ون دەبێ، بەڵام مەولەوی هەمووشتێک لەناو خۆیدا ون دەکات. ئەو بۆ مەعشووق ون نابێت، مەعشووق لەناو خۆیدا ون دەکا. لە کۆتاییشدا گەیشتووم بەو دەرئەنجامەی، فەلسەفەی "**عیشقی مەجاز**"ی لای مەولەوی تواندنەوەی ئەوی دیکەیە، لەناو خودی خۆیدا. لای بێسارانیش "**عیشقی حەقیقی**" بۆتە تواندنەوەی خود، لەناو ئەوەی دیکەدا.

**سەرچاوە کوردیەکان:**

١- دیـــوانی مەولەوی، کـــۆکردنەوە و لێکـــۆڵینەوە و لێکـــدانەوە و لەسەرنووسـینی: مەلا عەبـدولکەریم مـودەڕیس، چاپخـانەی النجـاح، چاپی یەکەم/ ساڵی ١٩٦١

٢- 1- دیـوانی مەولەوی، کـۆکردنەوە و لێکـۆڵینەوە و لێکـدانەوە و لەسەرنووســینی: مەلا عەبــدولکەریم مــودەڕیس/ بڵاوکــردنەوەی کوردستان – سنە – چاپی سێیەم ١٣٩٥ هەتاوی

٣- دیـــوانی مەولەوی و ڕۆحـــی مەولەوی بەرگـــی یەکەم و دووەم، کـۆکردنەوە و بە سـۆرانیکردنی "پیرەمێـرد" لە سـلێمانی چـاپکراوە، ساڵی ١٩٣٥ – ١٩٤٣ چاپکراوە.

٤- مەولەوەی، شـای شـاعیرانی لاهـوت و زانـایی و خۆشەویسـتی کورد لەچەرخـی نۆزدەهەمـدا، بەپـێ نووسـی/ ا. ب . هەوری، چاپخـانەی کاکەی فەلاح - سلێمانی ساڵی ١٩٧٢

٥- یـــادی مەردان، بەرگـــی دووەم/ مەلا عەبـــدولکەریمی مـــودەڕیس، چاپخـانەی کـۆڕی زانیـاری عێـراق – دەسـتەی کـورد، چـاپی یەکەم بەغدا ساڵی ١٩٨٣

٦- بنەمـاڵەی زانیـاران، مەلا عەبـدولکەریمی مـودەڕیس، مـحەمەد عەلـی قەرەداغی ئامـادەی کردووە و سەرپەرشـتی چـاپیکردووە، چاپخـانەی شەفیق – بەغدا، چاپی یەکەم ١٩٨٤

٧- دیـــوانی مەولەوەی، لەلایەن مـــحەمەد ئەمینـــی ئەردەڵانیـــیەوە لە هەورامـــی یەوە گـــۆڕاوە بـــۆ زاراوەی ســـۆرانی، بەرگـــی یەکەم، ئەمینـداریەتی گشـتیی ڕۆشـنبیری و لاوان یـارمەتی لەچاپـدانی داوە، ساڵی ١٩٩١ چاپی یەکەم.

٨- دیـوانی مەولەوەی، لەســەربناغەی تێکۆشــانی مەلا عەبــدولکەریمی مـودەڕیس، پێـداچوونەوە و ڕێـک و پێکـردن و زیـادکردنی شـیعرە چاپنەکراوەکـــانی "حەســـەن گـــۆران – مـــوحەمەد حیجـــازی، لە

چاپکراوەکـانی دەزگـای ڕۆشـنبیری گـۆران – چـاقی یەکەم ٢٧٠٦ کوردی.
٩- دیــوانی مەولەوی ، مەلا عەبــدولکەریمی مــودەڕیس، لەگەڵ چەنــد لێکۆڵینەوەیەکی – گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، حەکیم مەلا صـاڵح، ئەنـوەر قـادر مـحەمەد- لەبڵاوکراوەکـانی دەزگـای چـاپ و بەخشـی سەردەم. ساڵی ٢٠٠٦
١٠-دیوانی مەعدووم، "مەولەوی کورد، نووسینی/ مەهدی سەنەندەجی (هەوار) لە بڵاوکراوەکـانی ئەکادیمیـای کـوردی، چاپخـانەی حـاجی هاشم، هەولێر ساڵی چتپ ٢٠١٣
١١-دیــوانی مەولەوی کــورد، کــۆکردنەوە و بەرامبەرکردنــی – ســەید ئیبراهیم ستووره، ناوەندی بڵاوکردنەوەی: سنە، چاپی یەکەم ١٣٩٦ هەتاوی
١٢-دیــوانی مەولەوی - مەلا عەبــدولڕەحیمی تــاوگۆزی، کــۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی/ لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کــوردی ســێ بەرگ ، چــاپی دووەم: ٢٠٢٣ چاپخــانەی زانکــۆی سەلاحەددین – هەولێر.
١٣- دیــوانی بێســارانی – کــۆکردنەوە و لێکــۆڵینەوە و لێکــدانەوەی ، کیـومرث نیـک رفتـار – کۆمـاری عیـراق ئەمینـداریێتی ڕۆشـنبیری و لاوان، ساڵی ١٩٨٢ بەغدا.
١٤-دیـوانی بێسـارانی – لێکـۆڵینەوە و لێکدانەوەی/ حەکیم مەلا سـاڵح – چاپی یەکەم: ١٣٧٥ هەتاوی – چاپخانەی/ میهن – ئێران.
١٥- دیــوانی بێســـارانی – کـــۆکردنەوە و لێکـــۆڵینەوە و لێکـــدانەوەی (عەبدوڵلا حەبیبی) وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی و شـەرحی شـیعرەکانی بە سـۆرانی (مەهـدی فەللاحـی ڕۆسـتەمی "سـەرمەس" ) چـاپی یەکەم: ٢٠٢٠ ، دەزگـای چـاپ و بڵاوکـردنەوەی کوردسـتان – ئێران – سنە.
١٦-ئەنوەر قادر محەمەد ، دەربارەی بێسـارانی " سێ تـوێژینەوە " چاپی

یەکەم: ٢٠٢٣ چاپخاتەی سەردەم- سلێمانی.
١٧- ئەنوەر قادر محەمەد، لیریکای شاعیری گەورەی کورد " مەولەوی " بەرگی یەکەم و دووەم، چاپخانە ئەندێشە – نۆبەتی چاپ/ بەرگی یەکەم- چاپی چوارەم: ٢٠١٨، بەرگی دووەم – چاپی یەکەم ٢٠١٨
١٨- حەکیم مەلا سالْح ، مەولەوی - لێکۆڵینەوە ، پشکنین ، شیعری بڵاونەکراوە. لە بلاوکراوەکانی ناوەندی سلاحەدینی ئەیوبی، چاپی یەکەم سالْی ١٣٧٦ هەتاوی
١٩-حەکیم مەلا سالْح . مەولەوی و تەقینەوەی زمان – دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – هەولێر، سالْی ٢٠٠٨ چاپی یەکەم.
٢٠-حەمەکەیم هەورامی، مەولەوی – شاعیری ئازار و خەم، لێکۆڵینەوە – لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، سالْی ٢٠١٣ ز ٢٧١٣ کوردی.
٢١-محەمەدی مەلا کەریم ، مەولەوی – ژیان و بەرهەمی ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپی پەکەم: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر سالْی ٢٠٠١
٢٢-د. سەبور عەبدولکەریم (شکار) چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمی دا، ناوەندی غەزەلنووس، چاپی یەکەم- تاران- ٢٠١٤
٢٣-چەردەیەک شیعری مەولەوی- ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی سەلاحەدین عەبدولقادر واعظ ، چاپخانەی ڕۆشنبیری – هەولێر سالْی ٢٠١١
٢٤-سۆران شێخ عەلی، ڕشتەی زمرووت – حیکمەت و سەرگوزەشتە و نەزیلە خۆشەکانی مەولەوی، چاپی یەکەم: ٢٠٢٣ لە بڵاوکراوەکانی دەزگای فام.
٢٥-سۆفیگەری مەولەوی، توێژینەوەیەکی زاننستیە پێشکەکەش بە بەشی شەریعەکراوە لە زانکۆی سلێمانی – ئامادەکردنی فەرید حەمید عەبدولقادر سالْی ٢٠١٨

٢٦-میهرەجانی مەولەوی ، کتێبی ژمارە (١)ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. چاپخانەی الزمان لە بەغدا ساڵی ١٩٨٩ چاپپکردووە.
٢٧-میهرەجانی مەولەوی ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری – سلێمانی ساڵی ٢٠٠٠
٢٨- حەسەن نازدار، ئەدەبیاتی نامە و نامە لای مەولەوی تاوگۆزی – چاپی یەکەم: ٢٠١٠ چاپخانەی سایە، سلێمانی.
٢٩- دارا محەمەد عوسمان ، نامەی شیعری لە شیعرەکانی مەولەویدا – دیداری مەولەوی ٢٠١٠
٣٠- همایۆن صاحب ، شەریعەتی مەیل – ڕاڤەی شیعرەکانی مەولەوی، دیداری مەولەوی ٢٠١٠
٣١-د. ڕەئوف عوسمان، ئاسۆیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی – کۆماری عیراق ، وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ساڵی ٢٠١١ بەغدا.
٣٢- د. ڕەئووف عوسمان ، دنیابینی لەپانتایەکانی دەقدا ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی/ چاپی یەکەم: ٢٠١٥
٣٣-عەتا قەرەداخی ، گەڕان بەدوای ماناکانی شیعردا، چاپی یەکەم: ٢٠٠٦ سلێمانی.
٣٤- بوشرا کەسنەزانی – شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێنی – لێکۆڵینەوەی ئەدەبی . چاپی دووەم: ٢٠٢١ چاپخانەی سەردەم- سلێمانی.
٣٥- بوشرا کەسنەزانی – د. سەباح بەرزنجی . فەرهەنگی پیران / چاپی یەکەم: ٢٠٢٣ چاپخانەی سەردەم - سلێمانی.
٣٦- ئانا ماری شمیل – مێژوو و ڕەهەندەکانی سۆفیگەری لە ئیسلامدا – وەرگێڕانی ( زانا ناجی – هیوا مەحموود). لە بڵاوکراوەکانی جەمال عیرفان / چاپخانەی تاران ساڵی ٢٠٢٠
٣٧- شاعیرانی مەڵبەندی گۆران – کۆکردنەوەی ئەوڕەحمانی بزوەشی ، چاپی یەکەم: ٢٠٢٢ چاپخانەی پیرەمێرد – سلێمانی.

٣٨- محەمەد تەها حوسێن ، سایكۆلۆژیای خۆشەویستی – چاپی یەكەم: ٢٠١٩ لە بڵاوكراوەكانی ناوەندی فێربوون – هەولێر.
٣٩- جەمال حوسێن ، مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی – چاپی یەكەم: ٢٠٢٣ چاپخانەی تاران، لە بڵاوكراوەكانی ناوەندی غەزەلنووس.
٤٠- ئەدەب و كلتووری هەورامان لە چەند باسێكدا، دیداری ئەدەبیاتی هەورامان – دیداری پرۆفیسۆر (محەمەد ئەمین هەورامانی). ساڵی سێیەم، لە بڵاوكراوەكانی دامەزراوەی كەریمی عەلەكە، چاپخانەی پاندا ساڵی ٢٠٢٣ – سلێمانی.

**سەرچاوە عەرەبییەكان:**

١ - فرويد، سيجموند - الحب والحرب والحضارة و الموت، ت: د. عبد المنعم الحفنى، دار الرشاد، ط١ سنة ١٩٩٢ القاهرة .
٢ - فرانكل، فيكتور - الانسان يبحث عن المعنى....... مقدمة في الاعلاج بالمعنى، : د. طلعت منصور، دار القلم ط١ ١٩٨٢ الكويت.
٣ - فروم، اريک - فن الحب / بحث في طبيعة الحب واشكاله، ت: مجاهد عبد المنعم مجاهد، دار العودة سنة ٢٠٠٠ بيروت .
٤ - باومان، زيجمونت - الحب السائل/ عن هشاشة الروابط الانسانية، ت: حجاج ابو جبر- الشبكة العربية للابحاث والنشر- ط١ ٢٠١٦ بيروت.
٥ - اونفري، ميشيل كتاب نفي اللاهوت، ت: مبارک العروسي، منشورات الجمل، ط١ سنة ٢٠١٢ بغداد .

# سەروەر ئەحمەد و سەروەرەکەی
# ناو ڕۆمانی سەردەمی گریانی بەڵقیس

**پێشگوفتار:**

پێمباشه بەرلەوەی تەواوی بابەتەکە بخوێننەوە، سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم من بە چاوێکی ڕەخنەگرانەی ڕیالیستییانەوە سەیری ئەو گێڕانەوەیەم کردووە. بەر لەوەی وەک دەقێکی ئەدەبی سەیری بکەم، هاتووم هەڵموەشاندووەتەوە و ئیشم لەسەر خەتە گشتییەکەی کردووە. هەر ئەوەش وایکردووە، کە جیاوازتر لەوانی دیکە بیبینم. لە هەندێک شوێن بەرچاوڕوونی دەدەم و لە هەندێک جێگەش ڕاو بۆچوونی خۆم بێپەردە دەردەبڕم و ڕەخنەی مەنهەجی لە نووسەر دەگرم. ئەمەش وایکردووە دەقەکە بە چاوێکی ڕخنەگرانەوە بیخوێنینەوە، چونکە ئەم ڕۆمانە لە بنەڕەتدا باسی ڕووداوێک دەکات، ڕووداوێکی واقیعی ئاڵۆز و پڕ لە تەلیسم، بەڵام خەتە گشتییەکەی دووکارەکتەرن و بەیەکەوە بڕیاری خۆکوشتن دەدەن. کارەکتەری (**سەروەر ئەحمەد**) ئەوەی ئێمە زانیومانە و بیستوومانە کوڕێکی خوێندەواری عاشق بە کتێب و ئەدەب بووە، خەمێکی گەورەی بۆ مەعریفە هەبووە، هزرێکی تەنگژاوی هەبووە، خواستی بۆ فیکر و فەلسەفە زۆربووە، لەسەردەمی خۆیدا کەسانێک سەرسامبوونە پێی، لە هەڵس و کەوت و قسە و چیرۆکەکانی ئەوە بەئاشکرا دەرکەوتووە، کە سەروەر ئەحمەد قووڵ بیریکردۆتەوە و کاریگەری فەلسەفەی بوونگەرایییەکانی بەسەرەوە بووە کاتێکیش ڕۆمانەکە دەخوێنیتەوە، ئەو سەروەرە

نـابینی، کە لە واقیعـدا باسـکراوە. دیـارە ڕۆمـانەکە لە جەوهەر و بنەمـادا، بیـرۆکەکەی دەرهاویشـتەی چیرۆکـی نێـوان (سـەروەر ئەحـمەد و بەیـان مـحەمەد)ە. کاتێـک دەیخـوێنیتەوە، خەتـی گشـتی ڕووداوەکە لە هەندێک شوێن وێنەی دیکە و مەدلولی جودا دەدەن بەدەسـتەوە. لە دیـمەنە گەورەکەدا، کە ڕۆمـاننووس سـکێچی بـۆ کیشاوە سـەروەر قوربانییە نەک پاڵەوان. لەناو فۆڕم و جەوهەری دەقەکەدا نووسەر سەروەرێکی جیاوازترت پێدەناسێنێ، سەروەرێک هێنـدە گیـرۆدەی خۆبەدەسـتەوە دانە، هێنـدە وەک بـوونەوەرێکی بیرکەرەوە دەرناکەوێ. سـەروەرێک دەبینی لاقەکراوە، بۆیە گرێی دەروونی بۆ دروست دەبێت و ئیدی بیرلەخۆکوشتن دەکاتەوە.

## نووسەر وەک ڕۆماننووس:

هونەری گێڕانەوە هەر ئەوە نییە هەر شتێکت بیست یان بینیت بیخەیتە سەر کاغەز، حیکایەتخواز دەبێ بزانێت چ دەگێڕێتەوە و چ بەکەڵکی باسکردن دێت. هەرچی پێوەندی بە ڕۆماننوسیشەوە هەبێ زمان و تەکنیک و شێوازی گێڕانەوەکەیەتی، کە وادەکات هونەری گێڕانەوەی ئەم لە ئەوانی دیکە جیاوازتربێت. لەناو ئەو پرسەشدا جۆرێک لە ئەدەبی گێڕانەوەمان هەیە ئیشکردن لەناویدا هەندێک زەحـمەتە، بە تـایبەتی ئەو کەیـس و ڕووداوانەی کە واقیعـین و هەقیقەتێکیان لە پشتە. بۆ ڕۆماننووس نەختێک قورسە، ئەو مێژووە وەکخـۆی بگێـڕێتەوە. جـگە لەوەش گێـڕەوەر مەحکـوم نیـیە بەوەی ورد و درشتی ئەو بەسەرهاتانە بگێڕێتەوە، یاخود بچێتە ناو بنج و بنەوانـی هەرچـی لەنـاو ئەو ڕووداوانە هـاتووە بیانخـاتە ڕوو. باسکردنی چیرۆک لای حیکایەتخوان بەو شێوەیە نییە، کە فۆڕمەکە وەکخۆی دەربخەیت، بەڵکوو ڕۆماننووس وێنە و نۆرمی تازە لەناو ڕووداو کـارەکتەرو گرێیەکـانی دروسـت دەکـات. هەرچەنـدە بەشـی

زۆری ڕۆمانەکان لە دونیا وان، کەیسێک، بەسەرهاتێک وەردەگرن، بەڵام پشتئەستوور بە ئایدیاو ماتریالی جیاواز جیاوز دواجار ڕۆماننووس کار لەسەر سیاقی ناو چیرۆکەکە دەکات. خۆی لەسەرەتاوە هەموو ڕۆمانێک کەڵک لە بنەمای چیرۆکێک وەردەگرێت، پاشان خوردی دەکاتەوە بۆ ناو جیهانبینی و سایکۆلۆژیای کارەکتەرەکان. ئینجا فەزایەکی فراوانتر و پڕ لە خەیاڵ و دیالۆگ و کێشمەکێش بینا دەکات، بۆیە کاتێک ڕۆمانووس ڕۆمانەکە چاپ دەکات و خوینەر دەیخوێنێتەوە، دەبینین شتێکی جوایەز لەهەناوی وێنە گەورەکە دەخولقێت. زۆرێک ڕۆمانمان بەرچاو کەوتووە، کە بنەمای چیرۆکەکەی ڕووداوێکی واقیعی بووە، بەڵام کاتێک دەیخوێنێتەوە گێڕەوەر دەتباتە ناو دونیایەکی دیکەوە. لێرەدا شتێک هەیە پێویستە لەسەری بووەستین، ئەویش جۆری ڕووداوەکەیە، بێگومان هەندێ بەسەرهات زۆر گشتین بۆ نموونە دوا ڕۆمانی بەختیار عەلی "نەفرەتی نەوبەهاران"[1] لەم ڕۆمانەدا گێڕەوەر پشت بە بەسەرهاتێکی دووبارەبوو"شائیع"ی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری دەبەستێت، ئەویش پرسی خێڵ، ئایین، گرێی خۆشەویستیی و سێکس و تۆڵەکردنەوە و دونیایەک کێشەی کۆمەڵایەتی دیکە، کە لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا گەلێک باون. بۆ ڕۆماننووس هیچ گرفتێک دروست ناکا، ئەگەر ئەو کەیسە سواوو باوانەش وەرگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ لە ڕووی زمان و تەکنیک و شێوازی گێڕانەوەش جیاواز بێت، چونکە لەوها کەیسێکدا ڕۆماننووس ئازادە چۆن مامەڵە لەگەڵ

[1] نەفرەتی نەوبەهاران، ڕۆمان – نووسینی: بەختیار عەلی – ساڵی چاپکردن/ ٢٠٢٤ لە بڵاوەکراوەکانی دەزگای ڕەهەند.

دۆخی چیرۆکەکە دەکات. زۆر جاریش گیرەوەر خۆی مێژوو و ڕوداو و دەخولقێنێ، بۆ خاتری گەیاندنی پەیام و ئایدیاکەی. لەلایەکی دیکەوە هەندێک بەسەرهات تایبەتن، ناکرێ ڕۆماننووس بێت بەئارەزووی خۆی دەستکاری مەتنی چیرۆکەکە، یاخود بەهای کەسێتیی و جیهانبینی کارەکتەر و سکێچی بەسەرهاتەکە بکات. بۆ نموونە تەقەکردن لە پارێزگاری هەولێری سەردەمی بەعس [1] کات و شوێنەکەی دیارە، پلە و کەسێتی پێشمەرگەکان زانراوە. ئاشکرایە سەر بە چ لایەنێکی سیاسیش بوون، بەلام لەملاوە ڕۆماننووسێکی کوردبێت، کە دەڵێم کورد، دیارە ئاساییە ئەگەر ئەدیبێکی غەیرە کورد ئەو شتە بکات، بەلام بۆ ئەدیبێکی کورد ئاسایی نییە. کارەکتەر و کات و شوێن دەستکاری بکات، یاخود لە جیاتی ئەوەی وەک پاڵەوان ناویان بەرێت، بە خائین و جاش و بەگرێگیراو وێنایان بکات. ئەوەیان چەواشەکردن و بەلاڕێبردنی ڕووداوێکی واقیعییە، چونکە ڕۆماننووس هەر هونەرێک بۆ گێڕانەوە بەکار بهێنێت، بەس ناکرێ دەستکاری جەوهەری حیکایەتەکە بکات. لەلایەکی دیکەوە گێڕەوەر دەتوانێ شێوازی گێڕانەوەکەی بگۆڕێت و یەک دونیا خەیاڵ و جوانکاری تێدا بکات، ئەویش لەپێناو پاراستنی جەوهەری ڕووداوەکە.

[1] شەهید سەردار سەعید سۆفی لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکەی ڕێکخستنەکانی ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ١٩ – ٣ – ١٩٨٦ لەسەر شەقامی مەنتکاوە تەقەیان لە ئیبراهیم زەنگەنە پارێزگاری هەولێر کردوو برینداریانکرد.

**نووسەر و ئەم ڕۆمانە:**

نووسـەر لەڕۆمـانی سـەردەمی گریـانی بەڵقـیس[1] بە زمـان و شعورێکی هەمووشتزانی مەعلانەوە ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە. زمـانێکی ڕیالیسـتی سـەردەمیانەی پـڕ لە گەمەی میتـافۆری، کە دۆخێکـی تەواو ئەدەبـی دەسـازێنێ. نووسـەر لە بـری هەموومـان قسـە دەکـات و دەمانبـاتەوە باوەشـی زەمەنێکـی ئـاڵۆز، بە کێشـە سیاسـی، کـۆمەڵایەتی، کلتووریەکـانەوە. نووسـەر لەسـەرەتادا بە ئازاری دەروونی بەڵقیس شۆڕدەبێتەوە و بە گریانی بەڵقیسیش دوا پەردەی ئەو شانۆیە کۆتایی پێ دەهێنێت. بەڵقیس هاوسەری کەمال، ئەو ژنەی خـاوەن پێنج کـوڕ و کچێـک، کچـۆڵەیەک هەر هێنـدەی لە باوەشـگرت تـا بـوو بە مەل و کەوتە سـەر قاچەکـانی، ئیـدی لە شـەقەی باڵیـدا بۆ ئەبەد فـڕی. نیـانی کـچە تاقـانەکەی بەڵقـیس، بەو تەمەنە کـورتەوە ببـوو بە هەڵـم و لەچاوتروکانێکـدا وەک سـەراب ونبـوو. کچێـک بێئەوەی خـۆی بـۆ ئامـادە بکـات، تەلیسـمی عیشـق فڕانـدوویەتی و هەناسـەکانی دابـاریوەتە نێـو دڵـی سـەروەر. سەروەرێک لە گەڵایەکی پایزی هەڵوەریوو زیاتر نەبوو، کوڕێکی خنکـاو لە تـونێڵە تاریکەکـانی ژیـان. لەم ڕۆمـانەدا چاومـان بە سەروەرێکی پێست ئەستوور و دوو چاوی چکۆلە و ڕوخسارێکی زیپکاوی دەکەوێت، کە لەشی گڕنال گڕنالەو لەمرۆڤێکی ئەتککراو دەچێت!

لە ڕۆمـانی سـەردەمی گریـانی بەڵقـیس، بەر دونیـایەک بەڵقـیس دەکەویـن. بەڵقیسـی ژن، دایـک، عاشـق، جەرگ سـووتاو، بـێخەوش،

[1] سەردەمی گریانی بەڵقیس، ڕۆمان – نووسینی: جەبار جەمال غەریب/ سالی چاپ، یەکەم: ٢٠١٨ چاپخانە ئەندێشە، ٣٩١ لاپەڕ.

قوربانی، هەموو ئەوانە لە دەروونی بەڵقیس دا پەنگیانخواردبۆوە و بەو ڕۆحە بیمارەوە بەرەو شاری هەولێر دێت، ڕووە و گەڕەکی سەیداوا، لە ماڵی مریەمەڕەشی دایکی سەروەر دوا ژوان لەگەڵ وێنەی نیان دەبەستێت و ئیدی وێنەیەک وەک باڵندەیەکی بێلانە بەرە و دوورترین کیشوەرو نا ئومێترین دورگە دەیفڕێنێ. هەڵبەت لەم گێڕانەوەیەدا یەک چیرۆک نابینین، ڕۆماننووس چیرۆکی سەردار، چیرۆکی بەڵقیس، چیرۆکی مریەم، چیرۆکی چەندان دڵدارو مرۆڤی تێکشاومان بۆ دەگێڕێتەوە. هەر ئەوەش وا لە خوینەر دەکا ورد بنوارێتە ئەم ڕۆمانە، چونکە ناکرێ بیرمان بچێت ئێمە لەبەردەم ڕۆمانووسێکی بە ئەزموون و نایابداین، بۆیە باسکردن لە بەرهەمی ئەو نووسەرە ئاسان نییە. ئاخر جەبار جەمال غەریب ڕمانووسێکی بەسەلیقە و وردە، بۆیە پێویستە بە وردیش قسە لەسەر ئەو دەزووانە بکەین، کە نووسەر بە تەکنیک و فۆڕم و زمانە جیاوازەکەیەوە بۆمان دەخولقێنێ.

پێشئەوەی بێمە ناوخنی باسەکەوە، واچاکە هەندێک شت بەرچاوبخەین. لێرەدا ناوی کارەکتەرە سەرکییەکانی ئەم ڕۆمانە بۆ خاتری تێگەیشتن لە جەوهەری ڕۆمانەکە دەخەینە ڕوو، چونکە لە تایتڵەکان ناویان دێت و تا خوێنەر بزانێ باسی کێ دەکەین.

( سەروەر، نیان، بەڵقیسی مەلا محەمەدی میزان - دایکی نیان ، کەمالی حاجی بەکری مەڵکەنی " ناسراو بە بەزار" - باوکی نیان. مەحموود بەڵەک - باوکی سەروەر ، مریەمە ڕەشی غازی کوورەچی - دایکی سەروەر. سەردار: خوێندکاری زانکۆی موستەنسرییە/ بەغدا - هاوڕێی سەروەر و نیان، میدیا: خوێندکاری زانکۆی موستەنسرییە - هاوڕێی نیان).

شوێنی ڕۆمانەکە: هەولێر- سلێمانی – بەغدایە، لەناو

هەولێـریش گەڕەکـی سـەیداوا و قەڵاتە. کـات دیـار نیـیە، بەڵام بەشێکی دەکەوێتە ساڵانی شەست و بەشەکەی دیکەی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمە.

**چەمکی ئاو لەم ڕۆمانەدا:**

نووسـەر لەم ڕۆمـانەدا ئـۆپێرایەک دەخـولْقێنێ، دونیـایەکی تـا سەرئێسقان پەشۆکاو، کە چەندان پەردەی شانۆیی تێدا دەسازێنێ، بە جۆرێک دەنگی پیاوەکان شتێک بڵێن و دەنگی ژنەکانیش شتێکی دیکە بدرکێنن. ئاوازی نێو ئەو شانۆیە ڕیتمەکانی جودان، بەڵام یەک سەربوردە و یەک زمانیان هەیە، ئەویش زمانی هاوارکردن و قیژەی زامێک، کە ناڵەی چۆتە کەشکەڵانی ئاسمان. بۆ نموونە "**فەزای ئاو**" لەو ڕۆمانەد فەزایەکی پێکەوە لکێندراوە، کۆمەڵێک چەم و کانی و ڕووبارن دواجار هەموویان دەچنەوە ناو یەک دەریا، چونکە بابەتی سەرەکی ناو ڕۆمانەکە خۆکوشتنە و چیرۆکەکەش بەستراوەتەوە بە ڕووباری دیجلەوە، بۆیە نووسەر هەمیشە چواندنەکان بە وێنەی "**ئاو**" دەهێنێتەوە.

**یەکەم ئاشنای بەڵقیس لە هەولێر، ئاو بوو، خۆ کەسیش تا ئێستا لە نیازی ئاو تێنەگەیشتووە. س.گ.ب ل٨**

**بەڵقیس هەرگیز بە خەیاڵیشیدا نەدەهات ڕۆژێک لە ڕۆژان بەلای ئەو تانکییە ئاوەدا تێپەڕێت، هەرگیز ئەو ناوەی نەبیستبوو، سەیداوا، هەر وا بیری بۆ ئەوە چوو کە سەید ئەو شوێنەیان ئاوەدان کردبێتەوە. س.گ.ب ل١١**

**بەڵقیس نەیتوانی فرمێسکەکانی بگرێتەوە، خۆ بەدەست ئەو نەبوو، خۆ بەقسەی ئەو نەدەڕژا، هەر وا وەک کەلەی سەری بووبێتە زەریای سەرشێت، بووبێتە ئۆقیانووسی ئەتڵەسی، چاوەکانی ببوونە تاڤگەکانی نیڤادا. س.گ.ب ل١٥**

**ئەو ڕۆژە هێشتا نیان سێبەر بوو، هێشتا خەیاڵ و تراویلکە بوو، سێبەرێک نەدەکەوتە ناو ئاوی ژیانەوە. س.گ.ب ل٣٨**

**کەسێتی سەروەر لەم ڕۆمانەدا :**

لەم دەقەدا نووسەر وێنە و کەسایەتی سەروەری بەم شێوەیە کێشاوە:

**هەتیوی کۆتر بازی حیز، نەخۆشی دڵگوشراو، مێش و مەگەز و ماخۆلیا، کەست نەدۆزیەوە، بەسەر ئەو نوورەی دڵی منەوە نیشتیەوە. س.گ.ب ل ١٨**

**ناوی سەروەرە، ماڵیان لە هەولێرە، لای تانکی ئاوەکەی سەیداوا، کۆڵانی بەرانبەر، لای ڕاست، چوارەم دەرگا.... س.گ.ب ل٧٥**

**ئەو ڕۆژەی سەروەر وێنەکەی لەگەڵ نیان گرت، ناڕەحەت و غەمگین بوو، بۆچی ئەو وێنەیەی گرت، ئەو هەرگیز حەزی نەدەکرد وێنە بگرێت. دەموچاوی قۆپا و کونج کونج و ڕەشی زیندانیک بوو هەمیشە لەگەڵیدا. س.گ.ب ل٨١**

**ئەو کوڕەش یەکپارچە کابووس و تاریکییە. س.گ.ب ل٩٢**

**سەروەر دەڕوات، سەردار دەڵێ: شەرمنە، تەریکە، پاریش لەسەر ئەو شەرمە وازی هێنا، ئەوە چەند ساڵی ڕۆی، برادەرەکانی زانکۆشیان تەواو کردووە. نیان دەڵێ: کوڕ و شەرم! سەردار دەڵێ، ئەو کوڕە زۆر سەیرە، دەڵێ: ئێمە ئاسمان هەڵدەکۆڵین و بەزەویدا دەفڕین. دەشڵێ: بەتەمەنێکی پڕەوە دێینەوە سەر دنیا تا تەواوی کەین. نیان دەپرسێ، بۆ شێتە؟ سەردار لەو پەڕی سەرسامیدا گوتی، شێت! ئەوەندەی تەواوی ئەو قوتابیانەی ئێرە کتێب دەخوێنێتەوە. س.گ.ب ل٩٢ – ٩٣**

**سەروەر وەک خوێندەوارێک:**

هەرچەندە نووسەر نایشارێتەوە سەروەر کەسێکی خوێندەوار و جددی بووە لەبواری ڕۆشنبیریدا، بەڵام وەک پێویست گرنگی بەو بابەتە نادات و ناچار نەبێت نایەتە ناو باسی کتیب و مەعریفە لە دونیای سەروەر ئەحمەد دا. زۆر ئاماژە بە لایەنی مەعریفی ئەو ناکا، کە بە هۆیە بیریکردبێتەوە و بۆتە کەسێکی جیاواز. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ئاماژەیەک بە چیرۆک و نووسینەکانی نادا، نایەتە سەر خوانی هیچ وتار و نووسین و کتێبێکی، بەتایبەتی پەرتووکی "**دخان الغرفة**" کە کۆمەڵە چیرۆکێکە و بەزمانی عەرەبی چاپیکردوون و پێشکەشکراون بە بەیان محەمەد و لە سەردەمی خۆی دەنگ و سەدایەکی زۆری لەناو ڕۆشنبیرانی هەولێر و عەرەبی عێراقی دروستکردبوو.

هەرچەندە نووسەر لە پەراوێزدا بە ناچاری لە چەند پەرگرافێکیش دێتە سەر خەمی کتێب و ئەو سەرچاوانەی کاریگەرییان بەسەر فیکری سەروەر هەبووە، بەڵام قووڵ نابێتەوە، تەنها لە پەراوێزدا ئاماژەیان پێدەدات. بە مانایەکی دیکە دونیای کتێب و خوێندنەوە و بیرکردنەوەی سەروەر ئەحمەد تەوەری سەرەکی کارەکتەری ئەو سەروەرە نییە، کە ئێمە ناسیوومانە، بەڵکوو وێنەی ئەو سەروەرە نیشان دەدات، کە نووسەر سکێچەکەی بۆ کێشاوە.

**خوی دابووە کتێب، کتێب تاکە ئاوێنە بوو کە ڕووخساری نیشان دەدا، ئەو نووسەرە ڕوسەی ژیانی خۆی بە قومار دۆڕاند، لەخوێن زیاتر ئاوی دەمارەکانی دڵی سەروەری دەدا. س.گ.ب ل٨٢**

**ڕستەیەکی ئەلبێر کامۆش سەنتەری بیرکردنەوەی بوو " خۆکوشتن بەرەودانە بە بێهودەیی" خۆکوشتن تاکە بابەتی دڵی**

**بوو، ئەو لەوانە نەبوو ژیان و مرن وەک یەک ببینێ، نا، ئەو هیچ پێناسەیەکی بۆ ژیان نەبوو، بەڵام دەیزانی مردن ئارامییەکی لە بننەهاتووە. س.گ.ب ل٨٢**

**سەروەر شتێکی دیکەی هەبوو کە لە هیچ کەسێکدا نەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە دەچووە ناو هەر تونێلێکەوە، بێگومان تونێلی ژیان، ئەو سەری لێدیار بوو، بەڵام ئەوەی لەو سەری ڕووی دەدا، نەک بۆ هاوڕێکانی، بۆ خۆیشی باس نەدەکرد. س.گ.ب ل٩٦ – ٩٧**

**سیکس و هەوەسبازی سەروەر:**

ئەو کاتەی باسی مێردمنداڵیی و هەرزەکاری سەروەر دەکا بە کەسێکی سێکسباز و برسی سێکس دەیچوێنێ، ڕەنگە ئەوە حاڵی هەموومان بێ لە هەرزەکاریدا، بەڵام بەستنەوەی ئەو بابەتە بە شەهوتێکی نێرانە و بێ ویستی مەعریفیانە، نیشاندانەکەی بۆ ناسینی کارەکتەر خراپ دەکەوێتەوە. لەکاتێکدا ئێمە دەمانەوێ لە ناو ئەم ڕۆمانەدا سەروەر ئەحمەدی ڕاستەقینە ببینین، نەک ئەو شتەی لە هەمووماندا هەیە، ئەو شتانەی هی هەموومانن نابێتە بابەتی ڕۆمان، کارەکتەری سەرەکی ڕۆمان ئەو شتانەی لێباس دەکرێت، کە هی خۆی بێت نەک شتانێک شائیع بێت و هەموومان ئەزموونمان کردبێت. سەیرکردنی فیلمی ڕووت و سێکس و لە قەتاتی ئیغرائی و هتد.... ئەو ماتریالانەن، هەمیشە لەسەر خوانی گەنجبوون ئامادەن.

**سەروەر بە هەرزەکاری، هەرزەکاریی تەواویش نا، ئەو دەم ببووە شازدە ساڵ، شێتوشەیدای مەمکە گەورەکانی سوهیر ڕمەزی ببوو. س.گ.ب ل١٣٨**

**هەولێر لەم ڕۆمانەدا:**

شـــاری هەولێـــر و ســـەیداواو قەرات، کە بەشـــی زۆری چەقـــی ڕووداوەکانی ناو ئەم ڕۆمانەنە، زۆر نـابووت و نـاحەز دەردەکەوێ، نـازانم نووسـەر بـۆ هەوڵیداوە ئەم شـارە ئاوهـا نیشـان بـدا، ڕەنگە بەشـــێک لە حەقـــیقەت لە چوانـــدن و وەســـفەکانیدا هەبـــێ، وەک تایبەتمەنـدی هەر شـــارێکی دیـکە، بەڵام ڕەنگکردنـــی شـــارێک بەو شێوەیە پرسیار دروست دەکات. هەرچەندە ئەوەی نووسـەر باسـی دەکـا تایبەتمەنـدی هەولێـر نیـیە، بەڵام ویسـتوویەتی خەڵکـی ئەم شارە مەحکوم بەم چواندنانە بکات.

**کەمال وتبووی: کەس نەما هەولێری حەیای من بەرێ! س.گ.ب ل١٣**

**ئاخر ئەوان زێرابیان نییە، شارەکەیان یەکپارچە بۆگەن و زبڵە، پێڵاوە گواوییەکانی دەخەمە سەر تەپڵی سەرم. ماچیان دەکەم، دەبم بە نـۆکەر و بەردەسـتیان، بەس بـا بیـدۆزمەوە، بـا بەس دەسـتم بیگـاتێ، بـۆ خـۆیـان نـا، گەڕکەکەیـان نـا، ئەو شـێخ و منـارە و قەڵا نەگریسەشیان پێوە دەسووتێنم. س.گ.ب ل١٣**

**کەمال حەقیەتی، ئەو پیاوە خانەدانە، کوڕە نازدارەکەی حاجی بەکری مەڵکەندی، کوڕی بەزازە بەناوبـانگەکەی سلێمانی بکەوێتە داوی ئەو هەتیووچەیە! ئاخ کچ چۆن پیاو ڕیسوا دەکەی، ئەگەر تۆ نەبـی، ئەگەر دڵە مێشـکەی تـۆ نەبـێ، بـۆ ئەو هەتیـوە دەتـوانێ سڵاویش لە کەمال بکات. س.گ.ب ل١٧ – ١٨**

**من ئێستا لەگەڵ ئەو قەرەجانە چی بڵێم. س.گ.ب ل٢٥**

ئەم وێناکردنـــانەی شـــاری هەولێـــر بە قەرەج و بێزێـــراب، لەو ڕۆمـانەدا بابەتیـانە نیـیە، بەڵکوو جێکـردنەوەی تێگەیشـتن و بینینـی خواستی نووسەرە، لەبەرانبەر شارێک. دیارە ئەدەبیاتی جنێودان و

سـووكايەتيكردن بەشـارەكان، هەبـووە، بەڵام لەو سـەردەماندا ئەو ئەدەبياتە دياربووە، جنێوەكانيش دەزاندرا چـى و چ بوون، چـونكە ئەو سـەردەمە ئەو بـابەتى بێزێـرابييە هەر بوونيشـى نەبـووە تـا باسـبكرێ. شـارەكانى كوردەسـتان و هەولێـريش لەو سـەردەميدا شـارانێكى هێندە گەورە نەبـوون، كە كێشـەى شـاربوونيان هەبێت. كێشـەى زێرابيشـى، زيـاتر لەدواى ڕاپەڕيـن وەك بـاس و خـواس بۆيـان دروسـتبوو. ئەويـش كە شـار گەورە بـوو، هەولێـر لە ١٠ گەڕەك بوو بە زياد لە ٥٠ گەڕەك ئينجا هەندێك كێشەى مەزراكان سـەرى هەڵداوە، بۆيە دەتـوانين بڵێن ئەوە خـودى نووسـەرە قسـە دەكا بە زمانى ئێستا، بەڵام لەسەر زارى خەڵكى سلێمانى كۆن.

**سەروەرى لاقەكراو:**

لەم ڕۆمانەدا سەروەر پاڵەوان نييە، بەڵكوو كوڕێكى لاقەكراوى نەخۆشـە، كە بەدەسـت ئەو ئـابڕوچوونەى دەتلێتەوە، بـۆيە بيـر لە خۆكوشتن دەكاتەوە.

**سـەروەر زانـى بەو دێـوانە نـاوێرێ گريـا، تـاڵى گريـانى بێدەسەڵاتى و تەسليمبوون چووە ناو قوڵايى ناخيەوە، وەختێك لاقى ڕادەوەشاند خۆى ڕزگار بكات گريا. نەوزادى عەزەى نەجاڕ كە دەسـتى بە سـميتدا دێنـا گـوتى، بەڕەڵـلاى كەن، وازى لێبێـنن توركمانى حيز قوونى گانيشى نييە. س.گ.ب ل١٤١ – ١٤٢**

**كراس ڕەشەكەيان كە چووبووە ئاودەستەكەى ئەو سەر گوتى، ئەسـعەد بيهێـنە بـۆ ئێـرە، مەيـكە بە دەنـگە دەنـگ. برديـانە دوائاودەسـت، سـەروەر نەيزانـى چـۆن، بەڵام قايشـى پـانتۆڵەكەى پچڕابوو، پانتۆڵەكەيان داكێشـايە خوارێ، كەوتە سـەر پێڵاوەكانى سەد جار لە ماڵى بەدايكى گوتبوو ئەو پانتۆڵەم شلە لێم دەكەوێ، دايكى لەباتى ئەوەى ئەو كەمەرەى بۆ قارس بكات، بەو قايشە بۆى**

**تووندکردبوو. سەرووەر پەشۆکا، تەزی، ناخی، دڵی و شەرەفی تەزی، کەڕامەت و ڕۆحی تەزی، ڕاچڵەکا، خێرا داهاتەوە پانتۆڵەکەی هەڵکێشایەوە، ئەو، ئەو گورکە کراس ڕەشە کارا بوو، ئەو داهاتنەی بەزایە نەدا و ڕاست، خۆی پێوە جووت کرد، شتێک، وەک ئاگر و باروت و چەقۆ ڕیخوڵەکانی بڕی، پێستی، گۆشتی، لێواری دڵی زیرەی لێ هەستا. دوای ساتێک، سەروەر نازانی، سەری بەر کاشییە سپییە بچووکە چوار گۆشەکانی ئاودەستەکە کەوتبوو، کەوتبووە سەر ئەرزەکە، دوای ساتێک لەناو میز و گووی خۆیدا بە ئاگا هاتەوە. س.گ.ب ل١٤٢ – ١٤٣**

**سەروەر بە بارێکی قورسترەوە، بە دۆڕان و بەزینێکی بێوەسفەوە، بەسەر قەڵاتێ کەوت، خۆ ئەو قەڵاتە خاک نییە، خاکێکی پڕ ژیان و زیندوویەتی نییە وەک زەوی لە ژێریەوە دەریا و شاخ و ئاسن و بارووت و زێڕی تێدا بێ، ئەو قەڵاتە گڵە و وەسەر یەکنراوە. چەوی بێپیت و فەڕ خراوەتە سەر یەکتر، دەنا دەبوو ئەویش لەژێر باری قورسی سەرشانی سەروەردا وردە وردە ڕۆچووبایە و دیارنەمایە، کە هیچ نەبا ئەو ئێسکوبریسکە بێشەرم و ئەتکراوەی سەروەریان بۆ ئەبەد شاردایەوە. س.گ.ب ل١٤٣ – ١٤٤**

**ساڵێک پێشتر سەید وەقاس ڕاست تەماشاری چاوی سەروەری کردبوو، کە لەپەنای بابی وەستابوو، گوتبوی "ئەو سینەمایانەش گەنجەکانیان هەموو لە ڕێ دەرکردووە، بزانە ئەو گەنجەی خوویان دایتە سینەمای ئەگەر نامووسیان لەسەر دانەنا من سەید وەقاس نیم". س.گ.ب ل١٤٧**

لەو سەرەوە نەیدەتوانی بەباشی لێیان بڕوانی، ( ڕۆمانناووس دەیەوێ باسی ئەوەمان بۆ بکات، کە سەروەر لە سەر قەراتی

هەولێرێ بە چاوێکی نزم و شەرمەوە سەیری ئەو خەڵکەی خوار قەراتێـی دەکـرد) ئەوان بچـووک و وردیـلە دیـار بـوون، بەڵام سـەربەرز و بەهەیبەت کەس ئەتکی نەکردبوون، کەس پانتۆڵی لە پێ دانەکەندبوون، کەس قایشی پشتی بە چەقۆ هەڵنەبڕابوو، تەنها ئەو، تەنها ئەو و کەسێکی دیکە نا، فرێ دراوەتە ناو دوورگەیەکەوە کە ناوی دوورگەی بێناموسی و حیزییە. لەگەڵ وشەی حیز تاسا، تاسـا و ڕاچەنی، ڕاچەنی و گوێی لێ بوو هەموو دنیا بەسەریدا هـاوار دەکـات (**تـازە تـۆ حیزبـووی، بچیـتە هەر شـوێنێک دەبـێ سەرشـۆڕ و ملـکەچ بـێ، لە هەمـوو شـەڕێکدا دۆڕاو و بەرانـبەر هەمووان بەزیو. حیز هەرگیز نابێتە خاوەن کەرامەت، خاوەنی ناو و سەربەرزی، نابێتە خاوەنی غیرەت، هەتا نابێتە خاوەنی خۆشی. س.گ.ب ل١٤٧ – ١٤٨** ) نووسـەر لێـرەوە دەیەوێ پێمـان بڵـێ سـەروەر ئەو پـاڵەوانە نیـیە، بەڵکـوو کـوڕێکی حیزکـراوە و لەو ڕۆژییەوە کە پانتۆڵەکەیان لە سینەما پێهێناوەتە خوارێ ئیدی هیچ شـەرەف و کەرامەتێکی نەمـاوە، کەسێک کە حیز کرابێت خاوەنی خۆیی نییە و غیرەتی هیچ شتێکی نییە. لای نووسەر سەروەر ئەو پاڵەوانە حیزکراوەیە، هەمیشـە لە بیری تۆڵەیەک دەگەڕێت تا لە خۆی بکاتەوە، بیر لە ڕاکردن لەو حەیاچوونە، هەڵاتن لەو هەموو ئابڕووچوونە، بەڵام بێ جورئەت و بێ هەست ملی ژیان دەگرێ، بۆیە جورئەتی خۆ کوشتنیشی نییە.

**خۆکوشتن زۆر باشە، بەڵام کوا ئەو ئازایەتییەی هەیە. س.گ.ب ل٨٣**

لەو سکێچەی نووسـەر بـۆ دۆسـییەکەی سـەروەری کێشـاوە، سەروەر ئەو کوڕە نییە جورئەتی خۆ کوشتنی هەبێ، نە بە ژەهر و نە بە خۆفڕێدانە ناو ئاوی دیجلە. نووسەر دەیەوێ پێمان بڵێ ئەو

نەخنکـاوە و نە خۆیشـی ژەهرخـوارد کـردووە، بەڵکـوو کەسـێکی دۆڕاوە و ڕایکـردووە لەدەسـت کەرامەتـی لەدەسـتچووی، کە هـیچ غیرەت و پیاوەتییەکی بۆ نەهێشتبۆوە و هیچ ئازایەتییەکی نەبوو. ئەگەر تۆزێک ئازایەتیی و غیرەتی هەبووایە تۆڵەی خۆی لەم پیاوە نێر بـازانە دەکردەوە، کە لاقەیـانکردبووە. دەبـووا لە وەختـی خـۆی تـۆڵەی لەو دوو کـوڕە نەگریسـە بکـاتەوە، کە حەیـا و نامووسـیان بردووە، بۆیە لە جیاتی تۆڵەکردنەوە لەوان ئیدی بیر لە تۆڵەکردن لە خۆی دەکاتەوە. ئەویش بە خۆکوشتن نـا، چـونکە سـەروەری نـاو ئەم ڕۆمـانە جـورئەتی خۆکوشتنیشـی نیـیە. تەنهـا دەتـوانێ ڕابکـات، هەمیشـە ئەو بیـری لە جۆرێـک لەتـۆڵەکردن کـردووەتەوە، بە چـی؟ ئەویـــش بەڕاکـــردن لە چـــاوی خەڵـــک و ئەو شـــارەی کە تێیـــدا حیزکـراوە. جـگە لەوەش لای نووسـەر سـەروەر جـورئەتی ئەوەی نەبووە تەنها ئەم ڕێگەیە تەی بکات و بەتەنها ڕابکات، بۆیە "نیان"ی بەو نێچیرە ڕۆح تەنک و دەروونە پاکە زانیوە، کە بیکـاتە ڕێبـواری ڕێـگەی ونبـوونی خـۆی. نووسـەر پێمـان نـاڵێ سـەروەر و نیـان لە کوێن، بەڵام هیچ ڕاستییەکیش لە چیرۆکی باسکراوی ژەهرخـواردن و خۆ حستنە ناو ئاوی دیجلەش نابینێ و هەموو ئەوانە بە سیناریۆ و درۆی سەروەر دەزانێ. لەم ڕۆمانەدا سەروەر پاڵەوانێکی حیزی دۆڕاوە، خۆکوشتن ئەو جوامێرییە نییە، کە کتێب فێری سەروەری کرتبـــێ، نـــا ئومێـــدیی و بێچـــارەیی فیکـــری ســـەروەر هـــی قووڵبیرکردنەوە و ڕامانی نەبوو لە خەمەکانی مەعریفە و مرۆڤ و ژیـــان، نـــا ئەو لە خەمـــی حەیـــاچوون و ئـــابڕوو چـــوونەکەی ڕایرکردووە، کە لە ئاودەستی سینەماکانی  هەولێر لەدەستی دابوو. ئەو لە خەمـــی شـــەرەف و کەرامەتـــی خۆیـــدا بـــوو، بـــۆیە بەلای نووســـەری ئەم ڕۆمـــانە ســـەروەر و نیـــان خۆیـــان نەکوشـــتووە، بە

جەستە، بەڵکوو سەروەر مردنێکی دیکەی هەڵبژاردووە ئەویش هەڵاتن و سەیرکردنی ئەو خەڵکەیە لە دووری دووری جیهانەوە. کاتێک لە سەر قەراتێ سەیری خوارەوە دەکات و خەڵکەکە بە بچووکیی و وردیەوە دەبینێت، ئەوە وێنەی ئەو سەروەریە، کە نووسەر پێمان دەڵێت سەروەر هەر لەو ڕۆژییەوە بیری لە جۆرێک لە خۆڕزگارکردن و هەڵاتن کردۆتەوە، لەو کۆمەڵگەیە تا هەموویان بەو بچووکییەوە ببینێ. نایەوێ کەس بە گەورە سەیر بکات، کۆمەڵگەیەک بەو جۆرە ئابڕی بردبێ هەر دەبێ بە بچووکی سەیری بکەی، بۆ ئەوەی بچووکیش دەرکەوێ دەبێ بەرزبیتەوە و بچێتە قووڵایی جیهانێک، کە جگە لەخۆی کەسی دیکە ئەم دیمەنە نەبینێت.

هەرچەندە نووسەر دوای لاقەکردنەکەی، چیرۆکی جۆرێک لە خۆکوشتنی سەروەرمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام بە هەوڵێکی شکستخواردوو ناوی دەبات.

**سەروەر ببووە یەکەم کەس کە خۆی لە قەڵاتێ هەڵداشتووە. س.گ.ب ل ١٥٠**

دەتوانین بڵێین ئەوە یەکەم بیری خۆکوشتن بوو لای سەروەر، کە بە عەمەلی جێبەجێیکردووە، بەڵام ئەوە ئەو حۆکوشتنە فیکرییە نییە، کە سەروەری لەسەر گۆشکراوە، ئەوە حۆکوشتنی گەڕاندنەوەی ئابڕووی لاقەکراویەتی. نازانم نووسەر بۆ ئەو کەیسی لاقەکردنەوەی بۆ سەروەر دروستکردووە، وەک ڕەخنەگرێک پێموایە بۆ کوشتنی پاڵەوانییەتی سەروەر ئەحمەدە. نووسەر پێمان دەڵێت: سەروەری ناو ئەم ڕۆمانە پاڵەوان نییە، ئەو چیرۆکی خۆکوشتنە لە وەهمێک زیاتر هیچی دیکە نییە. منیش پێموایە نووسەر ئەو کەیسی حیزبوون و لاقەکردنەی بۆ سەروەری

داتاشـیوە، تەنهـا لەپێنـاوی ئەوەیە تـا لە خەتـی گشـتی چیرۆکـی زانـــروی ســـەروەرئەحمەد و بیـــان مـــحەمەد دوورکەویـــنەوە؟ لە دەرەوەی ئەو چیرۆکە زانراوەدا، شتێکی دیکە دادەتاشێ ئیدی دێت ڕووداوی لاقەکردنـی سـەروەر دروسـت دەکـا. پێیمـوایە نووسـەر هەوڵیـــداوە ئەو وەهـــمەی بـــۆ ســـەروەریان دروســـتکردووە، کە خوێندەوارێکی جیدی بووە و جیاواز بووە لەگەڵ گەنجانی نووسـەر و ڕۆشنبیری سەردەمی خۆی بەتایبەتی هەولێر، لەم نووسەر پێمان دەڵێـت: سـەروەر ئەو کەسـە نەبـووە، کە خەمـی گەورەی مەعـریفە بێــت و جیــاوازییەکەی وایلێکردبــێ بیــر لە خۆکوشــتن بکــاتەوە. نووسەر لەم ڕۆمانەدا دێت ئەو وەهمە تێکدەشکێنێ و پاڵەوانییەتی سەروەر دادەڕمێنێ، بە چی؟ بەوەی چیرۆکی لاقەکردنی سـەروەر دروسـت دەکـات، ئەمەش دوو هـۆی هەیە، هـۆیەک لێدانە لە شـاری هەولێر، بەو مانایەی تۆ وێنەی هەولێرێک دروست دەکەی، کە هـیچ جـوانییەکی مەعریفـی و ڕۆشـنبیری و هـونەری تێـدا نەبێـت، تەنهـا جێگەی کۆترباز و منداڵباز و شەلاتییانە. ئاوهاش وێنەی سەروەری لە نـاو ڕۆمانەکەیدا کێشـاوە، کە جگە لەوەی کتێبی لا گرنـگ بـووە، بەڵام گەنجێکی هەوەسبازو کۆترابـازێکی دیـاری گەڕکـی سـەیداوای هەولێریش بووە. ئەو ڕەسمکردنەی سەروەر ئەحمەد و بەستنەوەی چیرۆکی تایبەتمەندی سەروەر بە ڕووداوی لاقەکردن و کۆتربـازی، خـۆی لە خۆیـدا بچـووککردنەوەی ئەو کـارەکتەرەیە و وێنـاکردنی ســەروەرێکی دیــکەیە، کە هــیچ لە ســەروەر ئەحــمەدەکەی دەرەوە نەچێـت. مـن نـازانم نووسـەر بـۆ ئەوەی کـردووە، تێنـاگەم بـۆ ئەو چیرۆکـــی لە نـــاو چیـــرۆک دروســـتکردووە، هەرچەنـــدە لە ڕووی دەقەوە ئەو ڕۆمـانە یەکێکە لە ڕۆمـانە هەرە باشـەکانی کـوردی، کە هەمـوو بنەماکـانی ڕۆمـانی سـەرکەوتوو و هـاوچەرخی تێدایە و لە

پلەی نایابەکان دێت، بەڵام ئەگەر ئەو ڕۆمانە وەکئەوەی سەیر بکەیت، کە چیرۆکی نێوان و سەروەر ئەحمەد و بەیان بگێڕێتەوە، ئەوە دەبێ بگوترێ غەدرێکی مێژوویی گەورەی لە سەروەر ئەحمەد و هاوڕێکانی و شاری هەولێریش کردووە، چونکە نووسەر خەتێکی سەربەخۆ بۆ گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە دروست دەکا، خەتێک هیچ پێوەندیەکی بە جەوهەری کەسێتی وفیکری سەروەر ئەحمەدەوە نییە، بەڵکوو چیرۆکێکی دیکەیە لەناو وێنە گەورەکەدا. هەرچەندە من باوەڕم بەوە هەیە ڕۆماننووس گومان بە هەموو شتێک ببات، چۆنیشی بوێت مێژوو ئەوها بخوێنێتەوە، هونەری گێڕانەوە هەر وایە. خۆی نابەستێتەوە بە سەردی هیچ کەسێکەوە، خۆی سەرد دەخولقێنێ، بەڵام ناشکرێ سیفەتی کارەکتەر دەستکاری بکەی. ئەوەیان نەختێک قورس دەکەوێ لەسەر گێڕەوەر. هەرچەندە چیرۆکی سەروەر ئەحمەد و بەیان محەمەد، بە چەندان شێوە باسکراوە، سیحری ئەو بەسەرهاتەی نێوان ئەم دووانەش لەوەدایە، کە ڕێوایەی جیاوازیی خولقاندووە، بەڵام بە بۆچوونی من ناکرێ بێیت چیرۆکەکە بەتەواوی قەڵبکەیتەوە. کەیسێکی دیکەی لەسەر بینا بکەی، ئەویش ببێتە هۆی پووچەڵکردنەوەی تەواوی گێڕانەوەکانی دیکە.

**ونبوونی سەروەر و کارەکتەری سەردار:**

ئەوەی لەم ڕۆمانە لای من وەک مەتەڵ ماوەتەوە، کارەکتەری سەردارە. هیچ شتێک نەبوو لای سەردار شاراوەبێ، سەرداری پاشای بەسەرهاتەکان بوو. لەلایەک هەواری دەردە دڵی عاشقان بوو، لەلایەکی دیکەوە خەزنەی شانەی ڕێکخستنی حیزبەکان و جوامێری نێو ئەدەبیاتی شیوعییەکان بوو. هەمووشتێکی دەزانی، خۆی بەرنامەڕێژی ونبوونی سەروەر و نیان بووە، بەڵام گێڕەوەر

ئەو نهێنییە نادا بەدەستەوە، زۆر وریا نەبی لەوە ناگەیت، کە سەردار چاک دەیزانی ئەوانە نەمردوون، بەڵام نازانێ لە کوێن. دڵنیایە لە خۆنەکوشتنیان، بەس هیچ شتێک لەبارەی خۆ ونکردنیان نازانێ، ئەوە ئەو شتەیە، کە ونبوونی سەروەری بۆ هیچ کەسێکی باس نەکردووە. نووسەر لەوەدا سەرکەوتوو بووە، کە ونبوونی سەروەر ئەحمەد و بەیان محەمەدی لەناو ڕۆمانەکەیدا بەنادیار هێشتۆتەوە، ئەوە لایمن سەنگی مەحەکی سەرکەوتنی ئەو ڕۆمانەیە، بەڵام دروستکردنی کەیسی لاقەکردنەکەی سەروەر و تووشبوونی بە نەخۆشی دەروونی، خۆ ڕزگارکردن لەو ئابڕووچوونە، کەیسێکی دروستکراوی تاسەر ئێسقان نا بابەتییانەیە.

**سەرداری هەمووشتزان، کە تارمایی نووسەرە لەم ڕمانەدا.**

**لەو هەموو عەزابە سەری دەسووڕمێ کە ئینسان دەتوانێ هەڵی گرێت و لە دڵیدا جێی بکاتەوە. س.گ.ب ل٣٩٠**

لەلایەکی دیکەوە کەمالی باوکی نیان لە چاوەنواڕی کچەکەی هێشتا لە بەغدایە و نیگای ئومێدی هێشتا لەسەر ڕووباری دیجلەیە، ئاخۆ کچە تاقانەکەی زیندووە یان مردووە.

کەمالی بەزاز چاوەڕوانی و مەرگی ونی کچەکەی شەکەتیان کردبوو، وەک منارەیەک بەسەریەکدا ڕووخاوو، لە بەڕێوەبەری پۆلیسی پرسی، " ئێستا دەتوانن چیمان بۆ بکەن؟

بەڕێوەبەری قاڵبووی کارەکەی گوتی: من ئیدی هیچم لە دەست نایەت، بە پێی نامەکە و دیار نەمانیان خۆیان فڕێ داوەتە ناو ئاوەکە، بەڵام مەلەوانەکانم، شارەزاکانم هیچیان دەست نەکەوت وئەوەش شتێکی دیکە دەڵێت.

چی تر دەڵێت؟

تەنها جەستەیان بۆ ئێمە بەڵگەی  مردنیانە کە نییە.
ناتوانین نامەی وەفاتیشیان بۆ بکەین. س.گ.ب ل٣٨٧ – ٣٨٨

بەڵقیسی دایکی نیان بێسەر هێشتا قاچێکی لە بەغدایە و پێیەکی لەبەردەم مـاڵی مەریەمە ڕەشـی دایکـی سـەروەرە، گومـانی لە هەمووشتێک هەیە، ئیدی دایکە، باشتر بڵێم ژنە، ژن وەک پیاو نییە، ڕاستە بە سۆزە، بەڵام حیرسی ژنانەی بەقەد شاخێکە و نارمێ.

کە سـەردار نـامەکە تەواو دەکـات، بەڵقـیس دەسـت بـۆ خـانووە کۆنەکەی مـاڵی سـەروەر ڕادەکێشـێ، دەڵـێ، "ئەو ژنە سـەر ئاسـنینە فێڵی کێ کردین، تۆش هاوکار و بەشدار بووی؟"

سەردار گوتی، " فێڵی چی؟

هەمووی فێڵ بوو، نامەکە، دیجلە و مردنەکە، هەمووی فێڵ بـوو، دەمەوێ سۆراغێکیان بکەم بزانم لە کوێی شاردوونەتەوە.

سـەرداری بێچـارە چاوەکـانی وشـک نەدەبـوونەوە گـوتی، مەبەستت لە ئەو ژنە کێیە؟

مریەم، مریەمە ڕەش، دایکی ئەو هەتیوە.

ئەو ژنە، دایکی سەروەر بیست ساڵیش دەبێ مردووە.

بەڵقـیس ئـارامتر، ئەوانەی منـیش هەموویـان چـوون، تەنهـا ئەو کچەم ماوە. س.گ.ب ل٣٩٠ - ٣٩١

نووسـەر لە تەوزیفکردنـی کـارەکتەری بەڵقـیس زۆر بـاش سەرکەوتوو بووە، بە ڕاستی وێنەی دایکێکی ڕاستەقینەی نـاو ئەم چیرۆکەت بۆ وێنا دەکا. دایکێک هێشـتا بـاوەڕ بە مردنـی کـچەکەی ناکات.

# گوتاری فیکری
# لە چیرۆکی سەگوەڕ

(لەسەدەی بیستەمدا، هەر کەسێ ئاسودەیی بوویێت، ئەوا
بە هەڵە لەو سەدەیەدا لەدایک بووە!) س:ل٥٧

**پێشەکی:**

قسەکردن لەسەر دەقی "سەگوەڕ"ی نووسەر (محەمەد موکری) قورس نییە، بەڵام تێگەیشتن یان دۆزینەوەی خەتی فیکری موکری، بەتایبەت لەم چیرۆکەیداهەندێک سەختە. خەتە فیکرییەکەی سەگوەڕ پێوەنـــدی بە دۆخـــی بیرکـــردنەی مـــوکریەوە نیـــیە، کە چـــۆن بیریکـردووەتەوە، بەڵکـوو دۆزینـەوەی سـەرەداوی ئەو فیکـرەیە، کە مـوکری ئاشـنامان دەکـا پێـی. بەمانـایەکی دیـکە مـوکری نزیکمـان دەکاتەوە لە تێگەیشتن لە فیکرێکی دیاریکراو، کە ئەو لەناو دەقەیدا بۆمانی کێشاوە. بە جۆرێک دەردەکەوێت کە خۆی هیچ ڕۆڵێکی لەم بـازنەیەدا نەبـێ، بەڵکـوو تەنهـا پێمـان دەڵێـت: ئەمەیە ڕوانـگەکە. هزریش لەم تێکستەدا، بە مانای دیدگا و جیهانبینی نووسـەر دێت. موکری نایەوێ ڕوینینی خۆیمان بۆ وینا بکات لە شـێوەی فۆڕمێکی بابەتییـــانەوە، ئەو بە زمـــان و لە ڕێـــگەی ســـەبک و گرێـــی نـــاو ڕووداوکـان و دۆخـی دەروونـی کارەکتەرەکـانەوە دیمەنێکمـان بـۆ دەکێشـــێ، کە لێـیەوە ئەو دیـوی فیکـر و تێگەیشـتنەکان دەبینـین. مـوکری وەک خودێـک لەم دەقەدا ونە، ئەگەر نووسـەری سـەگوەڕ ئەم فـۆڕم و تەکنیکەی بـۆ خۆشـاردنەوەی خـۆی بەکـار نەهێنـایە، ڕەنگە ئەم چیـرۆکە دواجـار وەک دەقێکـی سـەر بە ئایـدۆلۆژیایەک لێک دەدرایەوە و ئیدی نەمریی لەدەست دەدا، بەڵام ئەوە سیحری بەهـا و سـەنگی فیکـرەکەیە وادەکـات بە ئاسـانی نەتـوانین دیـمەنە

گەورەکە بدۆزینەوە، بۆیە خوێنەر ناچار بەوە دەکا باشتر ڕووبچێتە ناوخنی چیرۆکەکەوە تا خەتە فیکرییەکە بەباشی ببینێت.

(تۆ خۆتت بە بار نەدەزانی و خۆتت بە شایستەی ئەو " ژیان و سەردەم و تافە" دەزانی کە زۆر شتی پوچ و بێکەڵک و گەلێ بیری پیرۆزیشی لە ژێر پێدایە!) س:ل٧.

سەرگوزەشتەو ناوەڕۆکی چیرۆکی سەگوەڕ باسکردنی ژیانی کەسێکە، کە لە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێدا پێشمەرگە بووە. باوکی کارەکتەرەکە لە ژێر ئەشکەنجەی ڕژێمی ئەوسای عێراقی شەهید دەبێ و خوشکەکەشی ئەتک دەکرێت. خۆشی وەک شۆڕشگێڕیک و پێشمەرگەیەک چەندان نەهامەتی دەبینێ، ئیدی بە تەواوی لەم واقیعە بێزار دەبێ و پێیوایە ئەم ژیانە جگە لە سەگوەڕ هیچ شتێکی دیکە نییە.

بێگومان ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی چیرۆکەکە بەشێوەی چاپ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٢، کە یەکەم چاپیشی لەشاخ بۆ دەکرێت. ئیدی ناوەڕۆک و فەزای دەقەکە وادەکا، جووڵەیەک بە دونیای ڕەخنەی ئەدەبیی و هەروەها سیاسیش بدات. تەنانەت نووسەرێکی وەک (محەمەد مەولوود مەم) ڕۆمانێک لە وەڵامی سەگوەڕ بە ناوی "کاروان و سەگوەڕ" ئەنووسێت و دواتر بەهەمان شێوە ئەمیش لە شاخ چاپکرا. هەرچەندە ئەو کات وەک بابەتێکی ئەدەبی سەیری دەقی سەگوەڕنەکرا، هیچ کەس لەچوارچێوەی ئەدەبناسیی و گێڕانەوەناسییەوە خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی بۆ دەقەکە نەکرد، یاخود کەس نەهات لەبارەی چۆنییەتی زمان و تەکنیک و کارەکتەرسازییەوە شیکاری دەقەکە بکات. دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی هیچ یەکێک لەم نووسەر و خوێنەرانە لەبارەی هونەری گێڕانەوە لەسەر بەرهەمەکە قسەیان نەکردووە! بە

پـــێچەوانەوە ئەو كـــات ســـتەمێكی زۆر لەو بەرهەمە كــرا، چ لـەبڵاوكراوەكانی شـاخ و چ لەناوشـاریش، كە دەكرا زۆر بە جـددی قسەی لەسەر بكرێت و ببێتە مـایەی گفتوگۆی ئەدەبیی، بەڵام ئەوە نەكرا. هۆكارەكەشـی ئەو ڕوانینە ئایدیۆلۆژیی و دەمـارگیرانە بـوو، كە لەم ڕۆژگارەدا تا بەم ئاستە ترسناكە گەیشت! ئەگەر مـام جەلال نەهاتبـایە سـەرخەت و بەرگـری لـێ نەكردبـا، ڕەنگبـوو مـحەمەد موكری ڕوبەڕووی مەرگ ببوایەتەوە.

## سەگوەڕ وەک دەقێکی مێژوویی

ڕۆمان جیهانی كارەكتەرەكانە، جیهانی وێنـاكردن و دەركەوتەو دەرهاویشـتەكانییەتی. ڕۆمـان هـاڕینی میتۆلۆژیـا و دیـرۆكە، لەنێـو زمـانی گێـڕانەوەدا. لە دونیـای ڕۆمانـدا مێژوونـووس نـابێتەوە بەو حیكایەتبێژەی، كە ڕوداوەكان بەپێی تێگەیشتن و هەلومەرجی ئایـدیا و ئایدۆلۆژیەوە وێنـا بكـات. ڕۆمـان دەبێ بە قسـەمان بێنێت، دەبێ زمـانی بیركردنەوەمـان بكـاتەوە، مێشـكمان بتاسـێنێت، ئاگاییمـان بروروژێنێـت، بـۆ ئەوەی چێـژ لە فیكـر وەرگـرین. ئەمەش وا دەكـا خولیـای بیركـردنەوە ببـین و پەلكێشـی زیـاتری نێـو خوێنـدنەوەمان بكات. توێژەران لە بارەی هونەری ڕۆماننووسین و بەهای گێڕانەوە دەڵـێن: بەهـای ڕاسـتەقینەی ڕۆمـان بەوە دەپێورێـت، كە لەلامـان هەستێك بخوڵقێنێت. بەو مانایەی دەبێ ڕۆمان، قسەكەربێت و بمان دوێنێـــت. ئەوانەی پێیـــانوایە ڕۆمـــان زادەی خەیـــاڵێكی ڕووتە، ڕوداوگەلێكـی نێـو واقیـع نـین، لە كرۆكـدا هەڵەیەكـی گەورە دەكەن. بەتـــاییبەت لەگەڵ خۆیانـــدا، لە داســـتانی "دۆنكیشـــۆت"ەكەی "سێرفانتس"ەوە تا چیرۆكی "سەگوەڕ" ناتواندرێت ئەمانە تەنها وەك ڕۆماننووسـی خەیـاڵی ناوزەنـد بكـرێن، بەسـتنەوەی ڕۆمـان تەنهـا بەخەیـاڵ و دروسـتكردنی فەزای ڕۆمـان بەو نەفەسـە، ڕۆمـان

دەباتەوە نێو داستان و حیکایەتی ئەفسانەییەوە، کە خودی ڕۆمان لە دوو سەدەی ڕابردوودا، بۆ تێپەڕاندنی ئەم فۆڕمە هەوڵیداوە. لە دوای ڕۆمانەکانی (مارکیز ١٩٢٧-٢٠١٤) ، لەپاش شاکارەکانی (نیکۆس کانتزانزاکی ١٨٨٣-١٩٥٧) ئیدی ڕۆمان قۆناغی گوێلێگرتنی تێپەڕاند، چیتر ڕۆمان بۆ پاشاکان ناخوێندرێتەوە و نابێتەوە بەشەوچەرەی دیوەخانان. ڕۆمان ئەمجارە لەلای (دیستۆفیسکی ١٨٢١-١٨٨١) دەبێتەوە بە کارەکتەرێکی سیاسی، نموونەی ڕۆمانی"شەیتان"ەکەی بە مەزنترین ڕۆمانی سیاسی دادەندرێت. ڕۆماننووسانی کورد لە (ئەحمەد موختار جاف ١٨٩٨-١٩٣٥))ەوە، کە ڕۆمانی "مەسەلەی ویژدان" نووسیوە و کە لە هەفتاکان چاپکراوە تا ئێستاش قسە لەسەر ئەوەیە، ئەم چیرۆکە درێژەی ئەو نۆڤلێتە یان ڕۆمان. دیارە تێکستی لە "خەوما" کەی (جەمیل سائب ١٨٨٧-١٩٥١))یش بەهەمان هەناسەی موختاری جاف نووسراوە، هەرچەندە نمونەی وەک (عەرەبی شەمۆ ١٨٩٧-١٩٧٨) مان هەیە، کە بە یەکەم ڕۆماننووسی کورد دادەندرێت و ڕۆمانی "شوانی کوردمانج و قەلای دمدم" بە ڕۆمانی سۆسیۆلۆژی دادەنرێت و باس لە دۆخی کۆمەلایەتی کوردەواری دەکات. لە پەنچاکانیش، ڕۆمانی "ژانی گەل"ی (ئیبراهیم ئەحمەد ١٩١٤-٢٠٠٠) دێت مێژوو تۆمار دەکات، مێژووی جوامێری گەلێک. ڕۆمانی "پێشمەرگەی"ی (ڕەحیمی قازی)یش، کە لەسەرەتای شەستەکان بڵاوکرایەوە، ئەم ڕۆمانە جگە لەوەی مێژوو تۆمار دەکات وەک ئەدەبی بەرگریش پێناسە دەکرێت. ئێستاش ئەم گفتوگۆیە درێژەی هەیە، ئاخۆ سەگوەڕ چیرۆکە یان ڕۆمان، یاخود نۆڤلێت؟!

لە دوای ئەم قۆناغەدا ڕۆمانی کوردی دەچێتە دۆخێکی دیکەوە، دۆخی زمانی کرانەوە لەگەڵ خوێنەردا. زمانی گومان و پرسیار

دروستکردن لە زهنی خوێنەردا، زمانی فیکر و بیرکردنەوە. بەم دۆخەی ڕۆمانیش دەگوترێت، سەردەمی ڕۆمانی بیرکەرەوە. دەتوانین بڵێین: ڕەوادی ئەم سەردەمەش (حوسێن عارف میرزا مەنگوڕی و عەبدوللا سەراج و حەمە موکری و شێرزاد حەسەن و جەبار جەمال غەریب و فەرهاد پیربال و کاروان کاکەسور و عەتا نەهایی و بەختیار عەلی )هتد... ئەمانە لای من بە ڕۆمانووسی بیرکەرەوە، ناودەندرێن. خوێنەرەکانی ئەمانە، لەمێژوو نامێننەوە، تەنها گوێگرنین. خوێنەری ئەمانە، زمانیان هەیە، لەگەڵ ڕوداوەکانی نێو ڕۆمانەکانیان قسە دەکەن، لەگەڵ کارەکتەرەکانیان گومان دەوروژێنن، خوێنەر لە دونیای ڕۆمانی ئەمانەدا بێدەنگ نییە، بیرکەرەوەیەکی بە ئاگاییە.

**ئەدەب و فیکر: سەگوەڕ وەک نموونە**

(ئێستا هەموو وردە خەمێکت جۆرە لەززەتێکی بە تەمەنی هەی! حەزدەکەی لە کاتی وەبیرهاتنەوەتدا، تەمەنی ئەو خەمانەت درێژکەیت! تا زیاتر قاڵ بیت و خۆت لە ئاستیاندا وەک قوتابییەکی گوێ ڕایەڵ ببینی و سەرنج بدەی، گوێ هەڵخەیت... ئێستا نەک بیری تۆڵە سەندن بە مێشکتا گوزەر ناکات، بەڵکو لە خوای خۆت دەپاڕێیتەوە ئەزیەتی ئەو کەسانەش نەدات وا ئەزیەتی ڕۆحی تۆیان داوە.. ئێستا وەکو جاران نییت، جارن بە دوای خوادا دەگەرایی و خۆتت دەبینی، ئێستا بە دوای خۆتا دەگەرێ و خوا بەدی دەکەیت تا لە نێو هەموو شتێکدا بەدی دەکەیت، لە نێو ڕۆح و جەستەی ئەو کەسانەی – هەشت نۆ سەعاتی دی، گوریسەکە دەخەنە ملتەوە!) س:ل٢٩ – ٣٠

چەمکی فیکر و هۆشیاری لە خەیاڵدانی ئەدەبیدا پێوەندی بە توانای ئێمەی خوێنەرهەیە، کە دەقەکە چۆن دەخوێنینەوە. لێرەدا

خۆمـــان دەپـــارێزین و نامانەوێــت ڕابکێشــرێینە نـــاو تایبەتمەنـــدی ئەفلاتوونیـانەی دیـاردەکە و واقیعـی شـتەکان، بەڵکـوو ڕاسـتەوخۆ گرنگی بە تێکستەکە دەدەین وەک پێکهاتەیەکی گفتوگۆیی، کە درێژ دەبێتەوە بۆ مۆدێلێکی سەرچاوەیی پەیوەست بە گوتاری فیکری لە دەقدا. هەڵبەتە لەنێو جیهانی تێکست ئەم هۆشیاریە دەبێتەوە بە گۆتـاری تـوێژەر، بەڵام لەسـەر زمـان و بیرکـردنەو جیهـانبینی نووسـەرەکە. لێـرە ڕووبەڕووی دوو جـۆر لەهۆشـیاری دەبینـەوە: (هۆشـیاری زمـان و گێـڕانەوە – لە دیـدی نووسـەر) لەگەڵ (بەریەککەوتنی ئاگایی خوێنەر – بە چەمک و فیکری دەقەوە) بەڵام لەزۆرکاتـان بـۆ دڵنیـابوون لە هاوکێشـەکە پشـت بە تێگەیشـتنی خـوێنەر- ڕەخنگر دەبەسترێت، کە هەوڵ دەدات بگـاتە واقیعـی ئەم جیهـانەی ڕۆمـاننووس یـان تێکسـتنووس خوڵقانـدوویەتی، بەشـی زۆری ئەمـانەش بـۆ ئەوەی خـوێنەر لە مانـای پشـتی وشـەکان و دەربڕینەکان تێبگا، بۆیە گوتارە فیکریەکە زیاتر پێوەندی بە ئایدیای دەقنووسـەوە هەیە، کە چـۆن مـامەڵە لەگەڵ دۆخـی دەروونـی تێکستەکە کردووە.

(سـیزیف بەلەش مانـدوو دەبـوو، تـۆ بە مێشـک، ئەو نەبەزی و نـابەزێ، تـۆ دەتزانـی دەبەزی و دەشـبێ ببەزیـت. بەزینـت بکەیـتە نمـوونەی نەبەزینـی ڕاسـتەقینە. ئەو دڵتەنـگ و تـۆ دڵخـۆش، ئەو لەپێنـاوی ئەوەی بیبەخشـن تۆ لە پێنـاوی بەخشـندەیی خۆتـا ئەوەت دەکرد!)س:ل٤٥

ڕەنگە بۆ باشتر تێگەیشتن لە ماناکـان، لە فیکر و ئایدیای نـاو دەقەکـانەوە، چەمکـی هۆشـیاری لە هاوکێشـە ئەدەبییەکـان یـان داهێنەرییەکانـدا پێـدەچێت بـوارێکی گرنگبێـت تـا وەک بنەمـایەک وەریگـرین. کاتێـک نمـوونەی نیگارکێشـێک وەردەگـرین، کە چـۆن

مامەڵە لەگەڵ دۆخی ڕەنگەکان دەکا، چۆن چۆنی تابلۆیەک لەسەر دیوارێک ، دارێک ، بەردێک دادەتاشیی و هەرچی ڕەنگی دونیا هەیە دەیخاتە بەردەم ئەو نیگارەوە. دەقنووسیش ڕێک لەم نیگارکێشە دەچێ، زمان دەباتەوە ناو خەیاڵ و لەنێو فیکر و مەعریفە و جوانبینی سروشت و هەستکردن بە ئازاری ژیان و دۆخی دەروونی مرۆڤ، ئیدی لەسەر کاغەز وێنای جیهانێکی جیاوازت بۆ دەخوڵقێنێ. هەرچەندە ئەدەب لەگەڵ ژینگەی هونەر جیاوازە، ئەوەی لە سینەما و لەسەر شانۆ ڕوودەدات و ئەوەی لە ناو موزیک و دەنگی ئالەتەکانەوە دێتە دەر، گەلەک جیاوازە لەگەڵ مامەڵەکردن لەگەڵ وشەدا. ئەوان تەنها جوانیی و بەهرەداری خۆیان دەردەخەن، ماتریالەکانیان کەرەستەی زاتین، بەڵام لە دۆخی نووسین و جیهانی کاغەز و وشەدا نووسەر هیچ قسەیەک نانوسێتەوە هیچ دەنگێک بە قەبارەی خۆی ناگوازێتەوە، دەقنووس کار لەناو جەوهەری وشە و قووڵی مانای پشت دەربڕینەکان دەکا، بۆیە ئەو وتەیەی کە دەڵێت: قسە و ئاخافتن ئەدەب نیین، بەڵکوو مانای پشت گفتوگۆ و وتەکان ئەدەبن. باشە کامەمان دەتوانین ڕێگربین دارهەنارێک، بەرهەمی ترش و شیرینمان پێ ببەخشێت! ناتوانی نکۆڵی لە جەوهەری ئەو بەرهەمە بکەی، کە باخەوان لەکاتی ڕواندن و موتوربەکردنیدا پێشبینی بۆ کردووە. ئەدەب ئەو بەرهەمەت ناداتێ، کە نووسەر دەیخوڵقێنێت. مانای مەزنی ئەدەب، لە فرەیی تێگەیشتن و جیاوازی بینینەکەیدایە. لێرە لەوە دەگەین زمان، هەمیشە مانای جیاواز لەهەناوی دەقدا بەرهەم دەهێنێت، کە لەزۆر کاتان نووسەر وەک پێوست پەی بەو مانایانە نابات. هونەری ڕۆماننووسینیش جگە لە فۆرم و تەکنیکەکەی، جگە خەیاڵ و زمان و ئایدیاکەی، پشت بە کۆمەڵێک ماتریالی دیکەی گێڕانەوە دەبەستێت، بۆیە نووسەر بەر لەوەی بڕیاری نووسینی ڕۆمانێک بدا، هەڵبەت سەرەتا ئەو

پرسیارەی لەخۆیکردووە، کە دەیەوێ چ بنووسێتەوە. هەموو نووسەرێک دواجار لەبەردەم ئەو پرسیارەدایە، ئاخۆ چ دەنووسێ؟ یاخود دەیەوێت چ بنووسێتەوە. ڕۆماننووس، کە کار لەناو هونەری گێڕانەوەدا دەکا ناکرێ بێوەڵام ئەو پرسیارە بۆ خوێنەر جێبهێڵێت. بێگومان ئەوە ڕاو سەرنج و تێڕوانینێکی وردی توێژەران و ڕەخنەگرانی دونیای ڕۆمانە وادەکا نووسەر، هەمیشە ئەو پرسیارەی لەخۆی کردبێت. هەر ئەوەش وایکردووە ڕۆمانناسانی جیهانی ئەدەبیاتی گێڕانەوە، بەسەر چەند جۆرێک لەستایل و شێواز پۆلێن بکەن. جۆرەکانی ڕۆمان زۆرن، ڕۆمانی مێژوویی، ژیاننامەیی، یاداشت، دۆکیۆمێنتاری، هەموو ئەمانە شێوازگەلێکن بۆ تێگەیشتنمان لە ڕۆمان. ئەو تیڕوانینەش بەشێکە لەو شێوازانەی، کە تێبگەین ئاخۆ ڕۆماننووس چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخی دەقەکەدا دەکات. باسی شێوازەکانی گێڕانەوەی ڕووداو دەکا، سەرەتاش ئاوڕ لە چییەتی و چۆنێتی گێڕانەوە دەداتەوە. توێژەران پێیانوایە: بێئەژمار ڕێگای جۆرا و جۆر هەن، بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێک. ئاخر گێڕانەوە خۆی لەخۆیدا هونەرێکە، نەک زانست. فۆرمالیستەکان گێڕانەوە،  بۆ گێڕانەوەی بابەتیی و خودی دابەش دەکەن. گێڕانەوەی بابەتی کۆنترین جۆری گێڕانەوەیە، کە گێڕەوەر دەبێتە زمانحاڵی کەسێتییەکان.

## ڕووداو وەک بنەمای فیکری سەگوەڕ

ئەدەب مانا نادیارەکەی ئەو دیوی گوتنە، کە زمان بەرهەمی دەهێنێت جیاواز لە کاری هونەری، کە (دەنگ و جوڵە و هەست) بەرهەمی دەهێنن. (تۆدۆرۆف ١٩٣٩ – ٢٠١٧) سێ جۆر گێڕەوەری بابەتی بەپێی بینینەکان دیاری دەکات: بینین لەدواوە، بینین لە ناوەخن، بینین لە دەرەوە. محەمەد موکری لەم گێڕانەوەیەی سەگوەڕدا، هەردوو جێناوی (ئەو- تۆ) بۆ ئاماژەدان بە ڕووداو و

کەسێتییەکان بەکاردەهێنرێ و لە ڕۆمانی کوردیدا بە بەربڵاوی بەکاربراوە. بۆ نموونە ڕۆمانی (ئەژدیها) بە "ئەو"و، چیرۆکی (سەگوەڕ)یش بە (تۆ) دەگێڕدرێنەوە.

(ئەم شەو نەخەوتی بێدار بوویت س/ل١)

لە ئەدەبدا مرۆڤ ناتوانێ دەست بەرداری فیکر بێ بۆ خەیاڵ، بە پێچەوانەشەوە، ئاسان نییە بەبێ خەیاڵ فیکر بەرهەم بێت. وەک چۆن ناتوانێ جوانی لە پێناو حەقیقەت فەرامۆش بکات! بەڵام توێژەران لایانوایە یەکەم دێڕی دەستپێک، دەشێ خاڵی بێ لە دونیایەکی بەرجەستەبوو، بەڵام ناشێ خاڵی بێ لە ئێستاتیکا. کەواتە دەربڕینی سەرەتا، دەستپێکی هەر ڕووداوێک خاڵی نییە لە جوانی، لە خەیاڵ و خوێندنەوەی جیاواز. جوانبینی جەوهەری کاری ئەدەبییە، هەموو قورسایی زمانیش دەچێتەوە ناو ئەم بازنەیە.

(ئەم شەو ڕێت وون کرد، ئێستا سەری گڵۆڵەی ڕێیە ئاڵۆزەکانی تەمەنی خۆتت بە دەستەوەیە، ئەو شەوە گەلێ شتت لێ ببووە تارمایی و جولە و دەنگیان پەیداکرد بوو.. ئێستا خۆت لەنێو چاوەڕوانی و بێهودەیی " ترس و بە جەرگی، دیلی و سەربەستی .. ڕاستی و نا ڕاستیا" بوویت بە تارمایی)س:ل٣١

توێژەران پێیانوایە لە ئەدەبی کوردیدا یەکەم کەس بایەخی بە "ڕووداو" دابێت (شێخ نووری شێخ ساڵح ١٨٩٦-١٩٥٨)ە کە باسی گرنگیی ڕەگەزی ڕووداو لەسەر دەروونی خوێنەر دەکات. (حسێن عارف ١٩٣٦- )یش ڕووداو بە گرنگترین ڕەگەزی هونەرە چیرۆکئامێزەکان دەزانێ و بە داینەمۆ و هەڵسوڕێنەری گێڕانەوەی دادەنێت. دواتر باسی پێوەندی ڕووداو بە ڕەگەزەکانی دیکەوە دەکا و دەڵێ: ڕەگەزەکان بە تەنیا ناتوانن ئەرکی هونەری لەئەستۆ بگرن و کەسێتی بە ڕووداوەوە پەیوەستە. تەنیا کاتێک ڕووداو لە کەسێتی دەردەچێت، کە دوور لە ویست و توانا و ژینگەی کەسێتی

ڕوودەدات. بۆ نموونە سەرما و گەرمای وەرزەکان، دەکرێت کاریگەری لەسەر کەسێتی جێبهێڵێت.

(شەوێ... نەک وەک خەو بەڵکوو وەک ئەوەی تازە ڕویدابێ، لەنێو ئەو شەووبەفرەدا لەترت دەدا... پانزە ساڵ بەدەم ئاسانە!! ئێستایش وردە شتەکانی ئەو شەوەت وەبیر دێ و لەبەر چاوتا سەما دەکەن!) س:ل٢٨

"شوێن"یش ئەو ژینگە واقیعیە یان خەیاڵییەیە، کە ڕووداوەکانی تێدار ڕوودەدا و کەسێتییەکان تێیدا دەجولێن. هەڵبەتە "شوێن" لە ئەدەبی گێڕانەوەدا زیاتر ڕەگەزێکی وەسفییە، "کات"یش ڕەگەزێکی جەوهەرییە. ئەو ساکە کات و شوێن دەچێتە خانەی ڕێژەییەوە، کە چۆنێتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و جوولانی کەسێتییەکان لە ئێستا و ڕابردوو و ئایندەدا بەگوێرەی شێوازی گێڕانەوەی دەقەکە ڕێک دەخرێت. بێگومان ڕووداو بە کاتەوە پەیوەستە و هیچ ڕووداوێک، بەبێ کات ڕوونادات. لە تەکنیکدا کات ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، خێرا یان خاوکردنەوەی کات، بۆ نموونە لە گفتوگۆ و مۆنۆلۆگدا کات خاو دەبێتەوە. (ئەرستۆ ٣٨٤-٣٢٢پ.ز) جیاوازی لەنێوان ڕووداوی ئەدەبی و مێژوویی دەکات، پێیوایە ڕووداوی مێژوویی ڕوویداوە، بەڵام ڕووداوی ئەدەبی مەرج نییە ڕوویدابێت یان دەشێت ڕووبدات. لە کۆتایی ئەم بەشەشدا، بە کورتی قسەمان لەبارەی ڕووداوی ناو ڕۆمان و ڕووداوی مێژوویی ڕاستەقینە کردووە. لە دونیای گێڕانەوەدا ڕۆمانیش جار جارە وەک میراتگری مێژوو دەبینرێت، بەڵام جیاوازتر لە مێژوونووسان ڕۆمانووس وەک نموونەی چیرۆکی "سەگوەڕ" بە زمان و هونەرێکی باڵای ئەدەبییەوە مێژوو دەنووسێتەوە.

* بۆ ئەم وتارە سوود لە چاپی یەکەمی چیرۆکی "سەگوەڕ" وەرگیراوە، مانگی هەشتی ١٩٨٢.

# ڕۆمانی دۆکیومێنتاری چییە؟

دونیای ڕۆمان جگە لەخەیاڵ، پشت بە کۆمەڵێک کەرەستەی دیکەی گێڕانەوە دەبەستێت. لەناو ئەو جیهانە دەوڵەمەندە، ڕۆمانی تۆمارسازیی (دۆکیومێنتاری) گرنگترین بەشی ئەم ژانرەیە. نووسەر بەر لەوەی بڕیاری نووسینی ڕۆمانێک بدا، هەڵبەت ئەو پرسیارەی لەخۆیکردووە، کە دەیەوێ چ بنووسێتەوە. هەموو نووسەرێک دواجار لەبەردەم ئەو پرسیارەدایە، ئاخۆ چ دەنووسێ؟ یاخود دەیەوێت چ بنووسێت. ڕۆماننووس، کە کار لەناو هونەری گێڕانەوەدا دەکا ناکرێ بێوەڵام ئەو پرسیارە بۆ خوێنەر جێبهێڵێ، بێگومان ئەوە ڕاو سەرنج و تێڕوانینێکی وردی توێژەران و ڕەخنەگرانی دونیای ڕۆمانە. هەر ئەوەش وایکردووە ڕۆماننوسان ئەدەبیاتی گێڕانەوە بەسەر چەند جۆرێک لەستایل و شێواز پۆلێن بکەن. جۆرەکانی ڕۆمان زۆرن، ڕۆمانی مێژوویی، ژیاننامەیی، یاداشت، دۆکیومێنتاری. هەموو ئەمانە شێوازگەلێکن بۆ تێگەیشتنمان لە ڕۆمان. ئەو تیڕوانینەش بەشێکە لەو شێوازانەی، کە تێبگەین ئاخۆ ڕۆماننووس چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخی دەقەکەدا دەکا. لێرە خۆم دەپارێزم لە باسکردنی ئەو ڕۆمانانەی، کە مێژوو دەخوڵقێنن. نموونەی وەک ڕۆمانی ١٩٨٤- جۆرج ئۆریۆل ١٩٠٣- ١٩٥٠ز، ڕۆمانی مۆزەخانەی پاکیزەیی - ئۆرهان پاموک ١٩٥٢ز، هەردوو ڕۆمان، لە فەزا گشتییەکەیدا مێژوویەکی تازەی پشت بەستوو بەبنەمای مێژوویی بەرهەم دەهێندرێت. هەر لەبارەی مامەڵەی ڕۆماننووس دەگەڵ ڕاستیی و خەیاڵدا ڕۆمانووسی تورک

پاموک دەڵێت: هەست ناکەم وەک ڕۆماننوسێک بە هێزی خەیاڵ لەبۆشاییەوە بەسەرهاتم خوڵقاندبێت، بەڵکوو وا هەست دەکەم مێژوونووسم و ژیانێکم تۆمارکردووە، کە هەمووومان بەکۆمەڵ تیایدا بەشدارین.[١] باسەکەی ئێمە خوڵقاندنی مێژوو نییە، یاخود مەبەستمان هەوڵە تەوسیقییەکانی ڕۆماننووس نییە، کە بەهۆی ڕوداوو ناوهێنانی کارەکتەرێکەوە بییەوێ مێژوویەک سازبکا، کۆڵینەوەکەی ئێمە ئیشکردنە لە گێڕانەوەی مێژوو وەکخۆی، بەڵام بەتەکنیک و زمان و هونەرێکی باڵای ئەدەبییەوە. لەلایەکی دیکەوە ناکرێ یاداشتەکانی ئاندرێ مۆرروا١٨٨٥-١٩٦٧ز، ئاندرێ مالرۆ ١٩٠١-١٩٧٦ز، کە دوو ڕۆماننووس و مێژووناسی فەرەنسایین نادیدەبگرین[٢].

ئەدەبی گێڕانەوەی ژیاننامەیی "أدب السيرة" ڕەنگە بەهۆی ئەو پۆلێنکارییەی، کە بۆ هونەری ڕۆمانکراوە زۆر نەچێتە ناو خانەی ئەم ژانرەوە، بەڵام بەهۆی تایبەتمەندییەکەی کە هەڵگری هونەرێکی باڵای گێڕانەوەیە و خوێنەرانێکی زۆری هەیە و چێژبەخشیشە، شارەزاییان پییانوایە بەم هۆیەوە ئەدەبی ژیاننامە بەشێوەیەک لەشێوەیەک دەچێتە ناو چوارچێوەی ڕۆمان. هەرچەندە لەبنەڕەتدا ئەو مۆدێلی ژیاننامە نووسینە، نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ ڕۆماندا هەیە، چونکە پەیوەستە بەکات و شوێن و ڕووداوو کارەکتەر و گرێچنەوە. زمانی ژیاننامەییش زمانی گێڕانەوەیە، بۆیە سەرباری

---

[١] ئۆرهان پاموک/ ڕۆماننووسی سادە - ڕۆماننووسی بیرکەرەوە/ بەکوردیکردنی بەکر شوانی، بڵاوکراوەکانی ئەندێشە ، چاپی یەکەم: ٢٠١٦ ل ١٥١.

[٢] سابیر ڕەشید/ ڕۆمانی کوردی - خوێندنەوە و پرسیار، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس- بەشی یەکەم/ چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٧ ل٥٠.

ئەو ڕاســتیەش، بەڵام تــوێژەرانێکیش هەن دژ بەوەن، کە ئەدەبــی ژیاننــامەیی وەک ڕۆمــان ســەیربکرێت، بەڵام لەجەوهەردا دواجــار وەک یەک دیوی ئەدەبیی چاوی لێکراوە. بایەخی ژیاننامە کەمتر نیــیە لە ڕۆمـــان، چـــونکە وەک ســـەرچاوەیەکی مێژوویـــی و دۆکیومێنتــاری ســەیردەکرێ، هەمــیش بەســەرهات و گێــڕانەوەی سەرنجڕاکێشــی تێــدا تۆمــار کــراوە. لێــرەدا لە ڕووی میتــۆدی زانســتییانەی پۆلێنکــاری ئەدەبیــیەوە، جیــاوازییەکی زۆر لەنێــوان ژیاننــامە و یاداشتنووســیندا هەیە، کە زۆر بەکەمــی خــوێنەر ئەو دووانە لێک جیادەکاتەوە. بە کورتی ژیاننامە، پەیوەستە بە دونیای هەموومــانەوە، واتــا نووســەر لەنــاو ئەم مەنــزومەیەدا بەس خــۆی نانووسێتەوە، بەڵکوو وردەکاری ژیانی کەسانیتر و ئەوانی دیکەش باس دەکات، هەموو ئەمانە دەخاتە سەر کاغەز و چاپیان دەکات و ڕاســتەوخۆ هــیچ پێوەنــدییەکی بە ئەوی نووســەرەوە نیــیە. مەگەر لەوکاتانە نەبێ، کە حیکایەت و بەسەرهاتەکەی پێوەندیەکی ئۆرگانی بە دۆخــی کەســێتیی نووســەر هەبێــت. بە پــێچەوانەوە هــونەری یاداشتنووســین، ڕاســتەوخۆ نووســەر دەبینــی لەنــاو ســەبکەکانیدا. گێــڕەوەر هەرچــی تۆمــاریکردووە و بەخەیاڵیــدا بــێ، کە پێوەنــدی بەزاتی خۆیەوە هەبێ دەینووسێتەوە، بەڵام لەهەلومەرجێکی تەواو هونەریــدا. ناشــکرێ هەوڵە ئەدەبیەکــانی "کەریــم کــاکە" و " ڕەفیــق ســابیر" هەتــد..... فەرامۆشــکرێ، کە بە زمــانێکی ئەدەبــی بــاڵاوە یاداشـــتنامەی خۆیـــان نووســـیوەتەوە. لێـــرە ڕۆماننووســـێک، کە ڕۆمانێــک دەنووســێت هەنــدێک جــار بە ئاگــاییەوە حاڵەتەکــانی کەڵەکەبووی نەستی خۆی دەڕژێنێتە نـاو گێڕانەوەی ڕۆمـانەکەی و هەندێ جاریش بەبێ ئاگـاییەوە وێنەکـانی تۆمـاربووی نـاخی یـان کەڵەکەبـووی نەسـتی یـا کەسـایەتی خـۆی دەخـات نـاو کەسـایەتی

پاڵەوانێکی ڕۆمانەکەی، یاخود ڕۆماننووس کەسایەتییەک دروست دەکات، کە ڕەنگە ئەم کەسە و پاڵەوانە چ شاکەس بێت یا کەسایەتی دیکەی لاوەکی، ڕەنگرێژی کەسێکی دیکەی واقیع بێ یا هاوشێوەی بێت. بەو حاڵەوە بەم جۆرە ڕۆمانە ناڵێین ڕۆمانی ژیاننامەیی، بەڵکوو هەر ڕۆمانێکی تەواو تەواوە. ڕەنگە ڕۆماننووس کەسایەتی خۆشی یا کەسێکی دیکە لە پاڵەوانێکی ڕۆمانەکەیدا بەرجەستە بکا و دەمامکی دەدات، ئەمەش لەجەوهەردا هەر ڕۆمانە. توێژەران ئەمەیان وەک (ڕۆمانی دەمامکدراو) پۆلێنکردووە.[١] ناهەقی "جۆن فاوڵزی ١٩٢٦-٢٠٠٥ ز، ڕۆمانووسی ناوداری ئینگلیزی ناگرم کاتێک دەڵێت: هەست بە قێزکردنەوە دەکەم لەو درۆیەی هەر دەبێت ببێت! کە بناغەی ئەدەبی ڕۆمانی ئەندێشەیی پێکدەهێنێت. ئەوەش نزیکمان دەکاتەوە لە قسەیەکی باوی نیچەی فەیلەسوفی ئەڵمانیایی ١٨٤٤- ١٩٠٠ز، کە پێیوایە: ڕۆماننووس گەورەترین درۆزنە. هەروەها نووسەرێکی وەک جێرمی هۆسۆرن ١٩٤٢ز، لە کتێبی **(دەروازەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆمان)** دەنووسێت: ئەم جۆرە ڕۆمانە ئاماژە بەکەسانی ڕاستەقینە و ڕووداوی واقیعی دەکا، بەڵام بەشێوەی داپۆشراوو دەمامکدراو.[٢] ناشکرێ بەو ئاسانییە لە ناو هونەری گێڕانەوەدا دەستبەرداری خەیاڵبین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووس بەتەنها و بەبێ هێزی واقیع ناتوانێ شت بینابکا، چونکینێ بینای ڕۆمان سەرەتا لەسەر واقیع و ڕووداوە مێژوویی و یادەوەریی و ماتریالە دیرۆکییەکان دامەزراوە، کە لەزۆر کاتان بە زمانی خەیاڵ کۆی ئەو بەسەرهات و وێنانە ڕۆماننووس چەشنی

---

[١] هەمان سەرچاوە ل٥١.

[٢] هەمان سەرچاوە ل٥١.

ئەرشیف سازێک، لەسەر کاغەزدا دۆکیومێنتارییان بۆ دەکات. هەرچەندە پێناسەی زۆر جیاواز بۆ ڕۆمان و ئەدەبی گێڕانەوە کراوە، بەتایبەت لەبارەی زمانی گێڕانەوەی ئەدەبیانە و نووسینی مێژووو مامەڵکردن لەگەڵ دۆخی ژیاننامە و یاداشت و تەنانەت لەبارەی ڕۆمانی دۆکیونێنتارییەوە. ڕۆمان لە کورترین ماناییدا: بریتییە لە گێڕانەوەیەکی خەیاڵیی پەخشانییانەی درێژی بەسەرهاتی کۆمەڵێک مرۆڤی دیاریکراو لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا.[١] ڕەنگە گێڕانەوە جەوهەریترین بنەمای شوناسی ڕۆمان بێت، بەڵام بەشی زۆری کتێبە مێژووییەکانیش دەچنە خانەی گێڕانەوە. توێژەران هاتون پۆلێنکارییان بۆ کردوون و بە وان دەگوترێ ڕۆمان و بەمانەش دەڵێن نووسینی مێژوویی. لەلایەکی دیکەوە هونەری گێڕانەوەی دۆکیومێنتاری هەڵگری پێناسەیەکی جیاوازترە: ڕۆمانە مێژوویی و ژیاننامەیی و یاداشتییەکان، گەلێکجار شێوازەکانی گێڕانەوە ئەندێشە (فیکشن) بەکار دەهێنن. هەروەها زۆربەی ڕۆماننووسانی کلاسیک ئەزموونی ژیانی خۆیان وەک ماددەی خاو بۆ نووسین بەکار هێناوە، بەڵام لەو دیو ماسکی کارەکتەر و سەبکەکانیەوە. لەکاتێکدا لەهونەری گێڕانەوەی دۆکیومێنتاریدا نووسەر دوور دەکەوێتەوە لەفەزای گشتی وێنەکە و بابەتیانە و بێلایەنانە، مامەڵە لەگەڵ دۆخی ڕووداو و بەڵگەنامەکاندا دەکات.

بەڕەچاوکردنی زۆرێک کۆڵینەوە لەبارەی دەقی گێڕانەوەدا، بەشێک لەتوێژەران و ڕەخنەگرانی بواری ڕۆمان، تێگەیشتنێکی

---

[١] شاخەوان سدیق/ ئەدەب و گێڕانەوە – گفتوگۆ لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەیبانی کورددا. تێڕوانینی: هاشم ئەحمەد زادەی- چاپی یەکەم: ٢٠٢١ ل١٨.

تازەیـــان بــۆ ڕۆمـــانی نـــوێی (دۆکیومێنتـــاری) بەرهەمهێنـــاوە، کە بەبایەخەوە خـوێنەران دەیخـوێننەوە. ئەمەش لەو بەرە و پێشـچوونە گەرمەوە دەردەکەوێـت، کە بـۆ ڕۆمـانی دۆکیومێنتـاری، یـاخود نـا ئەندێشەیی و یادەوەریی و ژیاننامە کراوە، کە بەکوی گشتی دەچنە خانەی (نەن فیکشن – واقیعی و نا ئەندێشەیی) دەکرێ برەوی ئەو وەرچەرخانە بەرەو ئەدەبی ڕاستی وا بخوێندرێتەوە، کە خوێنەری هاوچەرخ هەست بە ماندوویەتی لە وەهمی ژیـان دەکات و تینووی ئەدەبـــی واقیعیـــیە.[1] ڕەنـــگە لە یەکەم ســـاتدا وا دەربکەوێـــت، دژوازییەک (تناقض) لەنێوان ڕۆمانی ئەندێشەیی و ڕۆمانی هونەری دۆکیومێنتاریدا هەبێت، لەجۆری یەکەمدا دەبینین نووسـەر لەپشت ماسـکی گێـڕەڕەوەی هەمووشـتزانەوە خـۆی مـاتکردووە، کۆمەڵێک تەکنیکـی هـونەریی کلاسـیکی بـۆ هـۆنینەوەی ڕووداوەکـان بەکـار دەهێنێـت، لەگەڵ سـکێچی کەسـایەتییە وەهمییەکـان و وێنەگرتنـی ئەوەی دەیـکەن، هەروەهـا کـۆنترۆڵکردنی زمـانی گفتوگـۆ، هەڵـبەتە هەموویان پێکەوە ڕووبەرێکی بەرفراوان لەپانتـایی گێڕانەوە داگیر دەکەن. هەرچـی نووسـەری هـونەری دۆکیومێنتـارییە، ئەوا خـۆی لە ڕەوتـی ڕووداوەکـان هەڵناقورتێنێت و گشـت شـتێک لە ڕۆمـانەکەدا واقیعـی و ڕاسـتەقینەن. بـۆ تێگەیشـتنیش لەبـارەی چەمکـی ڕۆمـانی هـــونەری دۆکیومێنتـــاری لە ئەدەبـــی کوردیـــدا، هەڵـــبەت وەک چەمکەکەی توێژینەوەی زۆری لەسـەر نەکراوە. هەر ئەوەش ناچار بەوەمـان دەکـات زیـاتر سـەرنج بدەینە دونیـای خۆرئـاوایی، یـاخود خـۆرهەڵاتییەوە تـا بە شـێوەیەکی گشـتی بییـانخەینە بەربـاس و

---

[1] د.جەودەت هۆشـیار/ ڕۆمـان لەنێـوان ئەندێشــە و واقیعـدا- بەکـوردیکردنی سەباح ئیسماعیل، چاپی یەکەم: چاپخانەی دەزگای سەردەم ٢٠٢٠ ل ٢١.

کۆڵینەوە. ئەمەش وەک تیشکخستنە سەر بابەتیانەی چەمکەکە، نەک بچینە ناو وردەکاری دونیای ئەدەبی دۆکیومێنتارییەوە. هەرچەندە ئەو چەمکە چ لە ڕووی ماناوە، چ لەبارەی پراکتیکییەوە لەنێوان خۆرئاوا و خۆرهەڵات زۆر جیاوازە، بەڵام ئەوان خاوەن میراتێکی دەوڵەمەندن لەو بوارەدا. سەرەتای دەرکەوتنی ئەم مۆدێلەش بۆ ڕۆمانی (**کۆکۆژی**)یەکەی ڕۆماننووسی ئەرژەنتینی ڕۆدۆڵفۆ واڵش ١٩٢٧-٢٩٧٧ز، دەگەڕێتەوە، کە ساڵی ١٩٥٧ نووسیویەتی. بیرۆکەی ڕۆمانەکەی، لەتاوانێکی ڕاستەقینەی کوشتن وەرگرتبوو. هەرچەندە ئەو هونەرە جاربەجار بەردیدی خوێنەران دەکەوت، بەڵام توێژەران و ڕۆمانناسان دانیان پێدانەدەنا تا ساڵی ١٩٦٥، کە ڕۆمانی بە (خوێنساردییەوە) ی نووسەری ئەمریکایی ترۆمان کابۆتی ١٩٢٤-١٩٨٤ز، بڵاوکرایەوە، ئیدی بە شەوقەوە چاویان لەو هونەرەکرد. دوای ئەزموونی سەرکەوتووانەی کابۆتی، زۆرێک لە ڕۆماننووسانی ئەمریکیی و ئەوروپاییەکان ئەم ڕەگەزە ئەدەبییەیان تاقیکردەوە، نموونەی وەک هەنتەر تۆمسۆن ١٩٣٧ – ٢٠٠٥ز، لە ڕۆمانی (**دۆزەخی فریشتەکان**) کە لە ساڵی ١٩٦٦ چاپکراوە. نۆرمان میلەر ١٩٢٣ – ٢٠٠٧ ز، لە ڕۆمانی (سوپاکانی شەو) کە لە ساڵی ١٩٩٨ بڵاوبۆتەوە، کە باشترین ڕۆمانی نووسەرە و لەسەری بەرزترین خەڵاتی ئەدەبیی (پۆلیتزەر)ی ئەمریکای پێوەرگرت. ئەمەش "کابۆتی"ی تووڕە کرد، چونکێ ڕۆمانی (**بەخوێنساردییەوە**) بەشایەدی ڕۆژگار، گەلێک لەڕۆمانی (**سوپاکانی شەو**) چاکتر بوو. هەروەها نموونەی تۆم وڵف ١٩٣١ – ٢٠١٨ ز، مان هەیە خاوەنی ڕۆمانی (**پشکنینی کارەبایی ترشی فریاکەوتنی سارد**)ە کە لە ساڵی ١٩٦٨ چاپکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووسێکی وەک سۆڵجنیتسن ١٩١٨ – ٢٠٠٨ز، ڕۆمانی (**دوورگەکانی کۆڵاگ**)ی بڵاوکردۆتەوە.

ئەم جـۆرە لە هــونەری ڕۆمانــانە، کە پێــی دەگوترێــت ڕۆمــانی دۆکیومێنتـاری دیـاردەیەکی تیـژپەڕ، یـاخود کـاتی نەبـوو، چـونکە ئەوەتـا ئەمـڕۆ دەبینـین بە تونـدی پێشـبڕکێی ڕۆمـانی ئەندێشـەیی دەکەن.[1] ئەمـڕۆکەش بە گشـتی لە ئەدەبـی کوردیـدا ڕۆمـانگەلێکی هونەری دۆکیومێنتاری بە مانـای وشـەی ئەو چەمکە و بەو مۆدێل و شوناســەی، کە لە ئەدەبـی جیهانیـدا بـوونی هەیە، بەداخەوە لە دونیـای گێـڕانەوەی کوردیـدا نیـیە. مـافی خۆمـانە بپرسـین بـۆ نووســەران پەنــا بــۆ مــامەڵەی هــونەری گێــڕانەوەی واقیعــی (ڕیالیسـتیانەی) بـابەتە ئەدەبییەکـان دەبەن؟ بەمانـایەکی دیکە بۆچی دەمــانەوەی لە دووری ئەندێشــە و خەیـاڵەوە ڕۆمـان بنووسـین؟ کاتێــک نووســەر دەســتبەرداری خەیــاڵ دەبــێ، بــۆچی ئەوەی دەینوسـێت نـاوی دەنـێ ڕۆمـان؟! بـۆچی نـاوی لێنـانێن ژیاننـامە، یاداشت، یاخود دانپێنان هتد.... وەک لە کتێبی (دانپێنـان)ەکەی جـان جاک ڕۆسۆ ۱۷۱۲ – ۱۷۷۸ز، بینیمان. ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت لەنـاو ڕۆمانـدا دەسـتکراوەتر بیـت و توانـای تەوزیفکردنـی هەمـوو شــــتێکت هەیە. لەگەڵ ئەوەشــــدا دەبــــێ ئەو پرســــیارەش لە ڕۆماننووسی بواری دۆکیومێنتاری بکەین، بۆچی پەنا بۆ ئەو ژانرە دەبـات، لەکاتێکـدا دەتـوانێ بەو شـێوازی نووسـینێکی سـەربەخۆ، لیکــۆڵینەوە، بەدواداچــوون، هتــد... بیــرۆکە و زانیارییەکــانی بنووسـێتەوە. کـاتێکیش پەنـا بـۆ ئەو ڕەگەزە دەبـات، دەکـرێ لێـی بپرسـین دەتەوێ چ شـتێکی مێـژوو تۆمـار بکەیـت، چ لایەنێکـی ئەو ڕووداوە بزرە و بەنهێنـی مـاوەتەوە، کە تـۆ هـان دەدات بە شـێوەی ڕۆمان بینووسییەوە، چونکە نـاکرێ تـۆ پێت وابـێ دواجـار بـابەتی

[1] هەمان سەرچاوە ل ۲۲ ل۲۷.

دۆکیومێنتارییە. کەرەستەی دۆکیومێنتاری بنەما و خاسیەتی تایبەت بەخۆی هەیە، هەرچەندە سەرەتا نووسەر دەبێ ئەوەمان بۆ ئاشکرا بکات بۆ نموونە باسی چ کارەساتێک دەکا، یاخود چ تاوان و بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە. پێویستە نووسەر پێمان بڵێ من جیاوازتر لەوانی دیکە لەو کەیسە دەنوارم و چەندان شت هەیە لەو کەیسەدا باسنەکراوە و من باسی لێوە دەکەم. بۆنموونە لە کیمیابارانی هەڵەبجە و پرۆسەی ئەنفال و ڕاگواستندا، چ شتێک بەنهێنی ماوەتەوە تا تۆ بێیت بیدرکێنی و تۆماری بکەیت، یاخود چ بەڵگە و دۆکیومێنتێکت پێیە، کە لەپێشتردا لەسەر ئەو بابەتە بڵاونەکراونەتەوە، تا تۆ شتی تازە بخەیتە سەر کاغەز، ئەوە بۆ هەموو کەیس و بەسەرهات و کارەساتەکانی دیکەیش ڕاستە. بە بۆچوونی من ڕۆمانی دۆکیومێنتاری هەڵگری فەلسەفەیەکی تایبەت بە بوارەکەی خۆیەتی، هەر ئەوەش جیایکردۆتەوە لە ڕەگەزەکانی دیکەی گێڕانەوە. نموونەی ڕۆمانی (**حیکایەتەکانی باوکم**)ی فەرهاد پیربالمان لەبەر دەستدایە، کە بەتەواوی ناچێتە ناو خانەی ڕۆمانی دۆکیومێنتارییەوە، بەڵام پڕییەتی لە بابەتی مێژووی تایبەت بە سەردەمی عوسمانییەکان و جۆری ژیانی خەڵک، لە شاری هەولێردا. دەستپێکی ڕۆمانەکەی بەوە دەست پێدەکاو دەنووسێت: من لەوەتەی هەم و بەبیرم دێ هەولێر شەڕی تێدا نەبڕاوەتەوە. ئەو جوملەیە خۆی هەڵگری فەلسەفەی دۆکیومنتاریە، چونکە پرسیار دروست دەکات و سەرنجت ڕادەکێشی بۆ ئەوەی لەو پێناسەیە دڵنیابی ئاخۆ بە درێژایی مێژوو تا ئەمرۆکە، شاری هەولێر شەڕی لێ نەبڕاوەتەوە؟ کەواتە خوێنەر دەبەستێتەوە بە هۆشیارییەک، کە بتوانێ سەرچاوەی باوەڕپێکراو بۆ سەلماندنی ئەو پێناسە دەست بخات. ئیشی ڕۆمانی دۆکیومنتاری و

خستەڕووی پرسیار لەسەر شتانێک، کە هانی ئەوانی دیکە بدات بۆ سەلماندنی مێژووەکە بەڵگە بهێنێتەوە. لە کۆتایی ڕۆمانەکەشیدا فەرهاد دەڵێت: ژیان گشتی دەردی سەرە.[1] لەلایەکی دیکەوە ناکرێ ڕۆمانی (**داگیرکردنی تاریکی**)یەکەی بەختیار عەلی[2] نادیدە بگرین. بەختیار هەر لە لاپەڕی یەکەمی ڕۆمانەکەیدا پێمان دەڵێت: "عیسمەت ئۆکتای" لەچەقی شارۆچکەی "نوشەهیری" ناوەڕاستی ئەنادۆڵ ی باکوری کوردستان، بەیانییەک لەخەو هەڵدەستێت و زمانی تورکی بیرچۆتەوە و بەزمانێکی نوێ قسە دەکا، کە زمانی کوردییە. ئایە ئەوە هیچ گرێ و پێچ و پەنایەکی تێدایە؟ بەڵام برۆ ڕۆمانەکە بخوێنەوە، بزانە چ حەشرێک بە هونەری گێڕانەوە دەکات و چۆن چۆنی خوێنەر دەبەستێتەوە بە جیهانێکی ئاڵۆز و لەم لاوەش دونیایک گرێی دیکەت بۆ بەرهەم دەهێنێ. بەختیار بارتەقای سەلیقەی لەهونەری گێڕانەوەدا، بەڵکوو زیاتریش کار لەسەر ئایدیا و میتۆدەکان دەکات، بۆ نموونە لەو ڕۆمانەدا فەلەسەفەی (کۆیلە و دەرەبەگ)ی "هیگڵ ١٧٧٠-١٨٣١" وەردەگرێت و لە دونیای ڕۆماندا تەوزیفیان دەکاتەوە. بەختیار لەو ڕۆمانەدا زۆر بەوردی لە ڕێگای کارەکتەری "عیسمەت ئۆکتای" مێژوویەکی خوێناوی دەوڵەتی نەتەوەپەرستی تورکیامان بۆ تۆماردەکات، ئەویش ئیشکردنە لەسەر دوو چەمک ئایدیای قەدەغەکردنی زمانی کوردیی و ماتریال و کەرەستەی سڕینەوەی نەژادی کورد لەو وڵاتەدا. لەهەردوو باردا ڕۆماننووس بە تەکنیک و هونەرێکی باڵای گێڕانەوە ئیش لەسەر

[1] فەرهاد پیربال/ حیکایەتەکانی باوکم- ڕۆمان ، چاپخانەی شڤان/ سلێمانی ٢٠٠٨.

[2] بەختیار عەلی/ داگیرکردنی تاریکی -ڕۆمان ، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، چاپی یەکەم: ٢٠٢٠.

ئەو دوو کەیسە دەکات و نووسەر بۆ یاداشتکردنی ئەو مێژووە بە زمانی ڕۆمان، پشت بە دونیایەک دۆکیومێنت و سەرچاوەی باوەڕپێکراو دەبەستێت. لەو جۆرە گێڕانەوەدا نووسەر کات و شوێن و ڕوودا و بەسەرهات و ناوەکان وەکخۆی دەهێنێ، تا تامی گێڕانەوەکە واقیعی بنوێن و خوێنەر نەباتەوە ناو خەیاڵ، مەگەر لە زمان و تەکنیک و هونەری گێڕانەوە نەبێت، کە نووسەر مافی خۆیەتی بۆ جوانکردن و چێبەخشینی بە خوێنەر ڕۆماننووس پەنا بۆ خەیاڵ ببات. نموونەی ڕۆماننووسێکی وەک "میران ئەبراهام"یشمان هەیە، کە ڕۆمانێکی لەسەر (جەلالی میرزا کەریم) نووسیوە.[1] ڕۆماننووس هەر لەسەرەتاکانی لاپەڕەی دەستپێکی کتێبەکەیدا، بە ئیمزای خۆی نووسیویەتی: پێشکەشە بەو کەسانەی ڕاستی ئەڵێن. لێرە بەر شتێکی جیاواز دەکەوین، کە میران لە ڕێگەی ئەو گێڕانەوەیدا لەسەر (جەلالی میرزا کەریم) دەیەوێ شتێکمان پێمان بڵێت: ئەویش درکاندنی کۆمەڵێک ڕاستییە. کەواتە لەدنیای جەلالی میرزادا کۆمەڵێک نا ڕاستیی گوتراوە، بۆیە ڕۆماننووس دەیەوێ بۆمان ڕاست بکاتەوە، بەو مانایەی هەر کتێب و وتار و دەستنووس و گێڕانەوەیەک، کە لەپێشتردا لەسەر ئەو کەسایەتییە نووسراوە، وەک پێویست ڕاستییان نەگواستۆتەوە، بۆیە ڕۆماننووس دێت بە ژانرێکی جیاوازتر و لەچوارچێوەی هونەری گێڕانەوەی دۆکیومێنتاریدا، جارێکی دیکە سیاغەی ئەو کەیسە دەکاتەوە. دەتوانین بڵێین هونەری ئەو ڕەگەزە، لەناو ژانری فراوانی ڕۆماندا هەر ئەوەیە. میران لەو ڕۆمانەدا بە وێنەیەکی سارد و تەماوی دەست پێ دەکات و دەنووسێت: لەنیوەشەوێکی

---

[1] میران ئەبرهام/ خانەقای میرزا- ڕۆمان ، چاپ: ٢٠٢٣.

ڕۆژی هەینی مانگی یەکەمی زستانی ساڵی ١٩٣٥دا، لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەوە هەورێکــی ڕەش بەئاســمانی شــارەوە نووســابوو.[١] بەو مانـایەی بەسـەرهات و ڕووداوەکـانی نـاو ژیاننـامەی جەلای میـرزا پڕییەتـــی لە تەم و مـــژو و نادیـــار، نادیارێـــک پێویســـتی بە ڕۆشـــنکردنەوە و گــوتنی ڕاســتییەوە هەیە. ڕاســتییەک، کە پەردە لەسـەر کۆی ئەو شـتانە هەڵماڵێ بـوونەتە هـۆی نەناسـینەوەی ئەو کەسـایەتییە، یـاخود بـوونەتە هۆکارێـک تـا وەک پێویسـت ئەو کارەکتەرەی نـاو مێژوو نەناسـین. لێرەدا ڕۆمـاننووس ئەو ئەرکەی دەکەوێـتە سـەر شـان تـا ئەو شـتەمان پـێ بڵێـت، کە کەسـی دیـکە نەیگوتـووە. دەبـێ ئەو خـاڵە جەوهەرییەمـان نیشـان بـدات، کە وەک گرێیەک ماوەتەوەو ئەوی نووسـەر بە زمـان و هـونەر و شـێوازێکی تـازەوە دێـت دەیکـاتەوە. خـۆی لە خۆیـدا هەر هـونەری ڕۆمـان و گێـڕانەوە، بەتـایبەت لە دونیـای ڕۆمـانی دۆکیومێنتاریـدا کـردنەوەی گرێکـانە بـۆ خوێنەرانێـک، کە ئەو گرێیـانە لەنـاو مێـژوودا نـابینن. نووســـەر لەم ڕۆمانەیـــدا نـــاوی دونیـــایەک کـــارەکتەر وەکخـــۆی دەهێنێت، هیچ ناوێکی خوازراوی بەکار نەهێناوە. مێژووی ڕوودا و بەســەرهاتەکان بە گـوێرەی تەکنیکـی تـازە و هـونەری گێـڕانەوەی سەرنج ڕاکێش کاری لەسەر ئەو کەسایەتییەو کۆی سەبکەکانی نـاو ئەو مێژوودا کردووە.

لە کۆتایی ئەو وتارەدا دەتوانین بڵێین کورد توانیویەتی مـامەڵە لەگەڵ دۆخی ڕۆمانی دۆکیومێنتاریدا بکا، بەڵام بەو هەلو مەرجە نـا، کە دونیای زانستییانەی پرۆژەی دۆکیومێنتـاری ئەدەبی و نەتەویـی داوامان لێ دەکات.

---

[١] هەمان سەرچاوە ل١٣ .

# بۆ ڕۆمان دەنووسین:

## گفتوگۆیەک لەبارەی ئەدەبی گێڕانەوە لەناو کورد

**پێشگوفتار:**

هونەری ڕۆماننووسین جگە لە فۆرم و تەکنیک، جگە خەیاڵ و زمان و ئایدیاکەی، پشت بە کۆمەڵێک ماتریالی دیکەی گێڕانەوە دەبەستێت، بۆیە نووسەر بەر لەوەی بڕیاری نووسینی ڕۆمانێک بدا، هەڵبەت ئەو پرسیارەی لەخۆیکردووە، کە دەیەوێ چ بنووسێتەوە. هەموو نووسەرێک دواجار لەبەردەم ئەو پرسیارەدایە، ئاخۆ چ دەنووسێ؟ یاخود دەیەوێت چ بنووسێت. ڕۆماننووس کە کار لەناو هونەری گێڕانەوەدا دەکا، ناکرێ بێوەڵام ئەو پرسیارە بۆ خوێنەر جێبهێڵێ. بێگومان ئەوە ڕاو سەرنج و تێڕوانینێکی وردی توێژەران و ڕەخنەگرانی دونیای ڕۆمانە کە وادەکا نووسەر، هەمیشە ئەو پرسیارەی لەخۆی بکات. هەر ئەوەش وایکردووە ڕۆماننناسانی جیهانی ئەدەبیاتی گێڕانەوە بەسەر چەند جۆرێک لەستایل و شێواز پۆلێن بکەن. جۆرەکانی ڕۆمان زۆرن، ڕۆمانی مێژوویی، ژیاننامەیی، یاداشت، دۆکیۆمێنتاری. هەموو ئەمانە شێوازگەلێکن بۆ تێگەیشتنمان لە ڕۆمان. ئەو تیڕوانینەش بەشێکە لەو شێوازانەی، کە تێبگەین ئاخۆ ڕۆماننووس چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخی دەقەکەدا دەکا.

**ڕۆمان و شیعر**

پێش ئەوەی لەناو نووسەرانی کورد، قسە لەسەر دۆخی ڕەهەندە تەکنیکیی و هونەریەکانی گێڕانەوە بکەم. باشترە ئاوڕێکیش لەو میراتە ئەدەبیەی خۆشمان بدەینەوە، کە بۆمان

جێماوە. لەیادی مەکەن مێژووی ئەدەبیاتی ئێمە بە زارەکیی زیاتروو بە نووسراویش لە چەند سەدەیەک تێپەڕ ناکا، کەوایە مامەڵەی ئێمە لەگەڵ دەقی نووسراودا مێژوویەکی هێندە دوور نییە. ئەوەی بەرهەمیش هاتووە بە شێوەیەکی گشتی هەمووی شیعر و پەخشان و لاواندنەوە بووە، بۆیە ئاساییە کاریگەری ئەو میراتە بەسەر ڕۆماننووسی کورد ببیندرێ، بەڵام پرسیارەکە ئەگەر بەو جۆرە بکەین و بڵێین: بۆچی ڕۆماننووسی کوردی نەیتوانیوە لە ناو ڕۆماندا خۆی لەو پەتای زمانی شیعرییە بپارێزێ؟ ڕەنگە پرسیارەکە بەو جۆرە بکرایە یارمەتی دەداین تا لەو نیگەرانیانەی خوێنەر نزیک ببینەوە، کە دەرهەق بە ڕۆماننووسی کورد هەیانە. ناکرێ ئەوەشمان بیر بچێتەوە و بڵێین ئەو دیاردەیە بە زۆری تەنها لەناو ڕۆماننووسی کورد بوونی هەیە، کە لەزۆر کاتدا زمانی شیعری زاڵە بەسەر ڕۆمانەکەیدا. لەهەمانکاتیشدا ناکرێ ئەو میژووەش نادیدە بگرین، کە یەکەم ڕۆمانی بەرهەم هێناوە و بە تەواوی بە زمانێکی شیعری نووسراوەتەوە. ڕۆمانی "**کەری زێڕین**"ی لۆکیوس ئەپۆلیوس ١٢٥ – ١٨٠ز، کە فەیلەسوفێکی ئەمازیغییە، داستانەکەی بەشێوەیەکی پەخشان نووسراوە. ئەمەیان وەک یەکەم ڕۆمانی جودا لەوانی دیکە، بە فۆڕمێکی جیاوازتر لەوانی پێشوو نووسرایتەوە، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی "سێرڤانتس" دەبینین لە ڕۆمانی "**دۆنکیشۆت**" دا، کە ساڵی ١٦٠٥ز، نووسراوە گۆڕانێکی جەوهەری بە دونیای ڕۆمانووسین دەدات. بیریشمان نەچێ جگە لە زمانی شیعری شێوازی دارشتنی داستان ئامێز، هەمیشە زاڵبووە بەسەر ڕۆماندا. نووسەری کورد "عەلی عوسمان یەعقوب" لە کتێبی ڕۆمان – **ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرە ڕەهەندەکان**، ئاماژە بە پەرتووکێکی "فرانکۆ مۆریتی" دەکات بەناوی (**داستانی سەردەم**) دەڵێت: ڕۆمانە بەناوبانگەکانی وەک

(**یۆلیسیس وسەد ساڵ تەنیایی**) لە بنچینەدا داستانن و بەهەڵە بە ڕۆمان ناوزەندکراون. کەوایە ئەو گرفتە گرفتێکی جیهانییە، بەڵام بەدیویێکی ئەدەبیی و زانستییەوە پێش ئەوەی کێشەی ڕۆماننووسانی جیهانی بێت. گرفتی ئێمەی ڕۆماننووسی کوردە، کە بۆچی بەم زمانە شیعرییە ڕۆمان دەنووسین؟ گرفتەکەیش پێوەندی بەو دۆخەوە هەیە، کە شێوازی مامەڵەی ئێمەی لەگەڵ دەقدا بەرهەمهێناوە. دونیای ئەدەبی ئێمەش بەراورد بە گەلانی دیکە دوور بووە، لەبەرهەمهێنانی ڕۆمان وەک کەرەستەیەکی پێشکەوتووی جیهانی بۆرژوایی، کۆمەڵگە نەریتییە نا پیشەسازییەکان و کشتوکاڵیەکان درەنگ دەستیان بە گێڕانەوە گەیشت. دەتوانین داستانی "**مەم و زین**"ی ئەحمەدی خانی ١٦٥١ – ١٧٠٦ز، بەیەکەم داستانە شیعری کوردی ناوببەین، بەڵام ناتوانین وەک هونەری گێڕانەوەی تەواو ڕۆمان ئامێز بیخۆێنینەوە، چونکە لە جەوهەردا هەڵگری ڕەگەزی ڕۆمان نییە. لەلایەکی دیکەوە نموونەی وەک ئەحمەد موختار جاف ١٨٩٨ – ١٩٣٥ز، مان لەبەر دەست دایە، کە یەکەم بەریەککەوتنی لەگەڵ هونەری گێڕاناوەدا لە ڕۆمانی "**مەسەلەی ویژدان**"ەوە بۆ دروست دەبێت، کە لەنێوان ساڵانی ١٩٢٧ – ١٩٢٨ز، نووسیویەتیی و لە کۆتایی ساڵانی هەفتای سەدەی بیست چاپ دەکرێ، بەڵام کورد لە پێشتردا ڕۆمانی "**شڤانێ کورمانجا**"ی عەرەبی شەمۆ ١٨٩٧ – ١٩٧٨ز، ی خوێندووەتەوە کە لە ساڵی ١٩٣٥ز، بە پیتی ڕوسی چاپکراوە. پاشان ڕۆمانی "**پێشمەرگە**"ی ڕەحیمی قازی، کە ساڵی ١٩٦١ز، شاری بەغدا چاپ دەبێت. بەرە بەرە خوێنەری باشور، بەتەواوی ئاشنا بە هۆنەری گێڕانەوە دەبێت. دوای ئەو "**ژانی گەل**"ی ئیبراهیم ئەحمەد دێت، کە ساڵی ١٩٥٧ز، دەینووسێ و ساڵی ١٩٧٢ز، چاپکراوە. ئەگەر بمانەوێت تەسنیفێکی گەشەکردن و نوێبوونەوەی ڕۆمانی

کوردیش بکەین، سەرەتای ساڵای ١٩٨٠ تا ١٩٩١ز، نووسەرانێکی وەک: محەمەد موکری، حوسێن عارف، عەزیزی مەلای ڕەش، حەمە کەریم عارف، سەڵاح عومەر، شێرزاد حەسەن، کاروان عەبدوڵڵا، د. نافع ئاکرەیی، حوسام بەرزنجی، عەبدوڵڵا سەراج و هتد..... دروست دەبن و چەند ڕۆمانێک لە شاخ و شار بڵاودەکەنەوە. لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکانیش شێرکۆ بێکەس دیوانی (**خاچ و مارو ڕۆژ ژمێری شاعیرێ**) بڵاو دەکاتەوە و ناوی دەنێت "**ڕۆمانە شیعر**". ئەو نەفەسە شیعرییەی شێرکۆ کاریگەری بەسەر هەندێک ڕۆماننووسی کورد داهێناو ئەوانیش دوای ئەو کە ڕۆمانیان نووسی، زمانێکی تەواو شیعرییان بەکارهێناو دەرگایەکی خراپیان بۆ ڕۆمانووسانی پاشخۆیان کردەوە! ڕۆمانەکانیان بەزمانێکی تەواو شیعریی و دروستکردنی وێنە و وروژاندنی خەیاڵی خوێنەر دەڕازاندەوە و کەمترین دیالۆگ و ڕووداوی تێدابوو، زیاتر دروستکردنی وێنەی شیعری بوون. لە کۆندا تەکنیک و زمانی ڕۆمانی کوردی یەک شێواز بووەو جگە لە هەندێکیان نەبێ، کە جیاواز نووسیویانە، بەڵام دوای ئەو ماوەیە کۆمەڵێک ڕۆماننووس ڕۆمانەکانیان چاپ دەکەن، لە ڕووی فۆڕم و زمانەوە هونەری گێڕانەوەیان جیاوازە لەوانی دیکە. دەتوانین بڵێین زاڵبوونی زمانی شیعری بەسەر ڕۆماننووسی کورد، بە تەواوی لەو قۆناغە دەردەکەوێت. ئەو تەوژمەش، لەسەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠ دەست پێ دەکات. دەتوانم بڵێم لە ڕۆمانە سەرەتاییەکانی وەک: **مەرگی تاقانەی دووەم ، دواهەمین هەناوی دونیا ، شاری مۆسیقارە سپییەکان** ی "بەختیار عەلی"یەوە فۆڕم وەردەگرێت و لای بەشی زۆری ڕۆمانووسە گەنجەکانی دوای ئەو بەتەواوی ڕەنگ دەداتەوە.

## شاردنەوەی گرێ لە ڕۆماندا

چەمکـی (گـرێ) جـگە لە پێناسـە ئەدەبـیەکەی، کە مانـایە بـۆ بەستنەوەی ڕووداوی ناو ڕۆمانەکە بەیەکتریەوە. بەمانایەکی دیکە، دروسـتکردنی خەتـی بەیەکەوە گرێـدراوی نـاو گێـڕانەوەکەش دەگەیەنێـت. واتە نووسـەر بەهـۆی گێـڕەوەر و سـەبکەکانییەوە، فەزایەکی تۆکمە دەسازێنێ، بۆ ئەوەی دەزووی پێکەوە گرێدراوی چیرۆکەکـانی لەگەڵ یەکتـری نەپچڕێـت. هەرکـاتێکیش نووسـەر ویستی ئەو دەزووە باریکە لە خوێنەر ون بکات و وەک خۆی پێی نەداتەوە، فەزای ڕۆمانەکە تێک دەچێت. ئەو کارەش دەکرێت و هیچ کـوفریش نیـیە، بەڵام تـا ئەو شـوێنەی لەچوارچێـوەی هـۆنەری گێڕانەوەکە دەرنەچێ و جوانی کەرەستەی بەیەکەوە بەستانەوەکەی لەدەسـت نەدات. هەرکاتێـک نووسـەری ڕۆمـان یـاری بەهەسـتی خـوێنەرکرد و بەنـاوی پاراسـتنی گرێـی نـاو ڕۆمـانەکە شـتی لە خـوێنەر شـاردەوە، ڕەنـگە خـوێنەر لەوە خـۆش نەبێـت و ئیـدی دەستبەرداری خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بێت! چۆن وابکەین خوێنەر بێـزار نەکەیـن و ئـازاری هەسـتەکانی نەدەیـن، بەوە دەکـرێ خـۆت لەفریودانی خوێنەر بپارێزە. هەر خوێنەرێک هەستی بە فریودانکرد، ئیدی نـاتخوێنتەوە. بۆ ئەوەی وانەبین، دەکرێ پلۆت و گرێیەکـانی نـاو ڕۆمـان هێنـدە بە نـا دیـاری بمێنـنەوە، تـاکوو زیـاتر چێـژ بە خوێنەربداو جوانی بە ڕۆمانەکە ببەخشێت. پێناسەی (**گرێ**)ش وەک خـۆی تـا ئیسـتا بەزانسـتی نەکـراوە، هەر تـوێژەر و ڕەخنەگرێـک بەجۆرێـک لێکیـداوەتەوە. چەمـکەکە خـۆی مانـای زۆر هەڵـدەگرێ، زۆرکـاتیش چەمـکە ئەدەبیەکـان لەنـاو پراکتیکـدا مانـای دروسـتر وەردەگـرن. نووسـەر خـۆی دەزانـێ، چـۆن چـۆنی مـامەڵە لەگەڵ (گرێ)ی نـاو ڕۆمانەکانیدا دەکـات. ناشـێ نووسـەربیت و ئاگـات لەو

چەمکــــانە نەبــــێ، چــــونکێ جەوهەری ڕۆمــــان دوای "ئایــــدیا و ماتریالەکـانی" پلۆتەکـانێتی، کە نووســەر بە چ شـێوازێک مامەڵەیـان لەگەڵـدا دەکـات. شـاردنەوەی (**گـرێ**) کـانیش تـا ئەو شـوێنەی، کە جوانی بداتە ڕۆمان دروستە. نووسەریش مافی خۆیەتی ئەو یارییە دەگەڵ خــوێنەردا بکــا. تەکنیــک و فــۆڕم و زمــانی گێــڕانەوە بــۆ نووسەری ڕۆمان، سەنگی مەحەکی سەرکەوتنەکانییەتی.

بەلای منەوە (**گرێ**) ئەو دۆخە شڵەژاوەیە، کە نووسەر دەرمـانی دەکـات و فەزا دەروونیـیەکەی ڕێـک دەخـات. نووســەر لەنـاو ئەو دونیــایەدا ڕۆڵــی کــۆکردنەوەی مــاهییەتی چیرۆکەکــان دەبینــێ. بەدیوێکی تر، بوونی (**گرێ**) ئەگەر بۆ ڕۆمان بەهـای خۆی هەبێ، چــاودێریکردن و بەیەکەوە لێــک دانیــان زیــاد لەوە بەهــا دەداتە ڕۆمـانەکەش. دەکـرێ لەهەنـدێ جـێگەدا وەک مەتەڵ مـامەڵ لەگەڵ "**پلــۆت**"دا بکــرێ، بەس نــاگونجێ خوێنەرانــت بێــوەلام بەدیــار ڕۆمانەکەت جێبهێڵیت.

بـۆ زیـاتر ئاشـنابوونمان بە جەوهەری ئەو بـابەتە، پـێم باشـە سـەرنجتان بـۆ تێگەیشـتنێکی نووسـەری ئەمریکـایی "وایـن بـۆس" ڕابکێشـم. ئەو پێیـوایە نووســەر لەنـاو تێکسـتدا بە هـۆی کۆمەڵێـک گرێــوە، کە وەک تەونــی جاڵجــاڵۆکە بەدەوری ڕۆمانــدا دروســتی دەکـات، لەنـاو دەقـدا ڕەسـمی خـۆی وێنـا دەکـا و لەتەک ئەوەشـدا وێــنەی خــوێنەر لە نزیــک گێــڕانەوەکەی دادەتاشــێت. شــێوەی خوێنەرێک لەتەنیشت خودی دووەمـی خۆیدا، بە فۆڕمێکی جیاواز بونیــاد دەنێــتەوە. بە دیــوێکی دیــکەوە دەنووســێت: مەزنتــرین خوێنـدنەوەی دەق ئەوەیە هەردوو خـودەکە، خـوێنەر و نووسـەر- کــارەکتەرە ڕاســتەقینە و دروســتکراوەکە پــێکەوە هەڵــبکەن و بگـونجین. هەڵـبەتە زۆریـش کەم ڕوویـداوە نووسـەری ڕۆمـان بـێ

ڕاناوی کەسی یەکەم شتێک بگێڕێتەوە، ئەوەیان مەگەر لە ڕۆمانی "**لۆلیتـــا**" بەرچاومـــان بکەوێـــت و نووســـەرێکی وەک "ڤلادیمێـــر نـــابۆکۆڤ" توانـــای ئەو هـــونەرەی هەبێـــت. ناشـــکرێ کارەکـــانی "**فـۆکنەر**"یـش نـا دیـدە بگـرین و پێمـان وابـێ، ئەسـتەمە بـێ پلـۆت توانیبێتی چیـرۆکەکە بگێـڕێتەوە. بـاوەڕپێکراویش نییە هەر هەمـوو چیرۆکەکـانی فـۆکنەریش بە هـی نووسـەر بزانـێ، مانـای وایە ئەو کەسـە هێشـتا لە دونیـای ڕۆمـان نەگەیشـتووە!؟ کەوایە لە هـونەری گێڕانەوەدا گرێ هەیە، گرێیەک نووسـەر ئـالۆزی دەکات و خـوێنەر دەیکـاتەوە یـان نووسـەر پەرتـی دەکـات و خـوێنەر گرێـی دەداتەوە. "کـاروان کاکەسـوور" لە ڕۆمـانی (**ئـای لەڤیلیـا لەڤیلیـا** و **کەنـاڵی مەیمونە چەکدارەکان و ڕێبەنێکی سوور** و **ملپێچێکی ڕەش**)، ئەم شێوازەی بەکارهێنـاوە. سـەرەتایەکی ئـالۆز بە جۆرێـک، کـارەکتەری زۆر لاوەکی دروسـتی دەکـا، بەڵام دواجـار ئەو کـارەکتەرە لاوەکییە دەبێتە پاڵەوانی ناو ڕۆمـانەکە و گرێـی دیکە دەخولقێنێت. جیـاوازی هونەری گێڕانەوەی کاروان لەوەدایە ڕووداو وەک "**پلۆت**" گرێی ناو ڕۆمـانەکە مـامەڵەی لەگەڵـدا ناکـات، بەڵکـوو دێـت خـوێنەر ناچـار بە دروسـتکردنی ئەو گـرێیە دەکـا، لە زهنـی خۆیـدا. لەلایەکـی دیـکەوە کاتێک سەیری ڕۆمانی "شار"ی حوسێن عـارف دەکەیـن، دەسـتپێکی گێڕانەوەکە بە دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ جیهـانی نـاوەوە و دەرەوەی مرۆڤەکـان دەسـت پـێ دەکـا، کە سـەرەتای چیرۆکەکـانی چـاو لـێ دەکەی هەست ناکەی هیچ گرێیەک هەبێ، بۆ ئەوەی ڕووداوەکـانی ناویەوە بەیەکەوە ببەستێتەوە. ئەمەش لە ڕۆمانی جیهانیدا بەتایبەت لە ڕۆمانەکانی "جیمس جویس"دا هەستی پێدەکرێ چیرۆکەکانی وا خۆی دەردەخا کەوا هیچ گرێیەک و هیچ چوارچێوەیکی دیاریکراوی نەبێـت. بە پـێچەوانەی ئەو ڕەوتەشـمان هەیە بـۆ نمـوونە "بەختیـار

عەلـی" هەر لەسـەرتای ڕۆمانـدا فیکـرەکەی دەگەیەنێـت، بەڵام لە ژوورەوە قووڵ دەچێتە ناو ڕووداوەکان. جار هەیە خوێنەر دەڵێت ئەوە فیکرەکەی گەیشتووە و ڕوونە، کە باسی چی دەکا و پێویست ناکـات بیخـوێنمەوە، بەڵام سـیحری گێـڕانەوەی بەختیـار لەوەدا لە پێشـتردا ئایـدیای ڕۆمـانەکەت پـێ دەناسـێنێت و بەس بە هـۆی ماتریالەکانیەوە دەتباتە دونیایەکی دیکە و ڕێگا بە خوێنەر نادات بە یەکەم فکـرە، کە خـۆی مەبەسـتییەتی بیگەیەنێـت، دواجـاریش تـۆی خـوێنەریش بە ئاسـانی دەسـت بەرداری خوێنـدنەوەی ڕۆمـانەکەی ببێـت! ئەو نـایەوێ بە ئاسـانی خـۆی بـدات بەدەسـتەوە. لەڕۆمـانی (**داگیرکردنـی تـاریکی**) بەختیـار عەلـی هەر لە لاپەڕی یەکەم، پێمـان دەڵێـت "عیسـمەت ئۆکتـای" لەچەقـی شـارۆچکەی "نوشـەهیری" ناوەڕاسـتی ئەنـادۆڵ ی بـاکوری کوردسـتان، بەیـانییەک لەخەو هەڵدەسـتێت و زمـانی تـورکی بیرچـۆتەوە و بەزمـانێکی نـوێ قسـە دەکات، کە زمانی کوردییە. ئایە ئەوە هـیچ گرێ و پێچ و پەنـایەکی تێـدایە؟ بەڵام بـڕۆ ڕۆمـانەکە بخـوێنەوە، بـزانە چ حەشـرێک بە هونەری گێڕانەوەی دەکات و چۆن چۆنی خوێنەر دەبەستێتەوە بە جیهـانێکی ئـاڵۆز و لەم لاوەش دونیایـک گرێـی دیـکەت بـۆ بەرهەم دەهێنێ. بەختیار بارتەقای سـەلیقەی لەهـونەری گێڕانەوەدا، بەڵکوو زیـاتریش کـار لەسـەر ئایـدیا و میتۆدەکـان دەکـات، بـۆ نمـوونە لە داگیرکردنـی تاریکیـدا فەلەسـەفەی (**کـۆیلە و دەرەبەگ**)ی "هیگـڵ" وەردەگرێت و لە دونیای ڕۆماندا تەوزیفیان دەکاتەوە.

## چۆن لە ڕۆمانی فرەدەنگی تێبگەین

فـۆڕمی "**فرەدەنـگ**"ی سـەرەتا فیـودۆر دیستۆیێفیسـکی ١٨٢١ – ١٨٨١ز، لەنـاو دەقـی ڕۆمانـدا ئەزمـوونی کـرد، بە شـێوەیەک ئەو چەمکەی بەرجەستەکرد، کە ئازادی بەکارەکتەرەکانیدا چۆن چۆنی

مـامەڵە لەگەڵ دۆخـی دەروونـی خۆیانـدا بـکەن. ئەویـش لە ڕێگـای دیـالۆگی "خودسـالاریەوە" وینـای دەکـردن، بەڵام تـوێژەرێکی وەک میخاییل باختین ١٨٩٥ – ١٩٧٥ز، ئەو زاراوەیە دادەهێنێت و لەسـەر بنەمـای (**کەرنەڤاڵ، خەنـدە، فرەدەنگـی**) دەیگـوازێتەوە نـاو ئەدەبـی گێـڕانەوە. سـەرەتا ئەو فـرە دەنگیـیە لەنـاو هـونەری سـەمفۆنیادا هەستیپێکراو و مۆسیقای لە تاک ئاوازی گۆڕی بۆ فرەئاوازی، کە دواجـار لە میلۆدییەکـدا یەکـدەگرنەوە. دواتـر وەک شوناسـێک بە ڕۆمـانەوە نووسـاوە و وەک میتۆدێـک ڕۆمـانی فرەدەنگـی لێـوە خوێندراوەتەوە. جەوهەری پەیدابوونی بنەماکانی "دەنگ جیاوازی" لەنـاو ڕۆمانـدا بـۆ هـونەری دیـالۆگ دەگەڕێتەوە، کە نووسـەر بە چ تەکنیکێـک مـامەڵە لەگەڵ دەنـگە جیاوازەکـانی نـاو گێـڕانەوەکەی دەکـات. دیـارە ئەو میتـۆدەش لەبەرانـبەر ڕۆمـانی "یەکدەنگی"یە، کە لەکۆنـدا ڕۆماننووسـانی ناچـار بەو تەکنیکەکردبـوو. دوای ئەوە مەزنترین گۆڕان، بەسـەر دۆخـی گیڕانەوەدا هـات. بـاختین "مەرگـی هەمووشـت زانـی" ڕاگەیانـدوو دیـالۆگی دەنگـی جیـاوازی لەنـاو گیـڕانەوەدا، کـردە سـەنگی مەحکـی سـەرکەوتنی ڕۆمـان. ئەو فرەڕەنگییەش لەناو هونەری ڕۆماندا بۆ ئەوەیە تا کارەکتەرەکان، ڕووداوەکان، دەنگی گێڕەوەر زیاتر لە خەڵک نزیک ببێتەوە، چونکە ئەرکی حیکایەتخوان ئەوە نییە خۆی هەمووشت زان بێ، ناکرێ تۆ لەیەککاتـدا هەمـوو ڕۆڵێـک ببینـی. زمـانی تێگەشـتن و ئاخـاوتنی کەسـێکی میللیـی لەگەڵ بیـرکەرەوەیەک جیـاوازە، چـۆن ئەم دوانە بەیەک هەناسە قسە دەکەن. هەڵسوکەوتوو جۆری ژیانی مەلایەک لەگەڵ نوێژخوینێک جیـاوازە، ژنێک لەگەڵ پیاوێک، منـداڵێک لەگەڵ بەسـاڵاچوویەک. ڕێبوارێـک لەگەڵ خاوەنماڵێـک، برسـییەک لەگەڵ تێریک، بکوژێک لەگەڵ بێتاوانێک، دادوەرێک لەگەڵ پۆلیسێک. ئەوانە

گشتیان لەناو کۆمەڵگەدا، زمان و ئەتەکێت و شێوەی ئاخاوتنی تایبەت بەخۆیان هەیە، ناکرێ وەک یەک بیربکەنەوە و قسەبکەن و هەڵس و کەوت بکەن. هونەری گێڕانەوەی نوێ پێمان دەڵێت: ناگونجێ هەموو ئەو دەنگە لەناو خۆتدا قوت بدەیت و بە زمانی گیرەوەری هەمووشت زان پێمان بدەیتەوە. ئەوە خراپترین جۆری ڕۆمانە، کە بەشێک لە ڕۆماننووسی ئێمە پەیڕەوی لێ دەکەن و تاکو ئێستا بەتەواوی دەست بەرداری نەبووینە. لەڕۆمانی فرە ئاوازیدا هەموو کارەکتەرێک دەبێیتەوە بە خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆی، خاوەن ئیرادە و ویستی ئازادانەی خۆی، کەس ناچار بە تەمسیلکردن و خۆنمایشکردن و خۆکردنە ئەوی دیکا ناکرێت. هەرکاتێک نووسەری ڕۆمان هەوڵیدا کارەکتەر ناچار بە خۆکردنە ئەوی دیکە بکات، لەکۆتاییدا خوێنەر – ڕەخنەگر ، لەو دیمەنە لاوازانە تێ دەگات و بەزەیی بە ڕۆماننووس دادێتەوە، کە بۆچی ئازادی کارەکتەرەکانی زەوتکردووە. ئاخر کارەکتەر لەناو ڕۆماندا ئازادە، وەک چۆن لەماڵەوە ئازادە چۆن دەخەوێ، کەی نانەدخوات، کەی نەخۆشدەبێ، چۆن سەفەر دەکات، چ دەپۆشێ، چۆن بیردەکاتەوە، بەڵام کاتێک نووسەری ڕۆمان ئەو تایبەتمەندییانە لەکارەکتەر وەردەگرێتەوە و خۆی ڕەنگیان دەکات و خۆی چۆنی بوویت ئاوا نمایشییان دەکا، بێگومان ئەو کاتە قسەکەی بیرمەندی ئەڵمانیایی نیشتە ١٨٤٤ – ١٩٠٠ز، ڕاست دەردەچێت کە دەڵێت: ڕۆمان لە درۆیەک زیاتر نییە. بۆ ئەوەی ڕۆمان لە درۆی شاخدار دەرباز بکەین و ڕەنگی کارەکتەرەکان نەگۆڕین و خوێنەر فریونەدەین، چاکترین کارێک ئەوەیە پارێزگاری لەفرە دەنگی ڕاستەقینەی ناو ڕۆمانەکانمان بکەین.

## کات و فانتازیای شوێن لە ڕۆماندا

مـــن لە نـــۆڤڵیتی (**ئەســـتێرەی ژەنیـــار**) شـــارێکی مەجـــازیم دروستکردووە و کـات و شـوێن، مەتـاتین و هەمیشـە کەرەسـتەکان تێیـدا ون دەبـن. ویسـتوومە لەڕێـگەی ئەو گێڕانەوەیـدا مێـژوویەک بخـولقێنم، کە بەدیوێـک پێوەنـدی بەواقیعـی خۆمـانەوە هەبێـت و لەلایەکی دیکەوە کەس واتێ نەگات باسی دیرۆکێک و ڕووداوێکی دیـاریکراو دەکەم، بەڵام بیـرۆکە و کەرەسـتەکانی نـاو گێـڕانەوەکە خۆمـــاڵییە و ســـەت دەرســـەت پێوەنـــدی بە کلتـــوور و نەریتـــی کـوردەواریەوە هەیە. ئەو جـۆرە لە مـامەڵەکردنە لەگەڵ ڕووداو و شوێن و کاتدا گونجاوە، چونکە من خۆ ڕۆمانی میژوویی نانووسم تا پابەندی هەندێک بنەمای مێژوویی بم. ئەوە بۆ ڕۆمانووسانێکی وەک "میران ئەبرهام" دروستە، کە لە ڕۆمانی "**خانەقای میرزا**" ناوی کارەکتەر و شـوێن و کاتەکـان وەک خـۆی دەهێنێت. یـاخود ئەوەی "جـان دۆسـت"، کە لەڕۆمـانی "**مژەئابـاد**" و "**میرنـامە**" کردوویەتـی. لەلایەکـی دیـکەوە بنـوارە ڕۆمـان و یادەوەرییەکـانی "کەریـم کـاکە" سـەیردەکەی بەزمـانی ڕۆمـان و دیـدێکی واقیعیـانە نووسـراوەتەوە، بەڵام بـۆ "شـێرزاد حەسـەن" لەڕۆمـانی "**شـەوی دابەزینـی عیسـا**" یاخود بۆ نووسەرێکی وەک "هیوا قادر" لەڕۆمانی "**مـاڵی پشـیلەکان**" هەروەهـا "عەتـا نەهـایی" لەڕۆمـانی "**باڵندەکانی دەم با**" مامەڵەیـان لەگەڵ کـات و شـوێن و چیرۆکەکانـدا زۆر جیـاوازتر دەردەکەوێـت. لێرەدا هیچ پێوەرێک نییە بۆ پەسندی هیچ کامێکیان، چونکە ڕۆمـانی مێژوویـــی و واقیعـــی وامـــان هەیە سەرســـام دەبـــین بەو هەمـــوو هونەرکـــاریی و جـــوانیەی، کە لە گێڕانەوەکەیـــدا بەکـــار هێنـــراوە. لەکاتێکدا ڕۆمانی دانسقەی واشمان هەیە، کە ڕووداوەکانی هەموو خەیاڵین و هیچ پەیوەندییەکیان بە واقیعی حاڵی کەسەوە نییە، بەڵام

دەبینـین تەکنیـک و فـۆڕمەکی گەلەک نایـابی هەیە. کەواتە قسـەکە پەسـندیی و نـا پەسـندی نیـیە، بەڵکـوو جـۆری بەرهەم و هـونەری گێڕانەوەکەیە، ئـاخۆ نووسـەر چـۆن واقیـع و خەیـاڵ لەنـاو ڕۆمانـدا تەوزیف دەکات. بۆنموونە زۆر کەس ئەزموونی ژیانی خۆی دەکاتە بنەمای ڕۆمان، یان زاویەک لە بەسەرهات و بەریەککەوتنی هەندێک ڕووداو دەکـا بە هەوێنـی ڕۆمـانەکەی، لەوێـڕا ئیـدی ئـیش لەسـەر فەزای گشتی ڕۆمانەکەی دەکا، یان ڕۆماننووس چاوێکی کراوە و تیـژی بـۆ بینینـی شـتەکان هەیە، بەکراویـی بابەتەکـان نـابینی، ئەو بەدیوێکی قووڵەوە دەنواڕێتە کۆی ڕۆمانەکە، بەڵام لە پەنجەرەیەوە دەچێتە نـاو دونیـا بـێ بـنەکەی گێـڕانەوە. دەتـوانین بڵـێن: زۆرێـک کەرەسـتە دەتوانرێـت بـبن بە ڕۆمـان، بەڵام نـاکرێ ئەوەشـمان بیـرچێتەوە، ئـاخۆ هەمـوو کەرەسـتەیەک بە کەڵکـی ڕۆمـان دێـت؟ یـاخود هەمـوو ڕوودا و سـەردێک دەشـێ ببن بە هەوێنی ڕۆمـان و وەک بـابەتی گێـڕانەوە مامەڵەیـان لەگەڵـدا بکرێـت؟ بۆخـۆم پێمـوایە هەموو شتێک بابەتی ڕۆمان نین، ناشکرێ، چ ئەوانەی واقیعین یـان ئەوانەی لەخەیاڵی خۆتدا دروستی دەکەی بکرێتە بـابەتی ڕۆمـان و وەک ڕووداو سەیری بکەیت. یاریکردن بەکات و شوێن ئاسـاییە و گێڕەوەر خۆی ئازادە چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخـی کـات و شـوێنەکان دەکـا، یـاخود ڕووداو چۆن تەوزیف دەکـاتە نـاو ڕۆمانەکانی، بەڵام ناشـێ هەرچـی ڕووداوێـک بیسـتمان یـان بینییمـان بیخەیـنە نـاو ڕۆمانەوە! ڕۆمان خۆ "حاویە "نییە تـا هەرچـی بـوو بیخەیـتە نـاوی، دەبێ بزانی چ بەکەڵکی ئەو دونیا جوانەی ڕۆمان دێت و ئینجا وەک ڕۆمان کـاری لەسـەر بکەو بینووسـەوە. بە نموونە کاتێک ئێرنسـت هەمەنگـوای ١٨٩٩ – ١٩٦١ز، ڕۆمـانی "**پیرەمێـرد و زەریـا**"ی بڵاوکـردەوە، لێیـان پرسـی ڕۆمـانەکەت زۆر بە کـورتی نووسـیوە و

قەبارەکەی زۆر بچووکە؟ ئەمیش گوتی: دەمتوانی ئەو چیرۆکە بکەمە هەزارپەڕ و زیاتریش، بەڵام دەبێ بزانین چ دەگێڕینەوە. پێویستە تەنها ئەوشتانە بنووسینەوە، کە بەکەڵکی ڕۆمان دێت. کەوایە ڕۆمان خەڵقەندەی دەستی نووسەرە، خۆی دەزانێ چ چیرۆکێک خەڵق دەکات.

## ئەدەب و شیعر و مەرگی ڕۆمان

ئەدەب بالآترین زمانی دەربڕینی مرۆڤە، کە پێیگەیشتووە. ئاسان نییە ئەو بالآیە بڕۆخی، یاخود کالّبێتەوە. لەناو ئەدەبدا ژانری شیعر سەرچاوەی دەریای لەبن نەهاتووی ئەدەبە. هیچ ئەدیبێک بێزمانی شیعریی و هەستی شاعیربوونەوە، نەیتوانیوە دەق بنووسێ. شیعر، هەمیشە لە ئەوجی بالآیی خۆی ماوەتەوە. من هیچ نیگەرانیم، لەشیعر. شیعر پێوەندی بەجەوهەری بوونەوە هەیە، بەهەستەکان و ویژدان و ڕۆحیەتەوە هەیە. بڕۆ سەیری داستانی **گلگامێش** بکە، **ئاڤێستا**، **تەورات**، **ئینجیل**، **قورئان** بخوێننەوە، ئینجا تێ دەگەین هەناسەی شیعر چ مەزنییەکی داوە بە گەشەی زمانی مرۆڤ. "ئەفلاتۆن" شاعیران لە کۆمارەکەی دەردەکا، بەڵام کتێبەکەی پڕە لە میتافۆر، بیخوێننەوە بزانە چ وشە سازییەک لە ناو کایەکاندا دەکات. ئەگەر ئەفلاتۆن شاعیرنەبوایە هیچ کاتێک نەیدەتوانی بەو زمانە قووڵە سکێچی کۆمارەکەی دابڕێژێت. ئاسان نییە قسەکردن لەسەر "مەرگی شیعر" یاخود "مەرگی ڕۆمان" بکرێ. ئێمە لەو جیهانەدا لەناو بوونێکدا دەژین خەڵقەتی دەستی ئێمە نییە، گەردوون بۆی خولّقاندووین. ئێمەی مرۆڤ شیعرمان بەرهەم نەهێناوە تا بتوانین بیمرێنین! هیچ توانایەکمان بەسەر کۆتاهێنانی هیچ هەستێکی مرۆڤ نییە. شیعر هەستە، بالآترین زمانە کە مرۆڤ لەگەڵ خودا، سروشت، ژیاندا قسەی پێکردووە. زمانێک پێش

ئەوەی قسە بێت "وەحی" بووە. کەواتە شیعر پێوەندی بە وەحییەوە هەیە، وەحی بەو مانایەی کۆنتێکستی نێوان مرۆڤ و بوونە. شیعر بوونی ئێمەیە، ئێمەی مرۆڤ توانای لەدەست دانی ئەو بوونەمان نییە، ئەو لەدەرەوەی ئیرادەی مرۆڤە.

## بۆ ڕۆمان دەنووسین؟

با بەو پرسیارە دەست پێبکەین، ئایە زۆربوونی ڕۆماننووس کێشەیە؟ بەڵێ گرفتێکی زۆر گەورەی ئەدەبە! چۆن؟ با نەختێک دووركەوینەوە و فەزاکەی فراوان بکەین و بە وردی قسە لەسەر بابەتی زۆری ڕۆماننوسی کورد بکەین، بزانین بۆ وایە. ڕەنگە لەمەدا بیرکردنەوەی جیاوازم هەبێ، چونکە پێش ئەوەی قسە لەسەر ئەوانی دیکە بکەم، دەمەوێ لەسەر ئێشەکانی خۆم بووەستم. زۆر جار ئەو پرسیارە لەخۆم دەکەم بۆ دەنووسم؟ بۆ وێنە ڕۆماننووسی ناوداری ژاپۆنی هارۆکی مۆراکامی ١٩٤٩ز، سەبارەت بە پرسیاری ئایە لە پێناوی چیدا دەنوسیت، دەڵێت: بۆ ئەوە دەنووسم تا هانی کچ و کوڕانی ژاپۆنی بدەم هاوسەرگیری بکەن، چونکە خەریکە لە وڵاتەکەم خێزان بەتەواوی هەڵدەوەشێتەوە. لە گۆشەیەکی دیکەوە پێیوایە: ئازار بەدەست ژیانەوە پرۆسەیەکی حەتمییە، بەڵام کەوتن بەسەر ئازاردا کردارێکی زاتییە و خۆت دروستی دەکەی! ئەو قسەیە هەم دەستەواژەیەکی سەرنجڕاکێشە، کە بەسەر زۆر بابەتی ژیاندا دەچەسپێت، هەمیش بەدیوێکی دیکەوە لەچوارچێوەی چەمکی ڕاکردن بەدوای چارەنووسدا خۆی دەبینێتەوە .

(مۆراکامی) لە بەشی زۆری نووسینەکانیدا، بیرۆکەی سەرەکی خۆی بۆ تێگەیشتن لە پرسی ڕاکردن وەک زاراوەیەکی مەعریفی کورت دەکاتەوە و دەفەرموێت: ئەگەر دەتەوێ ساڵەکانت بە

دڵخۆشــی بەڕێ بکەیــت، باشــترە بە ئامــانجێکی ڕوون بژیــت و بە مانـــــای ڕاســــتەقینەی وشـــــەکە ژیــــان بــــکەی، وەک لەوەی بە بیرکردنەوەیەکــی سەرلێشــێواوەوە هەنگــاو بەهاوێیــت، بــۆیە لەو باوەڕەدام کە ڕاکردن یارمەتیت دەدات بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە.

لەوهــا دۆخێکــدا بەشــی زۆری نووســەرانی جیهــان، هەمیشــە لەبەردەم پرسیاری بۆ دەنووسی دان، بەڵام زۆرێک لە نووسەران هـیچ نیشـانەیەکی ڕوونیـان بۆ گەیشـتن بە وەڵامـی ئەو پرسـیارە لە دوای خۆیـان جێ نەهێشـتووە، لەوانەیە مۆراکـامی یەکێک بێت لەو نمــــوونە دەگمەنــــانە: ئەو لە ژاپــــۆن و دەرەوەی وڵات، جیــــاوازتر ڕادەکات، ڕاکردنی ئەو بە دەوری کلتوور و نیشتمان نییە، ئەو دێت بەشێوەی بازنەیی تابلۆیەک بە دەوری ئازارەکان دەکێشێت و دانە دانە دەســت دەخــاتە ســەر ئەو زامــانەی، کە تەنهــا بە مانــای نــاو وشــەکان ســارێژ دەبــن. ماراســۆنێک دەســازێنێ بــۆ هەمیشــە بە چواردەوری مرۆڤبوون ڕادەکات و هێزی جەستەیی و تەندروستییە نایابەکەی دەباتە ترۆپکی خۆشبەختی.

ئــاخر نووســین، یــاخود نووســەربوون جــۆرێکە لە نــامۆبوون، زۆرجار تێکەڵ بە وێنەی دیکە و ڕەنگی دیکە دەبێت. پەیوەستە بە کەش و هەوای دابڕان و تێکەڵ نەبوونی وێنەکان. نووسەری دیاری چیکی فرانز کافکا ١٨٨٣- ١٩٢٤ز، لە هیچ نووسـینێکیدا پێمـان ناڵێت بۆ دەنووسـم، بەڵام هەرکاتێک وێنەی کافکا دەبینم، هەست دەکەم جۆرێک لە تارمایی دەبینم، وەک ئەوەی قسە بۆ دژوارییەکی قووڵ بکــا، بــۆ مــن هەر نیگــایەکی کافکــا ڕۆمــانێکە و هەر بزەیەکــی تەلیسمێکی ڕەشە، کە هیچ زمانێکی نییە بۆ گەڕانەوە، هیچ ڕوحێکـی نییە بـۆ مـانەوە، ئەو هەمیشـە لە ڕاکـردنێکەوە بـۆ ڕاکردنێکی دیکە دەچوو، لە ڕوخسـاریدا هـیچ ماندووبوونێکی پێوە دیـار نەبـوو، ئەو

تەنها کارەکتەرەکانی ماندوو دەکرد.

باشە با ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، باشە بە دیاریکراوی بۆ ڕۆمـان دەنووسـین، یـاخود بـۆ دەسـتمان بـردووە بـۆ هـونەری گێڕانەوە. لەکاتێکدا دەکرا لە جێگەی دیکە و بە فۆڕمی جیاوازتر لەو هـونەرە دەرکەوتـاینە. یەکێک لەو پرسـیارە باشـانەی نووسـەر لەخـۆی بکـات ئەوەیە، دەیەوێ چ بنووسـێ؟ کاتێـک وەڵامـی ئەو پرسیارەت دەست کەوت، ئینجـا بیـربکەوە ئەو شـتەی تـۆ بەنیـازی بینووسـی، بە چ شـێوازێک دەری دەبـڕی. ئەو فـۆڕمەی تـۆ هەڵـی دەبژێری سەنگی مەحەکی سەرکەوتنی تۆیە، بۆنموونە من دەمەوێ لەسەر نـاعەدالەتی نـاو کۆمەڵگە و پرسـی دیـاردە کۆمەڵایەتییەکـان، نەخۆشییە دەروونییەکان، شەڕانگێزی مرۆڤ، سیاسـەت، ئـابووری، نیشتمانسـازی، پەرەپێدانی مەدەنـی، شـەڕ و ئاشـتیی و هەژاری و کۆیلایەتی و ئاغا و زەنگین و هتد.... شتێک بنووسم. بۆ دەبێ ئەو بابەتـانە، کە وەک نووسـەرێک دەمەوێ لەسـەریان بنووسـم، ئـیلاو بیلا دەبێ بە زمانی گێڕانەوە بێت. کێشەکە لێرەدایە، هـۆی چییە بـۆ دەربڕینـی ئەو شـتە پەنـا بـۆ ڕۆمـان و هـونەری گێـڕانەوە دەبەیـت. لەکاتێکـدا ئەگەر مـاوەیەک هەسـت لەخـۆت ڕابگـری و بە وردی بواربـدە بیرکـردنەوەت، تێگەیشـتنت، قەلەمەکەت، ڕوانینـت. باشـتر لەدۆخـی نووسـەربوونی خـۆت حـاڵی دەبـی. "شـێرکۆ بـێکەس" تـا مـردیش چیرۆکێکـی نەنووسـی. "حەمە سـەعید حەسـەن" بەو زمـانە پـاراوەی خـۆیی و بەو زمـانە شـیرینەی، کە بـاڵایە لە گێـڕانەوەدا، بەڵام نەمـانزانیوە ڕۆمانێـک یـان چیرۆکێکـی نووسـیبێت. لەکاتێکـدا پێمـوایە ئەگەر بینووسـێت زۆر باشـتر لەمـن و هەزارانـی وەک مـن جوانتر دەینووسـی، کەواتە نووسـەر پێویسـتە بزانـێ چ دەنووسـێت. یەکێک لە کارە خراپەکانی گەنجانی ئەو سـەردەمە، پەنـا بردنیـانە بـۆ

شیعر و ڕۆمان، چونکە ئەو دوو ژانرە قورسترین ژانری ناو ئەدەبن، کاتێک دەڵێم قورس مەبەستم قوڵی نووسەرە لەخوێندنەوە و سەقافەیەکی بێهاوتا لە بابەتە گشتییەکاندا. جاریَ ڕۆماننووس پێویستی بە زاکیرەیەکی باش و دەرخکردنێکی چاک هەیە، لێک دانەوەی هەبیَ، تێگەیشتنی تایبەت و ڕوانگەی هەبێت. زمانزان، خەیاڵی جوان بیَ، شت بخوڵقێنیَ هتد..... ناڵێم تۆ ئەمانەت نییە، بەس هەستێک لە خۆت ڕابگرە بزانە جگە لەهونەری شیعر و گێڕانەوە، بە چی دیکە تونای دەربڕینی ئەو هەست و نەستەی خۆت هەیە. برادەر هەیە مێژووی شەڕی ناوەخۆی بە ڕۆمان نووسیووتە، بەڵام لە حیکایەتێکی زۆر سادە و بیَ بنمای هونەری، یاخود هاتووە بەزمانی ڕۆمان باسی پرسی ڕیفراندۆم و کێشە سیاسییەکان دەکات. لەکاتێکدا ئەو دوو نووسەرە بەڕێزە دەیانتوانی، بە ڕێگەی دیکە و فۆڕمی ترەوە مەبەستەکانیان دەربڕن. کامەمان ئامادەین خانووەکانمان بدەینە دەست ئەندازیار و وەستای خراپ، بێگومان کەسمان. ڕۆمانیش وایە تۆ، کە ئەندازیار و وەستایەکی باش نەبی، بێگومان ڕۆمانێکی خراپ دەرخواردی خوێنەر دەدەی. نیگەرانی خوێنەر لەوەدایە نەک خودی ڕۆمان، چاپ و بڵاوکردنەوە فرۆشتن و سۆسیال میدیا و ئەنتەرنێت و ئەو شتانە، کەرەستەی کاتیی و وەقتین بەسەر دەچن. شیعر و ڕۆمان، بەهاکەی زۆر لەوانە زیاترە. ناکریَ ئێمە نیگەران بین لەوها نووسەرانێک، کە بوونە بارگرانی بەسەر شیعر و ڕۆمانەوە، بە منیشەوە. ئێمە دەبیَ خۆمان هێندە ئاوها گەورە نیشان نەدەین، کە لە جەوهەریشدا وانین، مەبەستم لەوە، کەسێتی نییە، بەڵکوو دەمەویَ بڵێم وریای خۆت بە، بزانە بۆچی خوڵقاوی. بۆ ئەدەب و گێڕانەوە، یاخود بۆ شەڕە تفەنگ و یاریی و هەڵپەڕکیَ؟!.

**سەرچاوە کوردیەکان:**

- سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی، بە کوردیکردنی: ڕەئوف بێگەرد، دەزگای پەخش و چاپی سەردەم، چاپی دووەم – سلێمانی ٢٠٠٩.
- ڕۆمان چییە/ کۆمەڵێک نووسەر، بە کوردیکردنی: جەواد مستەفا/ لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریان- چاپخانەی خانی: ٢٠٠٨ .
- هونەری ڕۆمان، نووسینی: میلان کۆندێرا، لە ئەڵمانییەوە کەریم پەڕەگ بە کوردیکردووە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای سەردەم - سلێمانی ٢٠٠٨.
- بونیادی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (حوسێن عارف)دا، جەوهەر شێخانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر٢٠١٤.
- ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، سەباح ئیسماعیل، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم – هەولێر ٢٠٠٩.
- ڕۆمانی کوردی خوێندنەوە و پرسیار، سابیر ڕەشید، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم – هەولێر ٢٠٠٧.
- ڕۆمان – ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرە ڕەهەندەکان، عەلی عوسمان یەعقوب، بەرگی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای سەردەم – سلێمانی ٢٠٢٠.
- زمانی جادوویی یان ئۆنتۆلۆجیای زمان لە گێڕانەوەدا، جەبار عوسمان، لە چاپکراوەکانی پارێزگای سلێمانی، چاپخانەی کاردۆ – سلێمانی ٢٠٢١.

**سەرچاوە عەرەبیەکان:**

- بنية التشابه بين المؤلف وشخصياته الروائية، عبدالرحمان عمار، منشورات اتحاد كتاب العرب – دمشق ٢٠٠٧.
- الملحمة والرواية، ترجمة: د. جمال شحيد، معهد الانماء الحضاري – بيروت ١٩٨٢.
- تحليل الخطاب الروائي ( الزمن، السرد، التبئير)، سعيد يقطين، الطبعة الرابعة، المركز التقافي العربي – المغرب ٢٠٠٥.
- كتابة الرواية من الحبكة الى الطباعة، لورانس بلوك، ترجمة وتقديم: د. صبرى محمد حسن، دار الجمهورية للصحافة – ٢٠٠٩.
- مدخل لدراسة الرواية، جيريمي هوثرون، ترجمة: غازي درويش عطية، دار الشئوون الثقافية العامة – بغداد ١٩٩٦.

# نامۆبوون.....
# لە دونیای ئەدەبی ڕۆستەم باجەلاندا

## پێشەکی:

لەبەردەم شاعیرێک وەستاوین، کە پێویستمان بەوە هەیە لە تایبەتمەندیی دونیای ئەدەبیەکەی تێبگەین و بزانین لە کام دیوی ژیانی نووسینیدا بکۆڵینەوە و لە کوێوە دەست پێبکەین. بەمانایەکی دیکە خاڵی وەرچەرخانی جیهانە شاراوەکەی نووسەر لە چیدایە، چونکی هەموو ئەدیبێک، نووسەرێک، شتێک لە بیرکردنەوە و جۆری نووسین و جیهان بینییەکەیدا هەیە، کە لێیەوە تێیی بگەیت ئاخۆ جیاوازیە ئەدەبیەکەی لە کوێدایە؟ یان لەکام دونیای ئەدەبییەوە جوایەزوو تایبەتمەندیی خوڵقاندووە. بە درێژایی تەمەنی ئەدەبی ڕۆستەم باجەلانی شاعیر، سێ قۆناغ لە جیهانی نووسینیدا بەدی دەکرێت. (جیهانی منداڵان، کە بەشی زۆری مێژووی نووسینی ئەوەی داگیرکردووە). لەگەڵ دونیای (ئەدەب و شیعر، کە تایبەتمەندییەکی تایبەتی لای ئەو جێهێشتووە). دوا قۆناغی ئەدەبیشی (پرۆژەی تەغریبی بوو، کە لەگەڵ د. کەمال مەعروف و عەباس عەبدوڵلا یوسف لە ٢٠٠١/٥/٢٨ بەیاننامەی بەرەو بزاڤی تەغریبییان بڵاوکردەوە). من خۆم دەپارێزم لە باسکردنی وێستگەی ئەدەبی منداڵان، کە پێویستی بە کەسانی پسپۆر هەیە لەو بوارە و پێشم وابێت لەولایەنە درێغی نەکراوە و زۆریان لەبارەیەوە نووسیوە. بێگومان باجەلانیش لە دونیای شیعری منداڵاندا، بەشی شێری بەردەکەوێت. جگەلەوە خۆشم دەپارێزم لە قسەکردن لەسەر بزاڤی تەغریبی، چونکە لەکاتی خۆیدا وتاری زۆری لەسەر نووسراوە. هەرچەندە ئەو سێ کەسایەتییە جیهانبینییان زۆر لێک

دووربووە، نە دکتۆر کەمال و نە  عەباس عەبدوڵلا یوسف دونیای نووسین و ئەدەبییان، هیچ پەیوەندییەکییان بە تەغریبییەوە نەبووە. مەبەستم وەک حاڵەتی زاتی و تێکستیش، بەڵام ڕۆستەم باجەلان بە تەواوی حاڵەتی نامۆیی، چ لە ڕەفتار و بیرکردنەوەی، چ لە تێکست وبەرهەمەکانیدا هەستی پێ دەکرا. بەکورتی تەنها ڕۆستەم باجەلان دونیایەکی نامۆیی هەبوو، لەهەمووشیان باشتر هەزمی ئەو دۆخەی کردبوو. جگە لەوەیش لە دەقەکانیدا، بەباشی تەوزیفی کردووە. بەمانایەکی دیکە ڕۆستەم بۆ نامۆبوون ژیا، تەنیا ژیا، هەر بەتەنیایش مایەوە، بۆیە هەوڵدەدەم خۆم لەو دوو بابەتە بپارێزم و لە دیوێکی دیکەوە خوێندنەوەی بۆ بکەم. ڕەنگە ئاسان نەبێت ئیشکردن لە دونیای کەسێک، کە جیاوازی لەگەڵ نەوەی پێش خۆی نەکردبێت یان نەیتوانی بێت ئەوانی دیکە تێ بپەڕێنێت. من لەو ڕووەوە ڕۆستەم باجەلان جیاوازتر دەبینم، کە بەڕاستی ئەگەر بەوردی بیخوێنیتەوە تێ دەگەیت، کە خاوەنی چ مانیفێستێکی ئەدەبیی و ڕوانگەیەکی شیعری و ئەدەبی تایبەت بووە. بەشێوەیەک لە شێوەکان، تا سنوورێک بەشی زۆری شاعیرانی (**پێشەخۆیی** و **جیلی خۆیی** و **ئێستاشی**) تێپەڕاندووە، بەڵام ئەوە کەمترخەمی ئێمەیە وەک پێویست کەس ناخوێنینەوە، یاخود نامەنەوێت بیانخوێنینەوە. ئەگینا بڕۆن کتێبی (**گرانەتا** و **غەریب**) بخوێننەوە، کە لای من تێکستە بەمانای وشە، ڕوئیای تێدایە، ئیستاتیکە و قسەی تێدایە، پڕە لە حاڵەتی نامۆیی و ون بوون. دونیایەکی تەواو جیاوازە. لەدرێژەی ئەو کۆڵینەوەیە، جەوهەری جوایەز و نوقتەی تەحەولی ئەو نووسەرەتان بۆ دەردەخەم.

بابگەڕیمەوە سەر باسەکەم و ئەوە نەک بۆ ئەو، بەڵکوو بۆ بەشی زۆری نووسەر و ئەدەبیەکانی دیکەیش هەر ڕاستە. ئاخر

وەستان لەسەر جیهانی نووسەر و ئەدیب، هەر وا ئاسان نییە. کاتێکیش دەتەوێت لەدونیای کەسێک بگەیت، پێویست دەکا جەوهەری ئەو شتە بدۆزییەوە، کە بووەتە هۆی قسەلەسەرکردنی یان کردنەوەی مەلەف و تەوەر لەسەری. قسەکردن لەسەر باجەلان پێوەندی بە بێکەسی ئەو کەسەوە نییە، بەڵکوو دۆخی ئەدەبی باجەلان ئەوە دەخوازێ لەسەری بووەستین. ئاخر ئێمە تەنها گوێ لەوانە دەگرین کە دەنگە دەنگ دەکەن، بیرمان نەچێت قسەی جددی لای کەسە هێمن و لەسەرخۆکانە. ئەوانەی بە بێدەنگی دەنووسن، بە نەمریی دەمێننەوە. گەر ئەو حاڵەتەیش لە دونیای ئەدیب و نووسەر نەبینییەوە ڕەنگە زیانت هەم لەخۆتدا بێت، هەمیش لەبەرانبەرکەت. بەڕاستی کاتێک ویستم لەسەر ڕۆستەم باجەلان شتێک بنووسم، نەختێک وەستام و لەخۆم پرسی لەکوێوە دەست پێ بکەم. هەرچەندە پێوەندی من و ڕۆستەم باجەلان بۆ دوو شت دەگەڕێتەوە، لە قوتابخانە مامۆستام بووە، لە جێگەیەکی دیکە هانی داوم شت بنووسم و شت بڵاوبکەمەوە، هەر لەڕێگەی ئەویشدا لە ١٩٨٩ یەکەم شیعرم لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئەوانە هیچ نیین لەبەرانبەر دەقدا، لێرە تێکست، نووسین دەدوێت نەک سۆز و برادەرایەتی. خراپترین شتێکیش، کە دەرهەق بە بەرهەم و جیهانی ڕۆشنبیری، ئەدەبی، هونەری، هتد... کەسانێک کرابێت نووسین و پیاهەڵدانی ئینشاییانە و سۆزدارانە بووە، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان تۆ جارێکی دیکە ئەو مرۆڤە دەکوژییەوە، بۆیە باشترین شتێک کۆڵینەوەی وردە لەسەر ئەو چەمک و ڕەهەندانەی جەوهەری جیاوازییەکانی ئەو دەگەڵ دونیای ئەوانی دیکە دەردەخات. من ئەو سەرەداوەم لە دۆخی نامۆیی و نامۆبوونی لە نێو دەقە ئەدەبییەکانی ڕۆستەم باجەلاندا دۆزیوەتەوە،

بۆیە بڕیاری ئەو نووسینەمدا.

هەرچەنــد بــۆ دەستخســتنی کــۆی بەرهەمــەکانی باجــەلان ماندوبووم، گەر هاوکاری بەشێک لە نووسەر و ئەدیبە هاوڕێکانم نەوبوایە، ڕەنگە بەو ئاسانییە نەمدەتوانی لەسەر دونیای ئەدەبی ڕۆستەم باجەلان بنووسم. سەرەتا کاک بڵندی ئازیز، کە هەم کوڕی مامۆستا ڕۆستەمە و هەمیش بە ڕاستی شاعیرێکی بەتوانایە، چەند کتێبێکی ئەوەی بۆ هێنام. وەک دیوانی (دەریا)، کە لە چاپخانەی الحوادپ لە بەغدا ساڵی ١٩٨١ چاپکراوە. دیوانی (گرانەتا) لە کوردستان ساڵی ٢٠٠٢ چاپکراوە، کتێبی (غەریب)، کە بە قەسیدەی تەغریبی ناونراوە، ساڵی ٢٠١٣ چاپکراوە. جگە لەوەیش چەند بەرهەمێکی تایبەت بە دونیای منداڵان وەک (بەندەکان و باجەلان)، ساڵی ١٩٨٢ لەبەغدا چاپکراوە. (منداڵ و جیهانی وەرزش) کۆمەڵە شیعری منداڵانە ساڵی ١٩٨٦ لە بەغدا چاپکراوە. کتێبی (دەریای منداڵ) کە بە ڕۆمانە شیعر شوناسی پێدراوە. ساڵی ٢٠٠٤ لە بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری چاپ بووە. دیوانی (شیعرەکانم) شیعری منداڵان ساڵی ٢٠٠٦ دەزگای بەدرخان بۆی چاپکردووە. لەگەڵ چەند کتێب دەست نووسێکی دیکەی تایبەت بە دونیای ئەدەبی مامۆستا ڕۆستەم باجەلان. دوای ئەو پێوەندیم بە زۆرێک نووسەر کرد، تا بەرهەمەکانی دیکەیم دەست کەوێت، خۆشبەختانە ئەسکەندەر زراری شاعیر دیوانی (دڵدارەکەم لە شارێکی ترە)ی بۆ هێنام. ساڵی ١٩٨٠ لە بەغدا چاپکراوە، سوپاسی دەکەم. پاشان سەردانی کتێبخانەی گشتی هەولێرم کرد (زەیتونە)، چوار دیوانی ئەوم دەست کەوت وەک (شاعیرێکی تینوو لە پەڕاوی بیرەوەریدا) ساڵی ١٩٧٨ لە چاپخانەی کامەران لە سلێمانی بە چاپگەیەندراوە. (سۆلین) شیعری منداڵان ساڵی ١٩٨٠ لە بەغدا

چاپکراوە. (لەپێناوی تۆدا دەژیم) ساڵی ١٩٨٢ لە بەغدا چاپکراوە. دیوانی (غەریب) ساڵی ٢٠٠١ بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز بۆیان چاپکردووە. سوپاسیان دەکەم. تەنها بەرهەمێک کە زۆر پەرۆش بووم دەستم کەوێت دیوانی (ژان و دڵداری) بوو کە لە ساڵی ١٩٧٧ چاپکراوە بەداخەوە دەستم نەکەوت. مەبەستیش لەوە گەیشتن بوو بە دۆخی نامۆیی و دونیای نامۆبوونی شاعیر، هەر لە سەرتای نووسین و تێکەڵ بوونی بە دونیای شیعر و ئەدەب. دەبووا بزانم ڕەگی ئەو نامۆبوونە بۆ کوێ دەگەڕێتەوە، ئەو حاڵەتە لە کەیەوە لای شاعیر دروست بووە، ڕەهەندە تەغریبییەکانی شاعیر بۆکام قۆناغ و وێستگەی ئەدەبی ئەو دەگەڕێتەوە. ئەوانە بۆ من سەرەداوی گرنگ بوون، تا لێیەوە تێبگەم شاعیر چۆن ئەو دۆخەی بۆ دروست بووە. ئایە دۆخێکی ئاساییە یان بەهۆی بەریەکەوتنییەتی بە جیاوازییەکان. بەڕاستی تێگەیشتن لەو دۆخەی شاعیر ئاسان نییە، گەر تەواوی بەرهەمەکانی ئەوت لەبەردەستدا نەبێت.

### نامۆیی وەک چەمک:

بەر لەوەی نامۆیی وەکو بابەتێکی زانستی باسی لێوەبکرێت و لێی بکۆڵدرێتەوە، وەک دیاردە لە سەرەتای بوونی مرۆڤایەتییەوە هەستی پێکراوە و مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە. زۆر جار لە ئاکار و ڕەفتاری ئەو کەسانە دەردەکەوێ، کە گۆشەگیر و دوورە پەرێزن. لەوانەیە گۆشەنشین، نیشانەیەک بێت لەنیشانەکانی نامۆیی، بەڵام ناشبێت ئەوە لەیاد بکەین، کە مرۆڤ وەک کائینێکی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەک لە شێوەکان هەڵگری خاسییەتی نامۆیی و نامۆبوونە. هەرچەندە بە کۆمەڵایەتی بوونی ئادەمیزاد دیاردەییەکی مرۆڤایەتییە نەک ویست و ئارەزووی مرۆڤەکان، بەگوێرەی

وێستگە مێژووییەکانیش فۆڕمی ئەو بە کۆمەڵایەتی بوونە گۆڕانی جەوهەری بەسەردا هاتووە. سەرباری دونیایەک نووسین لەسەر چەمگەلی نامۆیی، بەڵام هێشتا ئەو زاراوەیە وەک خۆی پێناسەنەکراوە. ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕبوونەوەی ئەو چەمکە، بۆ نێو کایە جیاوازەکاندا، لە بوارەکانی (زانستی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری). بەس کۆی ئەو پێناسانە دواجار بەدەوری چەمکە گشتییەکەدا دەخولێتەوە، ئەویش جیابوونەوەی تاکە لە کۆمەڵ یان دوورکەوتنەوەی کۆمەڵێک کەس لە کۆمەڵگە.

واتای کۆمەڵایەتی بۆ نامۆبوون لای هیگڵ، بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی پەیمانی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی بۆچونەکانی ڕۆسۆ، کە پێی وایە نامۆبوون جیابونەوەی خودە لە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی، ئەوەیش وا دەکات تاک هەست بەبوونی خۆی نەکات و دەست لە مافەکانی خۆی هەڵبگرێت و لەنێو کەسانی تردا بتوێتەوە.

واتای دەروونشیکاری بۆ وشەی Alienatio مانای حاڵەتی بێ هۆشی، هەروەها لەدەست دانی هێزی عەقڵی یان هەستەوەرەکان دەگەیەنێت، ئەریک فرۆم لە کتێبەکەیدا (کۆمەڵگەی تەندروست) واتای کۆنی نامۆبوونی بەکارهێناوە بۆ کەسێک، کە (شێت) بێت. فرۆم وادەبینێت، کە هەردوو وشەی Aliene ی فەرەنسی و Alienadoی ئیسپانی بۆ کەسێک بەکاردێت ، کە بە تەواوی لە عەقڵی خۆی نامۆ بێت، تا ئێستاشی لەگەڵدابێ وشەیAlienist ی ئینگلیزی بەکاردێت بۆ پزیشکێک، کە چارەسەری نەخۆشیە عەقڵییەکان بکات. ئەریک فرۆم هەڵەیەکی کۆمەڵایەتی و مەعریفی دەکات لەبارەی پێناسەی نامۆییەوە، کە دەیخاتە خانەی شێتییەوە. شێتیش لای فرۆم نەخۆشیێکە وەک باقی نەخۆشەکانی دیکە؟! لە

دیـویَكی دیكـەوە لـە زانسـتی سـایكۆ سۆسـیۆلۆژیەوە ماناكـەی دەگۆڕێـت و بــەمانای جیابونــەوەی مــرۆڤ لــەخودی خــۆی و سەرپێچیكردنی ئەو شتانەی، كە لە كۆمەڵگەدا باون دێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە دونیای ئایینیدا پێناسەیەكی میتافیزیكیانە بەو ئەو حاڵەتەكراوە، كەسێك پێوەندی خۆی لەگەڵ یەزداندا بپچرێنێت بەو دەگوترێت كەسێكی نامۆ. لەزمانی عەرەبشدا زاراوەی نامۆیی Alienation جێگیر نییە و چەندەها چەمكی وەک (غربـة)، التغریب)، (التغرب)، (الاستلاب)ی بۆ بەكار دێت، بەڵام ئەوەی كەلە عەرەبیدا زۆر بەكاردێ هەردوو زاراوەی (غربة، الاغتراب)ە. ئەگەر سەرنج بدەینە زۆربەی فەرهەنگە عەرەبییەكان، ئەوا دەردەكەوێت ئەو زاراوە عەرەبیانەی كەلەسەرەوە باسمانكردن زیاتر سیمای شوێنییان هەیە، بۆ نموونە (خەلیلی فەراهیدی) لە كتێبی (العین) و (إبـن فـارس) لــەكتێبی (مقایـس اللغــة)، (إبــن منضــور) لـەكتێبی (لســان العــرب) ، (جەوهــەری لـەكتێبی ( الصحاح) و (ئەزهـەری) لـەكتێبی تهـذیب اللغـة ) پێیانوایـە، كـە زاراوەكـانی (غربـة، غــرب، تغریــب، اغربتــە، غربتــە، دوورخسـتنەوە و دووری لـە نیشـتمان دەگەیەنێت.

لەفەرهەنگـە كوردییــەكانیشدا ئامـاژە بـەو زاراوەیـە كـراوە و لێكدانەوەی جیاوازیان بۆی كـردووە. فەرهـەنگی (هەنبانـە بۆرینـە) مانای( بێگانــەیی) لەبەرانبـەر وشــەی (نـامۆیی) دانــاوە .فەرهـەنگی خـاڵ یش پـێی وایـە نـامۆیی حاڵـەتێكی دەروونییە و واتـای بێ خەوی و بێ كەیفی دەگەیێنێ، كە لەڕانەهاتنی شوێنێک پەیدا دەبێ. لەفەرهەنگی كوردستاندا، بۆ وشەی (نامۆ) واتای (هۆگرنەگرتوو)ی دانـاوە. بـە مانایـەكی تـر، نامۆگـەرایی بریتییـە لـەدۆخێكی سـایكۆ كۆمەڵایەتی كە لەكات و شوێنی نادیاردا دووچـاری مرۆڤ دەبێت

و بــەهۆی ئــەوەوە هەســت بــە نــامۆیی و دووریــی و ئــاوارەیی دەکات. لە پەرتووکی (معجـم علـم الاجتمـاع) یش هـەمان ڕای هەیـە سەبارەت بەنامۆبوون و پێی وایـە (حاڵـەتێکی سـایکۆ کۆمەڵایەتییە، کە بەشێوەیەکی تـەواو کۆنترۆڵی مـرۆڤ دەکـات و وای لـێ دەکـات هەندێک لایەنی واقیعە کۆمەڵایەتییەکەی لا نامۆ بێت دەتوانین بڵێین نـامۆیی دیاردەیەکە هەردوو ڕووی دەروونـیی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵـی سـەرەکی تێـدا دەبیـنن. زۆرجــار نــامۆیی دورکەوتنــەوەی تاکــە لــەخودی خــۆی، هەنــدێک جــاریش نــامۆیی پچڕانــی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکانی تاکــە لەکۆمەڵگەکـەی بەگشــتی و ڕەتکردنــەوەی هــەموو پێوەرەکـانی کۆمەڵگەیــە، بــەڵام هەنـدێک جـار نامۆییەکــە فراوانتــرو قــووڵتر دەبێتــەوە بــە دورکــەوتنــەوەی تــاک لــەخودی خــۆی و ژینگــەی دەوروبــەری و کۆمەڵگەکــەی بەگشــتی کۆتــایی دێــت. هەڵــبەتە نــامۆبوون خــۆی دەرهاویشــتەی ئــەو حاڵەتــە نێگەتیڤانـەی کۆمەڵگەیـە، کـە تـاک ناتوانێـت لەگەڵیانـدا هـەڵبکات و ڕەتیـان دەکاتــەوە، زۆرجـار مرۆڤـە نامۆکـە توانـای گـۆڕینی ئــەو واقیعـە نـەگونجاوەی نییەو ناتوانێت گۆڕانکاری بەسـەریدا بهێنێت، ناچار پەنای بۆ جیهانێکی دیکە بەرێت، کە خۆی تێدا سەرکارە. بە کورتی نامۆبوون، یاخود بەمانایەکی دیکە نـامۆیی وەک چـەمک بـۆ سـەرەتاکانی سـەدەکانی ناوەڕاسـت دەگەڕێتـەوە، زیـاتر بـە مانـای "**دەست بەسەرداگرتن**" یان "**لێسەندن**" هـاتووە. لـە زمـانی ئەڵمانیدا **Entfremdung**ی بـۆ بـەکارهاتووە، بـەڵام لـە فەرهـەنگی ئینگلیـزدا زاراوەیە نامۆیی **Alienation** لە ئاوەڵناوی **Alien** هاتووە، کە بەمانای نەناسراو یان بێگانە دێت. گـەر بـەمانای حـەرفیش وەریگریت، مـانی دوورکەوتنەوە، یاخود دووری لەکۆمەڵگە دێت. هەڵبەتە ئەو چەمکە لای ئەڵمانــەکان تــا ئەمرۆکــەیش بــۆ دۆخــی نــامۆبوون

بەکاردەهێندرێت، لەتەک ئەوەیشدا وشەی Fremder بۆ کەسی نامۆ بەکارهاتووە. بەکورتی نامۆبوون چەمکێکی فەلسەفییە چەندین بیرمەند و نووسەر، لەبارەیەوە بە میتۆد و تیۆری جیاواز قەسەیان لەسەر کردووە. لەزانستە جۆراوجۆرەکان و لە زۆربەی ئایینەکان تا ئەفلاتوون و ڕوسۆ و هیگڵ و فیورباغ و مارکس، دواتریش لە زانستی دەروونی و بونگەرایەکانەوە بە وردی لەسەر ئەو چەمکە وەستاون. نامۆبوون، بەواتای دەرچوونی مرۆڤە لە خودی خۆیدا یان ونبوون و نامۆبوون لە خۆیدا. نامۆبوون لە خود، بە واتای نەبوونی چالاکی یان نەبوونی دەرئەنجامی ماددیی و ڕۆحی چالاکییەکانی مرۆڤە، جۆرێکە لە ململانێ لەگەڵ کایەکانی بوون. لە ئاستی کۆمەڵایەتی، ململانێیە لەگەڵ هێزی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سیاسی، مانەوەیە وەک بوونێکی بێ کاریگەر و نامۆ. ونبوون لەو جیهانەی تیایدا دەژین، جۆرێکی ترە لە نامۆبوون، کە بەهۆیەوە مرۆڤ تێک دەشکێنرێت. وەک پسپۆرە دەروونشیکارەکان دەیڵێن، بۆ دەربازبوون پەنا دەباتە بەر جیهانی خەیاڵی و ڕۆحی. لە بری بیرکردنەوە لە گۆڕینی، لەو ڕێگایەوە پەنا دەباتە بەر دیدێکی میتافیزیکی. بیرمەندێکی وەک کارڵ مارکس ١٨١٨-١٨٨٣ز کێشەی نامۆبوون، لە پرۆسەی کار و بەرهەمهێناندا دەبینێتەوە. لە دەستنووسە (فەلسەفی- ئابوری)یەکەیدا نامۆبوون بە خۆدەردان ناوزەند دەکات. مارکس ئەو میتۆدەی لە تێزە فەلسەفی- ئایدیالیستییەکەی هێگلەوە وەرگرتووە و ماتەریالیستیانە دایڕشتۆتەوە. مارکس پێیوایە نامۆبوون لە پرۆسەی کار و بەرهەمهێناندا دێتەگۆڕێ، کە بە پرۆلیتاریا شوناسی پێ دەبەخشێت. پێی وایە خاوەنداری بەرهەمەکەی خودی خۆی نییە، بەڵکوو سامانی کەسێکی ترە، کە بە خودی ئەو نامۆیە. زەحمەتکێش لەو

پڕۆسـەیەدا تەنـانەت لە خـودی خـۆی نـامۆ دەبێت، یـاخود هەسـت دەکات بووە بە بەشێک لە برغوویـەک لـەنێو ئـەو جیهانـەدا. مـارکس ئەو نـامۆبوونە، بە (کۆلێکتیـڤ / دەسـتەجەمعی) شـیکار دەکـات. لەو ڕوانـگەیەوە تێدەگـەین، کـە خاوەنـداریی تـایبەتی (ملکیـە خاصـە) هۆکـاری نـامۆبوونی کرێکـارە، چونکـە کـار و بەرهەمـی کـارەکەی دەچێـتە دەسـتی کەسـێکی تـرەوە، کە مـارکس بە سـەرمایەدار / کەپیتـالیزم پێناسـەی دەکـات. مارکسـی بیرمەنـد پرۆسـەی کـار بە سەرچاوە و دەستپێکی سەرهەڵدانی دیاردەی نامۆبوون لە تەواوی مێـــژوودا دەناســـێنێت، بە هەمـــوو فـــۆڕم و سیســـتەمە کۆمەڵایەتیەکـــانەوە، ئەوە هەر لە پێوەنـــدییە ترادیســـیۆنەکان و سـەردار و بـەرکاردا، لە کـۆمەڵگەی فیـۆدالّی سـەدەکانی ناوەنـددا (دەرەبەگایەتی) تا دەگات بە سەرهەڵدانی سیستەمی سـەرمایەداریی و فاشـــیزم و سۆســـیالیزم. گەر بە چـــاوێکی ورد بـــڕوانینە مانیفێستەکەی مارکس لەبارەی دۆخـی نـامۆبوون، دەبینین لە فۆڕم و سیسـتەمی سـەرمایەداریدا هەر تەنیـا کرێکـار نیـیە، کە نـامۆیە بەرانـبەر بەرهەمـی کـارەکەی، بەڵکـوو بەرکـەوتنی پێوەنـدییە کۆمەڵاییەتیەکان لەم سیستەمەدا لە ئاستەنگێکی ژیاری قووڵ دان، کە تەواوی مرۆڤـایەتی بە ژینگەیـەکی سـەختی نـامۆبوون گـوزەر دەکات. کەواتە نامۆبوون تەنیا پێوەندی نییە بە دونیای مۆدێرنـەوە، بەڵکـوو لە تەواوی مێـژووی مرۆڤایەتیـدا، هەروەهـا لە فـۆڕم و سیســـتەمە کۆمەڵایەتییەکانـــدا، کە مـــارکس بە ڕێکـــخەرە کۆمەڵایەتییەکان ناوی دەبات بەرجەستە بووە. کێشـەی سیسـتەمی سـەرمایەداریش ئەوەیـە، کـە نایـەوێت چارەسـەرێکی جەوهـەری بـۆ گرفتـی نـامۆبوون بدۆزێتـەوە. یـاخود هـەر بەمەبەسـت نایەوێـت چارەسـەرێکی مرۆڤدۆسـتی بـۆ دیـاردەی نـامۆبوون بە شـێوەیەکی

گشتی بدۆزێتەوە یان بەرەنگاری بێتەوە، چونکە بەرەنگاربوونەوەی ئەو پرۆســـەیە لە توانـــا و هێـــزە سروشـــتی و مادییەکـــانی ئەو سیسـتەمەدا نەمـاون. بـە شـێوەیەکی دیکـە دەتـوانین بڵـێن نـامۆیی دۆخێکە، کە مرۆڤ هەست بە نا ئومێدیی و بێ توانایی لە گۆڕینی بارودۆخی ژیانی خۆیدا دەکات. بە مانایەکی تر، مرۆڤ لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییـەکان و پەیوەسـت بـوون بەوانـی دیـکەوە هەسـت بە دڕدۆنگـی و ڕاڕایـی دەکـات، چ لە نـاو کایـەی خێزان، یـاخود لـەنیو ناوەندەکانی دیکەدا هەست پەراوێزخستنی خۆی دەکات، هەست بە بێڕێـزی بەرانـبەرەکەی دەکـات. خۆبـەزلزانین و فشـاری دەروونـی ئەوانـی دیـکە بەسـەر خۆیـدا، بـە ئاشـکرا هەسـت پـێ دەکـات. بە جۆرێک، کە تـاک توانـای بـۆ وەرچـەرخانـدنی ئەو واقیعـەی نامێنێت. هەرچ کاتێکیش لە نەریتە باوەکە بچێتە دەرەوە وێنەی ناشیرینی بۆ دروست دەکەن و فڕێی دەدەنە دەرەوە. هیچ جۆرە دەروازەیەک بۆ هەناسـەکانی نـامێنێتەوە و هەسـت بە نـامۆیی بـەردەوام دەکـات . بە شێوەیەکی گشتی نامۆیی بەوە ناسراوە، کە تاکەکان لەگەڵ یەکدیدا یان لە دۆخێکی دیاریکراودا هەست بە نامۆبوون دەکەن. نامۆبوون ئەنجامی فشـارە کۆمەڵایەتییەکانە، کە مرۆڤەکـان تێک دەشـکێنێت و ئیستاتیکە ژیارییەکـەی لـێ دەسـێنێتەوە. نـامۆیی لەمڕۆدا زیـارتر بە بەسـەر دونیـای نووسـەر و ئەدەب و هونەرمەندوو مێژووی بیریی کۆمەڵایەتیدا بـاڵی کێشـاوە، بـەڵام لەسـەرەتای دەرکەوتنـی زانسـتی کۆمەڵناســی وەک زانســتێکی ســەربەخۆ، چەمکــی" نــامۆیی " بە هاوبەشـیکردنی دامەزرێنەرانـی زانسـتی کۆمەڵناسـی، وەک ( ئیمێـل دۆرکـایم)، ( مـارکس)، (مـاکس ڤێـبەر) و (کـارل مانهـایم) گـۆڕینی گەورەی بەســـەردا هـــاتووە. بە شـــیکاریی نـــوێی بـــارودۆخی کۆمەڵایەتی واتاگەلێکی تری نوێی لە خۆ گرتووە . لە ڕێگەی (کارل

مـاركس)  ـەوە بە شـێوەیەکی سـەرەکی و ڕوون  چـەمکی نـامۆیی بنــەمای زانســتی دۆزیــیەوە، کە بەســەر هەمــوو نووســینەکانییەوە نـامۆیی ڕەنگی دابـووەوە. لێکـۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکـانی دەربـارەی دۆخـی نـامۆیی وەک لە  دەستنووسـەکانیدا ـ دەردەکەوێت وا لێکـی داوەتەوە ، کە نــامۆیی هیچــی تــر نیــیە جــگە لە پڕۆســـەیەکی کـۆمەڵایەتی و دۆخێکـی دەروونـی، کە بە هۆکـاری هەسـتکردنێکی شـارەوە بە بێـزاری  و دابـڕان دێـتە ئەنجـام . بە درێژایـی مێـژوو، بیــری مــرۆڤ و ڕای بیرمەنــدەکان دەربــارەی پێناســـەکردن و بەکارهێنـانی چەمکـی  نـامۆیی  جیـاوازیی بە خـۆیەوە بینیـوە.  ئەو جیاوازییەش بە پلەی یەکەم لە گۆشـەنیگای جیاوازی بیرمەندانەوە بۆ ئەو چەمکە سـەرچاوەی گرتـووە، لەگەڵ ئەوەی تیـۆرییە نوێکـان دەربارەی بـابەتی  نـامۆیی  لەسـەر لێکـۆڵینەوەی (ئاسـتی ڕەفتـار و کـرداری کـۆمەڵایەتیی)  ڕاوەسـتاوە، کە پێوەنـدی هەیە بە سـیفەتە کرۆکییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە. دانانی شرۆڤەیەکی قووڵ و گشـتی بـۆ زاراوەی نـامۆیی دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەنجـامی هەڵوێسـتە تیـــــۆرییە جیاوازەکـــــان، کە لەســــــەریان لێکـــــۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکـــان هەڵنـــراوە و ئەم چەمـــکەی لێـــوە هـــاتووە و لێکدراوەتەوە. لە ڕاستیدا لە لایەن چەندین قوتابخـانە بیرکـەرەوەکان وەک زانستی کۆمەڵایەتی و فەلسـەفەو زانسـتی سیاسـیی و زانسـتی دەروونیـی و بـونگەراییەوە ئەو چەمـکە بەکـارهێنراوە. کـاتێکیش، کە بــابەتی نــامۆیی دەبەســترێتەوە بە زانســتی کـۆمەڵایەتییەوە واتە پێوەندیـدارە بە لێکـدانەوە جـۆراو جۆرەکـانی ڕەفتــار و کــرداری کۆمەڵایەتییەوە. لە تێروانینی ئاینییشـەوە  نـامۆیی  لەگەڵ چەمکێکـی بنـاغەیی دینییـدا یەک دەگـرێتەوە، کە بە (جیـابوونەوەی) مـرۆڤ لە خواوەنــد لێکدراوەتــەوە، هەروەهــا بە جیــابوونەوەی مــرۆڤ لە

سروشـــت و جیـــابوونەوەی (بـــاوەڕداران) لە (بـــێ بـــاوەڕان) پەیوەستکراوە. تێگەیشتن و لێکدانەوەی دینیی بۆ نامۆیی لەوانی دیـکە و لە سروشـــت ئەوەیە، کە نـــامۆیی بە دیـــاردەیەکی بـــێ چەنـدوچوون لە بـوونی مـرۆڤ و ژیـانی مـرۆڤ لەسـەر زەوی دادەنێت. لە ڕوانگەی دینییەوە نامۆیی هیچی تر نییە جگە لە نامۆبوون لە نیشتیمانە نەمر و هەتاهەتایی و بەهاداره ڕەهاکە، کە پێیـــی وایـــە مـــرۆڤ ناحەســـێتەوە تـــا نەگەڕێتـــەوە بـــۆ شـــوێنە ڕەسـەنەکەی، کـە ئـەودیو سروشـت و بەهەشـت و ڕۆژی پەسـڵانە. بـەدوێکی دیکـەوە قسـەکردن لەسـەر چـەمکی نـامۆبوونی "مـرۆڤ لە مرۆڤ"، کە دەرەنجامی نامۆبوونەکانی پێشووترە. ئەوەمان پێدەڵێت: مرۆڤ نەک بەرانبەر ئەویتر نامۆیە، بەڵکوو بەرانبەر خودی خۆشی نامۆیە، بۆیە نامۆیی مرۆڤەکان بە یەکتری دەرەنجامی نامۆبوونی خودی مرۆڤە بەخۆی. لە دونیای ئاییندا قسەیەک هەیە دەڵێت: چۆن بۆخۆت پێخۆشە، ئەوها بۆ بەرانبەرەکەت پێخۆش بێت. کۆی ئەو گوتارانە پێمان دەڵێت کە ئەوی دیکە بەتۆ نامۆیە، بۆیە سەرنجمان بۆ خۆشویستنی ڕادەکیشێت. تەواوی جۆرەکانی ئەو سکێچانە لەو گریمانەوە دەست پێ دەکەن، کە ئەویتر نامۆ و بێگانەیە و سەر بەناوەوەی من نییە. بە ناواخن و جەوهەری مرۆڤانەی من غەریبە، بـۆیە دەبێـت ئەویتـرم وەک خـۆم خـۆش بوێـت تـا ســەلامەتی و مانەوەی خۆم مسۆگەر بکەم. گوتاری جیاکردنەوەی "من" و "ئەو" لەو جیهانە نامۆیەدا سەرچاوە دەگرێت کە "من" و "ئەو" لەڕێگەی چـــالاکیی بەرهەمهێنـــانی نـــامۆبوو و کـــاری نـــامۆبووەوە دروستمانکردووە. کاتێک مرۆڤ نەک هەر بە دەوروبەری، بەڵکوو بەخـــودی خۆشـــی نامۆدەبێـــت، ئەوکـــات هەســـت بە هـــیچ لێـــک نزیکبوونەوەیەکی ئۆرگانی بە جیهانەوە ناکات و واهەست دەکات

شتێکی زیادە، هەم بۆخۆی هەمیش بۆ ئەوانی تر. غەریبوون و بێگانەبوون لەنێو گەردووندا، قوڵترین و قورسترین بار دەخاتە سەرشانی مرۆڤ. هیچ سەیر نییە، کە لە پارادایمی چینایەتییدا، تێکڕا دینەکان و تەنانەت ژینگە دونیاییەکانیش لەسەر ئەوە کۆک بن، کە ژیان ئازارە و پڕە لە پەژارە و ناخۆشی بکوژ. نامۆبوون لە تێگەی کۆمەڵناسیدا بەو مانایە دێت، کە مرۆڤ لە دەرئەنجامی پرۆسەی بەتاکبووندا بەرانبەر بە قەڵەباڵغی خێزان لەدەست دەدات. کۆمەڵناسی فەڕنسی ئێمیل دورکهایم لەو باوەڕەدایە، کە نامۆبوون بە لەدەستدانی نەریتە جڤاکیەکان و دینییەکان بەرجەستە دەبێت. ئاخر تاک لە کۆمەڵگەدا لە پاڕادۆکسێکدا دەوران دەخوات و لەو پڕۆسەیەشدا ئاوارە و سەرگەردان دەمێنێتەوە. لەڕوانگەی ڕۆسۆوە مرۆڤی دۆخی سرووشتی، دوو غەریزەی هەبووە کە لە ڕێگەی دوو هێزدا هاوسەنگیی ژیانی پاراستووە، کە ئەوانیش بریتیبوون لە (عەشقی غەریزی و هاوسۆزیی غەریزی). عەشقی غەریزی بنەمای مانەوەی خۆی بووە و هاوسۆزیی غەریزی بنەمای مانەوەی جۆری خۆی بووە. مرۆڤی دۆخی سرووشتی لەڕێگەی عەشقی غەریزییەوە ژیانی خۆی پاراستووە و هەوڵی مانەوەی خۆی داوە و لەڕێگەی هاوسۆزیی غەریزییەوە هەوڵی پاراستن و هێشتنەوەی جۆری خۆی داوە. نامۆبوونی سرووشتی لەو خاڵەوە لە ڕوانگەی ڕۆسۆوە دروست دەبێت، کاتێک دۆخی سرووشتی دەگۆڕێت بۆ دۆخی کۆمەڵایەتی، عەشقی غەریزی دەگۆڕێت بۆ خۆپەرستی، هاوسۆزیی غەریزی دەگۆڕێت بۆ کێبڕکێی کۆمەڵایەتی... هتد. دواجار مرۆڤ ئازادی سنوورداردەبێت و دەکەوێتە ناو ململانێی هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە و هاوکات وابەستە و پابەندی ئەوانیتر دەبێت. لێرەدا ناکۆکی لەنێوان تاک وەک خۆی

که هەیە و ئەو وێـــنەی کە لەدەرەنجـــامی بەشـــداریی ناچارانـــەی کۆمەڵایەتییـەوە بـۆی دروسـت دەبێـت، دێـتە ئـاراوە. بەدەربڕینێکـی وردتر، نـامۆبوون لەڕوانـگەی ڕۆسـۆوە بـریتییە لە جیاوازیی نێوان وێـنەی تـاک وەک خـۆی و ئەو وێـنەی، کە لە فـەزای کۆمەڵایەتیـدا وەری دەگرێت، کە مـرۆڤ کـەرت و دوولەت دەکات، ئەوەیـش واتە نامۆبوون.

**وێستگەی ئەدەبی ڕۆستەم باجەلان:**

ڕۆسـتەم باجـەلان لـە سـاڵانی ١٩٧٧ بـەولاوە، دوای لەچاپـدانی چەند دیوان و نامیلکە شیعرێک، ئیدی لە ساڵانی ١٩٨٣ تا ١٩٩٠، بـە پچـڕ پچـڕی تـەنها شـیعری منـداڵانی لـە ڕۆژنامـە و کۆڤارەکـانی سـەردەمی بـەعس بڵاوکردووەتـەوە. لـە سـاڵی ١٩٨٢ نامیلکـەی (نیشتمانی منـاڵ و ڕەشـەبا)ی لـە بەغدا چـاپکردووە. دوای ئـەوەیش دیـوانی (منـداڵ و جیهـانی وەرزش)ی لـە سـاڵی ١٩٨٦ لـە بەغـدا بـە چاپگەیانـدووە. ئـەوەیش هۆکـاری خـۆی هـەبووە، کـە پێوەنـدی بـە بارودۆخی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی ئـەو سـەردەم هـەبووە. مامۆسـتا ڕۆسـتەم باجـەلان لـەو مێـژووە بـەولاوە، دەتـوانم بڵـێم نزیکـەی ١٥ ساڵ هیچ دەقێکی شیعری بڵاونەکردووەتـەوە، جگـە لـەو شـیعرانەی تایبـەت بەمنـداڵان نـەبێت. ئەوانـەی ڕۆسـتەم باجـەلانیان لەنزیکـەوە ناسـیوە، بەکەسـێکی نیشـتمان پـەروەر ناویـان هێنـاوە و خۆیشـی هەمیشە خۆی بەدوورگرتووە لە ناوەندە ئـەدەبی و ڕۆشـنبیریەکانی سـەردەمی بـەعس، بۆیـە لـەو ماوەیـەدا زیـاتر شـیعری منـداڵانی بڵاوکردووەتـەوە، لەوەشـیان سـەرکەوتووە بـووە. دەتـوانین وەک ئـەدەبی بـەرگری و شۆڕشگێڕیی و پـەروەردەیی چـاوی لـێ بکـەین، چونکـە وشـە و ڕسـتە و دێڕەکـانی زیاتر هاندانی منداڵان بووە بۆ ئـازادی، فێربـوون، زانسـت، خۆشویسـتنی خـاک، نـەورۆز و گیـان

فیداکردن بۆ نیشتمان. بیرشتان نەچێت ڕۆستەم باجەلان لە سەرەتای لاویەتییەوە کاریگەربووە بە فیکری چەپ و لەژێر ڕۆشنایی ئەدەبیاتی سۆسیالیزمی بیری کردووەتەوە، هەمیشە وەک ئەدیبێکی نامۆ و گۆشەگیر لەنێو دەقە شیعرەکانیدا دەردەکەوت، بەڵام لەکۆتایی هەفتاکان گوتاری شیعری ئاڵۆزتر دەبێت و زیاتر قووڵتر دەبێتەوە لە جیهانی نامۆبوون.

شاعیر لە کتێبی (غەریب: قەسیدەی تەغریبی)، کە لەساڵی ٢٠١٣ چاپکراوە و لاپەڕە ٥ – ٦ –٧ چەند وێستگەیەک، بۆ ئەو دۆخەی خۆی دیاری دەکات و دەنووسێت:

( کات: شەوی ٢٧/ ٧/ ١٩٥٠ یە، تریفەی مانگ کەزیی خۆ لێکردۆتەوە، داوەلێکی کارەبا تەحریی لە ئاسمانی شار هەڵخستووە، بۆنێکی خۆش ڕووی کردۆتە ئەم ناوە، ئەمە بۆنی قژی مانگ نییە تێکەڵ بە کزە بای درەنگانی شەو بوو، ئەمە بۆنی ماچ و مووچەی، لەسەر چاوەی مەراجی ماچی نێوان باوک و کوڕ و دایک و کورپە و خودا و منداڵ هەڵیکردووە.

**قەڵە ڕەش دەقغێنێ**

**کۆتر دەگمێنێ.....**

ڕەشبینی و گەشبینی لەگەڵ حاڵەتی نامۆی ئەو وارە تووەاونەتەوە، ڕەشەبای ئاژاوە ڕووی لە ئاوەدانی بەندەی جێنشین کردووە، شتەکان تێک دەشکێنێ و تێکەڵ و پێکەڵیان دەکا. میلی زەمەنێکی تازە لە ناو کاتژمێرە بە دیوار هەڵواسراوەکانی خانووە مردووەکان هاموشۆ دەکا، سەر لە منداڵ و گەنج و بەساڵ کەوتووەکات دەشێوێنێ وململانێ لاریان لەگەڵ دەکا، بە زمانە ئاڵۆز و پاڵۆزەکەی خۆی دەیاندوێنێ.....

کات: ١٩٦٥/٨/٢٧ ە، کەسانێک هەن سیناریۆی سەرچاوەی

ڕەشەبای ئاژاوە بەدی دەکەن، خەڵکی بەندەنیش وەک دانیشتوانی دوورگەکان و وڵاتە لە کاوتۆن دروستکراوەکان و سەقەتەکان بینەرێکی سەر لێ شێواون، بۆ حاڵەتی پڕ لە نامۆیی خۆیان دەگرییێن.

ئەو منداڵە قژ پەشۆکاوە لەناو لانە مردووەکانی، هەر بە داڵغە وێنەی باوکە ونبووەکەی دەکێشێ، دیمەنە خۆشەکانی تەمەنی بچکۆڵەی دەخاتە ناو تەنی درز وبۆ شاییەکانی بیرکردنەوەی گوزارەیی میوانی.... باوک سەرابە، ئەم منداڵەش تەنیا بە خەیاڵ دەیگاتێ، لە نێوان تەنی منداڵ و باوکی سەراب، شەقامەکان بە تارمایی سیخوڕ تەنراون، ئەم منداڵە :

- دەورووبەری خۆی دەناسێتەوە.

- گومانی لە میلی زەمەنی تازە پەیدا کردووە....، کە شەو بەنامراد لێی دەخەوێ، خوا بە میوانی لێی دێتە ژوورەوە، بە دەستی قژە پەشۆکاوەکەی دادێنێ، چەند جارێکیش ڕوومەتە بە ئەشک شۆراوەکەی ماچ دەکا، ئەویش بە دەنگێکی سەمفۆنیا تەحری بەم تازەیە پێدەکەنێ تریفەی پێکەوین لانەی تاریکی لێ ڕووناک دەکاتەوە، سەری خۆی بۆ کەشی دەرەوە هەڵدەکێشێ، لەگەڵ بزربوونی خودا بزر دەبێ.........،........

کات: ١٩٨٩/١٢/٢٧ یە، ئەم منداڵە گەورە بووە و ڕووبارێکی نامۆیە، دەمی خۆی بۆ چۆڕە شەونمی ئاسمانی نامۆ داپچڕیوە، چاوەڕوانی چریکەکانی هەل دەکا، لە نێوان دوو کەناری گەچلاو گۆرانی غەریب بۆ حاڵەتی وجودی خۆی دەڵێ، مەڵبەندی لە دایکبوونی خۆی لە ئاوێنەی تەمەن دەبینێ، بەڵام یەکەم سەرچاوەی هەڵقوڵانی خۆی نابینێتەوە، بۆ ڕنینی خڕ نووک و مەحچەچەی سەر بڕکەکان دەگری.... یا بەم حاڵەتە پێ دەکەنی.......،........

غەریب: گریانە

غـەریب: لـە نـاو گریـانی گومـان نـووقم بـووە، هـەڵیش قرچـاوە، دەگری، پێدەکەنی).

لــەو ســکێچەدا شــاعیر پــۆلینی ژیــانی خــۆی، بــۆ ســەر ســێ وێستگەی جەوهەری دابەش دەکات. **سەرەتای منداڵیی** و **سـەرەتای نووسینی شیعر** و **قۆناغی گەورەبوون** و **کامڵ بـوون**. لـە درێژەی ئـەو کۆڵینەوەیـەدا هەوڵـدەدەین لەسـەریان بووەسـتین و بـە وردی دۆخی نامۆیی تیایدا بدۆزینەوە.

لــە هەشــتاکانیش ســەرچاوەی ڕۆشــنبیری ڕۆســتەم باجــەلان گۆڕانکاری بەسەردادێت و ئیدی بەتەواوی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئـەو لێشـاوە وەرگێرانـەی ئـەدەبیاتی ئـەمریکای لاتـین و قوتابخانـە فیکرییەکانی ئەوروپایی و خۆرئاوا بە شێوەیەکی گشتی، کە دەکرانە عەرەبی. شارەزابوونی لە زمانی عـەرەبی، هۆیـەکی گرنـگ بـووە بۆ خۆپێگەیانـدنی لـەڕووی فیکـری و مەعریفییـەوە. ئـەو قۆناغـە بـە وێســتگەی خۆناســینی باجــەلان دادەنــدرێت، کــە بەتــەوای خــۆی ناسیوە، بەڵام هیچ نانوسێت و بێ دەنـگ تـەنها بیردەکاتـەوە، یـاخود جــارە جــارە ئەزعــەفولئیمان شــیعری منــداڵانی بڵاوکردووتــەوە. هەڵبەت چەند هۆکارێکیش هەبووە بۆ نەنووسین، یەکێک لەو خاڵانـە نەیوەیستووە ببێتە بەشێک لەو ستەمانەی کە بەعس بەرانبەر کـورد دەیکــات، هەرچەنــدە لــەوەیش درێغــی نــەکردووە و شــتی باشــی نووسیوە. بۆ نموونە  لە ڕۆژنامەی (العراق) ژمـارە ٢٢٠٧ ڕێکـەوتی ١٩٨٣/٨/٣١ شیعرێک بڵاودەکاتەوە بەناوی "چیرۆکێک" دەڵێت:

**( منداڵینە!**

**ئەی بێگەرد و خوێن گەرمینە!**

**دەگێڕنەوە ناحەزەکان**

**دێنە حەوشەی فێرگەیەکی**
**شاری زەیتوون**
**هەر لەوکاتە**
**فاشییەکی بەدەمامکی پیری چڵکن**
**کە قسەی خۆشی هەرجوون بوو، جوون**
**مامۆستایەکی بەنەترەی هۆگری خاک**
**بەگوللەی تاوان لەنێو خوون**
**دەگەوزێنێ**
**ئا لەم کاتەش**
**فاشییەکە**
**پێی دەڵێ: بۆ؟**
**بۆ مامۆستای ئێمەتان کوشت؟**
**فاشی دەبەنگ**
**کە چڵێس بوو وەکو نەهەنگ**
**دەڵێ: چونکە**
**مامۆستاتان نەگریس و ئاژاوە چی بوو**
**بەدنیهاد و ناحەزتان بوو**
**کە وئەمەی بیست**
**لە دەمی پیری کەمتیار**
**وتی: بەخوا درۆدەکەی**
**مامۆستا ئێمەی خۆش دەویست.)**

ئەوە جۆرێکە لە ئەدەبی بەرگری، بەڵام بە فۆڕمی جیاواز و بە زمانی منداڵ. لەگەڵ ئەوەیشدا لە (نووسەری کورد) ژمارە (٢) خولی دووەم ١٩٨٢دا شیعری " دوو تابلۆی شیعری بۆ منداڵان" بڵاودەکاتەوە.

١- حەز

منداڵەکان!

ئای حەزدەکەم

باڵی خورەی دەریای رەش و

دەریای سپی تێکەڵ یەک کەم!

وای حەزدەکەم

وشەی مێشکم

بەلایەنێ پێوەندەکەم!

بەڵام چی بکەم

دڵدارەکەم کۆت کرایە....

ناشزانرێ لەو دیو پەردە

چ کۆدێتاو چ هەرایە....

٢- نیشتمان

منداڵەکان!

کچێکی خوێن گەرمی کوبی

خوشکە بچکۆڵەکەی لە ئامێزگرتبوو

دەیوت: دایە

ئەها! ئەها!

دەنگی گرمەی فرۆکە دێ

دەنگی ناپاڵم وقازیفە ونارنجۆک دێ

هەربەتەنها نارنجۆکێ توانای هەیە

خوشکم " نەزەند" و بوکەکەم

لەنێو خوێنا بگەوزێنێ؟

هەر بەتەنها نارنجۆکی توانای هەیە

قوتابخانەکەم برمێنێ؟

**ئەویش دەیوت: کچۆڵەکەم**
**ناحەزەکان**
**وەک دڕندە هێرش دێنن و**
**قوتابخانە و دارو خانووش دەسوتێنن**
**بەد نیهادن**
**لە نێو خاک و نیشتمانمان**
**دەرمان دێنن....).**

هەر بەو هەناسەیە بەهەمان حاڵەتی نامۆیی و نامۆبوون، درێژە بە بڵاوکردنەوەی دەقی شیعری تایبەت بە منداڵان دەدات. لە گۆڤاری (ئۆتۆنۆمی)، ساڵی ١٩٧٦ ئۆپەرێتی "**نەورۆز و بەهار**" بڵاودەکاتەوە. لە ژمارە ١ی خولی هەشتەمی ساڵی ١٩٨٤ دووبارە بە شێوازێکی دیکە و ناوەڕکێکی جیاواز "ئۆپەرێتی نەورۆز" بڵاودەکاتەوە. لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، تا ساڵانێکی زۆر لەسەر ڕیتمی بڵاوکردنەوەی شیعری منداڵان بەردەوام بووە. لە ساڵی ٢٠٠٤ ڕۆمانێکی منداڵانی بڵاوکردۆتەوە بە ناوی (دەریای منداڵ) ١٠١ لاپەڕیە و بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری/ هەولێر وەشاندوویەتی .

شاعیر لەوەتەی دەنووسێت نامۆییانە ژیاوە، دونیایەک بووە لە نامۆبوون و گەڕان و دوورکەوتنەوە، بەردەوام بیری کردۆتەوە. ڕایکردووە، بۆ ئەوەی بگات بەخۆی، جار جارەیش خۆیشی فڕێداوە و ویستوویەتی دەربازی ببێت لە خۆیشی. ئەو دۆخە شاعیری گەیاندۆتە پلەی وەرزبوون لەهەمووشتێک، بەڵام هیچ کاتێک نەوەستاوە. گەڕاوە بەدوای خۆیەک. کە لەخۆی بچێت. درێژە بەو حاڵە نامۆییەی دەدا، کە لە ١٩٦٥ وە بەبێ پچڕان لەگەڵیدا دەژیت.

لە دیوانی (شاعیرێکی تینوو لە پەڕاوی بیرەوەریدا) چاپ/ ١٩٧٨، چاپخانەی کامەران/ سلێمانی. دەقێکی بڵاوکردووەتەوە بەناوی (نامە بۆ خاتوون)، کە لە ١٩٦٩/١/٢ لە بەغدا نووسیویەتی دەڵێت:

**(خاتوونەکەم!....**
**گەر نامەکان ناگەنەلات لێم ببورە**
**کەوتۆمەتە بەر شەپۆڵی یادەکانی هۆی ناخۆشیم**
**دڵ ژاکاوم و ..... بریندارم**
**وەک ئەو مەلەی**
**هێلانەکەی**
**لێ ڕووخابێ و..... هەناسەی ساردی بخواتەوە**
**وەک چەمێکی شێت و..... شەیدا**
**ئەڕوا و..... ئەگری**
**بێدار و ..... بێ هێلانەیە ئاواریە و...... بەسەر چڵی**
**هێلانەکەی دڵی ژاکاو ئارام ئەگری).**

شاعیر لەو دەقەدا هێندە بێهوایە توانای نامە نووسینیشی نییە بۆ یارەکەی، چونکە هێندە دڵ بریندارە وەک ئەو مەلەی لێهاتووە هێلانەکەی لێ ڕووخابێ و هەناسەی سارد بخواتەوە. خۆی بە چەمێکی شێت و شەیدا دەچوێنێت، ئەوە ئەوجی نامۆیی و دوورکەوتنەوەیەتی لە دەورووبەر. بەو هەموو جنوون و یەئسەوەش هێشتا نەوەستێت و داوای ئارامی لە یار دەکات و دەڵێت: تیشکی چاوەکانت لەلای دڵی زاماومە .

دوای ئەوە لە ١٩٦٩/٤/٢١ لەشاری هەولێر دەقێکی دیکە دەنووسێت بەناوی (پەشیمانی) و لە هەمان دیوانی (شاعیرێکی تینوو لەپەڕاوی بیرەوەریدا) بڵاودەکاتەوە.

(لەدوای دوو ساڵ جیابوونەوە
دێیتەوە لام و.....
گڕی ئەشکێ پڕ تاوانت ئەبارێنی
لەدوای ئەوەی جگەرەیەک بووم بەدەمتەوە
داتگیرساندم بوومە سۆتکە و.... چیت گەرەکە؟
ئەی من نەم  ووت گیانە لە کونجی تەنیایی
شاری غوربەت دەرم بێنە
تۆزی وێڵ و.... دەربەدەری لەسەر ڕووما
بسڕنەوە
پێم نەووتی کەوتۆمەتە ناو چەمێکی شێت و شەیدا
دەرم بێنە
گوێت نەگرتە وشەکانم
خۆت نەخستە دەریای قووڵی ئاخەکانم
ئێستاش بوومە خۆڵەمێشی
سەر ژیلە مۆی ناو ئاگردان
گڵپە و گڕی خۆشەویستیت لەناخی دڵ دامرکاوە.
شیعرەکە درێژەی هەیە تا دەڵێت:
ئەو دڵەی کە هێلانە بوو
تا باڵداری گیانت تێدا
بسرەوێت و... ئۆقرە بگرێ
کەلاوەیە و جێگات تێدا
نابێتەوە.

غوربەت و نامۆبوون، لە شاعیر نابێتەوە بە دڵدارەکەی دەڵێت:
ئەی من نەم  ووت گیانە لە کونجی تەنیایی.

**شاری غوربەت دەرم بێنە**

**تۆزی وێڵ و.... دەربەدەری لەسەر ڕووما**

**بسڕنەوە**

**پێم نەووتی کەوتۆمەتە ناو چەمێکی شێت و شەیدا**

**دەرم بێنە .**

شاعیر دووبارە دەبێتەوە بە مەل و لەژێر خۆری بیابانی وشک و گەرم تینوو.... تینوو ئەخنکێ. هاواری شاعیر جۆرێکە لە غوربەت، غەریبی دایڕزاندووە، ئۆقرەی لێبڕیوە، بۆیە دەڵێت :

**(گوێت نەگرتە وشەکانم**

**خۆت نەختستە دەریای قووڵی ئاخەکانم**

**ئێستاش بوومە خۆڵەمێشی**

**سەر ژیلە مۆی ناو ئاگردان**

**گڵپە و گڕی خۆشەویستیت لەناخی دڵ دامرکاوە).**

لە هەمان دیوان (**شاعیرێکی تینوو لەپەڕاوی بیرەوەریدا**) دەقێکی دیکە بەناوی ژوانی شەوان، کە لە ١٩٧٠/١/٢٤ نووسیویەتی دەڵێت:

**(لەگەڵ تۆمە هۆ .... کچەکە!...**

**بیرتە گیانە لەشەوانی تاریکە شەو**

**لە کۆڵانە باریکەکان ئەوەستام و....**

**تۆش بەدزی و..... دڵە کوتەو.... چاو پڕ لەخەو**

**بەنهێنی باوەشت پیا ئەکردم و.....**

**منیش تیشکی زەردەخەنەی سەر لێوەکەم**

**ماچ ئەکردی.)**

ئەوە جۆرێکە لە نۆستالیژیا، کە مرۆڤ بەهۆی غوربەتەوە،

بەهۆی یادەوەریی و گەڕانەوە بۆ ساتی ڕابردوو بەسەری دێت، شاعیر ئەو حاڵەتە دەکاتە بەهانەیەک و خۆی وەک شتێکی غەریب و پەنهان دێتە بەرچاوان و هەرچی لەو شەوەدا کردوویەتی دەهێنێتەوە بەردیدەنی .

لە دیوانی (**دەریا**)، کە لە ١٩٨١ لەبەغدا چاپکراوە. شیعرێکی دیکەی بەناوی (**دڵێکی شەیدا**)، کە لە زستانی ساڵی ١٩٧٢ نووسیویەتی دەڵێت:

**(هۆ کچەکەی هەرزەکاری قژ زەردەکە**
**لە دڵەی ماندووی منی شاعیر چیت گەرەکە**
**خۆ جیاوازی نێوانمان بێ سنوورە**
**بەقەد ماوەی نێوان زەوی وئاسمان دوورە**
**ئەی نازەنین دڵ ناکەمە هێلانەی تۆ**
**دڵم شەیدای گوێ بنار وکۆسارە خۆ**
**زەردەخەنەی هیچ جوانێ نامبزوێنێ**
**چرپەی ووشەت ژێ ی گوێ ی خەمم نالەرێنێ**
**ئەی نازەنین مەبە لەمپەر لەڕێگەمە**
**بەچاوی شین دڵم چاوگەی ئێش و خەمە.)**

شاعیرباس لەو جیاوازییە بێ سنوورە دەکا، کە بەقەت نێوان ئاسمان و زەوییە، دڵێک هەمیشە سەرگەردان و بێ ئۆقرە لە هیچ دەوارێک لە هیچ کیشوەر و خاکێک هێورنابێتەوە، چۆنکە دڵی شاعیر چاوگەی ئێش و خەمە.

شاعیر ڕۆستەم باجەلان دەقێکی دیکەی بەناوی "گریان" لە دیوانی (دەریا) لاپەڕە ٥٩ بڵاوکردووەتەوە، کە هەمان دۆخی نامۆبوون و پەژارەیی پێوە دیارە. مێژووی نووسینی، بۆ زستانی ١٩٧٣ دەگەڕێتەوە و دەڵێت:

**(هۆ بێ مەیل نامەکانت ڕنییێکن**
**جار جار بە گوڕ هێرش دێنن**
**بەڵام دڵنیام گەر بێت و ئەو کات بمرم**
**لە بانما دەتوێتەوە و دەدگرێنن.)**

هەرچەندە دۆخی نامۆبوون و نامۆیی لەدونیای شاعیر، پێوەندی بە خودی خۆیەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕووداوەکان و گۆڕانکارییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان بێکاریگەری نین و مەترسی جێ دەهێڵن، بەڵام شاعیر گشت ئەمانە لە دونیای تایبەتی خۆیدا جێ دەکاتەوە و لەوە زیاتر قووڵتر و نامۆتر دەردەکەوێت. بۆ نموونە لە ٢٣/ ٣/ ١٩٧٤ تێکستێکی دیکە بەناوی "سەربەستی" کە لە ناوچەی "پیرئۆمەر" نووسیویەتی. لە دیوانی (شاعیرێکی تینوو لەپەڕاوی بیرەوەریدا)، لاپەڕە ١٦- ١٧ – ١٨ بڵاوبووەتەوە دەڵێت:

**(ئەی سەربەستی!....**
**چۆن بانکت کەم؟**
**تۆلێم وونی و..... بەدواتەوە ئەگەڕێم و...**
**خۆم وون ئەکەم**
**بەسەر هەموو پەیژەکانی نزم و..... بەرز سەرئەکەوم**
**بتدۆزمەوە**
**کەچی گیانە**
**لەکام پەیژە ئێجگار بڵندە**
**ئەتخەنە خوار**
**بەند ئەکرێم و..... لێت نابمەوە**
**گۆرانیشم بۆ بەهارە**
**کەچی گشت ئەو گۆرانیانەی**

**بۆ تۆم ووتبێ سزا ئەدرێم..... لێت نابمەوە**
**ئەی سەربەستی...!).**

لە ساڵی ١٩٧٥ لە شاری هەولێر شیعرێک دەنووسێت بەناوی "دوو هۆنراوە" لە دیوانی (شاعیرێکی تینوو لە پەڕاوی بیرەوەریدا) بڵاوی دەکاتەوە و دەڵێت:

**(١)**
**کۆرپەیەکی ئەمریکایی ووتی هۆدە**
**بۆچی ئێمە پێستمان ڕەشە**
**بۆچی بەشمان کوێرەوەری و....**
**بەندەیەتی و...... قوڕ و هەشە**
**ووتی ڕۆڵە لە ترسان و.... لە برسانە.**
**(٢)**
**ووتم ئەی خام**
**ئەی هەڵەتەی هەڵبەڵ لە ژین**
**بەچەند ووشەی تێکەڵ پێکەڵ لەسەر تەختەی ڕەش بنوسە**
**کوڕە کوردم دار باویەکان ئەپارێزم**
**هەگبەی نهێنی بۆ هەڵەتە هەڵئەڕێژم**
**جا بنوسە و..... هەر بنوسە**
**سەر هەڵمبڕە بۆ ئاسمانی چارەنوسە.(**

شاعیر لە دەقێکی دیکەیدا بەناوی "ئینسان"، کە ساڵی ١٩٧٦ نووسیویەتی و لە دیوانی (دەریا) چاپکراوە. تێڕوانینی خۆی لە بارەی مرۆڤ و ژیانەوە بەو جۆرە دەردەبڕیت و پێی وایە مرۆڤ لەو سەر زەوییە میوانە و چۆن هاتووە وئەواش دەڕوات.

**(ئەی چرکەی ژین....**
**دڵەی پڕ لە ژان و برین**
**گەرەکیتی**
**ڕەنگ ودەنگی**
**ڕێڵی گشت ئەم کیشوەرانە**
**لەئامێز کا.....**
**بەبێ جیا....**
**ئەی چرکەی ژین.....**
**ئینسان لەلام گەورەترین،**
**شتە لە سەدەی بیستەمین**
**دەزانی بۆ؟**
**چونکە لەژین**
**گشت میوانین**
**چۆن هاتین و ئەواش دەچین....).**

شاعیر لە تێکستێکی دیکەیدا بەناونیشانی "سترانی خۆم هەر دەڵێم و دەڵێمەوە"، کە لە زستانی ١٩٧٧ بۆ "شێرکۆ بێ کەس"ی شاعیر نووسیویەتی دۆخی ئەدەبی و جیهانی بیرکردنەوەی خۆی دەبەستێتە بە شاعیر و ترپەی دڵی خۆی وابەستەی ترپەی دڵی ئەوشاعیرانە دەکات، کە لەبەر تەنیایی و پەژارەیی و زام و ئازارەوە خەویان زڕاوە. لەدیوانی (دەریا) بڵاوکراوەتەوە دەڵێت:

**(ئەمشەو کێ یە دڵی بەقەد دڵی منا لێ دەدات و**
**ئازاریش هەرگیز نایەڵێت خەوی شیرین بیباتەوە؟**
**ئەمشە و کێ یە دەمی وەک من خستۆتە ناو دەمی خەم و**
**تێر.... تێر ئاوی دەخواتەوە؟**

**ئەمشەو کێ یە دەیەوێت ببێت بە شیعر و شیعریش بە ئەو دەیەوێت ببێت بە خەم و خەمیش بە ئەو؟).**

لە شیعرێکی تردا، کە بەناوی "خەم" لە پایزی ١٩٧٨ نووسیویەتی و لە دیوانی (لەپێناوی تۆدا دەژیم)، کە لە ساڵی ١٩٨٢ لە بەغدا چاپکراوە دەڵێت :

**(ئەگەر عود ژەن خەم دایبگرێ**
**دەستی بۆ عود درێژ دەکا**
**ئەگەر عاشق ئاوارەی شارەکان بکرێ**
**پەنا بۆ مەیخانە دەبا**
**ئەگەر ئافرەت ئازار بدرێ**
**چاوەنواڕی ئەشک دەکا**
**ئەگەر منیش هەست بەخەم و پەژارەکەم**
**دەست بۆ خامەی گیرفانەکەم**
**درێژ دەکەم).**

لە قەسیدەی "کە دێوانە بڕیار دەدا" لە ١٩٧٩/٩/٢١ نووسیویەتی و لە دیوانی (دەریا ) لاپەڕە ٣- ٤ چاپکراوە دەڵێت:

**(دێوانەم و**
**چاوم خوێنی ئاڵ و سووری تێدا زاوە**
**هەگبەی خەمی خاتوو شەمم لە کۆڵ ناوە**
**شەمیش لە دەست زریان دایە**
**شەمیش چەپکێ گوڵی سوورە**
**ڕێگای زۆمی تویێشووی دەوێ و**
**ڕک و دوورە**
**دێوانەم و**

**تاوڵیم لە لەیلاخی شەم هەڵداوە**
**زریانیش لەهەموو لاوە**
**گەرکیتی ئەستووندەگی هەڵتەکێنێ و**
**نەگەم بەشەم**
**منیش وەلی دێوانەم و**
**لەوەتی هەم**
**هەگبەی ئاوارەییم پێیە**
**چەپکێ زامە وپڕە لەخەم**
**بڕیارێکە و داومە دەبێ**
**بگەم  بەشەم).**

شاعیر لەو دەقەی خوارەوەدا، کە بەناوی" دەریا......یان نەخشەی هەر چوار پارچەی شاری دڵم" لە زستانی ١٩٨٠ نووسیویەتی و لە دیوانی (دەریا) بڵاوبووەتەوە دەڵێت:

**(وەبیرت دێ کە مناڵ بووین**
**لەڕووی بەفری ئەو بنارە هەڵاژابووین**
**منیش لەسەر ڕووی بەفرکە**
**هەرچوار پارچەی شاری دڵم نەخشە دەکرد....**
**وەبیرت دێ لەترسانە ڕات دەکرد.....**
**کچێ چۆن ئێستاش دڵەی پڕ خەم گەورە بووە**
**چۆن نەچمەوە شوێنی جاران**
**نەخشەیێکی دیکە بکەم؟).**

لە قەسیدەی "دۆزینەوە" کە لە ١٩٨١ /٣/١٨ نووسیویەتی و لە دیوانی (لەپێناوی تۆدا دەژیم) لاپەڕە ٣-٤ چاپکراوە دەڵێت:

(ئەی خەم ڕەوێن
زۆر لە مێژە چرپەی دەنگت لەمن زیزە و
نازانم کەوتویتە کام شوێن!
ئەی خەم ڕەوێن
گەر حەز دەکەی لێوی زیز بووت
بخەیتە سەر لێوی حەزم و
بمدۆزیەوە
کاتێ سەیری ڕوبار دەکەی
کامە شەپۆڵ باڵی خوڕەی توند و تیژە
ئەوە منم
کاتێ سەیری چیا دەکەی
کامە لوتکە ئێجگار بەرزە
ئەوە منم
کاتێ سەیری ئاسمان دەکەی
کام ئەستێرە پرشنگدارە
ئەوە منم).

**سەردەمی.....**
**گۆڕانکاری و وەرچەرخان**

جیهانبینی شاعیر لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ ەوە لە ڕووی بڵاوکردنەوە گۆڕانکاری بەسەر دادێت، بەتەواوی قووڵ دەبێتەوە لە ناو نووسین و ئەدەبیاتدا. ڕەهەندە فیکرییەکانی زیاتر ڕامان بووە، لە بوون و ماهییەتی مرۆڤ و ژیان. پرسیارگەلێکی زۆری لەبارەی گەردوون لای دروست بووە، بۆتە بەشێک لە خەمەکانی. خەمی شاعیریش پێوەندی بەدۆخی نامۆیی دەروونییەوە هەیە، کاتێک

مرۆڤ وەک گەڕیدە و غـەریبێک لـەخۆیی و  دەورووبـەری ڕوانـی، ئیدی دادەبڕێت لـە هـەموو ئـەو شـتانەی، کـە وەک کەرەسـتەیەک لـە دونیای ئێمەدا هەیە. دۆخی نامۆیی شاعیر جۆرێکە لە هەڵاتن، بـەڵام بۆ ناوەوەی خۆت. هـەموو ئاوڕدانەوەیـەک، گەڕانەوەیـەک بـۆ زات، مــرۆڤ بــاڵا دەکــات و دەیگەیــەنێت بــە ئــەوجی بیرکردنــەوە، هەرکەسێک بیری کردەوە تەنیا دەبێت، وەک غەریبەیەک لەنێو ژیان پیاسە دەکات.  بیرکەرەوەکان نـامۆترین بوونـەوەری سـەر زەویـن، ئەوانــەی ڕادەمێـنن، تێـدەفکرن، زیـاتر لەگـەڵ ئازارەکـانی ناخیانـدا دەژین. یەکێکی وەک ڕۆستەم باجـەلانی شـاعیر نموونـەی مرۆڤێکـی بیرکـەرەوە بـوو، لـە قەسـیدەی (غـەریب) لـە ٢٠٠١ چاپکراوە و بـە حاڵەتــە تەغریبییــەکانی ١٩٨٩ – ٢٠٠١ ناســراوە. شــاعیر لــەو مێـژووەدا وەرچـەرخانێک لـە بیرکردنـەوەی ڕوودەدا، بـەڵام نابێـت بیرمان بچێت هـەموو ئـەو گۆڕانانـە پێوەندی بـە سـەردەمی تـاریکی هەشـتاکانی دونیـای بەعسـەوە هەیـە، کـە بێدەنگی و بڵاونەکردنـەوە وای لــە شــاعیرکردووە زۆر بخوێنێتــەوە. پێموایــە لــەو ســەردەمە ڕۆستەم باجەلان زۆرترین کتێبی خوێندبێتەوە، باش لـە فەلسـەفەی وجودییەکــەی ســارتەر و دادایــی و ســوریالی و پوچگەراییــەکان گەیشـتووە، زۆر بـاش لــە بیرمەنـدو ڕوناکبیرەکـانی خۆرئـاواو و ئەوروپا و قوتابخانە ئەدەبیەکانی ئـەمریکای لاتینی هـەزم کـردووە. بــە وردی تێگەیشــتووە لەمەنزومــەی کــەپیتالیزم و بەهــەدەردانی مرۆڤ، لەدونیای سەرمایەداریدا. سەرباری ئـەوە ڕاپـەڕینی بەهـاری ١٩٩١ نـەک هـەر بـۆی نەبۆتـە وێسـتگەیەکی گرنـگ، بـەڵکوو زیـاتر نـامۆتری کـردووە، بـێ هیـوا و گۆشـەگیری کـردووە. ڕاپـەڕین لـە جیهــانبینی ڕۆســتەم باجەلانــدا، دابــڕان نــەبووە لــە ســەردەمی پێشــەخۆی، بــەڵکوو درێژکــراوەی هــەمان دۆخ بــووە، ئــەوجارە

زامەکەی قووڵتریش دەردەکەوت.

ئیشکردن لەسەر دونیای بیرکردنەوە و فیکرو ئەدەبی ڕۆستەم باجەلان بەوە دەکرێ، بگەڕێیتەوە ڕابردووی ئەو و چاو لە دەقە شیعرییەکانی بکەیت. باجەلان نووسەرێکی باش نەبوو، وەک ئەو نووسەرانەی کتێبیان هەبێت، یاخود لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا شت بنووسێت و بڵاوبکاتەوە. قسەکەرێکی وردیش نەبوو، کەسێکی بێدەنگ دیاربوو، بۆیە نووسینی زۆر کەمە و زۆر بەکەمیش وتاری داوە و سیمناری کردووە. بەمانایەکی دیکە کەم دەرکەوتووە لە میدیا و کەمترین لێدوانیشی هەبووە، بەڵام لەناو تێکستدا ورد و بیرکەرەوەیەکی کوشندە بووە. بەمانای وشە توانیویەتی فیکری خۆیی و دونیابینیەکەی بەدروستی بگەیەنێت و ڕوئیایەکی زۆر تایبەت وەک شوناسێک بە خۆیەوە بلکێنێت. ئاخر ئاسان نییە بێ گەڕانەوە بۆ مێژووی دەقە شیعرییەکانی بگەیت بەو ئەنجامەی، کە بەجددی دونیای باجەلان دونیایەکی قووڵ بووە. نامۆگەری، نامۆیی، نامۆبوون، کەوتن بەسەر پەژارەیی و دوورکەوتنەوە لە دەوروبەر، گۆشەگیری، غەریب بوون لەنێو گێژاوی بیرکردنەوە، بوون و مردن و ژیان و گەردوون.، هەموو ئەمانە ڕۆستەم باجەلانیان بە تەواوی داگیرکردبوو. کاتێکیش دیوانی (**گرانەتا**) لە ساڵی ٢٠٠٢ چاپ دەکات تیگەیشتنمان بۆ شاعیر دەگۆرێت، گۆڕان بەومانایەی شاعیر تەواوی ئەو دیوان و نامیلکە و شیعرانەی لە ساڵانی ١٩٧٧ وە تا ٢٠٠٠ هکان شتێک بووە، ئەوانەی لە کتێبی گرانەتا بڵاوی کردووەتەوە شتێکی دیکەیە، لەکاتێکدا هەر یەک لەو دەقانەی، کە لە دیوانی گرانەتا هاتووە مێژووی نووسینیان بۆ ساڵانی ١٩٧٨ تا ١٩٩٠ دەگەڕێتەوە، بەشی زۆری تێکستەکانی ناو ئەو دیوانە، پێشتر بڵاوی نەکردووەتەوە. زمان و تەکنیک و وێنە و

ڕیتمی کۆی شیعراکانیش لەگەڵ ئەو دەقانەی باجەلان جیاوازە، ئەوە گومانی لادروستکردووەم. هەرچەند ڕێکەوت و مێژوو دانان لای شاعیرانی کورد، کە شیعرەکەی لەو ڕۆژو مانگ و ساڵ و شوێنە نووسیوە بە گرنگ زانراوە و وەک شتێکی پێویست پەیرەوییان لێکردووە، بەڵام ئاسان نییە دوو جۆر تێکست لە یەک ساڵ و مانگ و ڕۆژدا بنووسیت، زمان و تەکنیکی هەردووکیان جیابێت و یەکێکیان بڵاوبکەیتەوە، کە بۆ ئەو سەردەم گونجاو بێت ئیدی لەهەموو ڕوویەکەوە، چونکە بیرت نەچێت هەفتا و هەشتاکان بەعس هەبووە، ڕەقابە و پۆلیسی ئەدەب هەبووە، لەپاشان قوتابخانەی ئەدەبی تایبەت هەبووە، زیاتر ئەو زمان و تەکنیکانە باو بووە، کە شاعیرانی پێشوو پێیان نووسیوە، ئاسان نەبووە دەرچون لەو فۆرمە، بەڵام ڕۆستەم باجەلان بەشی زۆری لەو دەقانەی، کە لە هەفتاکان و هەشتاکاندا نووسیویەتی لەکاتی خۆیدا بڵاوی نەکردووەتەوە، هەم زمانەکەی هەم تەکنیک و ڕیتم و قووڵییەکەی لە دەقەکانی دیکەی جیایە. من باسی حاڵەتی نامۆیی و تەغریبییەکانی ناکەم، چونکە ئەو فۆرمە نامۆبوونە لە دونیای ئەدەبی باجەلاندا وەک خۆی بێ پچڕان درێژەی بووە، تا کۆتایی ژیانی، بەڵام لەو دەقانەی بڵاوی نەکردووەتەوە زۆر جوایەز دەرکەوتووە. خاڵی جەوهەری جیاوازی ئەویش لەگەڵ شاعیرانی (**پێشەخۆی، سەردەمی خۆی، پاشەخۆی**) ئەوەبووە.

شاعیر لەکتێبی گرانەتا، شیعری"من وبەردەبووک"، کە ساڵی ١٩٧٨نوسیویەتی: لاپەڕە ١٣٠ دەڵێت:

**(ئەی بەردەبووک!**

**ساڵانێکە،**

**منی نامۆو نیگەران**

**تۆی جاوید و چاوەڕوان**
**لەحەوقەوە سەیری دۆڵی درێژخایان دەکەین**
**دوێنێ لە کەوانەی ئەو دۆڵەوە**
**هەمووشتێک چاوەڕوانی بارانە زێڕینەی دەکرد**
**زەردەخەنە لەهەر لاوە**
**بەڕاشکاوی سەری دەردەکرد**
**-خانوو گەورەتر دەبوو**
**-تووڵەڕێ، جێ پێی حەشاماتە مرۆی زیاتر دەکردەوە).**

لە شوێنێکی دیکەی دەقە شیعری من و بەردەبووک دەڵێت:
**(من لەنێوان کوختی "شیرین"ی تەشی ڕێس و**
**تەلاری "مارلین مۆنرۆ"ی ئەکتەر**
**بەدوای خۆمەوە دەگەڕێم**
**بۆ لادیواری خۆشی هەڵدێم**
**لەوێشەوە دەگریم**
**هەڵدەوەرێم**
**-ئەو بۆقەش وەکو ئەم گەردوونە هەڵدەپەڕێ**
**ئەو بۆقە ڕێی نەمان دەگرێ**
**لکی تازەی لێ پەیدا دەبێ).**
**درێژەی پێدەدات و دەنووسێت:**
**(دەزانم "شیرین" بەیانی کەمان لێدەدات**
**"مارلین مۆنرۆ"ش سەما دەکات**
**بۆ باوەشی منێکی تینوو ڕا دەکا**
**کەمان**
**سەما**

**کەمان – مان**
**سەمان – هەڵپڕوکان**
**کەمان – دیالکتیک**
**سەما – دیالکتیک).**

لە هەمان دیواندا (**گرانەتا**) شیعری داروخان، کە مێژووی نووسینی بۆ ١٩٨٣ دەگەڕێتەوە دەڵێت:

**( لە منداڵی... چەند بۆتڵێکی بۆشم لەبەردەمی خەیاڵە دیودەرەکەمەوە**
**ڕیزدەکردن**
**بەجۆشەوە یاریم لەگەڵ دەکردن**
**هاوینان، خۆشاومان لێ دەخواردنەوە**
**بەهارانیش بەفر و دۆشاو**
**لەلاپەڕەکانی.... کتێبی ئەلف و بێ سەرەتایی حەزم دەکرد خەونەکانم**
**نەخش بکەم**
**لە ڕووخساری... دیوارە بۆنخۆشەکانی گەڕەکەکەمانیش زۆرم پێ خۆشبوو**
**بەخەتێکی ناشیرین و بەچەند وێنەی سەراب ئاکاری،**
**کێشە لەنێوان خۆم و منداڵە گێلەکانەوە پەیدا بکەم**
**ئێستا ئەو منداڵییە بزبزۆکیەم گەورە بووە**
**سونبلە گەنمی تەمەنی مێشکم پێگەیشتووە**
**لەنێوان خۆم و منداڵیم شتە دژوارەکان دەناسمەوە**
**لەناکاوڕا، لەچارەنووسی پێچاوپێچ ولووک خواردووی خۆم ورد دەبمەوە**

**بەقووڵایی ناخی هاوین ڕەنگیم دادەچمەوە**
**تریانێک ژەمە فەلسەفە هەڵدەگرمەوە**
**من لەگەڵ چرکەی زەمەن دەسووتێم و بوونەوەرەکان ئاسا هەڵدەوەرێم**
**ئاوارەییم لەخۆ وەرپێچاوە وبەڕەهایی دەگرییێم**
**لەناکاوڕا، شتی مەعنەوی لە مێشک و لە دەروونما وەک یەخت لە کونجێکا دامدەگرێ و لەمنی نامۆ جودادەبێتەوە).**

لەهەمان دیواندا (**گرانەتا**) چامەی "تارمایی و سێبەری بوون"، کە لە نێوان سالآنی ١٩٨١ تا ١٩٨٧ نووسیویەتی دەڵێت:

**( شەو، بەپێچەوانەی ڕۆشنی مۆمەکەم بە قورسی هەڵدەوەرێ**
**شەو، بەپێچەوانەی ژەمە خۆراکی ناو سکم بە قورسی هەڵدەوەرێ**
**ڕۆشنی مۆم کوژایەوە**
**تارماییە من وبەرجەستەبووەکانی لێ کرد بە نە بوون**
**ئێستا ژوورەکەم لەم گەردوونە دەکا).**
**( وەک ئەو شەوە، وەکی ڕۆشنی ئەم مۆمە، وەکو منی تارمایی و سێبەر**
**لە هێکەوە هەوڵدەوەرێ، دووچاری حاڵەتێکی دیکەم دەکا**
**وەکو چرکە هەر ڕادەکا**
**هەر بۆ ئەوەی سواری شەپۆلی خەیاڵ دەبم، بەرە ودونیای ئەودیو یۆتۆپیا**
**سەفەردەکەم، هەر ڕادەکەم**
**هەر بۆ ئەوەی من لێرە بێزارم،**
**لێرە مرۆی مەقەوایی هەیە،**

فڵچەی بیتۆڵ دەتوانێ لە جێوە ڕەنگی کا،
بە ئارەزووی خۆیەوە شنەبای کا
دەتوانێ: دەنگداری کا، بێدەنگی کا، بێ ڕەنگی کا..
تارمایی و سێبەری بۆ دروست کا
تارمایی و سێبەری لێ ون کا
تارمایی و سێبەری سی و هەشتساڵەی تەمەنی بوونم لێم ناترازێن
نەدەگیرێن، نە بۆ ڕۆژێکیش لێم ون دەبن
سی و هەشت ساڵە خۆم خۆش دەوێ
تارمایی و سێبەری بوونم دەوێ
سی هەشت ساڵە هەر یەک شەوە ڕووخسار گۆڕە
هەمان ڕۆژە ڕووخسار گۆڕە
شەوو ڕۆژ لەگەڵم گەورە دەبن،
دەبن بە حەفتە، بە مانگ، بە وەرز، بە ساڵ
دەبن بە دە یان ساڵ و هەزارانیش
من و منەکانیش لەنێوان ئەم فارگۆنە ساڵە میکیاژکراوانەدا
کۆتایی بە تارمایی و سێبەری بوونمان دێنین
سیوە سیوی پەسێوی پەناگەکان جێ دەهێڵین
بۆ هەندێک شت زیانبەخشن، بۆ هەندێکیش گۆڕانکاری تازە دێنین
هەر بۆیە، ئەگەر کەوشی نمرە چل و دووی دوا مۆدیلی سەردەمیش
لە پێی پێخاوسی منداڵیم هەڵکێشم
-یەک پێ
-دوو گوزەرانی ناو ڕۆژگارێ

**ئەم دووانە، دیسانەوە لەیەکتری گیر دەبنەوە**
**ئەم دووانە، جیهانی منداڵیی پڕ لە پەلکەزێڕینەیی زەردەخەنە،**
**ژینی لێخنی**
**ئێستای منی لە تاڵی نزیک بوونەوەنە**
**سێبەر و تارمایی، تارمایی و سێبەر وێنەی خەیاڵاوی منن**
**لەگەڵ منیش بزر دەبن).**

جگە لەوەیش لە پەرتووکی (غەریب/ قەسیدەی تەغریبی)، کە لە ٢٠١٣ چاپکراوە/ ٢٣٨ لاپەڕە، شاعیر مێژووی نووسینی دەقەکانی بەو شێوەیە پۆلێن کردووە. چاپی یەکەم: ٢٠٠١ حاڵەتە تەغریبییەکانی ١- ١٧، چاپی دووەم ٢٠١٣ : حاڵەتە تەغریبییەکانی ١-٥٨. ئەو کتێبە لای من دوای دیوانی (گرانەتا)، کە لە ٢٠٠٢ چاپکراوە و ١٩١ لاپەڕە. بە دەقێکی جددی و تایبەتی ڕۆستەم باجەلانی دەزانم، لە مێژووی ئەدەبی خۆیشی هەر ئەو دوو کتێبەی بەسە تا شاهێدی ئەوەی بۆ بدرێت بەڕاستی جوایەز بووە، بە مانای وشە شاعیر بووە، هەڵگری زمان و تەکنیک و جیهانبینی و ڕیتمێکی شیعری تایبەت بە خۆی بووە. لێرەدا لەبەر درێژەی کۆڵینەوەکە، تەنها چەند وێنەیەک لە دەقەکانی بە نموونە دەهێنمەوە.

**( غەریب لەنیوە ڕێگای شەوی بە تارمایی داپۆشراو قەپێلکی چاوی لێکدەنێ،**
**لەباوەشی خەوێکی ئەفسانەییدا بەسەر قژی فەلسەفەی هەڵوەران هەڵدەگەڕێ،**
**ئەم فەلسەفەیە گومانی لێ دەبارێ**
**قەناعەتی لێ دەبارێ**
**گومان و قەناعەتی لێ دەبارێ**

بەڵام، لە هەموو حاڵەتەکاندا غەریب هیچێکی بەنرخە، دەبێ بە هیچ). کتێبی غەریب: لاپەڕە ٤٧.

**( های! کەسم ئای!**
**بڕوا بکە، لەوەتەی هەم**
**گاڵتە بە بوونی خۆم دەکەم**
**بە بوونی سەردەمی هیچ گەرایی دەکەم**
**لەگەڵ فۆڕم ودۆخی ناوەوەی وێنە عەنتیکەکان**
**هەڵدەکەم**
**هەڵناکەم**
**بۆیە، پێیان پێ دەکەنم**
**بۆیان دەگریم**
**بۆیە، بۆیان دەگریم**
**پێیان پێ دەکەنم**
**ئای! کەسم ئای!**
**من بە بۆیەی گرین**
**بە تریسکەی پێکەنین**
**بە هونەری ڕووخساری ناسین**
**وێنەی خۆم و**
**تۆو**
**ئەم و**
**ئەوان دەکێشم**

پۆشاکی میتۆدی نوێبوونەوە لەبوونی هەڵوەریوییان هەڵدەکێشم ناویان لێدەنێم غ ە ر ی ب). کتێبی غەریب: لاپەڕە ٢٢٣.

**( ئەوێهێم، لە بنەماکانی زمانی بەجیهانیبوون دەگا**
**لە ڕوانگەی گەمەکانی زمانەوانییەوە**
**سەیری جێناوی ئاوارە و**

**نا ئاوارە دەکا**
**جێناو، جێگۆڕکێ دەکا**
**هەڕوڵە دەکا**
**ڕادەکا). کتێبی غەریب: لاپەڕە ١٩٠.**
**(غەریب منم**
**تۆی**
**غەریب ئەوە**
**بیر لە قۆناغی بەر لە دایکبوونی چەمکەکان دەکاتەوە**
**لە سنورە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە**
**ڕەوشتە یەک لە دووا یەکەکان شیدەکاتەوە**
**لە ڕاستە ڕێ لادەدا**
**لا نادا**
**هەڵە دەکا**
**هەڵە ناکا**
**هەڵە فرە ڕووخسارە دەروونزانیی جیاکەرەوەیشی لێدەبێتەوە**
**کرداری جیاکاری چەمکی تام وچێژی شتەکان دەگۆڕێ**
**پەیوەندی بە ئیقاعە نوێیەکانەوە هەیە**
**ئیقاعە کۆنەکانیش دەناسێ**
**وەلایان دەنێ**
**وەلایان نانێ**
**غەریب منم**
**تۆی**
**غ ە ر ی ب ئەوە**
بیر لە قۆناغی بەر لە لەدایکبوونی چەمکەکان دەکاتەوە). کتێبی غەریب: لاپەڕە ١١٣ – ١١٤.

**(بە چ شتێکەوە دڵم بەم ژیانە خۆش بێ**
**لەکاتێکا لێی دادەبڕێم**
**ناتوانم پرسە**
**بۆ مافی وجود و خۆم**
**یان مافی وجودی خۆشەویستترین هاوڕێم دانێم**
**فیرار دەکەم**
**لێی ڕادەکەم**
**یاسا پووکەکانی شرۆڤە دەکەم**
**دژە واتای لێ دەردەهێنم**
**هەر لێرەوە**
**پەردەی دووەمی واقیعی فۆتۆگرافی هەڵدەدەمەوە**
**دەرگای مێشکم بۆ بردنەوەی چەمکی زاراوەی کێشە دەکەمەوە**
**ئەم نەناسەش منم**
**هەر بۆ ئەوەی ڕۆڵی من**
**لەسەر شانۆی ژین جێبەجێ دەکا**
**وەکو منیش**
**لە ڕێچکە و ڕێ**
**لەشتە ناهەموارەکان یاخی دەبێ**
**قەڵە ڕەش قغ**
**قەڵە ڕەش قغ**
**ق غ**
**ق غ....**
**قانونی ژیان**
**ڕێز لە تێڕوانینی منی بەرامبەر ناگرێ**
گۆرانیی دۆزینەوەی نهێنییەکان بۆ ئەم و ئەو و ئەوانیش ناچڕێ). کتێبی غەریب: لاپەڕە ١٧٤ – ١٧٥.

**سەرچاوە کوردییەکان:**

١- جۆن ماکواری: و، ئازاد بەرزنجی/ فەلسەفەی بوونگەرایی – چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – ٢٠٠٧.

٢- د.موحسین محەمەد حوسێن: نامۆبوون/ بەکوردیکردنی، ئاواز فاتح جاف – چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/ ٢٠٢١.

ئەنتەرنێت :

١- فوئاد ئەلکەنجی : نامۆیی ـ الاغتراب/ بەکوردیکردن : جیهاد موحەمەد. WTARIKURDڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ئەهلی سەربەخۆ و ئازادە.

٢- نامۆیی لە ڕۆمانەکانی سەلاح عومەردا/ نامەیەکە لەلایەن سەرکەوت سەعدی قادر وەک بەشێک لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر پێشکەش بە زانکۆی سەلاحەدین کراوە/ کوردیپیدیا.

**مصادر العربية:**

١- الفسلفة الوجودية: د. زكريا ابراهيم/ دارالوثبة دمشق

٢- الوجود والعلوم: جان بول سارتر/ ترجمة، عبدالرحمان بدوى، منشورات دار الادب – بيرت/ ١٩٦٦.

٣- الاغتراب: ريتشارد شاخت/ ترجمة، كامل يوسف حسين، المؤسسة العربية للدراسات والنشر – بيروت/ ١٩٨٠.

٤- مخطوطات ١٨٤٤ الاقتصاد السياسي والفلسفة: كارل ماركس: ترجمة، الياس مرقص. منشورات وزارة الثقافة دمشق/ ١٩٧٠.

٥- الإنسان والاغتراب في فلسفة نيتشه: هجران عبد الاله الصالحي، دار الفرقد للطباعة والنشر والتوزيع – الصفحات ٢٣٩، تاريخ الاصدار ٢٠١٥.

٦- الاغتراب سيرة ومصطلح: محمود رجب / / ط٣ / القاهرة / مطبعة دار المعارف / ١٩٨٨ / ص ١٧٨.

# دەق و خوێنەر...
# مەرگی دەق و زیندوویی خوێنەر

نووسەر تەنیا دونیای تایبەت بە خۆی دروست ناکات، بەڵکوو شێوازی بیرکردنەوەی خوێنەریش دیاریدەکات و فۆرمە تایبەتەکانی گواستنەوەی ئەو ڕوئیایەش دەدۆزێتەوە، کە دواجار بە هۆی لێکەوتەی جیا جیاوە بۆ نزیکبوونەوە لەو دونیایە تا دەست لە شێوازە سواوەکان هەڵبگرێت فشار دروست دەکات. دەکرێت بگوترێت وەک چۆن نووسەر، ئەدیب لەڕێگای نوسینەکانی دونیای تایبەت خۆی دەخولقێنێت، بە هەمان شێوە خوێنەریش لە ڕێگای بەریەککەوتنی لەگەڵ کتێبدا جیهانێک پێکدەهێنێت، کە ناکرێت بڵێین سەت دەرسەت هاوشێوەی دونیای نوسەرە، بەڵکوو بەشێوەیەک لەشێوەکان جۆرێکە لە زیاد و گەشەکردنی. واتە لە شوێنێکدا تەواوکەریەتی و لە جێگەیەکی دیکەیشدا داینەمۆیەتی. هەڵبەت لە ئێستادا میراتێکی مەزنی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و میتۆدناسانمان لەبەردەستدایە، کە لە ڕابردوودا بۆیان جێهێشتووین و تێیدا پێ لەسەر بایەخی خوێنەر لە کردەی پێکهێنانی کاری ئەدەبی و هونەری دادەگرن. هەرلەپرسی (مەرگی دانەر)ی رۆلان بارت ١٩١٥ - ١٩٨٠، هەروەها لە کتێبی (پلەی سفری نوسین)ەکەیدا، یاخود لە پەرتووکی (نووسەر چییە؟)یەکەی مێشێل فۆکۆ ١٩٢٦ - ١٩٨٤، یاخود لە کتێبی (ئەدەب چییە)کەی جان پۆڵ سارتەر ١٩٠٥ - ١٩٨٠. بەهەمان شێوە لە کتێبە میتۆدیەکەی (کردەی خوێندنەوە)ی (ۆلفگانگ ئایزەر) و (مەرگی ئەدەب)ەکەی (ئالڤین کێرنان) و(مەرگی ڕەخنە)وە بگرە تا دونیای ئێستامان وایان کردووە پێداچوونەوە بۆ

ئەو تێگەیشتنە بکرێت، کە لێکدانەوەی کاری ئەدەبی تەنها لە فۆڕمی نووسەردا وێنا بکرێت و گرنگی خوێنەر لەبەرچاونەگرێت، یاخود لە هەندێک کاتدا هێندە ئەو ڕۆڵە بچووک دەکاتەوە، کە پێیوایە خوێنەر هەر ئەوەیە شاشەیەکی لەبەردەمدایە و گوێ ناگرێت و بیرناکاتەوە!؟. لەو گۆشەنیگایەوە بۆ قسەکردن و نزیکبوونەوە لە دونیای هەر نووسەرێک، پێویستمان بە پەنابردنە بۆ تێگەیشتن لە چەمک و ڕەهەندە مەعریفییەکانی دەق، کە جۆرێکی تازەی خوێندنەوە لەهەناوی تێکستەکەدا بەرهەم بهێنێت، کە لەو بەریەککەوتنەدا هاتبێتەبوون. ئەوە یارمەتیمان دەدا دووربین لە تێڕوانینی نابەجێ و نا زانستی و نا لۆژیکی، دواجاریش وامان لێبکات بڕیاری پێشوەختە لەسەر هیچ نووسەر و دەقێک نەدەین. وەک (مارتن هایدگەر ١٨٨٩ – ١٩٧٦) پێیوایە (بۆ ئەوەی جەوهەری هونەر بدۆزینەوە، لەسەرمانە بەدوای کاری ڕاستەقینەدا بگەڕێین و بپرسین کاری هونەری چییە و جەوهەرەکەی چۆنە). تەنیا کاتێ جەوهەری کارێکی هونەری دەبینین و دەتوانین دایەلۆگی لەگەڵ بکەین، کە ئەومان مەبەست بووە، نەوەک شتێکی تر. بەم شێوەیە لەوە دەگەین، کە خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی جۆرێکە لە گفتوگۆ لەنێوان دەق و خوێنەردا. هەر کاتێکیش ئەو دایەلۆگە لەنێوان خوێنەر و تێکستدا هیچ شتێکی بەدەستەوە نەدا، ئەوە دڵنیابە لەنێوانیان شتی نوێ دروست نابێت، کە ببێتە مایەی تێڕامان و وردبوونەوە. ئەوەیش ئەوە دەسەلمێنێت، کە هەر لە بنەڕەتەوە بەریەککەوتن لە نێوانیاندا دروست نەبووە. تێگەیشتن و دایەلۆگ بەر لە هەر کردەیەکی دیکە وامان لێ دەکات قووڵایی ئەو بەرهەمە ببینین، کە مەبەستمانە لێوەی بدوێین. شێوازی خوێندنەوە خۆی لە خۆیدا هونەرێکە و هەمان پلەی هەیە، کە نووسین هەیەتی. نووسەر

و خوێنەر لە کاری ئەدەبیدا بەشدارن، بێئەوەی ئەو هاوبەشییە سنوورێکی جیاکەرەوە و دیاریکراوی هەبێت. وەک چۆن (هایدگەر) لە کتێبی (سەرچاوەی کاری هونەری)دا دەڵێت: (بوون بە هۆی زمانەوە لە ڕێگەی مرۆڤەوە دەدوێت. مرۆڤ بە زمان نادوێت، بەڵکوو ئەوە زمانە دەیدوێنێت). بەهەمان شێوە (ئەرستۆ ٣٤٨- ٣٢٢ پ، ز) لە پەرتووکی (هونەری شیعر)دا زۆر بە وردی تێدا سەر ئەو پرسە و " پێدەر و وەرگر" دەخاتە هەمان ژینگە و لەیەک دۆخدا دەیان بینێت، کە کۆنترین ڕێگە خۆشکەری میتۆدییە بۆ تیۆرێک، کە لە فەزای گشتیدا خوێنەر تێیدا هاتنە وەلامی سەرەکی دەبینێت. هاتنە وەڵام لای ئەرستۆ بیرۆکەی پاککردنەوە لە خۆ دەگرێت، پاککردنەوەش لە تراژیدیادا بەرجەستە دەبێت، بەو پێیەی چەمکێکی سەرەکییە لە چەمکەکانی ئەزموونی جوانی، بۆ نموونە: ئەرستۆ لە کتێبە بەناوبانگەکەی (پۆیەتیکا – شیعرناسی) و (هونەری گوتاردان – ڕیتۆریکا) لە بنەڕەتدا ناوی ئەم بەرهەمە (لەبارەی هونەری شیعرەوەیە) یەکێکە لەو دوو کتێبەی ئەرستۆ لەبارەی شیعرو گوتارو هونەری نوسین و ئاخاوتن و زمانەوانی نووسیویەتی، بەلای ئەرستۆوە ئەو دوو بەرهەمە زانستی بەرهەمهێنانن و مەبەست لێیان یارمەتیدانی پێگەیاندنی شاعیری چاکە. جەوهەری فکری ئەرستۆش گواستنەوەی ئەو حاڵەتەی شاعیر و دەقە لە کردەیەکی مەعریفییەوە بۆ هونەری چێژ وەرگرتن، ئەوانەیش دەبەستێتەوە بە کردەی لاساییکردنەوە. لەبەر ئەوەی ئەدەب باسی کردەوەکانی مروڤ دەکات، جا چۆن هەر کردەوەیەک سروشت و خاسییەتی تایبەتی خۆی هەیە، مرۆڤیش کە ئەنجامدەری ئەو کردەوانەیە شێوەی سروشتی و خاسییەتی تایبەتی خۆی هەیە، چ خاسییەتی ناوەوە بێت، یاخود تایبەتمەندی دەرەوە. لە ڕاستیدا

کردەوەکـانی مـرۆڤ چـاکە و خـراپە بەسـەریدا زاڵـە و هـەموو ئەمانەیش  بە پێوەری ڕەوشتپەروەری پێوانە دەکرێت، بۆیە بابەتی لاسـاییکردنەوە لای ئەڕستۆ دەبێتـە مانیفستۆی ئـەخلاقی تـا لێیـەوە مرۆڤ بناسێت، کە خۆی لە چەمکی چاکە و خراپـە دەبینێتـەوە. هەر ئەو جیاوازییەیـە، کە پرسـی دونیـای کۆمیـدیا و تراژیـدیا لە یەک دادەبڕێنـێ. کۆمیـدیا هەوڵـدەدات خەڵـک لە واقیعـی خۆیـان خراپتـر وێنایـان بکـات، کەچـی تراژیـدیا هەوڵ دەدا چـاکتر نیشـانیان بـدات. کەسایەتییەکی وەک (هۆمیرۆس) هەڵبـەت هۆنراوەنووسـێکی گریکـی بەناوبانـگ و نووسـەری هەردوو داسـتانی بەناوبـانگی "**ئەلیـادە و ئۆدیسایە**"، لە ڕێگای ئەدەبەکەیەوە هەستا بە بە نەمرکردنی شـەڕی تەڕوادە بەشـێوەی هـۆنراوە. مێژووناسـان پێیانوایـە لەدەوروبەری ساڵی ١٢٥٠ پ.ز. ڕوویداوە. لە نێو دەقەکانیدا وێنەی کەسـەکانی لە واقیعی خۆیان باشتر دەکێشا، کەچی (کلیۆفۆن) بە شـێوەی ئاسـایی خۆیان وێنەی دەکێشاو (هیگیمۆن) هەروەکو شـاعیرە کۆمیدییەکانی ئەو سـەردەمەی یۆنـانی کـۆن، بە شـێوەیەکی گاڵتەجـارانە ڕەخـنەی ئاڕاسـتەی دیـاردە ناشـیرین و کەم و کورتیەکـانی کـۆمەڵگەی ئەو سـەردەمەی گریـک کـردووە و لە ڕێـگەی دەقە شـانۆیی و شـیعرییەکانەوە، ناڕێکییەکـانی دەرخسـتووە و داوای باشـتر بـوونی کـردووە. لەهەمانکاتـدا کەسـەکانی لە واقیع پەسـت و نزمتر پیشـانی دەدان.

شـێوازی لاسـاییکردنەوە بە پێـی بۆچوونەکـانی ئەڕسـتۆ دوو جۆرن، یان ئەوەیە ڕاستەوخۆیە لە سەر زمانی خۆیەوە قسە بکات. وەک ئەوەی هـۆمیرۆس لە ئۆدیسـەدا کردوویەتـی و سـیمایەکی درامی بە بەرهەمەکانی بەخشیوە، یـاخود ناڕاسـتەوخۆیە لە ڕێگەی گێڕانەوە. بە شـێوەیەکی گشـتی ئـەوەیش بـۆ دوو هـۆ دەگەڕێتـەوە،

یەکەم ئـارەزووی مـرۆڤ بـۆ لاسـاییکردنەوە، چـونکە لێـیەوە چێـژ وەردەگرێـت، هەروەهـا هـۆیەکە لە هۆکـانی بەدەسـتهێنانی زانـین. لەپاشـان گرنگـی دەنـگ و ئیقـاع و گێـڕانەوەیش بەبەشـێک لـەو لاسـاکردنەوەیە دادەنێت، کـە چێـژ دەبەخشـێت. ئەڕسـتۆ لە بەشـی چواری "پۆیەتیکا" ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە سـەرهەڵدانی شـیعر لە مرۆڤـدا بـۆ دوو هـۆی سروشـتی دەگەڕێـتەوە، بەڵام ئەگەر لـە جەوهەردا لەو دوو شتە ورد ببینەوە هەندەک فراوانتر بۆی دەچین و زیاتر لە خاڵێک لـە خۆ دەگرێت. بەمانایەکی دیکە ئـەو دیاردەی لاسـایرکردنەوەیە دەبـن بـە چـوار جـۆر (مـرۆڤ بـوونەوەرێکی لاساییکەرەوەیە، چێژ لە بینینی لاساییکردنەوە وەردەگرێت، حەزی لە فێربـوونە، بە سروشـت حەز لە ئیقـاع و کـێش دەکـات). ئـەو بیرۆکەیـەی ئاڕسـتۆ سـەردەم سـەردەم دەبێتـە بە پـەتێکی درامـی و لای بیرمەندێکی وەک ( نیتشـە ١٨٤٤ – ١٩٠٠ ) فۆڕم وەردەگرێت و لە چوارچێوەی فەلسەفەی حەقیقەتدا جارێکی دیکـە دەیخاتـە ژێر پرسـیار و ڕەخنـەوە، کە پێیـوایە حەقـیقەت وەسـتاو نیـیە، بەڵکـوو بەردەوام پێویستمان بە حەقیقەتی تر هەیە. لێرەوە دەتوانین بڵێین گەڕان بە دوای حەقیقەتـی نـوێ بـووەتە ڕەگەزێکـی گرنـگ و بەتـەواوی خـۆی خزانـدووەتە نـاو دونیـای فیکـری فەلسـەفییەوە، بە ڕادەیەک ئەوە بـووەتە جەوهەری فەلسـەفەکانی سـەردەمی ڕۆشـنگەری. کە ڕەخنەگـران بە پـلەی یەکەم ڕەخنەیـان لە ناوەندگرایی گرت، بەوەی هەمـوو ئەو شـتانەی بە لاوە نـاوە، گوایە لەگەڵ حەقیقەتـی زانسـت و ڕۆشـنگەریدا نـاگونجێن. فەیلەسـوفێکی وەک (جینی هیرج ١٨٢٩ - ١٩٠٢) لە کتێبە دانسقەکەیدا، کە بەناوی (سەرسـامیی فەلسـەفی) بـڵاوی کردووەتـەوە، پێیـوایە بایەخـدان بە حەقیقەت پاڵی بە (نیتشە)وە نـا بپرسێت حەقیقەت چۆن پێک دێت؟

چۆن پێیی دەگەین؟ کاتێکیش دەستی پێوەدەگرین، ئینجا بۆمان دەردەکەوێت مەحاڵە بە تەواوی بە دەستی بهێنین. بیرمەندێکی وەک (ژیل دۆلۆز ١٩٢٥ - ١٩٩٥) سەرسامی خۆی ناشێریتەوە بە ڕۆشنفکرانی سەردەمی ڕۆشنگەری و لە پەرتووکی "جیاوازی و دووبارە" دەنووسێت: لە ئێستادا مەحاڵە بتوانین کتێبێکی فەلسەفی بەو شێوەیە بنووسین. ڕۆمانووسێکی وەک (گابریل گارسیا مارکیز ١٩٢٧ - ٢٠١٤) لە ڕۆمانی "پاییزی پەیتریارک"دا دەڵێت: هەر حەقیقەتێک حەقیقەتێکی تر دەشارێتەوە. ئایدیاسیۆنی گوتارگەلی لای میشێل فۆکۆش جیاواز دەکەوێتەوە. فۆکۆ ١٩٢٦ -١٩٨٤ هەر لەبنەڕەتدا پەیڕەوگیری و یەکگوتاری لەنێو دەقدا ڕەتدەکاتەوە و پێیوایە بۆ خوێندنەوەی دەق چەندین بنەمامان هەیە.

دوای هەڵاوێردکردن و وردبوونەوە لە چەمکی دەق و خوێنەر، باوەڕێکم بۆ دروستبووە، یەکڕەهەندی بۆ تێگەیشتن لە دەق دواجار بە مەرگی دەق تەواو دەبێت، بۆیە نایشارمەوە و دەڵێم: هەر کاتێک یەکدیوی دەقەکەمان بینی، کەواتە بەڕاستەقینەیی بەر مەرگی دەقکەوتووین. لێرەدا تەنها خوێنەرە دەبێتە فریادڕەسی دەق و دەبێتەوە بەو کارەکتەرە زیندووە، کە هەموو دیوەکانی دەق دەبینێت و دەق لە مردن ڕزگار دەکات، دواجاریش بەهەستە ژیرانەییەکەی تێکست لەمەرگ دەپارێزێت و نەمری پێدەبەخشێت. ناکرێ ئەوەش لە یاد بکەین فەیلەسوفێکی وەک نیتشە، کە فۆکو سەرسامە پێی، هەر لە بنەڕەتدا دژی بنەمابووە، لایوایە بنەما بۆ خوێندنەی دەق کارێکی کوشنتدەیە و دەق تووشی ئیفلیجی دەکات. دوای کتێبی مەرگی نوسەرەکەی ڕۆلان بارتیش لای من پرسی مەرگی دەق دێتە ئاراوە، کە ئەوە تێزێکی تازەیە و من لە میانی کۆڵینەوە و گەیشتنم بە گرینگی خوێنەر بۆ دەق، ئەو تێگەیشتنەم بۆ

دروستبووە. ئەو بۆچوونەی، کە دەڵێت: خوێنەر تەواوکەری دەقە لە زۆرکاتدا خودی دەقەکەشە. خوێنەر دەقە ڕاستەقینەکەیە، نەک تێکستەکە خۆی! تێگەیشتن لە ماهییەتی خوێنەر دەتگەینێت بەو ڕاستییەی، کە بێخوێنەر دەق مردووە، ئەوە زیندوویەتی خوێنەرە ڕۆح وەبەر دەقدا دەکات. بێخوێنەر دەق هیچ بەهایەکی نییە.

# مەعریفەو ڕۆمان

## نووسەری کورد

### زیاتر مامەڵەیەکی هەستەکیی و سۆزدارانەی دەگەڵ ئەدەبدا کردووە نەبۆتە بابەتێکی فەلسەفیی و مەعریفی لای

**گفتوگۆ: سیروان عەباس**

**پ/ دوای ١٠٠ساڵ، ڕۆمانی کوردی گەیشتووەتە چ ئاستێك؟ دەتوانێت ململانێ بکات لەگەڵ ڕۆمانی ولاّتانی جیهان؟**

وەڵام: مێژووی نووسینی ڕۆمان لەناو کورد، وەك نموونەی دەقی کاغەزی دیرۆکێکی زۆر درێژی نییە، جگە لەوەش تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیست ڕۆمانی چاپکراو لە باشوری کوردستان چەند ڕۆمانێکی دیاریکرابووە، یانی لە ڕووی چەندایەتییەوە نزیکەی بیست دانەیەك دەبن، بەلاّم لە دوای ڕاپەڕین و بە تایبەت دوای ساڵانی دوو هەزار و تا ئێستاکەش، ئیدی شەپۆلی ڕۆماننووسین لە باشور و بەشەکانی دیکەی کوردستان، ڕۆمان و ڕۆماننووسی کوردی گەیاندە قۆناغێکی دیکەوە. بە بەراورد به ساڵانی زوو، چاپکردنی ڕۆمان هێندە بە خێرایی گەشەی کرد، تا ئەو ساتەش جگە لە هەندێ هەوڵی جددی توێژەر و رەخنەگرانی کورد، کە بەپەنچەی دەست دەژمێردرێت نەتواندراوە وەك پێویست ئەو قۆناغە هەڵسەنگێنن، ئەرکی ناوەندە زانستی و زانکۆکانە ئەو جیاکارییە دەستنیشان بکات، نەك ئێمە و مانان؟!. خوێندکارانی زانکۆ بە توێژینەوە و تێزی ماستەرو دکتۆراکانیان دەتوانن بۆمان شی بکەنەوە و بگەنە دەرئەنجامێك کە ڕۆمانی کوردی لە کوێی ڕۆمانی جیهانیدایە. تاکو ئێستا هەوڵەکان لەو ئاستەدا نین، تا ئێمە لەو دیدارەدا بێین قسە لەسەر ئەوە بکەین، ئاخۆ ڕۆمانی کوردی دەتوانێ ململانێ لەگەڵ رۆمانی جیهانیدا بکات؟!. بەڕاستی من لەگەڵ ئەو زاراوەی ململانێی و پێشبڕکێی و ئەو شتانەدا نیمە بۆ دنیای ئەدەب، چونکە ئەدەب پەیوەندی بە هەست و خەیاڵ و جیهانبینی تاکەوە هەیە، ئەدەب بەرهەمی بیرکردنەوەی تاکە،

جا ئەو تاکە کەمبۆدی بێت، یان بەرازیلی، یان ئەورووپی، یان ئاسایی و کورد بێ، یان تاکێکی دیکە بێت. مادامەکێ قسە لەسەر دەقە وەك بەرهەمی ئینسان، کەواتە تۆ مامەڵە دەگەڵ ماهییەتی دەق دەکەیت، نەك کەس و نەتەوە و ڕەگەز و هتد.... بەڵام دەتوانین پرسیارەکە بەو شێوەیەی لێ بکەین، ئایا کورد توانیویەتی مامەڵەیەکی ئەدەبیانە لەگەڵ ڕۆماندا بکات؟! پێش ئەوەی وەڵام بدەمەوە دەمەوێت لەسەر ئەدەبیاتی زارەکی و ئاخافتن و زمانی دایك و حیکایەت و گێڕانەوە و داستان لەناو کورددا، هەڵوەستەیەك بکەم. گەر سەرنج بدەینە مێژووی ئەدەبیاتە زارەکیەکان، کورد لەوەدا زۆر دەوڵەمەندە. هەروەها لە حیکایەت و داستان و شێوازی گێڕانەوەدا، لەمەشیان میراتێکی سەنگینمان هەیە. کۆڕ و مەجلیس و دیوەخانی کوردەواری، پاشخانێکی زەنگینی لەو بوارەدا بۆمانی بەرهەمهێناوە. زمانی کوردیش بە هەموو زار و بنزارەکانیەوە، بە تایبەت لە باشووری کوردستان و خۆرهەڵاتی کوردستان میراتێکی گەورەیان بۆ جێهێشتووین .

بیرمان نەچێت خۆی کێشەکە لە تەوزیفکردنی ئەو میراتە دەوڵەمەندەیە بۆ سەر کاغەز، بۆسەر دنیای ئەدەب و گێڕانەوە، یان بە مانایەکی دیکە دەتوانین بپرسین ئەدیب و ڕۆماننوسی ئێمە چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەو کەرەستانەدا کردووە؟. دیارە ڕۆمان جگە لە زمان و تەکنیك و شێوازی گێڕانەوەی، دوو بونیادی سەرەکی هەن کە پایەکانی ڕۆمانی لەسەر بینادەکرێت، ئەمیش ئایدیا و ماتریالەکەیەتی، واتا فکر و کەرەستەکانی. ڕۆماننووسی کورد زۆر بەکەمی توانیویەتی کار لەناو ئەو دوو چەمکەدا بکات، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی تۆ ئەو پرسیارە بکەیت، چونکە لەو کایەدا بۆشاییەکی زۆرمان هەیە و نەمانتوانیوە لە ناو ڕۆماندا تەوزیفی بکەین. کورد یەك دنیا کەرەستەی ڕۆمانی هەیە و خاوەنی ئایدیا و فکر و ئەندێشەی خۆیەتی، بەس کاتێك تۆ نەتوانی کۆی ئەوانە لە ناو دەقدا جێ بکەیتەوە و لەناو ڕۆمانیشدا دواجار قووڵ بەر

ڕوودا و کەرەستە و فکر نەکەوتی، ئەو کاتە ئەو پرسیارە دروست دەبێـت، ئـاخۆ ئێمـە لـە کـوێی ڕۆمـانی جیهانیـداین؟. هەرچـەندە مـن هەنـدێك لـە ڕۆمانەکانی کاروان کاکـە سـوور و کـەریم کاکـە و بـەیان سـەلمان و عـەتا نهایی و جـەبار جـەمال غـەریب و لـە پیشـتردا حوسـێن عـارف و عەبـدوڵڵا سەراج و جەلیل کاکەویس و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل بـەو ڕۆماننووسـە جیهانیانە دادەنێم کە قووڵ بەر تەکنیك و ئایدیا و ماتریالەکان کـەوتوون و زۆر باش ئیشیان لەجەوهەری ڕۆماندا کردووە .

**پ/ بۆچی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، مێژووی ڕۆمان زۆر نییە؟ .**

وەڵام: دۆخـی سیاسـی و کلتـوری و کۆمەڵایـەتی کـورد، هۆکارگـەلێك بوون کە ئەو ژانرا بە درەنگ بە ئێمە بگات و نووسەری ئێمـەش شـەرمنانە مامەڵەی لەگەڵ ژینگەی ئەدەب بەگشتی و ژینگەی ڕۆماندا کـردووە، واتـە وەك خۆی تەکنیك و زمان و شێوازی ڕۆمانی نەیناسیوە، زیـاتر گرنگـی بـە شیعر و هۆنراوە و لاواندەنەوە داوە، یانی قووڵ بەر ئەدەبیات نەکەوتووە. نووسـەری کـورد زیـاتر مامەڵەیـەکی هەسـتەکیی و ڕۆمانسـیانەی دەگـەڵ ئەدەبـدا کـردووە، نەبۆتــە بابــەتێکی فەلســەفی و مــەعریفی لای، بۆیــە هەلومەرجی گەشەی ئەدەب لای ئێمـە دۆخێکـی شـیعریانەی وەرگرتـووە، ئەو فۆڕمە لە ئەدەبە زیاتر هی گەلانی ژێردەستە و کشتوکاڵین، کۆمەڵگەی زراعی موفرەدەکانیان زیاتر هۆنینەوە و دەردەشە و سۆز و لاواندنەوەیـە، بۆیە زۆر بەکەمی ئاوڕمان لە ڕۆمان و فکر و فەلسەفە داوەتەوە. کاتێك تۆ سۆزدارانە ئیش لەدنیای ئەدەبدا دەکەیت، ئەوکات بەرهەمی تۆ هەر شیعر و لاوك و حەیران دەبێت. کاتێکیش دەڵێن لاوك و حەیران مەبەستم ئەوەیە کـە بەرکـەوتنی ئێمـە دەگـەڵ ئـەدەبیاتی زارەکـی و فۆلکلـۆر و تەنانـەت داسـتان و ئەفسـانە و حیکایەتـەکانیش هێنـدە شـیعرئامێزبووە، هێنـدە فەزایەکی کراوەی بۆ جیهانبینی نووسەر نەخوڵقاندووە .

بەڕاستی ڕۆشنبیری کـورد زۆر لـە پـاش عـەرەب و فـارس، سـەردەمی ڕۆشنگەری ئەوروپای ناسی. مخابن چەرخی درەوشانەوەی ڕێنسانس، زۆر

درەنگ بە ئێمە گەیشت. لەناو کورد ئەوانەی ئەوروپایان دیتبوو، بە پەنچەی دەست دەژمێردران، بەداخەوە لە ڕێگای ئەو زمانزانیی و شارەزایی و توانایییەی کە هەیانبووە، هێشتاکێ توانستی ئەوەیان نەبووە کە وێنە گەورەکەی خۆرئاوا وەك خۆی بۆمان بگوازنەوە. لێرەدا پێویستە قسەیەکیش لەسەر حەرەکەی وەرگێڕان بکەین، نموونەی نووسەر و ڕۆشنفکرێکی کوردم بۆ بهێنەوە، فەرەنسی زان، ئەڵمانی زان، ئینگلیزی زانێك کە وەك پرۆژە کاری لەسەر بە کوردی کردنی ئەدەب و فکر و فەلەسەفەی خۆرئاوایی کردبێ. مەبەستم ئەوانەیە، کە لەسەدەی بیستدا خاوەن قەڵەم و ڕۆشنفکربوون. نموونەی ماڵباتی بەدرخانییەکان، کەسایەتیەکی وەك (میقداد مەدحەت بەدرخان) کە لە ساڵی ١٨٩١ز، هاتۆتە میسر و پێنج ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان چاپ دەکات، کە بەیەکەم ڕۆژنامەی کوردی کاغەزی دادەندرێت. زمانی کوردی ، تورکی ، عەرەبی، فەرەنسیشی بەباشی زانیوە، جگە لەوەش بە دامەزرێنەری ئەلف و بێی لاتینی کوردی دادەندرێت، بەلاّم هیچ کامێکیان کاریان لەسەر گواستنەوەی ئەدەبیاتی بیانی نەکردووە، بۆ سەر ئەلف و بێی کوردی، مەبەست ئەلف و بێی لاتینی کوردییە. (میر جەلادەت بەدرخان) لە نێوان ساڵانی ١٨٩٣ – ١٩٥١ز، ژیاوە، بە حەفت زمان قسە و نووسینی کردووە، وەك کوردی، ئینگلیزی ، فەرەنسی، ئەڵمانی، تورکی ، فارسی، عەرەبی، عیبری و یۆنانیشی زانیوە، بەلاّم هیچێك لەو زمانانە کۆمەکی ئەوەی ناکەن ئەدەبیاتی گەلان وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی. (محەمەد ئەمین زەگی بەگ) لە نێوان ساڵانی ١٨٨٠ – ١٩٤٨ ز، ژیاوە، زمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی بەباشی زانیوە و لەبەر زیرەکی و لێوەشاوەیی بە "زەکی" ناوبانگی دەرکردووە. خاوەنی زیاتر لە دوانزە کتێبە، بەلاّم هەوڵی نەداوە بە هۆی ئەو هەموو زانینەی زمانەوە کە هەیبووە، ئەدەبیاتی خۆرئاوایی بکاتە کوردی. (ڕەفیق حیلمی) لە نێوان ساڵانی ١٨٩٨– ١٩٦٠ز، ژیاوە، عەرەبی ، تورکی،

فەرەنسی زانیوە، کتێبی (خولاًسەی مەسەلەی کورد) کە لە فەرەنسی بە کوردی کردووە، لەگەڵ کتێبی (کورد لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا ١٩٢٠ز) بە عەرەبی نووسیویەتی، چەند پەرتووکێکی بە زمانی کوردی لەسەر شیعر و ئەدەبیاتی کوردی نووسیوە، ئایا هەوڵیداوە ئەو میراتە فکری و فەلسەفی و ئەدەبیەی خۆرئاوا بگوازێتەوە ناو کورد؟!، بێگومان نەخێر. (تۆفیق وەهبی) کە لە نێوان سالأنی ١٨٩١– ١٩٨٤ز ژیاوە، جگە لە زمانی کوردی، شەش زمانی بەباشی زانیوە، عەرەبی، ئینگلیزی، تورکی، فەرەنسی و هتد... ئەندامی کۆمەڵەی جوگرافیاناسانی بەریتانیا بووە، بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی کتێبی هەیە، بەلاًم هەوڵی نەداوە لە ڕێگای وەرگێڕانەوە، ژیاری خۆرئاوا بە ئێمە بناسێنێت. (پیرەمێرد) کە لە نێوان ١٨٦٧ – ١٩٥٠ز، ژیاوە بە چاکی زمانی کوردی ، تورکی ، فارسی ، عەرەبی قسە و نووسینی پێکردووە. (گۆران) کە لەنێوان سالأنی ١٩٠٤ – ١٩٦٢ز، ژیاوە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی زانیوە و زۆر باش ئاگاداری ئەدەبیاتی گەلان بووە. (عەرەبی شەمۆ) کە لەنێوان سالأنی ١٨٩٧ – ١٩٧٨ز، ژیاوە زمانی کوردی، ڕوسی بەباشی زانیوە، داستانی "قەلأی دمدمی" کردووە بە زمانی روسی بە پیتی سلاڤی لە یەریڤان. هەڵبەت پیرەمێرد و گۆران و عەرەبی شەمۆش وەکو ئەوانی دیکە کاریان لەسەر گوستنەوەی ئەدەبیاتی گەلان نەکردووە بۆ سەر زمانی کوردی، بەس دەبینین زانایەکی وەك (ئیبن ڕوشد) کە لە نێوان سالأنی ١١٢٦ – ١١٩٨ز، ژیاوە زمانی عەرەبی، ئیسپانی، فەرەنسی، عیبری و یۆنانی بەباشی زانیوە و ئەو تخوبە تێك دەدات و دەپەڕێتەوە بۆ خۆرئاوا، خۆرئاوایەك هێشتا خۆی وەك ئیبن ڕوشد، کە ناسیویەتی خۆی نەناسیوە و دواجار لە ڕێگای ئیبن ڕوشدەوە بە خۆی ئاشنا دەبێتەوە. لە ڕێگای زمانزانیەکەیەوە، تەواوی فەلسەفەی یۆنانی دەگوازێتەوە ناو کلتوری عەرەبی و ئیسلامی. باشە نموونەی زانایەکی کوردی بیلیمەتی وەك (ئیبن و ئادەم) مان هەیە، لە نێوان سالأنی ١٧٤٧ – ١٨٣٦ز، ژیاوە، کۆمەڵێك

دانراوی هەیە لە زانستی عەقلّی و نەقلیدا، زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی زۆر بەباشی زانیوە، پەرتوکێکی بەزمانی کوردی هەیە بەناوی "مشکاه المنقول" مەلا کوردەکان رەخنەیان لێگرتووە و پێیان گوتووە تا زمانی عەرەبی هەبێت، دروست نییە بە زمانی دیکە شت بنووسرێت. ئەویش لە حاشیەکەیدا نووسیویەتی: (سەرم سوڕما لە گوتنی ئەو مەلایانە، ئەوانە وەکو هێلکەی لە تووکڵەی خۆی هاتوونەدەر) .

سەیرەکە لەوەدایە ئیبن و ئادەمیش دواجار جورئەتی ئەوەی نەکردووە، بپەڕێتە ناو ژیان و دنیابینی ئاینیی و کلتوری گەلانی دیکە. هۆیەکەی ئەوەیە کە نووسەری ئێمە، پرۆژەی نەبووە و وەك پێویست نەیڕوانیتە کتێب و مەعریفە.

لە ڕاستیدا زۆرێك لە زانا و دانای کورد هەن لە نێو کلتوری دینیدا ونبووینە، لەکاتێکدا ئەوان جگە لە زمانی کوردی، بەشی زۆریان عەرەبی، فارسی و تورکیان زانیوە، بەلاّم ئەو دۆخە درەوشاوەی خۆرئاوا نابینن، وەك ئیبن و ڕوشد بیرمەندانی دیکەی جیهانی ئیسلامی ناچن تێکەڵ بە جەوهەر و کلتوری دنیای دیکە بن، بەڵکوو دێن بە گژ کلتوورێکدا دەچنەوە کە بیّ ئەوەی بیزانێت ونی دەکات. کیّ لە ئێمە وەك خۆی بەشێك لەو زانایانە دەناسێت کە لەناو دنیای ئاینییدا بیریانکردووەتەوە و چەندان دانراویان بە زمانی عەرەبی هەیە، کیّ لە ئێمە وەك خۆی ئەوان دەناسێت، کە شەرع زان و زمانزان و فەقهی و زانای بلیمەت بووینە، بەلاّم دەبینین زۆربەیان ونبووینە، چونکە بە زمانی خۆیان بیریان نەکردووەتەوە، بە زمانی دایك خەیاڵیان نەچوولاّیە، خەونیان نەبینیوە، یان کاریان لەسەر ڕۆشنکردنەوەی فکر نەکردووە، بەو زمانەی کە هی دایکیەتی. زمانی دایك، کاتێك دەبێت بە هۆش و هۆشمەندی کە شتی لیّ بەرهەم بێت، نووسەر بەو زمانەی کە بیردەکاتەوە، بەو زمانەش دەنووسێت .

بیرمان نەچێت ئەدەبیاتی ئێمە زۆربەی یان سیاسی بووە، یان کروزانەوە و باس و خواسی رۆمانسیانە بووە، تاکو ئێستاکەیش ڕۆمانی

ئێمـە لـە حیكایـەتی شـیرین و فـەرهاد دەربـازی نـەبووە، كـەمی ڕۆمـانی كوردیش لە مێژوودا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە كورد نەیتوانیوە مامەڵەیەكی ئەدەبی و مەعریفیانە لەگـەڵ ژانـری ڕۆمـان و گێڕانـەوەدا بكـات. سەرسـام بووە بە ئەدەبێك كە فكری نەگۆڕیوە، بەڵكو زیاتر كاری لەسەر متبـوون و خۆ جوینەوە كردووە، لە سەرەتاوەش زۆر بە كزۆڵی ڕۆمان دەركـەوتووە، هیچ هونەركاریەكی لەو بوارەدا نەكردووە، تـەنها حیكایـەتی گێڕاوەتـەوە. زمــان و تــەكنیك و شــێوازی گێڕانــەوەی جۆرێــك بــووە لــە ئــەدەبیاتی سەرگوزەشتە، هەر بەو شێوازەش مامەڵەی لەگەڵ دۆخی ڕۆماندا كردووە. دیارە دەركەوتنی ڕۆمانی كوردی بۆ ساڵانی بیستەكانی سـەدەی بیسـتەم دەگەڕێتـەوە، هەرچـەند ئـەو رۆمانانـەی لـەو ماوەیـەدا نووسـراون، نابێـت نادیدە بگیرێن و بەبایەخەوە وەك سەرەتایەك بۆ ڕۆماننوسین لە ناو كوردا سـەیری نەكـەین، ئـەوەش كـاری ڕەخنـەگر و ئەكادیمیەكانـە، توێژینـەوە بكــەن و لایەنــە هونەریــەكانیان هەڵبســەنگێنن. (مەســەلەی ویــژدان) ی ئەحمەد موختار جاف و ( لـە خـەومای) جـەمیل سـائیب، هەرچـەندە وەك ژانر شوناسی ڕۆمـانی پێـوە نـەلكاوە، بـەلاَم ئـەدەب ناسـان ناویـان نـاوە چیرۆكی درێژ و بە پێوەری میتۆی رۆماننووسـین، بـە بـەراورد بـە ڕۆمـانی ئێستا ئەو دوو دەقەش خراوەتە لیستی ڕۆمانەوە، كە بەیەكەم دەركەوتنی ڕۆمانی كوردی لە باشور دادەندرێت. نووسەر و ئەكادیمێست و شارەزایانی بــواری ئــەدەب، رۆمــانی (پێشــمەرگە)ی ڕەحیمــی قــازی و (ئاشــتی كوردستان)ی محەمەد ساڵح سەعید و ( ژانی گەل)ەكەی ئیبراهیم ئەحمـەد بە وەرچەخانێك دەزانن لە بواری ڕۆماندا.

**پ/ بۆچی لە كتێبخانەی كوردیدا، ڕۆمانی وەرگێڕدرا و چـەند بەرانبـەری ڕۆمانی نووسراوی كوردی زیاترە؟**

وەلاَم: وەك باسمكرد بزوتنەوەی بە كوردیكردنی ئەدەبیاتی گەلان، لە ناوكورددا زۆر درەنگ دەستی پێكـردووە. نیگەرانیشـم لـەوەی كـە بەشـی زۆری ئەو قەڵەم بەدەست و ڕۆشنفكرانەی ئێمە لـە بـری ئـەوەی سـەرقاڵی

دۆخی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و فکری جیهان بن، هاتوون بە شتی دیکەوە خەریك بوینە، یان دەکرا لەپەنا ئەو شتانەوە وەك پرۆژە و کارێکی درێژخایەن و ئەزموونی سەیری گرنگی گواستنەی ئەدەبیاتی بیانیان بکردایە، چونکە ئەوان چەندان زمانیان زانیوە و لە نزیکەوە دۆخی خۆرئاوایان بینوە و لە بەهاکەی تێگەیشتوون. سەبارەت بە ڕۆمانی وەرگێڕدراویش من بە شتێکی لەنگ و نارێکی نابینم، بەڵکوو هەمیشە لایەنگری ئەوە بوویمە کە تەرجەمە دەکرێ زیاتر بە ئۆرگانی بگرێت و ناوەندە چاپەمەنی و دەزگا و کەسە وەرگێڕەکان بە بەرنامە و پلانەوە کار بکەن، هەرچندە لەوەشیان دنیایەك ئیشکالیەتمان هەیە، وەرگێڕ هەیە لەیەککاتدا (نیتچە) دەکاتە کوردی و کتێبی (چۆن دەبیت بە کەسێکی سەرکەوتوو)ش تەرجەمە دەکات، دێت ئیش لەسەر (فۆکۆ) دەکات و رۆمانیش تەرجەمە دەکات، کتێبی سیاسی و دەروونشیکاری و شیعریش تەرجەمە دەکات، ئەو نارێکیە گومانمان لا دروست دەکات، چونکە وەرگێڕ نابێت ئەوها پەرتبێت، تۆ دەبێ وەك پرۆژە سەیری وەرگێرانی نووسراوی دەرەوەی خۆت بکەیت، بۆ نموونە سەیرە تۆ لە (نیچە و هیگڵ و هایدگەر) نەگەیشتبی، لەولاوەش خەریکی گواستنەوەی فکری ئەوان بیت، جارێ ئێمە کلۆڵین لە ناساندن و تێگەیشتن لە چەمك، هەموومان بە دەست ئەو چەمکە فکری و مەعریفی و فەلسەفی و ئەدەبیانەوە گیرمانخواردووە، نازانین چۆن و لە چ شوێنێك بەکاری دەهێنین. کەواتە پرۆسەی وەرگێڕان کارێکی کلتوری قووڵە، بەرپرسیاریەتیە، ناکرێ بەو فۆرمە ئەو مەکینە زەبەلاحە بسوڕێنین، کارگەی وەرگێڕان بنەمای خۆی هەیە، ئاخر ئاسان نییە تێگەیشتن لەو بیرمەندانە. هەرچەندە من هەمیشە لایەنگری ئەوە بوویمە کە دەبێ پرۆسەی وەرگێڕان زیاتر گرنگی پێبدرێت، بەس لە زمانی یەکەمەوە. کاتێك ڕەخنەم لە نووسەرانی کۆن گرت کە ئیشیان لەسەر گواستنەوەی ئەدەبیاتی گەلان نەکردووە، مەبەستم لەوەدا ئەوەیە بڵێم کە ئەوان زمانی یەکەمیان زانیوە و دەیانتوانی ئەو کارە

بکەن، بەڵام ئێستا تۆ بێت فۆکۆ لە عەرەبیەوە بە من بناسێنی و (فرۆید) لە تورکی و (دریدا) لە فارسی و (دۆلۆز) لە عەرەبیەوە هەتد.... بەڕاستی بەوە زیاتر دوور دەکەوینەوە لە فکر و تێڕوانینی ئەوان، چونکە تۆ لە زمانی دووەم و سێیەمەوە وەرتگرتووە، کە ئەمە دۆخی مانا و دال و مەدلولی چەمك و تێڕوانینەکان دەگۆڕێت، من هەمیشە نموونەی نووسەر و وەرگێڕێکی وەك (هاشم ساڵح) دەهێنمەوە، کە وەرگێڕێکی سەرکەوتووی دنیای عەرەبە. کارەکانی (محەمەد ئاراکون)ی بیرمەند تەرجەمەی عەرەبی کردووە، خۆی خوێندکاری ئاراکون بووە، فەرەنسی زانە و عەرەبی زانێکی باشیشە. ئینجا وەك خۆی دەڵێت: بە ترسەوە کار لەسەر فکری ئاراکون دەکەم. سەبارەت بە پرسیارەکەش، کێشە لەوەدانییە تەرجەمەی رۆمان زیاترە، لە بەرهەمی کورد خۆی، بەڵکوو قسە لەسەر ماهیەتی نووسین و دەقە، کە ئێمە چ دەنووسین و چ تەرجەمە دەکەین. ڕەنگە شەپۆلی وەرگێڕانی ڕۆمان لە نووسینی ڕۆماننوسی کورد زیاتر بێت، ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە و بەڵکوو یارمەتی دۆخی ئەدەبی ئێمەش دەدات، بەلام با پرسیارەکە بەو شێوەیە بکەین، بۆ زیاتر ڕۆمانی بیانی دەخوێندرێتەوە و کەمتر لەوە ڕۆمانی کوردی دەخوێندرێتەوە؟!. ئەو پرسیارە باس و خواسێکی جددی دەورووژێنێت، کە لێرەدا ڕەنگە بوار نەبێت و بە وردی و پۆختی تویژینەوەی لەسەر بکەم، بەلام لەدەرفەتی دیکەدا دەتوانین بەیەکەوە بچینەوە سەری .

# لەبارەی ئەدەب و
# هونەری گێڕانەوە

## له هونەری گێڕانەوەدا خەیاڵ فراوان دەبێت

**گفتوگۆ: گەرمیان**

**پ/ دەکرێ باسێکی ئەزموونی خۆتمان لە بواری نووسین بۆ بکەی؟**

وەڵام: ئەزموونی نووسینی من جیاوازترە، لە بەشی زۆری ئەدیبان و نووسەرانی کورد. جیاوازییەکە لەوەدا زۆربەی نووسەری کورد بە شیعر دەستی پێکردووە، بەڵام من سەرەتا بە نواندن و شانۆ دەستم پێکردووە، ئەوەیە جیاوازییەکەمان. هەڵبەت لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکان لەگەڵ پۆلێک لە هونەرمەندانی گەنجی شاری هەولێر کاری نواندنمان دەکرد ئەوەیان حەزێکی خۆم بووە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین ئیدی لە ١٩٩٢ تا ئەمڕۆکە ئەزموونی نووسینم بە چەند وێستگەیەکەوە تێپەڕیوە. کاری ڕۆژنامەنووسی ئەو مەحەتەیەیە، کە بەشی زۆری ژیانمی داگیرکردبوو. زیاد لە بیست ساڵێک لە دونیای میدیاییدا کارمکردووە. هەرچەندە لەگەڵ ئەو پیشەیەشدا، لە نووسینی ئەدەبیی و لێکۆڵینەوە و چالاکی کلتووری بەردەوامیم هەبووە. زیاد لە بیست ساڵیش لەو بوارەدا ئیشمکردووە و دونیایەک هەوراز و نشێومان بینوە. ئەو بەشەی ژیانم ئەزموونی زۆری فێرکردووم، دەتوانم بڵێم هەم سوودی پێگەیاندووم هەمیش زیان. زیانم لێکردووە، چونکە من زیاتر چارەی ئەدەبم ویستووە نەک کاری ڕۆژنامەگەری. بە هۆی میدیاوە ماوەیەکی زۆر لە ئەدەب دابڕام، مەبەستم تەنها نووسینی ئەدەبی نییە، بەڵکوو نیازم خوێندنەوە و چالاکییە ئەدەبیەکانە. لەوەدا زیانێکی زۆرمکرد، بەڵام بەدیوێکی دیکەوە ئەزموونی کاری میدیایی فرە لایەنە. مرۆڤ ڕادەهێنێت لەسەر کۆمەڵێک تایبەتمەندیی جیاواز، کاری ڕۆژنامەوانی بۆ نووسەریش زۆر گرنگە، چونکە ئەو کەرەستانەی لەدەست

میدیاکارێک دایە بە ئاسانی ناکەوێتە دەست نووسەرێکەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاسانیش نییە تەوزیفکردنی کەرەستەکانی ڕاگەیاندن لەناو دەقی دیکەدا. میدیاکار بە چاوێکی دیکەوە سەیری ڕووداوەکان دەکات، بەڵام ئەدیب - شاعیر- ڕۆماننووس فۆڕمێکی دیکە دەداتە ڕووداوەکان. لای میدیاکار خەیاڵ بوونی نییە، ئەو مامەڵە لەگەڵ (کەیس)دەکات و وەک خۆی دەیگوازێتەوە! ناتوانێ خەیاڵ بکات مەگەر لەو ڕاپۆرت و ڕێپۆرتاژانە نەبێ، کە پێویستیان بە هەندێک گێڕانەوەی هونەریانە هەیە. ئەویش ناتواندرێ لە چوارچێوەی ئیتیکی ڕۆژنامەنوانی دەربچێ، بۆیە بۆ من ئاسان نەبوو هەم ڕۆژنامەنووس بم و هەمیش ئەدیب. خۆم زیاتر لەگەڵ خەیاڵ و بیرکردنەوە و جەدەلە فیکریەکان ڕاهاتبووم، نەک گواستنەی هەواڵێک یان بەدواداچونی کەیسی سیاسی. ڕەنگە لەوەشدا ئەزموونی باشیشم هەبووبێت، کارەکانی ڕابردووم، کە لە میدیاکاندا بلاوکراونەتەوە شایەدی ئەوەم بۆ دەدەن چەند سەرکەوتوو بوویمە، بەس هیچ کاتێک چارەییم نەویستووە. بە دەست منبووایە هەر لەسەرتاوە کاری ڕاگەیاندنم نەدەکرد. کورد گوتەنی توشبووم، ناشزانم چۆن توشبوویمە، بەس ئەوەندەی دەزانم چاڵی ڕاگەیاندن و میدیایی زۆر تاریک و قووڵە. برینی ئەستوور، لەسەر جەستەی نووسینەکانت جێدەهێلێ. ئەوە بە کورتی ئەزموونی من بووە، لە دونیای نوسیندا.

**پ/ لە ڕوانگەی تۆوە، نووسەڕی ڕاستەقینە کێیە؟**

وەڵام: شتێک نییە بەناوی نووسەری ڕاستەقینە و نا ڕاستەقینە، ئەوەی هەیە تەجروبەی نووسین و مامەڵەکردنە لەگەڵ دەقدا. ئەوانەی بوونەتە ناو ئەو نووسەرانەن، کە توانیویانە بەو جۆرە بنووسن کە خەڵک دەیەوێ، بەو مانایەی خوێنەر قبووڵیکردوون. لێرەدا خوێنەر و ناوەندە مەعریفی و زانسیتییەکان بڕیار لەسەر

چارەنووسی نووسەر دەدا، نەک میزاجی من و ئەوانی دیکە. نووسەری جددی لەسەر ئەو ئایدیا و ماتریالانە کار دەکا، کە بەشی زۆری ژیانی ئەوەی داگیرکردووە. ناکرێ نووسەربیت و نەزانی بۆ دەنووسی؟ ڕەنگە ئەو پرسیارە لەبەشی زۆری نووسەران بکرێ، کە بۆ دەنووسی؟! گەر نەیتوانی بە ئاسانی وەڵام بداتەوە یان وەڵامێکی باش و یەقینت بۆ دروست نەکا، کەواتە نازانێ بۆ دەنووسێت. بەهەرحاڵ نووسەری باش یان نووسەری جددی ئەوانەن، کە دەخوێندرینەوە، بە کورتی ئەگەر ئەو چەمکەی بەڕێزتان بەکارتان هیناوە نووسەری ڕاستەقینە کێیە؟ من دەڵێم ئەوانەن، کە دەخوێندرینەوە. ئاخر بە منیشەوە ئەگەر کەس تۆی نەخوێندەوە و نەخویندرایەوە، ئەرێ پێم نالّێیی بۆ نووسەری!. گرنگی نووسەربون لەوەدایە ئەو شتە بلّێیی کە خەڵک نەیتوانیوە بیڵێ یان نازانێ بیڵێ، یاخود توانای گوتنی نییە. کەم نووسەر هەیە جورئەتی ئەوە بکات خۆی بێت، ئەوانەی خۆیانن نووسەری باشن. نووسەری ئێمە لەسەر هەموو شتێک قسە دەکات لەسەر خۆی نەبێ، یاداشت دەنوسێ - ڕۆمان دەنوسێ و دەقی ئەدەبی دەنووسێ، بەس باسی خۆی ناکا. ناوی داروبەرد دەهێنێ، بەڵام ئازایی ئەوەی تێدانییە ژیانی خۆی بنوسێتەوە .

**پ/ خاوەنی چەند کتێبی؟ تایبەتمەندترین کتێبت کامەیە؟**

وەڵام: زۆر بە درەنگ کتێبم بلاوکردەوە، نزیکەی ٣٠ ساڵە دەنووسم لە ٢٠١٩ کتێبم بلاوکردووەتەوە. ڕەنگە ئەوە پێوەندی بە زۆر شتەوە هەبێ. نوسینێکی زۆرم لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بلاوکراوەتەوە، لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوانیم گەلێک زۆرە، هیچیانم نەکردووە بە کتێب تەنها وتارەکانم نەبێ. لە ٢٠٢٢ بەناوی ( ڕاست و چەپ ) بەشێک لەو نوسینانەم لە دوو تۆیی کتێبەکی قەبارە گەورە بلاوکرایەوە، ئەوانی دیکەش زیاتر

ئەدەبین. خاوەنی دوانزە کتێبم و زیاتر بابەتی ئەدەبی گێڕانەوەن، لە ڕاستیدا من حەزێکی زۆرم بۆ ئەدەبی گێڕانەوە هەیە، بەڵام هەست ناکەم لەو بوارەدا سەرکەوتوو بوویمە، هەرچەندە بۆ گێڕانەوە شێوازی تایبەت بە خۆم هەیە، کە لای خوێنەر و ڕەخنەگران بە ئاسانی قبوولکراو نییە. ئەوە شێوازی خۆمە و بەو جۆرە دەمەوێ مەبەستەکەم بگەیەنم تا لەوانی دیکە جودا ببمەوە. چەند ڕۆمان و نۆڤڵێت و دەقێکی ئەدەبیم بە شێوەی کتیب بلاوکراوەتەوە، بەشێوەی جیاواز قسەی لەسەر کراوە، تایبەتمەندییەکانیشی زیاتر ئەدەبی گێڕانەوەیە. دەقی بەتەنیشت ژیانەوە و نۆڤلیتی ئەستێرەی ژەنیار و ئەو کاتەی ژیان ناوێکی دیکەی هەبوو) لەو پەرتووکانەن، کە تایبەتن لام.

**پ/ بۆ نووسین، ئەزموونی زۆر یان خوێندنەوەی زۆر؟**

وەڵام: ئەزموون تەجروبەی خۆتە، لەگەڵ ماتریالەکانی دەورووبەردا. ئەوەی خۆت دەیبینی و دەیبیستی، بۆ نموونە گەشتیک بۆ وڵاتێک و ناوچەیەک دەکەی، یاخود هەمیش لەناو خەڵک دێیت و دەچی یان هەوراز و نشێوی ژیان و خۆشیی و ناوخۆشییەکانی، ئەوانە ئەزموونی تاکەکەسین و بۆ نووسەر دەوڵەمەنترین و سەنگینترین پاشخانە، بەڵام خویندنەوە شارەزابوونە بە ئەزموونی ئەوەی دیکە، ئەوی دیکەش میللەت و کەسانیکن نامۆن بە ژیانی ئێمەوە. کاتیک ئەدەبی ئەمریکای لاتین دەخوینیتەوە، هەڵبەتە لەوە دەگەی ژیان لەوێ چەند سەخت بووە چۆن بیردەکەنەوە. بەهەمان شێوە ئەدەبی ئەفریقایی و ئاسیایی و هتد.... بۆیە خویندنەوە جیاوازییەکانت بۆ دەردەخات، کلتووری جودا جودات پیدەناسینێ. لە خویندنەوەدا بەری یەک دونیا جیهانی جیاواز دەکەوی، شارەزایی ئیدیۆم و ترادیسۆن و کەڵچەرەکەیان دەبی، ئەوە بەس کتێبە توانای ئەوەی هەیە پیت ببەخشێ، چونکە

هیچ کەسیک توانای ئەو هەموو گەڕانەی نییە بە جیهاندا. موومکین نییە بتواندرێ، بەڵام کتێب و خویندنەوە ئەوانی دیکەت پیدەناسینێ. لێـــردا خـــۆت ڕۆڵ دەبینـــی ئـــاخۆ چ دەخوێنیـــەوە و چـــۆنیش دەخوێنییەوە، جۆری کتێب و فۆڕمی خوێندنەوەش جیاوازی هەیە، هەیـــە نـــازانی چ کتێبێـــک بخوێنێتـــەوە، هەشـــە دونیایـــەک کتێبـــی خوێندۆتەوە هیچ فێرنەبووە، چونکە نازانێ بخوێنێتەوە. خوێندنەوە پرەنسیپی خۆی هەیە. بەمانایەکی دیکە ڕۆشنبیربوون و سەقافەش ئەتەکێتی هەیە، بنەما و دیسپلینی خۆی هەیە. کتێب مەنزوومەیەکی ئیدراکییە، کە تۆ ئیدراکت نەبوو هیچ لە کتێب وەرناگری. خوێندنەوە زەکاوەتی دەوێ، هەیە دەڵێ من ڕۆژانە ئەوەندە سەعاتە و هەفتانە و مانگانە و ساڵانە ئەوەندە کتێب دەخوێنمەوە، بەس وەکوو ئەوەی هـیچ نـەزانێ ئاوهـایە، چونکـە خوێندنـەوە جیـانبینی بـۆ دروسـت نـەکردووە. نـەبۆتەوە خـۆی، ئیـدراک و زەکاوەتـەکەی هەر بەشـی ئەوەنـدە دەکـا، کـە واتـێ دەگـات خوێنـەرە. کتێـب ئەوی ڕۆحـی نەخروشاندووە، هیچ شتێکی فێرنەکردووە. ئەوانە عابرسەبیلەکانی ناو دونیا کتێبن، هێشتا نەبوونەتە خوێنەر.

خوێنەر ئەوەیە کتێب بیکاتەوە بە خۆی، دروستی بکات. لەکات و شـوینی خۆیـدا هەڵوێسـتی هـەبێ، قسـەی خۆیبکـا. کتێـب ئەگـەر بێدەنگتری کردی! بۆ کتیبە؟ ئەگەر قەناعەتێکی نەگۆڕی بۆ کتێبە. کتێـب دەبـێ ڕاتبهێنـێ لەگـەڵ پرسـیار و گومـان. بـۆ ئـەوەی وەک مرۆڤێکی باڵا دەربکەوێ .

**پ/ زانینی زمان مەرجە بۆ بوون بە نووسەرێکی باش؟**

وەڵام: زمان بۆ ئەوە باشە ئەدەبی گەلانی دیکەی پێبخوینیەوە، لەسەرەوە باسمانکرد، تۆ لە ڕێگای کتیب و گەران و تیکەڵبوونەوە ئاشـنای گـەلان و نەتـەوەکانی دیکـە دەبـی. ئـەوەی دیکـە کاتێـک دەناسـرێ، کـە تـۆی بیخوێنیتـەوە، یـاخود بتخوێنێتـەوە. زمـان ئـەو

هاوسەنگییە ڕادەگرێ، ڕەوانشاد دکتۆر عەزیز گەردی لە پەرتووکی ئـەدەبی بەراوردکاریـدا، کـە لـە سـاڵی ١٩٧٨ چـاپیکردووە زۆر بـە وردی لەسـەر ئـەو چەمکـە قسـە دەکـات، پێویسـتە گەنجـەکان ئـەو کتێبـە بخوێننـەوە، تـا گرنگـی ئـەدەبی گـەلانیان لا گرنگـە بـێ. شارەزابوونیش بە ئـەدەب و کلتوور و هونـەری ئـەوانی دیکـەش لـە ڕێگـای زمانـەوە دەکرێ، بۆیـە زمـانزانین بـۆ نووسـەر زۆر گرنگـە، گرنگییەک لە فرە زانیاریدایە تۆ زمانی دیکەت زانی ئەو کات باشـتر لـەوانی دیکـە دەگـەی. ئـەوە بـۆ ئەوەیـە تـەکنیک و زمـان و فـۆڕمی ئەدیبی گەلان شارەزابی، بۆ نموونە لە ڕۆمان و ئـەدەبی گێڕانـەوەدا ستایل و تەکنیکی جیاواز لـە نـاو نووسـەرکانی جیهانـدا هەیـە. پاشـە ئەگەر زمانزانین و پرۆسەی وەرگێڕان نەبێ! ئێمـەی نووسـەر چـۆن لەو تەکنیکانە بگەین و چۆن پێی بزانین. نووسەریش ئەگەر جگـە لـە زوانی دایک زمانی دیکەیزانی، قووڵتر دەچیتە نێو دونیای گەلانەوە.

**پ/ پێت وایە، ڕەخنەی باش نووسەری باش دروست دەکات؟**

وەڵام: ئـەوە یەکێکـە لـەو پرسـیارانەی، کـە زۆر حـەزم لێیـەتی. پـێش ئـەوەی وەڵامـت بدەمـەوە پێویسـتە بپرسـین ڕەخنـە چییـە، ڕەخنەگر کێیە؟ !

لە زمـانی کوردیـدا، وشـەی ڕەخـنە بەرانـبەر وشـەی (نقـد)ی عەرەبی بەکاردەهێنرێت، هەردوو وشـەکەش لەبواری ئەدەبیدا بـۆ یەک واتـا و مەبەسـت بەکاردەهێنرێن و هەڵگری چەمکێکی دیـاریی کراون. ڕەخنەی ئەدەبیش لەپاڵ مێژووی ئەدەب و تیۆری ئەدەبدا دەبنە سێ لقی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، واتە ڕەخنەی ئەدەبی لقێکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە و بـایەخ بە لێکـۆڵینەوەی بەرهەمـی ئەدەبـی دەدات. ئەرکی ڕەخنەش شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و هەڵسـەنگاندنی دەقی ئەدەبیە، یان دیاریکردنی بەهای دەقی ئەدەبییە. واتە ڕەخنەی ئەدەبـی لەو بنەمـا هـونەریی و بیریـانە دەکـۆڵیتەوە، کە دەقـی

ئەدەبییان لێ بنیات دەنرێت و بەشێوەیەکی زانستییانە بەهای ئەو بنەمایانە دیاریی دەکا، بەمەش ڕادە و ئاستی گرنگیی و بایەخی دەق، بۆ خوێنەرو داهێنەریش دەستنیشان دەکات. بەو پێیە دەڵێین دەبێ ڕەخنەگر لێکۆڵەرەوەیەکی ئەدەبیی و شارەزابێت و زانیاریی تەواوی دەربارەی مێژووی ئەدەب و تیۆری ئەدەبی میللەتەکەی و میللەتانی تر هەبێت و سەرباری ئەوەش، کە چێژ لێوەرگرێکی ئەدەبیشە دەبێ زانیاریی لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیرییدا هەبێت و شارەزاییەکی گشتیشی لە زانستە مرۆییەکاندا هەبێ.

بەو پێیە ئەگەر ئەو دوو کارەکتەرمان ناسی، ئیدی لەوە دەگەین ڕەخنە چ لە بەرهەمی نووسەر دەکا. بیرتان نەچێ ئاوێنەی نووسەر ڕەخنەگرە، لێرەدا خوێنەر و ڕەخنەگر لێک جیادەکەینەوە، چونکە هەموو ڕەخنەگرێک خوێنەرێکی جددییە، بەڵام هەموو خوێنەرێک ڕەخنەگر نییە. باشە بۆ ئەو دوو چەمکە لێک جیادەکەینەوە و بەس لەسەر چەمکی ڕەخنەگر دەوەستین؟ بابزانیین ڕەخنە چییە؟ بەشێک لە نووسەرانی ئێمە واتێگەیشتوون ڕەخنەگر شێوەیەکی پۆلیسی هەیە یان لە شیوەی مامۆستایە و کاتێک دەقەکەی تۆی بینی چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکەی، کە بزانین چەندت دەداتێ. بەو مانایەی وەک نمرەی قوتابخانە چەندت لە دەی دەداتێ! لە کاتێکدا ئەوە هیچ پێوەندییەکی بە ڕەخنەوە نییە. ئەو نووسەرانەی نمرەی پاش دەهێنن ئیدی خۆیان لێدەگۆڕێ و پەلاماری ئەوانی دیکە دەدەن و خۆی لێ دەبێتە داهێنەر، چونکە ناوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان و ڕەخنەگرە نمرە بەخشەکان (دە) لەسەر (دە)یان داوەتە ئەو نووسەرە، بۆیە خۆی لەسەروەی هەموویان دەبینێت. ئەوەیان نەک هەر ڕەخنە نییە، بەڵکوو ئەتکردنی نووسەر و دەق و دونیای ڕەخنەشە. بەشێکی دیکەی ڕەخنەگرمان هەیە بە لۆژیکی (باش و

خراپ) مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکا، ئەوەش ڕەهەندێکی سۆزداری هەیە. ڕەنگە پێوەندی بە برادەرایەتییەوە هەبێ، کە ئێستا بەشی زۆری ڕەخنەگرانی کوردی باشوور بەو فەلسەفەیە ئیش دەکەن. ئەوەش ناچێتە ناو خانەی ڕەخنەوە، ئێ باشە ڕەخنە چییە؟ بەر لەهەموو شتێک ڕەخنە هەڵسەنگاندن نییە، مارکیتنیکیش نییە. ڕەخنە لەو کاتەوە دەست پێ دەکات، کە ئەوی دیکە جیاواز بیردەکاتەوە. واتە ڕەخنە قووڵکردنەوەی جیاوازییەکانە لەبەرانبەر دەقدا، دروستکردنی فاکتە بۆ تێگەیشتنی جیاواز. کتێبێکت خوێندنەوە و پیتابشوو دوایی لەسەریت نووسی، ئەوە نابیتە ڕەخنە یان کتێبێکت پیێ خراپ بوو ئینجا تۆ شتی لەسەر بنووسی! ڕەحنە ئەو کاتە دەست پێ دەکات، کە کتێبەکە ڕای جیاوازی دروستکرد، بۆیە بەشی زۆری کتێبەکانی ئێمە بە حیساب ڕەخنەیان لێگراوە هیچی ناچێتە خانەی ڕەخنەوە. کتێب هەیە خاوەنەکەی ناناسرێت وەک ئەوانی دیکە، چونکە نەخوێندراوەتەوە. هەست بە جیاوازی لەناو دەقەکدا نەکراوە، جیاوازیەکانی نەبیندراوە، بۆیە تەهمیشکراوە. نووسەری واش هەیە، هێشتا کتیبەکە لە چاپخانە دەرنەچووە ئاهەنگی سەرکەوتنی بۆ سازدەکەن! ئاخر ڕەخنە خۆی لە خۆیدا کوشتنی هەقیقەتە لەناو دەقدا، نابێ بۆ هەمیشە بە هەقیقەتەکانی ئەو نووسەر ڕازیبین. ناشێ تووشی وەهم بین، کە دونیایەک کتێبی هەیە. خۆ ئێمە شەڕی زۆریی و کەمی کتێب ناکەین. ڕەخنەگر کاری ئەوەیە چەمکی تازە لەناو دەقدا بدۆزێتەوە، نەک وەهم بۆ نووسەر دروست بکات. ئێستا هەندێک بە ناوی ڕەخنە تۆمەت دەبەخشنەوە، هەشیانە بوونەتە مورید و مەدالیای باشی و خراپی بە ملی ئەوو ئەم دا دەکات. هەر کاتێک تێگەیشتین ڕەخنە چییە، ئەو کات لە ڕەخنەگریش دەگەین. هەیە خوێندنەوە بۆ کتێبێک دەکا، ناوی لێناوە ڕەخنە. ئاخر ڕانان و خوێندنەوەی کتێب چ پێوەندییان بە چەمکی

ڕەخنەوە هەیە، کێشەی ئێمە ئەوەیە کار بۆ بەرهەمهێنانی فیکری ڕەخنەیی ناکەین، ترسمان لە گفتوگۆی جددی هەیە توانای جیاوازییمان نییە. لە جیاوازی دەترسین، بۆیە خاوەن دۆزی ڕەخنەنین.

**پ/ لە نوسیندا، تۆ خاوەنی چی فەلسەفەیەکی تایبەت بە خۆتی؟**

وەڵام: لێت نەشارمەوە لە ئەدەب و بە تایبەت لە ئەدەبی گێڕانەوەدا، هەوڵمداوە خۆم بم. ئەوەش بۆ ئەوەمە تا بە وی بەرانبەر بڵێم خۆت بە. (خۆبوون و خۆتبوون) بنەمای فیکری کارکردنی من لە ناو دەقدا دیاریدەکا. ناکرێ نووسەر بێ فەلسەفە بێت. ئەو فەلسفەیەی کە ئیشی لەسەر دەکەم، تۆمارکردنی کۆی ئەو شتانەیە، کە لە دەورووبەرم ڕودەدەن. مێژوو بە ئێستا و ئێستاش بە دوێنێ دەبەستمەوە. مەبەستیشمە بەوانەی لەناو دەقەکانمدا من دەبینن، یاخود خۆیان دەبینن، پیانبڵێم مرۆڤ و ژیان هەر ئەوە نییە لە نا واقیعدا دەیبینن. مرۆڤانێک و جۆریک ژیان لەناو دەق و کتێبدا هەیە زۆر غەریبترە، سەرسامتر دەردەکەوێ لەوەی ئێمە ڕۆژانە بەریان دەکەوین.

**پ/ پرۆژەی نوێت چی دەبێت؟**

وەڵام: پرۆژەی نوێم دوو کتیبی تایبەتە بە (مەلای گەورەی کۆیە) بەراوردکاریم کردووە سەبارەت بە چەمکی ڕیفۆرم و نوێگەری. پرۆژەی دووەمم ئیشکردنە لەسەر دوو شاعیری مەزنی ناوچەی گۆران (مەولەویی و بیسارانی). ئەوەش کاریکی بەراوردکارییە، لەبارەی جیاوازی چەمکی عیشق لای هەردوو شاعیر .

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:

١- وەسیەتەکانی هەڵم - شیعر- هاوبەش/ ١٩٩٧.
٢- ئەلف، کۆمەڵە شیعر- هاوبەش/ ٢٠١٩.
٣- به تەنیشت ژیانەوە - دەقی ئەدەبی/ ٢٠١٩
٤- بۆرژان - ڕۆمان/ ٢٠١٩
٥- ئەستێرەی ژەنیار - نۆڤلێت/ ٢٠١٩
٦- مرۆڤ زەوی نەدۆزیتەوە - ڕۆمان/ ٢٠٢٠
٧- ژنەکانی ناو پیاو پیاوەکانی ناو ژن - ڕۆمان/ ٢٠٢١
٨- گۆڕستانی چراغ - ڕۆمان/ ٢٠٢١
٩- کۆتایی دیموکراسی- ئامادەکردن/ ٢٠٢٢
١٠- ڕاست و چەپ- کۆمەڵە وتار/ ٢٠٢٢
١١-ئەو کاتەی ژیان ناوێکی دیکەی هەبوو- دەقی ئەدەبی/ ٢٠٢٣
١٢- دیوانی (من) دەقی ئەدەبی/ ٢٠٢٣
١٣- مەلای گەورە: چاکسازی – نوێگەری/ لێکۆڵینەوە: ٢٠٢٥
١٤- ئەدەب و ڕۆمان: توێژنەوە – ڕەخنە – گفتوگۆ/ لێکۆڵینەوە: ٢٠٢٥